


# یادی ١١٨ هەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


١- ئاسۆ گەشەکانی بەردەم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی .................................... قادر وریا ................. ٤
٢- ڕۆژنامەگەری کوردیو واقعی سیاسی ............................................................. سەرتیپ جەوهەر .......... ٦
٣- هێڵە سیاسییەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و نەبوونی ستراتیژی ڕاگەیاندن لەمڕۆدا ............. بەهرۆز عەلی ............ ٨
٤- هێزی میدیا لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا .................................................. ناسک سعید ............. ١١
٥- بۆ یادی ڕۆژنامەگەری کوردی ................................................................. کەنعان بەهادین ......... ١٣
٦- لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ............................................................... هۆشیار عەبدوڵڵا ........ ١٤
٧- ڕۆژنامەگەریی کوردە (زازا)کان (١٩٧٥ – ١٩٩٣) ........................................... ئیسماعیل تەنیا ........ ١٦
٨- ١١٨ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی "کوردستان" دا تێپەڕی ............................... کەمال گرویسی .......... ٢٠
٩- لە میقدار بەدرخانەوە تا سەدەی بێ مێژوویی ................................................ مەجید حەقی ........... ٢٢
١٠- ئەو ڕاگەیاندنە کوردییەی ژنان دەبێ دروستی بکەن ............................................ ترووسکە سادقی .......... ٢٤
١١- دەست لە قورگی ئازادی ڕۆژنامەوانی بەردەن! ................................................ سیروان ڕەشید ........... ٢٦
١٢- سەرەقەڵەمێک لە یادی ١١٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوری دا ................................ شاخەوان ئەکرەم دوکانی ..... ٢٨
١٣- لەیادی ٢٢ - ٤ دا لەیادی ١١٨ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ................................ هێدی هەولێری .......... ٣٢
١٤- مستەفا پاشا یامولکی و ئازادی ڕۆژنامەنوسی ................................................. مەجید ساڵح ............ ٢٩
١٥- پیرۆزە ڕۆژی لەدایکبوونی ڕۆژنامەی ( کوردستان( ............................................ هیوا سەرهەنگ .......... ٣٤
١٦- کورد و پرسی ڕۆژنامەگەری ................................................................... ئەردەڵان عەبدوڵڵا ....... ٣٥
١٧- لەیادی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا سڵاو لەبەدرخانییەکان ............................ بورهان ئەمین .......... ٣٦
١٨- یەکەم پێنوسی ژن، گوزیدە عەزیز خانم ........................................................ چیمەن محەمەد ڕەشید ..... ٤٠
١٩- بەرز و پیرۆز بێ ١١٨هەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی ................................ ڕۆژی کورد ................. ٤٤
٢٠- ڕۆژنامەنووسی لە کەرکوک ..................................................................... بەهرۆز جەعفەر .......... ٤٧
٢١- بیری نەتەوەیی لە ڕۆژنامەی کوردستان ....................................................... بێستون خدر ............. ٤٨
٢٢- وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لەسەر ڕۆژنامەگەری کوردیو ڕۆژنامەنووسانی ........... ڕۆژنامەی کوردستان ............. ٥٠
٢٣- بەدرخان و ١١٧ ساڵ لە ڕۆژنامەگەریی ........................................................ ئا/ لانە کاشان .......... ٥٥
٢٤- سەد و حەڤدەیەمین ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی ......................................... شەریف فەلاح .......... ٦١
٢٥- لە یادی ١١٧ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی ................................................... دارا خونچە .............. ٧٠

٢٦- کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی ١٨٩٨ — ١٩٠٢ ............................................ یووسف ئەحمەد منتک ....... ٧٣
٢٧- لە ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا ............................................................ ئەنوەر ئەسەدزادە .......... ٧٩
٢٨- پەیڤێک بۆ ساڵرۆژی رۆژنامەگەریی کوردی ...................................................... خالید عەزیزی ............. ٨١
٢٩- رۆژنامەی "کوردستان" و چەند دێرێک ............................................................ ئا: شۆڕش محەممەد ......... ٨٦
٣٠- چەند راستییەکی مێژوویی دەربارەی کوردستان یەکەم رۆژنامەی کوردی .................. ئا: تارق کەمال- ساڵح بێچار .... ٨٨
٣١- مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی ................................................................... دەنگی ئێمە ................ ٩٢
٣٢- رۆژنامەنووسی لە کوردستانو نەبوونی خوێندەواری میدیایی ................................. مادح ئەحمەدی ............. ٩٥
٣٣- قۆناغەکانی رۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران دا .................................. شەریف فەلاح ............. ٩٨
٣٤- زانیاریی نوێ لەبارەی یەکەم رۆژنامەی کوردی دەدۆزرێتەوە، ........................... چاوپێکەوتن: سەرتیپ جەوهەر ... ١٠٦
٣٥- رۆژی رۆنامەگەری کوردی و چەند سەرەنجێک ................................................. هیوا گوڵ محەممەدی ........ ١١٥
٣٦- کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی هەڵکشان بەرەو لووتکە .................................. قادر وریا ................ ١١٨
٣٧- نامۆ عەبدوڵڵا، رۆژنامەنووس: رۆژنامەنووسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە ........ دیمانە: مادح ئەحمەدی ...... ١٢٠
٢٨- گرفتەکانی بەردەم راگەیاندنی کوردی بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردی ....... مادێح ئەحمەدی .......... ١٢٣
٢٩- رۆژنامەنووسیی شاخ لە رەوتی رۆژنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا ......................... کوێستان فتووحی ......... ١٢٨
٣٠- ژنانو کچانی رۆژنامەنووس (ئونوسەتیان) لەدەستداوە!؟ ........................................ شۆخان مەحمود ........... ١٣٤
٣١- رۆژنامەوانی ................................................................................ مستەفا رابەر ............. ١٣٧
٣٢- بەدرخان و ١١٥ ساڵ لە رۆژنامەگەریی .......................................................... کوردستانی نوێ .......... ١٣٩
٣٣- بیبلیۆگرافیای رۆژنامەنوسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ................................ ئا: جوتیار حاجی تۆفیق ...... ١٥٢
٣٤- رۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ................................ جوتیار حاجی تۆفیق ..... ١٦٣
٣٥- لە ٢٢ی نیساندا.. هەڵوەستەیەکی جیدی لەسەر میدیای کوردی! ................................. د. هێرش رەسوڵ ......... ١٨٢



# ئاسۆ گەشەکانی بەردەم کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

## قادر وریا

کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی لەگەڵ کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم دا کەوتە ڕێ. سەدەیەک دواتریش لە کاتێکدا، سەدەی بیستەمی جێ دەهێشت و پێی دەنایە سەدەی ٢١، چەند ئاسۆیەکی گەش هاتنە سەر ڕێی. لاچوونی سێبەری دەسەڵاتی رژێمی دیکتاتۆری بەعس لەسەر بەشی هەرە زۆری خەڵک و خەڵکی باشووری کوردستان یەک لەو ئاسۆ گەشانە بوو. چونکە بە درووستبوونی دەسەڵاتی کوردی و وەدیار کەوتنی ئازادی لەم بەشەی کوردستان، هەلومەرجێکی نوێ بۆ رۆژنامەنووسیی کوردی هاتە کایەوە کە بەرەکەت و شوێنەوارەکانی هەر بەو بەشەی کوردستان نەوێستا و بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە.



ئاسۆیەکی گەشی دیکە کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی ٢١، خۆی نیشانی کورد و نەتەوە بندەست و بێ کیانەکان دا، ئەو دەرەتانە بوو کە لە سۆنگەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای پێوەندییەکان پەیدا بوو. ئەم پێشکەوتنە هەروا بەردەوامە و هەتا دێ خێراتر و سەرسووڕهێنەرتر دەبێ و ئەم شانسەشی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان، بزووتنەوە رزگاریخوازەکان و تەنانەت تاکەکانیش دروست کردوە کە لە جیهانی پێوەندییەکان و سەردەمی گەشەی بێ وێنەی میدیا دا، دەنگ و رەنگیان دیار بێ و هەست بە بوونی خۆیان بکەن.

دەسپێکی سەدەی دووهەمی تەمەنی رۆژنامەنووسیی کوردی هەر تەنیا شایەدی دەوڵەمەندیی ئەو کاروانە لە رووی زۆر بوونی گۆڤار و رۆژنامە و پەرەگرتنی جۆراوجۆریی میدیای نووسراو نەبوو، بەڵکوو لەدایکبوونی تەلەڤیزیۆنی کوردی و میدیای ئەلێکترۆنیشی لەگەڵدا بوو. تەیار بوونی نەتەوەی کورد، بزووتنەوە رزگاریخوازانەکەی و تاکە هەمیشە سەرکوتکراوەکەی بە ئامرازە نوێیەکانی راگەیاندن و پێوەندی، توانای ئەوانی، هەم لە بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلامار و شەپۆلەکانی میدیای نەیارانی دا، بەرەو ژوور بردوە، هەم هێزی ئەوانی لە داکۆکی لە زمان و کولتوور و ناسنامەی خۆیان دا، زیاد کردوە. هەر بەم پێیە، دەنگ و پەیامیشیان، بە پێچەوانەی رابردوو، بە هاسانی سنووره دەسکردەکان و مەودا زەمانی و مەکانییەکان دەبڕێ و بەردەنگی خۆی دەدۆزێتەوە.هەر لەو کاتەشدا وای کردوە میدیا و رۆژنامەنووسیی کوردی، پێوەندییەکی هەراوتر لە جارانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵ هەبێ، ژمارەی بەردەنگ بەردەوام لە زیادبوون دابێ و پێوەندیی راگەیەن و بەردەنگ، ببێتە دوولایەنە.

سێهەم ئاسۆی گەش لە بەردەم رۆژنامەسیی کوردی کە لەم ساڵانەی دوایی دا، گیانێکی نوێی وەبەر ئەم کاروانە پڕشانازییە ناوەتەوە،

گەشەی هەست و بیری نەتەوەیی لە هەموو بەشەکانی کوردستان و لای هەر تاکێکی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهانە. گەشانەوە و بووژانەوەی ئەم گیانە نەتەوەییە کە بۆخۆی بەرهەمی بەرەوژوور چوونی وشیاری و ئاگاییە، هەتا رادەیەکی زۆر، قەرزداری گەشە و هەڵدانی میدیا و پێوەندییەکانە.

داگیرکەرانی کوردستان و زەوتکەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد، هەروا کە نەیانتوانی بە هۆی سنووره دەسکردەکانیان و هێزە ئەهریمەنییەکانیانەوە، پێشی دەستراگەیشتنی کورد بە بەرهەمەکانی زانست و تێکنۆلۆژیای مۆدێرن بەتایبەتی لە بواری میدیایی و پێوەندییەکاندا بگرن، بە دڵنیاییەوە ناشتوانن بەر بە شەپۆلی بێئامانی شۆڕش و ڕاپەڕینی رزگاریخوازانە بگرن. گرنگ ئەوەیە خاوەنی میدیای کوردی و هەموو ئەوانەی لە کاروانی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا بەشداریی کاریگەریان هەیە، ئەو ڕێچکەیە بەرنەدەن کە »کوردستان»ی دایک و میقداد میدحەت بەدرخانی پێشەنگ، ۱۱۸ ساڵ لەمەوبەر، لەسەری ڕۆیشتن. ڕێچکەیەک کە دەکرێ بەم جۆرە بیخوێنینەوە: سوود وەرگرتن لە کەرەستە و ئامێز و زانستی سەردەم لە پێناوی رزگاریی خاک و نەتەوە و ڕۆیشتنی بەرەوپێشەوە شانبەشانی نەتەوە ئازاد و بەختەوەرەکان.

لە ژمارە ٦٧٨ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٥ی ئەپریلی ٢٠١٦



# ڕۆژنامەگەری کوردیو واقعی سیاسی

سەرتیپ جەوهەر

لەیادی ۱۱۷ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی، لەهەولێرو سلێمانی چەند کۆبوونەوەو مەراسیم بەو بۆنەیەوە بەڕێوەچوو،



لەهەموویان چەند پرسێک باسکرا، دیارترینیان باسکردنی ژیان و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان و پێداگری لەسەر ئازادی ڕۆژنامەگەری و هاوکات داواکردن بوو لەڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان پیشەییانە کار بکەنو پرسە نەتەوەییو نیشتیمانییەکان لەڕوماڵکردنی هەواڵ و ڕووداوەکان لەبەرچاوبگرن، بەتایبەتی کوردستان لەڕووبەڕووبوونەوەدایە لەگەڵ تیرۆر.

ئەگەر تەماشایەکی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین دەبینین واقعیکی سیاسی تاڵ هاندەرو هۆکاری دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بووە، واتە دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی زادەی پێویستی بوونی ڕۆژنامەی کوردی نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەکە پێویست بووە بۆ گەیاندن و دەربڕینی بەشێک لەخەمو مەینەتییەکانی گەلی کورد، دواتر زیاتر ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی دەرچوون یان لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەرکراون، تا دەگاتە ڕاپەڕین کە دیسان ڕۆژنامەگەری کوردی حزبیی یان بێلایەن نەبووە.

پرسی پیشەییانە کارکردنی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەواقعی سیاسیو کۆمەلایەتییەوە هەیە، ڕەنگە بتوانین بڵێین زۆربەی هەرەزۆری ڕۆژنامەگەری کوردستان ئاوێتەی باری سیاسی بوونو ئەجێندایەکی سیاسی جوڵێنەری سەرەکییانە، لەبنەڕەتدا بۆ خستنەڕووی سیاسەتێکی دیاریکراو و ملمڵانێی سیاسی لەکارکردندایە، دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری لەوڵاتانی پێشکەوتوو سەرباری تێکەڵییان لەگەڵ دۆخی سیاسی، بەڵام خۆ بەدووردەگرن لەهەر دەرکەوتنێک بەلایەکیاندا بخات، چونکە سەرچاوەی داراییان بریتییە لەفرۆشو ریکلامی خۆیانو ئەوەندە پابەندو گوێڕایەڵی ئەجێندای سیاسی نین، بەڵام لەکوردستان ڕۆژنامەگەری بەشێوەیەکی گشتیی زیاتر ڕۆڵی تەوزیفو خستنەڕووی سیاسەتی حزبێکی دیاریکراو دەبینێت، واتە ڕۆژنامەو تەلەفزیۆنو میدیاکان بەشێوەیەکی گشتیی ڕۆڵی ئۆرگانێکی حزب دەبینڼو میدیاکارانیش زۆربەیان ڕۆڵی کادرێکی حزب ببینن، ئینجا ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ.

لەوانەیە حزب لەماوەی ۲۵ ساڵی ڕابردوو لەپرسی ڕاگەیاندندا خۆی گونجاندبێت لەوەی ڕاگەیاندنەکەی لەئۆرگانییەوە کردووە بەنائۆرگانیو میدیای سێبەر یان سێبەریکی «کراوە»ی دانابێت، بەڵام لەکۆتاییدا لەخزمەتی حزبدا بەکارهاتووەو کاریکردووە، ئەم میدیایە ئەوکاتە کارو ئەجێندا حزبییەکەی تۆخدەبێتەوە کە گرژی سیاسی لەکوردستان دروست دەبێت، واتە لەهێوریو شێنەییدا

کەمتر خۆدەخزێنێتو دەردەکەوێت بەڵام کاتێک هەڵبژاردنێک یان بارگرژی سەرهەڵدەدات بەڕوونی ئەجێندای ڕۆژنامەکە یان تەلەفزیۆنەکە دەردەکەوێت!

ئەم دۆخەی ڕۆژنامەگەریی کوردی پێیدا تێدەپەڕێت گرێدراوی کۆی بارودۆخی کوردستانە کە زۆربەی دامودەزگاکانی لەدۆخی سیاسیو حزبی ئاڵاون و تائێستا نەتوانراوە دامەزراوەییانە کاربکەن، هەر لەدەسەڵاتی یاسا دانانەوە بگرە تادەگاتە دەسەڵاتەکانی قەزاییو جێبەجێکردن، بۆیە ڕۆژنامەگەریش زادەی ئەم واقعەیە کە ڕەنگە هەموومان ڕەخنەی لێبگرین.

بەکورتی، دۆخی ڕۆژنامەگەریو واقعی ڕۆژنامەنووسان گرێدراوی واقعی سیاسیو ئابوورییە لەکوردستان، تائێستا زەمینەیەک نەڕەخساوە ڕۆژنامەگەریی لەسەر فرۆش و ڕیکلامی خۆی بژێیتو بەردەوام بێت، ئەمەش ڕێگری هەرە سەرەکییە بۆ دروستبوونی میدیایەک بتوانێت دوور لەئەجێندای حزبی پیشەییانە کاربکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز / ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٥



# هێڵە سیاسییەکانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی و نەبوونی ستراتیژی ڕاگەیاندن لەمڕۆدا

## بەهرۆز عەلی

ئەگەر چی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان" لە نێوان ساڵانی ۱۸۹۸ - ۱۹۱۸ لە مەنفا بە شێوەی پچر پچر دەرکراوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر هێڵی سیاسی و ستراتیژی دەرکردنی بەدیکراوە، بە پێچەوانەی ڕۆژنامەگەری کوردی لەمڕۆدا کە تا ئێستاش سیاسەت و ئەرک و مەبەستەکانی و سیستمەکەی ناڕۆشن و نادیارە، ئەوەش بۆ لێهاتویی و بیلەمەتی هەر سێ سەرنووسەرەکەی (میقداد-مەتحەد بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان و سورەیا ئەمین عالی بەدرخان) دەگەڕێتەوە، کە خاوەنی بیرێکی فراوانی سیاسی و هۆشمەندییەکی مەعریفی قوڵبوون .



یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە خولی یەکەمیدا کە لە ۲۲ ی نیسانی ۱۸۹۸ لە قاهیرە دەرچوێندراوە، بەزمانێکی سادە پەیامەکەی خستووەتە ڕوو، کە بریتییە لە داواکردنی هەندێ چاکسازی سیاسی، لە ڕووی مرۆییە وە سەبارەت بە نەتەوەی کورد، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی عوسمانیدا، بە جۆریک جەخت لە سەر مافی مرۆڤ دەکاتەوە لە ناو دەوڵەتی عوسمانی و پێدادەگرێت لەسەر دەست هەڵگرتن لە زوڵم و ستەمکاری و شێوازی دواکەوتویی دەرەبەگایەتی دەرهەق بە هاوڵاتییانی کورد، هاوکات پەیامێکی ڕۆشنی پێیە بۆ تاکی کورد کە خۆی لە گەڵ زانست و پێشکەوتنەکان بگونجێنێت و گرنگی بە خوێندەواری و فێربوون بدەن، کەواتە هێڵە سیاسییەکەی ئەوەیە گرنگی بە دوو میحوەری سەرەکی داوە، یەکەمییان چاکسازییە لە ناو دەوڵەتی عوسمانی و دووەمیشیان هاندانی کوردەوارییە بۆ فێربوون و خوێندەواری، ئەوەش ئەو ستراتیژەبووە کە ڕۆژنامەکەی لەسەر بونیاد نراوە، بەڵام ڕۆژنامەکە، کە لە خولی دووەمەوە دەستپێدەکاتەوە و عبدولڕەحمان بەدرخان دەبێتە سەرنووسەر، دۆخی سیاسی عوسمانلی گۆڕانی بەسەردا دێت و دەنگی نارەزایی ناوخۆیی گەلانی ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵات فراوانتر دەبێ و داوای مافی زیاتری چارەنووسسازیی دەکەن و شۆڕشی مەشروتە سەهەڵدەدات، هێڵی سیاسی ڕۆژنامەکە دەگۆڕێت و لەم خولەدا داوای جۆرێک لە مافی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەی کورد دەکات، کەواتە ئەگەر لە خولی یەکەمدا ڕۆژنامەی کوردستان پەیامە سیاسیەکەی بۆ چاکسازی و چەختکردن بوویێت دەربارەی مافی مرڤی کورد، بە تایبەتی مافی فێربونی زانست و خویندەواری، ئەوا لە خولی دوومدا پەیامەکەی دەگۆری بۆ چەختکردن لە سەر مافی چارەنوسی نەتەوەی کورد، هاوشێوەی نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی لە چوارچێوەی فیدرالی، بەڵام لە خولی سییەمدا، لە سالی ۱۹۱۷ - ۱۹۱۸، کە سورەیا ئەمین عالی بەدرخان دەبێتە سەرنووسەر و هاوکاتە لەگەڵ یەکلاییوونەوەی جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی، ڕۆژنامەکە پەیامە سیاسییەکەی دەگۆڕیت بۆ سەربەخۆی کورد لە روی نەتەوەیی و ئیداری و حوکمرانی، چونکە سورەیا بەدرخان پێشبینی ئەوە دەکات عوسمانلی کۆتایی دێت و نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، سەربە خۆیی سیاسی و ئیداری وەردەگرن و ئامانجی باڵای ئەوەیە، کە هاوشێوەی دروستبووی قەوارەی سیاسی و حوکمرانی بۆ ئەو نەتەوانە، کوردیش وەک ئەوان بێتە خاوەنی

قەوارەی سیاسیی و دەوڵەتداری خۆی، بە تایبەتی چەخت لەسەر مەسەلەی لامەرکەزی حوکمرانی کردووە، لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە پەیامی ئاراستەکراوەی بۆ میللەتی کورد، ئەگەر لە خولی یەکەمدا ڕۆژنامەی کوردستان داوی فێربوون و خوێندەواری کردبێت، ئەوا ڕۆژنامەکە لە خولی سییەمدا، داوای گەشەکردنی سەنعەت و پیشەسازی و عەمرانی و پێشکەوتنی شارستانیتی دەکات.

بە پوختییەکەی ڕۆژنامەی کوردستان بەو شێوە پچڕ پچڕ و لاوازییەی کە لە ڕوی تەکنیکەوە هەیبووە و لە مەنفا دەرچوێندراوە و چاپکراوە، لە سەر سێ هێلی سیاسی ڕۆشن و دیار کاریکردوە، بەڵام لەمڕۆدا ڕۆژنامەگەری کوردی بەهەموو چەشنەکانی حزبی و ئەهلی و دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، سەرای لە باربوونی ژینگەی ڕۆشنبیری و سیاسی و تەکنەلۆژی، نەی توانیوە ستراتیژێکی ڕۆشن و هێلێکی ساسیی نەتەوەیی و نیشتمانی پێکبهێنێت و لەسەر ئەو بنەمایانە برەوە بە گوتارو پەیامی خۆی بدات .

میدیای کودی لە هەرێمی کوردستان هەندێ ئەرکی میدیایی وەک زانیاری گەیاندن و شیکردنەوەی زانیاری و کات بەسەربردن و ئاگاداری پێشکەش کردوە، بەڵام گرفت و کەلین و کەموکورتیەکانیشی زۆرن .

تا ئێستا لە هەریمی کوردستان سیستمی ڕاگەیاندن ڕۆشن نییە کە ئایا سیستمی ڕاگەیاندن دیموکراسی و لیبرالییە یاخود دکتاتۆری و دەسەلاتخوازییە، کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕوی خاوەندارێتییەوە بەدەست کێ وەیە؟ دەوڵەت یا سەمایەدار و کەرتی تایبەت ؟ یان حزب ؟ خاوەنداریتی کەناڵی ڕاگەیاندن کە بەشێکی سەرەکی سیستمی ڕاگەیاندن پێکدەهێنێت، لە کوردستان تێکەڵەیەکە لە نێوان حزب و کەرتی تایبەت، کە کەرتی تایبەت لاوازترە و نەیتوانیوە زاڵ بیت بەسەر دامەزراوەی ڕاگەیاندن .

لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندنی نیشتمانی نییە کە خاوەندارێتییەکەی بگەرێتەوە بۆ دەوڵەت، واتە بۆ هەرێم، هەرێم دارایی بۆ دابین بکات بەڵام دەستی تێوەرنەدات، لەبری ئەوە هەرێم و حکومەتی هەرێم، داریی گشتی بۆ ڕاگەیاندنی حزبی دەسەڵات دابین دەکات، بەبێ ئەوەی ستراتیژی نەتەوەی پەیرەوبکات، دەوڵەت لەسەریەتی وەک هەموو خزمەتگوزارییەکانی تر، خزمەتگوزاریی ڕاگەیاندن دابین بکات، بەڵام دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، هەڵنەستاوە بە جیبەجیکردنی ئەو ئەرکەی، بەڵکو ئەو ئەرکەی لە بەرژەوەندی خۆی سپرادووە بە کەناڵی حزبەکانی خۆی، ئەوەش ئەرکەکەی پێچەوانە بۆتەوە، لە بری ئەوەی سیاسەتی گشتی خزمەت و بەرژەوەندی باڵای جەماوەر جێبەجێ بکات، بە پارەی گشتی پراکتیزەی بەرژەوەندی حزبی دەکات.

گرفتێکی تری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ئەوەیە کە زیاتر هەڵدەستیت بە ئەرکی گواستنەوەی زانیاری و هەواڵ، بەڵام وەک پێوست هەواڵ و زانیارییەکان شی ناکاتەوە، بۆ ڕوویاندا ؟ قەربارەی کاریگەریەکانی چین؟ سوود و زیانەکانی کامانەن ؟ باگراوەندەکانیان چیە ؟ و چارەسەرەکانی کامانەن ؟ ڕونتر ڕاگەیاندنی کوردی زیاتر کێشەکان دەگوازێتەوە و هەندێ جار خۆی دەبێتە بەشێک لە کێشەو ملاملانی سیاسیەکان، لە بری ئەوەی بێتە چاودێر بەسەریانەوە، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ملاملانی سیاسی بەو شێوە توونددوتیژیی و ناتەندروستییە لە ئاستی سەرکردایەتی لایەنەکان، بگوازرێتەوە بۆ خەڵکی گشتی و شیرازەی ئاشتی کۆمەلایەتی بشێوێنێت.

لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەگەری کوردی نەبۆتە خاوەنی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی جۆراوجۆری لەڕوی جەماوەری بابەتی

ڕۆژنامەنووسی، کە لەمرۆدا گرنگیەکی زۆری هەیە، نەتوانراوە دامەزراوەی پتەوی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بە شێوەی کامڵ دابمەزرێت، وەک ڕاگەیاندنی تایبەتمەندی وەرزشی و ئابوری و سەربازی و خێزانی و منالان و هتد... ، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە گرنگی بە بابەتی تایبەت و جۆرەکانی جەماوەر و هاوڵاتیان و ئارەزوومەندان بدات و خواستەکانیان بهێنیتەدی .

دوای ١١٨ ساڵ تێپەربوون بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی، میدیای کوردی تا ئێستا کەناڵی ئاراستەکراوی بەزمانی غەیری کوردی نییە بۆ نەتەوە و وڵاتانی تر، بە تایبەتی بۆ عەرەب و فارس و تورک، تاوەکو لەو ڕێگایەوە، گوتار و پەیامی نیشتمانی کوردستانی بگەیەنیتە پەیام وەرگر و گوتاروەرگری ئەو نەتەوانە، کە ئامانج لێی ئاشناکردنیانە بە کەلتور و کێشەی ڕەوای کۆمەڵی کوردەواری، بە چێچەوانەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی و دەوروبەرمان، کە گرنگییەکی زۆریان بەو جۆرە میدیایە داوە .

کەموکورتیەکی تری ڕاگەیاندی کوردستان، ئەوەیە ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندن کاری پرۆڤیشنەری وەک پێچویست دروست نەکروە، کە خاوەنی پیشەیی خۆی بێت و هەم شارەزایی و زمانزان بێت، لە هەمان کاتدا بژێوی ژیانی بۆدابینبکرێت و پێویستی بە پیشەی تری غەیری ڕۆژنامەنووسی نەبێت.

ئەمانە کۆمەڵێک کەموکورتی ئەمرۆی ڕاگەیاندنی کوردیە، کە چارەسەرکردنیان کارێکی زۆر ئاستەنگ نییە، هەندێک لە و چارە سەریانە دەکەوێتە سەر حکومەت و دەسەلات و پیداچوونەوەی بە سایەتی میدیایی گشتی لە چوارچێوەی ستراتیژی حوکمکردنی، هەندێکیشی دەکەوێتەوە سەر کەناڵ و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، لە هەمان کاتیشدا بەشێکی دەکەوێتە سەر ڕۆژنامەنووس و میدیاکار خۆی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین / ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٦



# هێزی میدیا لە یادی رۆژنامەگەری کوردیدا

ناسک سعید

قسەکردن و مشتومرکردن لەسەر کاریگەریی هێزە ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا، میدیا توانیویەتی کێبرکێ لەگەڵ سەرجەم هێزەکانی دیکەدا بکات. دیمەنە جۆراوجۆرەکانی میدیا وەک تاکە هێزی کاریگەری جەماوەر سەیر دەکرێت. لێرەدا بێینە سەر قسەوباسێک لەسەر میدیای کوردی هەر لە چرکەساتی دەرچونی یەکەم رۆژنامەی کوردیدیەوە هەتا ئێستا کە بەقۆناغە جیاوازەکانی گوزەری کردووە سەرنجمان بۆ هەندێک پۆینت رائەکێشێت هێزی میدیای کوردی لەکام ئاستەدایە. لە هەرێمی کوردستان ئامانجی میدیا بۆ چ مەرامێک کارەکانی خۆی دەکات و جەماوەر بەرەو خۆی کێش دەکات، تا چەند وەک سەرچاوەیەکی باوەرپێکراو لەلایەن هاونیشتیمانیان لێی دەروانرێت. میدیای کوردی گرنگی بە چۆنیەتی یان چەندایەتی ئەدات لە بەرهەمەکانیدا.



بەراوردکردنی ئاستی گەشەسەندنی میدیا و تەکنیکی میدیا لەگەڵ سەدەی رابردوودا لە ئاستێکدایە کە بەراوردکردنەکەی زۆر بەروونی دیارە بەو مانایەی تەکنیکی میدیا لەئێستادا لەوپەری گەشەسەندایە بەڵام لەرووی کاریگەری و خزمەتکردنی پرسە نیشتیمانی و کۆمەڵایەتیەکاندا کەمتر توانیویەتی رۆڵێکی ئیجابی وەک پێشووتر ببینێت. بەرپرسیارێتی نیشتیمانی لەهەموو کایەکاندا کەمتر درکی پێدەکرێت، بەڵام ئەگەر ئەم پرسیارە ئاراستەی کەناڵەکانی راگەیاندن بکەین بێگومان هیچ کامیان خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە نەیتوانیوە خزمەتێکی دیار بە پرسە کۆمەڵایەتی و نیشتیمانیەکان نەکات.

میدیای نوێ وەک فاکتەرێکی دەستپێکی شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی رۆڵی خۆی بینی بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەتا ئێستا هیچ بەشێکی میدیا وەک رایەڵێک بەکارنەهێنراوە و سودی لێوەرنەگیراوە بەدەر بە مەرگ بردنی کات نەبێت. پرسیاری جەوهەری لێرەدا ئەوەیە کێ وای کردوە میدیا ئەم رۆڵەی خۆی نەبینێت. کەمی رۆژنامەنوس یان توێژەری میدیای بە ئەزمون و پرۆفیشناڵن وای کردووە کە میدیای کوردی لە هەندێک کاتدا زۆر بێ ئاگاییانە خزمەت بە نەیارانی خۆی بکات بەتایبەت لە رووماڵکردنی هەواڵەکانی بەرەکانی جەنگ دژ بە داعش ئەو بەڵگانەمان بینی.

لە یادی رۆژنامەگەری کوردی ئەمساڵدا هێندەی باس لە کەموکوڕی و بێئومێدیەکانی راگەیاندنی کوردی کرا نیو هێندە پلان و بەرنامە بۆ پێشخستنی داننەرا لەگەڵ ئەوەشدا هەر خودی رۆژنامەنوسانن کە قسە لەسەر کێشەکان دەکەن و خۆشیان پشکیان لە دروستبونی ئەو گرفتانە هەیە. لەمەوە راستیەک دەبینرێت میدیای کوردی ئەو هێزە نیە بتوانێت کاریگەرو رۆڵێکی ئەرێنی هەبێت. لەکاتێکا لە

وڵاتانی دیکەدا میدیا راستگۆی خۆی لەدەست نەداوەو ئەو هێزیە کە جەماوەر و تەنانەت سیاسەتمەداران بۆ ئاراستەکردنی ئایدیا و ئەجێندەکانیان سودی لێوەردەگرن.

دەکرێت میدیا رۆڵە سەرەکیەکەی خۆی وەربگرێتەوە و ببێتە ئەو سەرچاوەیەی هیچ هێزێکی دیکە نەتوانێت لەکەداری بکات، بە پێچەوانەوە پاوەری میدیا، پاوەری دروستکردنی پەیوەندی نێوان هێزەکانی دیکە بێت و بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە / ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٦**



# بۆ یادی ڕۆژنامەگەری کوردی

## کەنعان بەهادین

له ۲۲ی نیسان هەموو ساڵ ڕۆژنامەنووسان یادێکیان بیر دەکەوێتەوە، کە کەسایەتییەکی وەکو میقداد میدحەت بەدرخان لە بنەماڵەی



بەدرخانییەکان، لە پایتەختێکی گەورەی وەکو قاهیرە ڕۆژنامەیەکی کوردی دەرکردوە، بووە خاڵی دەستپێک و مێژووی ڕاگەیاندنی میلەتێکی ستەم لێکراو .

کورد لەپێش ۱۱۸ ساڵ ڕۆژنامەیەکی بەنێوی کوردستان دەرکرد، تا ئەمڕۆکە کە بەدەیان دەزگای ڕاگەیاندن دامەزراوە، بیری لە چی نەکردۆتەوە !!

لەو ڕۆژە گرنگەدا ئەوەتان بیر دەخەمەوە، کە کورد و ڕۆژنامەنووسان بیریان لە شتێک نەکردۆتەوە، ئەویش دامەزرادنی کەناڵ و ڕاگەیاندنی ئاڕاستە کراو (الموجه)، بۆ ئەوەی بتوانێ موخاتەبەی ئەو میلەتانە بکات کە لە دۆزی نەتەوەکەی تێ نەگیشتوون .

بۆ نموونە، کیشوەرێکی وەکو ئەوروپا لە ئێستادا بیر لەوە دەکەنەوە ئەگەر کورد سەربەخۆیی ڕابگەینێ زیان بە ڕەوتی سیاسەتی ئەوروپاییەکان دەگات، چونکە ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کاتێ جوگرافیایەک سەر لەنوێ دروست دەبێتەوە، ڕەنگە شەڕ و ئاشووب دروست ببێت، بۆیە ئەوروپا لە ناوچەکە هاوپەیمان و بەرژەوەندی زۆری هەیە، بۆ نموونە عێراقیش یەکێکە لەوان، لێرەدا ڕاگەیاندن گرنگی خۆی دەبینێت بۆ ئەوەی گەلی ئەوروپا لەهەندێ بابەت تێ بگەینرێن کە کورد بیری لەوە کردۆتەوە ئەم شەڕ و ئاشووبە ڕوو نەدات، بۆ نموونە لە حاڵی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەی ڕاگەیاندووە کە یەکەمین لایەن کە گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت لایەنی بەغدایە، ئەوجا هەندێ پایتەختی دیکەی دراوسێی کوردان، کەوایە دەبێت ڕاگەیاندنێکی بەهێز هەبێت ئەوروپاییەکان لەو وردەکارییانە حاڵی بکرێن، بۆ نموونە ڕۆژنامەیەک هەبێت، یاخود تی ڤییەک، یان ماڵپەڕ .

یاخود ڕاگەیاندنێکی تایبەت هەبێت و کاریگەر بێت بۆ ئەوەی جیهانی عەرەبیش حاڵی بکرێن لە هەندێ شتی گرنگ کە تا ئێستا دەرهەق بە کورد بەهەڵە تێ گەینراون .

ئەو هەنگاوەی بەدرخانییەکان سەرەتایی بوو، ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تا ئێستاش لەو شێوازە لۆکاڵییە دەرنەچوون، ڕاگەیاندنەکان ئەگەر چی ئاسمانیشن بەڵام لە ڕووی بابەت و پەیام هەر لۆکاڵە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە / ڕێکەوتی: ۲۳ی ئەپریلی ۲۰۱٦

# لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

## هۆشیار عەبدوڵڵا

یادی رۆژنامەگەری کوردی وەک جەژنێکی نەریتی لێهاتوە بۆ پیرۆزبایی، بۆ وەسف و ستایشی بێ پێز ، بێ ئاگا لەوەی رۆژنامەگەری و میدیای کوردی تا دێت لە خەمی دروستکردنی نەتەوە و نیشتیمان و کیان دورتر دەکەوێتەوە دەبێتە دەزگایەکی زەبەلاح بە دەستی ئەو حیزب و ئەم حیزب لە ناو حزبیشدا فلان باڵ و فلان کاک و فیسار خان، بێ ئاگا لەوەی لەبری دروستکردنی نەتەوە لەسەر ڕوپەر و شاشەکان میدیا و رۆژنامەگەری خەریکی وێرانکردنی نەتەوە و جوانکردنی حیزب و سەرکردە و بنەماڵەیە.



لەم یادەدا، دیسان چەند بارەی دەکەینەوە کە کورد پێویستی بە میدیایی نیشتیمانی هەیە، کورد پێویستی بەوە هەیە لە رێگەی میدیاوە وەک نەتەوە دروست بێت نەک بەهۆیەوە پەرت بێت، میدیا و رۆژنامەگەری دەبێت خەمی نیشتیمان و هاونیشتیمانیانی بێت، نەک حیزب و دەموچاوە پەککەوتەوەکانی سیاسەت لە باشوری کوردستان.

کورد لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا وەک نەتەوە، پێویستی بە میدیایەک هەیە بە زمانە زیندوەکانی دونیا داکۆکی لە قەزیەی ڕەوای کورد بکات نەک دەزگای زەبەلاحی زل زل بۆ ململانێی ناوخۆیی دروست بکات.

ئێستا سەردەمێکە،چەکی هەرە کاریگەری قەزیەی نەتەوەییمان دەبێت میدیا بێت، دەبێ پەنجەرەی تیڤی و شاشەی میدیای ئەلیکترۆنی سەکۆی زیاتر نمایشکردن و بەرەوپێشبردنی دۆزی کورد بێت، دەبێ چیدی میدیا بەس ناوخۆمان نەدوێنێ بەڵکو گفتوگۆ لەگەڵ دەرەوەی خۆشمان بکات، کاتیەتی لەم ساتەوەختە مێژوییەی نەتەوەی کورد لە باشور و باکور و خۆرئاوای وڵات وەک هۆکارێکی کاریگەر لە میدیا بڕوانین کە دەتوانێ خزمەتی قەزیەکەمان بکات نەک بە میدیای سێبەری حیزبی و شەخسی خەریکی خۆخۆری بین، سەرقاڵی بەرهەمهێنانی رقێکی ئەستور بین لە یەکتری.

کارەساتە میدیایەکمان هەیەخەریکی دورستکردنی دوبەرەکیە لە نێوان دوو شار، لەبری لەیەک گرێدانی هەموو نیشتیمان ، کارەساتە میدیا میلیشیای چەک بە دەستی حیزب و ئامادەیە مێژوی دوێنی و ئێستامان و ئایندەی نەتەوەی کوردیش بکاتە قوربانی گروپێکی بچوک.

میدیا و رۆژنامەگەری ئێستای کوردی (پەراوێزێکی بچوک وکەمی نەبێت هیوا و رۆشناییان تێدایە) باقیاتی هەم خۆیان مایەی بێهیوابونن و هەم بەردەوام بێهیوایی بۆ کورد و قەزیە ڕەواکەی بەرهەمدەهێنن.

ئێستا ئیدی ڕۆژنامە ئەهلیەکان دا ئەخرێن و حیزبیی و سیخوریەکان بەبەلاش دەوەشێنرێن، کەناڵە سێبەرەکان ڕۆژنامەنوسە باشەکان دەگۆڕدرێن بۆ نرخێکی ماددی دیاریکراو، ئێستا لەبری مانا و قەزیە و بابەتی بون پارە دەتوانێ کاریگەر بێت.

بە داخەوە ئەو ئاراستە سیاسیەی تا دوێنێ ئومێدێک بوو میدیایەکی ( لانیکەم ) نزیکی حزبی کاریگەریان هەبێت کە بتوانێ ڕەخنەی خۆشیان بکات، بەم دواییانە ئەوانیش بە هەمان فەلسەفەی پارتی و یەکێتی دەزگای ناوەندی میدیاییان دامەزراند و کۆمپانیا و دەزگا میدیا کاریگەرەکانیان گۆڕی بۆ دەزگایەکی ستایشکاری حزبی بێ کاریگەر و بێ ناوەرۆک.

ساڵیادی ڕۆژنامەگەری ئاوڕانەوەیە لە نائومێدی، نائومێدیەک کە لەبری هۆشیاری بەردەوام خەریکی ((تاریکاندن و دێواندن و گەوجاندنە))، هەڵبەتە مەبەستم میدیا حزبی و سێبەرەکانە، هەمویان، بێ جیاوازی .

تەمەننا دەکەم نەمرین و ڕۆژێک بێت، کوردیش وەک ئینگلیز (بی بی سی) و وەک ئەڵمان (دی دەبلیو) و وەک ئەمریکی (سی ئێن ئێن)ێک، یا دەزگا و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆی نیشتیمانیی ناحیزبی هەبێت، نەتەوە ئێستا پێویستی بە میدیای نیشتیمانی لەهەموو شتێک زیاتر هەیە، بە تایبەت نەتەوەیەک هێشتا بەدوای سەربەخۆیی و کیان و پەرچەم و ئاڵای خۆیدا وێڵ بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین / ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٦

# ڕۆژنامەگەریی کوردە (زازا)کان (١٩٧٥ - ١٩٩٣)

ئیسماعیل تەنیا

عەلەوی، ڕێباز یان ئایینزایەکی سۆفیگەریی تێکەڵ بە ڕێبازو ئایینزای هەمە چەشنەیە. ناوەکەشیان، لەوەوە هاتووە؛کە ڕێزێکی زۆرو سنوور بەدەر، لە خەلیفەی چوارەمی ئیسلام(عەلی کوڕی ئەبو تالیب) کە دەکاتە ئامۆزای پێغەمبەر(محەمەد)، دەگرن و بۆ پلەی خوایەتی بەرزی دەکەنەوە. ڕێبازەکەیان، زیاتر دنیایی و مرۆڤایەتییە. ڕێزێکی زۆر بۆ گەورەیی مرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانی ژن و پیاوو پاراستنی ژینگە، دادەنێن. گرنگی بە ڕۆژوو گرتن و نوێژ کردن و حەج کردن، وەک موسڵمانێکی ئاسایی، نادەن. مەی خواردنەوە لای ئەوان، قەدەغەو گوناە نییە. هاتووچۆی مزگەوت ناکەن، چونکە؛ئیمامی عەلی کە کوژراوە، بۆ نوێژ کردن، بەڕێگاوە بووە بۆ مزگەوت. جگە لە هاتووچۆ نەکردنیشی، هیچ ڕێزێکیشی بۆ دانانێن، چونکە لای ئەوان؛لەسەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی، مزگەوت نەبووە. زۆر دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر، دروست کراوە. باوەڕیان وایە؛گەر یەکێک خودا پەرستی بکات و دوعاو نزا بکات، ئەوە مەرج نییە هەر لە مزگەوت دروست بێت، چونکە خودا لەهەموو شوێنێک بوونی هەیەو گوێشی لە هەموو شتێک دەبێت.




ئەوان لە جیاتی مزگەوت، لە خانوو یان هوتێلێک کۆدەبنەوەو خودا پەرستی خۆیان دەکەن. بەشێوەیەکی ئاهەنگ ئامێز، بەدەم ئامێری ساز ژەنینەوە، سرووتەکانیان، جێ بەجێ دەکەن. بەم هۆڵ یان خانووە دەڵێن؛(جەم). هیچ کتێبێکی ئایینی پیرۆزیان نییە، بەڵام ڕێز لە هەموو کتێبە ئایینیەکانی وەک؛(قورئان و ئینجیل و تەورات)، دەگرن. هەروەها دەڵێن؛ئەم قورئانەی کە ئێستا هەیە، دەستکاری کراوە، دەنا لە قورئانە ئەسڵییەکەی سەردەمی پێغەمبەر، ناوی حەزرەتی عەلی تێدا هاتووە. ئەوان؛چەمکەکانی وەک(نوێژو ڕۆژو حەج و زەکات و بەهەشت و دۆزەخ و حیجاب و. . . تاد)، وەک مەفهومی ئێستای ئیسلام، ڕەت دەکەنەوە. لەجیاتی ئەمانە، ئەلتەرناتیفی تریان هەیە. وەک شیعەکان، (ئەبوبەکری سەدیق و عومەری کوڕی خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان)یان، خۆش ناوێت، بگرە ڕقیان لە ناوەکانیشیان، دەبێتەوە، چونکە ئەوان پێیان وایە؛لە دوای پێغەمبەر دەبووایە جێگرەوە هەر لە ئەهلی بەیت(بنەماڵەی پێغەمبەر) بێت، بەتایبەتیش بۆ ئیمامی عەلی، بێت، بەڵام لەلایەن ئەم سێ خەلیفەوە، پاوان کراوە.

بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی ساڵی(٢٠٠٢)، لە سەرتاسەری جیهاندا، نزیکەی سێزدە ملیۆن کەس، پەیڕەو کاری ئەم ڕێبازەن. هەڵبەت ئەم خەمڵاندنە زۆر نادروستە، چونکە؛ژمارەی ڕاستەقینەی ئەوان، زۆر لەمە زیاترە. ئەوان، بە کێشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقادا، بڵاوبوونەتەوەو لە وڵاتانی وەک؛هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان و تورکیاو عێراق و ئێران و سوریاو وڵاتانی کەنداوو باشوری ئەفریقاو. . . تاد، نیشتەجێن.

لەڕوی نەتەوەییشەوە؛(عەرەب و کوردو فارس و پاکستانی و هیندی و. . . تاد)ن. بە کوردە عەلەوییەکان دەگوترێت؛(زازا). (زازا)،

یەکێکە لە چوار دیالێکتە سەرەکییەکەی زمانی کوردی. لەتورکیادا، لەشارەکانی وەک؛(ئیستانبول، ئەنقەرە، ئەدەنە، باڵغ کەسر، ئەسکی شەهر، بورسە، ئەنتالیا، ئایدن، داماڵ، ئەردەهان)، هەروەها لە باکوری کوردستانیشدا، لە شارەکانی(ئەرزنجان، سیواس، مەلاتیە، دەرسیم، قەهرەمان مەرەش) نیشتەجێن. بەگوێرەی ژماردنە نافەرمی و خەمڵاندنەکان؛لە نزیکەی بیستوپێنج ملیۆن کورد لە باکوری کوردستاندا، نزیکەی چوار تا پێنج ملیۆنیان، عەلەوی(زازا)ن. ئەمانە، بە درێژایی مێژوو، چەوسێندراونەتەوەو هەوڵی قڕکردنیان دراوە، بەتایبەتیش لەسەردەمی هەردوو زلهێزی(عوسمانی و سەفەوی)دا. (زازا)کان، بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ئێرانیە سەفەویەکاندا، هاوئاینزان، لەکاتی ململانێ و شەڕی نێوان ئەواندا، داویانەتە پاڵ سەفەویەکان. هەر بۆیە لەلایەن خەلیفە عوسمانیەکانەوە، کوشتوبڕ کراون. ئەوان پێچەوانەی تورکە سونییەکان، هیچ ڕێزێک بۆ خەلیفەکانی عوسمانی دانانێن و بە کافرو زەندیق ناویان دەبەن. لە مێژووی ڕاپەڕینەکانی کوردیشدا، سەرکردایەتی ڕاپەڕینی دەرسیم(١٩٣٦ - ١٩٣٨)، بە ڕێبەرایەتی(سەید ڕەزای دەرسیم)یان کردووە. لەم ڕاپەڕینەدا، ئاڵای کوردستانیشیان بەرز کردۆتەوە.

لەڕوی کاری سیاسیشەوە، بەشی زۆریان هەوادار یان ئەندامی(پارتی کۆماری خەڵک-جەهوریەت هالک پارتیسی)ن. ئەوانەی تریش، چەپ و کۆمۆنیست، یان لە ریزەکانی(پارتی کرێکارانی کوردستان- پێ. کا. کا)دان. لەبەر ئەم زوڵموزۆرە مێژووییەی کە لەڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە، لێیانکراوە، لە ساڵانی(١٩٦٠) بەدواوە، ڕویان لە دەرەوەی وڵات، کردووە. لێشاوی ئەم کۆچەش، لەدوای کودەتای سەربازی دوازدەی ئەیلولی(١٩٨٠)، بە ڕێبەرایەتی گەنەراڵ(کەنعان ئێڤرین)، زۆر فراوانتر بووە.

بەگوێرەی خەمڵاندنەکانی وڵاتی ئەڵمانیا، نزیکەی نیو ملیۆن عەلەوی لەم وڵاتەدا، دەژین. لەسەدا نەوەدو پێنجی، لە تورکیاوە، هاتوون. لەم ژمارەیەدا، نزیکەی(١٥٠ - ٢٠٠) هەزاریان، لەڕوی نەتەوەییەوە، کوردن. بەگوێرەی هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرتەکانی دەزگای پۆلیس و دادگای فیدراڵی ئەڵمانیا، عەلەوییەکان بە کوردو تورکەوە، لە هەموو موسڵمانی نەتەوەکانی تر، بێ کێشەو بێوەی ترن. زۆر بەرێکوپێکی لەگەڵ یاساو ڕێسای مۆدێرنی وڵات هەڵدەکەن و ئەو سیستەمەی ژیان پەسەند دەکەن کە لە ئەوروپادا، بەرقەرارە. کوردە (زازا)کان لە ئەڵمانیادا، لەساڵی(١٩٨٧)، یەکەم فیدراسیۆنیان بەناوی؛(فیدراسیۆنی عەلەویەکان لە ئەڵمانیا)دا، دامەزراندووە. دواتر، فراوانتر بووەو بە هەموو شارەکانی تردا، بڵاوبوونەتەوە. لە ئێستادا، زیاتر لە (١٢٥) کۆمەڵەو ناوەند(دەرنەگ)یان، لەشارەکانی وەک؛(ئاوسبۆرگ، کوێلن، ماینز، شتوتگارت، دیسبۆرگ، هانۆڤەر، بەرلین، هامبۆرگ. . . تاد)، هەن. بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە کولتورو زمانی کوردی نابەلەد نەبن، بەدەیان خوێندنگای فێربوونی زمانیان کردۆتەوە، کە دیارترینیان(ئینیستیوتی فێربوونی زازا)یە لەشاری فرانکفۆرت. هاوشێوەی ئەڵمانیا، لە وڵاتانی وەک؛(نەمسا، سویسرا، سوید، هۆڵەندا)شدا، نیشتەجێن. لەوێندەرێش، کۆمەڵەو ناوەندی زمان و کولتوری خۆیان هەیە.

ئەم ڕەوەندە پەرشوبڵاوە، لەبەر ئەوەی لە وڵات(تورکیا)دا، دەلیڤەی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە چالاکی کولتوری و پاراستنی زمان و ڕۆژنامەگەریی ئەنجام بدەن، لە هەندەران، هەوڵ دەدەن قەرەبووی ئەم زیانە بکەنەوە کە لە ڕابردوودا، لێیان کەوتووە. لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٥ - ١٩٩٣)دا، چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیان، بەزمانی دایک(زازا)، بڵاو کردۆتەوە، کە گرنگترینیان، کە ئێمە زانیاریمان لەسەر کۆکردونەتەوەو ڕوماڵمان کردوون، ئەمانەن؛

(١)- ئاریە؛ گۆڤارێک بوو کوردە(زازا)کان، لەساڵی(١٩٨٥)دا، لە سوید بەزمانی کوردی(دیالێکتی زازا - ڕێنووسی لاتینی)، بڵاویانکردۆتەوە.

(٢)- پیا؛ گۆڤارێکی وەرزی، ڕۆشنبیری، نارێک بوو، (جەماعەتێ کولتوری زازا)، لە سوید(ستۆکهۆڵم)، بە زمانی کوردی(زازا- لاتینی)، لەساڵی (١٩٨٨)دا، دەریانکردووە. ژمارە(١٠)ی، لە ئازاری (١٩٩٠)دا، دەرچووە.

(٣)- زازایستان؛ بڵاوکراوەیەک بوو، لە سوید(ستۆکهۆڵم)، بەزمانی کوردی(زازا - لاتینی)و تورکی دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە مانگی نیسانی (١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە دوو، بە دوازدە لاپەڕە، لە (١٩٩١) دەرچووە. لەم ژمارەیەدا، ئەدرەسی وڵاتی ئەڵمانیای لەسەرە.

(٤)- بڵاوکراوەی نەورۆز(نەورۆز یاینجیلیک)؛ بڵاوکراوەیەکی سیاسی، کولتوری، مانگانە بووە. بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، زازا- ڕێنووسی لاتینی)و تورکی، لە تورکیا (ئیستانبول)دا، دەرچووە. بەرێوەبەر؛حوسێن ئالتاش. یەکەم ژمارەی بە (٦٨) لاپەڕە، لەساڵی(١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە دوازدەی بە (٦٨)لاپەڕە، لە مانگی ئارالیک(کانوونی یەکەم)ی ساڵی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. لەسەر بەرگی ژمارە سێدا، وێنەی (لینین)ی لەسەرە. لەرووی ژمارەی لاپەڕەکانیەوە، جۆرە تەنسیقێکی باش هەیە، زۆربەی ژمارەکان (٦٨) لاپەڕەن. ئەم نووسەرانە؛(بێریڤان ئازاد، حوسێن کورەکچی، ئەدیب پۆلا، سەعید ڤەرۆژ، جەمشید ئاتەش)، بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە.

(٥)- وارە؛ گۆڤارێکی کولتوری مانگانە بوو، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، زازا، دملی-ڕێنووسی لاتینی)، لە ئەڵمانیادا، دەرچووە. یەکەم ژمارەی بە (٤٤)لاپەڕە، لە مایسی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. ژمارە (١٠) بە (١٧٢)لاپەڕە، لەساڵی(١٩٩٦)دا، دەرچووە.

(٦)- سەرکەتن؛ لەسەر ئارمی (سەرکەتن)دا نووسراوە؛ کارکەرێن هەموو وەلاتان و گەلێن بندەست یەک بن. گۆڤارێکی سیاسی مانگانە بوو، بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو، زازا - ڕێنووسی لاتینی)و تورکی لە تورکیا (ئیستانبول)دا، دەرچووە. بەرپرسیار؛شاهێن گولی. یەکەم ژمارەی بە (٦٨)لاپەڕە، لە مانگی مارتی (١٩٩٢)دا، دەرچووە. ژمارە پێنجی بە (٨٤)لاپەڕە، لە تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی(١٩٩٢)دا دەرچووە. ئەم نووسەرانە؛(عەلی حەیدەر لاچین، پێرو زارەک، فەرهاد باران، خەمگین سەیدۆ)، بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. من، هەر پێنج ژمارەکەم بینیووە.

(٧)- ڕاستیە؛ گۆڤارێکی تایبەت بوو بە زمان و ئەدەبیات و کولتوری کوردە زازاکان. بە زمانی کوردی (زازا - لاتینی)و تورکی، لەساڵی(١٩٩١)، لە فەرەنسادا، دەرچووە. خاوەنی؛ئەبوبەکر پاموکچو. ژمارە دووی بە (٢٨)لاپەڕە لەساڵی(١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە سێ، (٢٤)لاپەڕە بوو لەساڵی(١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە چواری بە بیست لاپەڕە، لەساڵی (١٩٩١)دا، دەرچووە. ژمارە حەوت، (٣٢)لاپەڕە بوو، لەساڵی (١٩٩٢)دا دەرچووە. من ئەم ژمارانەم بینیووە کە ئاماژەم پێکردوون.

(٨)- دەسماڵ سوورە؛ گۆڤارێکی تایبەت بوو بە زمان و ئەدەب و کولتوری زازاکان. (کۆمەلا کۆمۆنیستا کرمانجی)، بەزمانی کوردی(زازا - لاتینی)و تورکی، لەساڵی(١٩٩٢)، لەئەڵمانیادا، دەریانکردووە. ژمارە شەشی بە (٥٢)لاپەڕە، لەمارتی(١٩٩٣)دا

دەرچووە. ژمارە(١٥)، بە (٢٤)لاپەڕە، لەساڵی(١٩٩٥)دا، دەرچووە.

(٩)- واخت؛ بڵاوکراوەیەکی چاندی و سیاسی بووە، کوردە زازاکان بەزمانی کوردی(زازا - لاتینی)، لە ئەڵمانیادا، دەریانکردووە. ژمارە سفر(٠)ی بە چوار لاپەڕە، لەساڵی(١٩٩٠)دا، دەرچووە. ژمارە (1)ی بە هەشت لاپەڕە، لە حوزەیرانی (١٩٩٠)دا، دەرچووە. ژمارە (٢)، هەشت لاپەڕە بووە، لە تەموزی(١٩٩٠)دا دەرچووە. ژمارە (٣)ی (٢٠)لاپەڕە بووە، لە تشرینی یەکەمی(١٩٩١)دا دەرچووە. ژمارە (٤)ی (١٢) لاپەڕە بووە لە شوباتی (١٩٩١)دا دەرچووە. هەموو ئەم ژمارانەم بینیووە، کە باسم کردوون.

هەروەها پاش ساڵی (١٩٩٢)ش، کۆمەڵێک گۆڤارو ڕۆژنامەی تر دەرچوون، حەز دەکەم لە پەراوێزی ئەم بابەتەدا ئاماژەیان پێبدەم، کە ئەمانەن؛

(١٠)- زولفەقار؛ گۆڤارا فیدراسیۆنا عەلەویانە لە ئەڵمانیا. یەکەم ژمارەی لە مانگی ئاب و ئەیلولی(١٩٩٣) لەشاری(کوێلن)، بەزمانی کوردی(زازا - لاتینی)و تورکی دەرچووە. ژمارە (٤١)ی بە (٦٢)لاپەڕە، لە مانگی ئاب و ئەیلولی (٢٠٠١)دا دەرچووە. لێپرسراوی بەشی کوردی؛ئەردالْ ئیر. دەستەی نووسەران؛ عیرفان دایئۆغۆ، تورکەر ئالب، حەسەن. ج. ئەرسەلان).

(١١)- تیجا سۆدرێ؛ بە مانای (تیشکی بەیان) دێت. گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی، وەرزیی، گشتی بوو، بەزمانی کوردی(زازا-لاتینی)، لە ئەڵمانیا (فرانکفۆرت)، دەرچووە. یەکەم ژمارەی لەساڵی(٥١٩٩)دا، دەرچووە. ژمارە (٧)ی لەساڵی (٢٠٠١)دا، دەرچووە. دەستەی نووسەران؛ سەعید چیا، هاوار تۆرنێ جەنگی، محەمەد دۆغان، یوشەن لاشەر، ک. فاسۆییێت، خ. چەلکەر، باقی ئیشچی).

(١٢)- سەما؛ گۆڤاری فیدراسیۆنی عەلەویە دیموکراتخوازەکانە. یەکەم ژمارەی لەساڵی(٢٠٠٢)دا، لەشاری دۆرتموند، دەرچووە. زۆربەی بابەتەکانی بەزمانی تورکی بوون، لەهەر ژمارەیەکدا، دوو تا سێ بابەتی بە زمانی کوردی (زازا-لاتینی) بووە.

(١٣)- چما؛ گۆڤارێکی ئەدەبی و کولتوری بوو، کوردە زازاکان بە زمانی کوردی(زازا - لاتینی)و تورکی لە ئەڵمانیاو لەشاری(ئاوسبورگ)، دەریاندەکرد. یەکەم ژمارەی بە بیست لاپەڕە، لە شوباتی(٢٠٠٥)دا، دەرچووە. ژمارە پێنجی (٤٠) لاپەڕە بوو، لەساڵی(٢٠٠٦)دا، دەرچووە.

زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکان، هەڵگری فکری چەپ و کۆمۆنیستی بوون. بەشی زۆریان لە هەندەران دەرچووینە. حەوت دانەیان لەئەڵمانیا، سێ دانەیان لە سوید، دوو دانەیان لە تورکیا، یەک دانەیان لە فەرەنسادا، دەرچووینە. بەشی زۆریان تەنها بە دیالێکتی زازا بووینە. یەکەم بڵاوکراوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ - ١٩٩٣)، گۆڤاری(ئاریە)بوو، کە لەساڵی(١٩٨٥)، لە سویددا دەرچووە.

بێجگە لەم بڵاوکراوانەی کە باسمان کردوون، نووسەرو ڕۆژنامەنووسە زازاکان، لە زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی تری کوردی باکور، بەشدار بووینەو بابەتیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئەم بڵاوکراوانە، بە شێوەی گشتی تایبەت نەبووینە بە دیالێکتی(زازا)کانەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستاننیت / ڕێکەوتی: ٢٣ی ئەپریلی ٢٠١٦

# ١١٨ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی "کوردستان" دا تێپەڕی.

## کەمال گرویسی

مێژووی رۆژنامە و رۆژنامەوانی لە دنیادا زۆر کۆنە و تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدە لەمەوبەر. رۆمییەکان بڵاوکراوەکانی دەوڵەت بۆ خەڵکیان کە ناوی " ئاکتا دیورنا" بوو، لەسەر بەرد یان ئاسن هەڵدەقەند و لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵیاندەواسی تا خەڵک بیانخوێننەوە.



لە چین لە ساڵانی ٢٠٠ تا ٣٠٠ی دوای زایین بنەماڵەی" تان" کە ئیمپراتۆڕی چین بوون نووسراوەکانی خۆیان بەناوی " تیپاو" بۆ کاربەدەستانی بەشی قەزا و دادخوایی دەنارد و فەرمانەکان و یاسا نوێیەکانیان دەواندا دەنووسی.

دوای تانەکان، بنەماڵەی" تانگ" لە ساڵەکانی ٧٠٠ی زایینیدا دەستنووسەکانیان بە ناوی " کای وان زائۆ" بە مانای بۆڵتێنی خەڵک لەسەر ئاوریشم دەنووسی و جاڕچی بۆ خەڵکی دەخوێندەوە. دواتر یەکەم رۆژنامە مەدەنییەکان لە سەردەمی بنەماڵەی" مینگ" لە ساڵەکانی ١٥٨٢ بڵاو بوونەوە.

لە ئوروپا لە دەوڵەت شاری "ونیز" ساڵی ١٥٥٦ مانگنامەیەکی دەستنووس بە ناوی " نۆتیس سکرایت" کە بابەتی سیاسی، ئابووری، نیزامیی، تێدا دەنووسرا، بە ئوروپادا بڵاو دەکراوە و دانەی بە " گازێتا"یەک بوو.

رۆژنامە بە شێوازی نوێ و ئەمرۆیی لە سەدەی شازدەی زایینییەوە و راست لە ساڵی ١٦٠٥ لە "ستراسبۆرگ" دەرچوو.

رۆژنامەی کوردستان هەرچەند نیزیک بە سێ سەدە دواتر و بە هیممەتی میقداد مەدحەت بەدرخان، کوڕی میر بەدرخان پاشا، کە ساڵی ١٨٩١ چووەتە میسر و ساڵی ١٨٩٨ رۆژنامەی کوردستانی لە ٥ ژمارەدا بڵاو کردووەتەوە. میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لە رۆژنامەی کوردستان، چاپخانەیەکیشی بە ناوی " چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان" لە قاهیرە بنیات ناوە کە بە یەکەم چاپخانەی کوردی دەژمێردرێت. پاشان دوای هەڕەشەی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی، میسری بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ.

رۆژنامەی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا سەریهەڵداوە لەو دەم ڕا تائێستا لە حەوت دەورەی جیاوازدا چاپ و بڵاو بووەتەوە. دەورەی یەکەمی رۆژنامەی کوردستان سەردەمی کۆماری کوردستانە و یەکەم ژمارەی رۆژی ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی چاپ و بڵاو بووەتەوە.

دەورەی دووەمی رۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی بەڕێزان ئەحمەد تۆفیق، عەبدولرەحمانی قاسملوو، غەنی بلوریان. عەزیز یۆسفی و سەدیق ئەنجیری ئازەر.. لە تەوریز بەهاوکاریی چاپخانەی فیرقەی دێموکرات ٥ ژمارەی لێ چاپ دەکرێ و لە دوای چاپی دووهەم ژومارەی کاک عەزیزی یۆسفی لە لایەن رژێمی پەهلەوییەوە دەگیرێ.

دەورەی سێیەمی رۆژنامەی کوردستان لە شاری سولەیمانی و بە هاوکاری ئەحمەد تۆفیق. کەریم حیسامی،سەید جەمیل مەردوخی.. چوار ژمارەی لی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و رووخانی حکوومەتی پەهلەوی، دەورەی چوارەمی رۆژنامەی کوردستان دەستپێکرد وتا ئێستاش سەرەڕای دوو جار لەت بوون و ئینشعاب، درێژەی هەیە و هەرکام لە لایەنەکانی دێموکرات بەردەوامن لە چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان.

رۆژنامەی کوردستان سەرەرای ئەوەی ئۆرگانی حیزبێکی سیاسییە، قوتابخانەیەکیشە. هەزاران کەس لەرێی رۆژنامەی کوردستانەوە فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بوون. تەنانەت پاراویی و رەوانی بابەتەکانی رۆژنامەی کوردستان بۆ زۆر رووناکبیری باشووری کوردستانیش بووەتە جێی لێ فێربوون و لە زۆر کۆڕ و کووبوونەوەدا باسیان کردووە. دیارە رۆژنامەیەک کە مامۆستایانی وەک :مامۆستا هێمن، مامۆستا حەسەنزادە، دوکتور قاسملوو و د.شەرەفکەندی، کاک فەتاحی کاویان و مامۆستا ئاشق و کاک قادر وریا، کاک فەیسەڵی ئێراندوست ، کاک بێهروزی کورد ئەحمەدی، کاک حەسەنی شەرەفی و زۆر نووسەری دیکە کە دەرفەتی ئەوە نیە لێرەدا ناوی هەموویان بنووسرێ، بابەتی تێدا بنووسن، بۆوەی دەبێ وەک قوتابخانە چاوی لێبکرێ.

بەرز و پیرۆز بێ سەت و هەژدەیەمین ساڵرۆژی رۆژنامەگەریی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# لە میقدار بەدرخانەوە تا سەدەی بێ مێژوویی

مەجید حەقی



۱۱۸ ساڵ لەمەوبەر لە کاتێکدا کە نەتەوەکانی خاوەن دەوڵەت ببوونە خاوەن چاپخانە و ڕۆژنامەگەری جۆراوجۆر، نەتەوەکانی سەردەست ڕۆژنامەی فەرمیان هەبوو و بنەماکانی دەوڵەت - نەتەوەیان ئاوەدان دەکردەوە، میقداد بەدرخان دەستی بە وەشانی یەکەم ڕۆژنامەی نەتەوەیەکی بەسەدان ساڵ لە رووی رووحیەوە دابەشکراو کرد و خانی ئاسا وێڕای قامک دانان لە سەر ئەو ئێپیدێمیە نەتەوەییە، هەوڵیدا بە هێنانە بەرباسی دەنگ و باسی جیهانی و باس کردن لە نەتەوەکانی دیکە، نەتەوەی خۆی بەرەو دەروازەی ئاگایی و وشیاری نەتەوایەتی ڕێبەری بکات.

لەو ساتەوە کە کۆمەڵگا تا ئاستێکی زۆر یەکسان و فرەچەشنی ئەو بەهۆی نەبوونی کەرەسەکانی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی تاکەکەسی دیار نەبوو تا ئەمڕۆ، ڕۆژنامەگەری و وەشانی کوردی ئاڵوگۆری زۆری بەسەردا هاتووە.

ئەگەر جاران بە هۆی نەبوونی کەرەسەی پێویستی وەشان ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردی لە لایەن ڕێکخراوێکی سیاسی یان ڕۆشنبیریەوە دەردەچوون و بەو هۆیەوە وشەکان بەبەرپرساییەکی بیرکراوەوە بڵاو دەکرانەوە. ئەمڕۆ لە سایەی تەکنۆلۆژیای پێوەندیەکان و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە مەودای نێوان بیرکردنەوە، نووسین و خوێنەر یان بینەر تەنیا چەند چرکەیە و نووسین دەورانێکی بێ مێژوو تێپەر دەکات. دەورانی بێ مێژوو بەو واتایە کە هەرکەسێک لە دەتوانێت ببێتە خاوەنی "ڕۆژنامەی" خۆی و پەیامی خۆی لە ڕێگای تۆرەکۆمەڵایەتیەکانەوە بە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بگەیەنێت. لە وەها ڕەوشێکدا کە کورد خاوەنی دەوڵەت،دەزگا و سیستەمێکی سیاسی و پەروەردەیی و ڕۆژنامەگەری نەتەوەیی نیە و گیرۆدەی دەستی فرەچەشنی قەیرانخوڵقێنەری ڕێکخراو و حیزبی سیاسی و ڕێکخراوی جۆراوجۆرە ڕۆژنامەگەری کوردی قەیرانی شوناسی نەتەوایەتی و پەیامی هاوبەش بۆ گەیشتن بە وێکهەڵکردنێکی نەتەوایەتی و لانی کەمی تێپەر دەکات.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو هەلومەرجەدا ڕەنگە زیاترین پێویستی بە میدیایەکی نەتەوەیی و لەسەر بنەمای ستراتێژی "پەیمانی ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی" هەبێت. لە ڕەوشێکدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست قەیرانی بڕوا و ڕێبەریدا دەناڵێت بوونی میدیایەکی فرەچەشن و هەمەگر لە سەر بنەمای ستراتێژیەکی ئاوەدانکەرەوەی دیالۆگی نەتەوایەتی پێویستیەکی ئەمڕۆییەو و هەنگاونان لەو پێناوەدا لە دەرەوەی سنووری حیزبی و تەشکیلاتیەوە دەتوانێت خزمەت بە پرۆسەی بەرەوپێش چوونی خەباتی نەتەوایەتی و ڕۆشنبیری لەو بەشەی کوردستاندا بکات. لەو پێوەندیەدا بەکارهێنانی کەرەسەکانی تەکنۆلۆژی هۆشمەندانە و فرەمیدیایی دەتوانێت

بەهێنەی کارەکان بە بەرزترین ئاستی خۆی بگەیەنێت.

ئەمرۆ حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان (ڕۆژهەڵات) سەرەرای دروشمەکانیان لە دەرەوەی بازنەی یەکگرتنی نەتەوایەتی و بڕوای کۆمەڵایەتی دا دەسووڕێنەوە، پرسی گرنگ لەو پێوەندیەدا ئەوەیە کە چۆن دەکرێ مدیایێک بخوڵقێندرێت کە بتوانێت سەرەرای بوونی جیاوازیەکان بە باشترین شێوە خزمەت بکات بە گەشەکردن وپێشقەچوونی گشتی کوردستان و بەشداری خەڵک لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان، دابەشکردنی زانیاری و تواناییەکان لە هەموو ئاستەکاندا بەرەو پێشبردنی ڕەوتەکانی پێشقەچوونی کۆمەڵایەتیدا. چۆن دەتوانین لە قەیرانی بێ مێژوویەوە بەرەو بنیاتنانی مێژووی یەکگرتوویی فرەچەشنیەکان هەنگاو بنێین؟ گەڕان بە دوای دامەزراندنی سیستەمێکی گونجاو و گەشەی بەردەوام گرنگیەکی تایبەت هەیە لە دانانی ستراتێژی راگەیاندنی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەو پێوەندیەدا پرسی خاوەنداریتی نەتەوایەتی لە قۆناغی بەرگری و خەباتی مەدەنیدا و ئاستی بەشداری ئابووری، سیاسی، مرۆڤی و شارەزایی لایەنەکان و بەشداری کردنی پسپۆران و شارەزایان خاوەنی گرنگیەکی تایبەت و چارەنووس سازن. سروشتیە بەلەبەرچاو گرتنی دابەشبوونی سیاسی و تەشکیلاتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەرکام لە حیزب و ریکخراوەکان لە روانگەی ستراتێژی و تەنانەت تاکتیکی رکەبەری تەشکیلاتی خۆیانەوە بەو پرسە نزیک بنەوە. بەڵام گرنگە ئەوە ستراتێژیەک دابرێژرێت کە لەودا بەها هاوبەشە نەتەوایەتیەکان رێنوێنی هەموو لایەنەکان و لە سەر بنەمای خزمەت بە بەرەوپێشچوونی ساسی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوە دیموکراتیکەکان، کولتووری، ژینگە پارێزی و هاوکاری و گەشەپێدانی هەستی یەکگرتووی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاوکات هاوسازی و گەشەپێدانی هاوکاری لە گەڵ نەتەوەکانی هاوسێ و هاوبەش لە جوغرافی سیاسی ئێراندا بێت.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# ئەو ڕاگەیاندنە کوردییەی ژنان دەبێ دروستی بکەن

## تروسکە سادقی

ئەمڕۆ هەینی ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردییە،و لەگەلەی و گازندەو فەلسەفەو مێژوی ئەو ڕۆژە زۆر باس کراوە، بۆیە وابزانم باسیان نەکەمەوە باشترە،و وەکوو خۆم دڵنیاشم باسوخواستەکان هیچیان لێ شین نەبووە، چونکە لەئەنجامدا میدیای کوردی تارادەیەکی نەیتوانیوە، کوردی بێت، و نەیتوانیوە نوێنەرایەتی خواستێکی هاوبەشی نەتەوەیی بکات، هەوڵ هەیە،و هەر ئەو تلەفزیۆنەی (کوردستان٢٤) کە خۆم کاری بێژەری تێدادەکەم، هەوڵی ئەوە دەدا، کە کوردستانی بیربکاتەوە،و هەندێک نەریتی کۆن و بەرتەسکی حزبیشی بەزاندووە، لەگەڵ ئەوەش میدیای کوردی نەیتوانیوە، فشار بۆ ڕای گشتی و سەرکردەکانی چوارپارچەی کوردستان دروست بکات، بۆ ئەوەی لەسەر میکانیزم و ڕێکارێکی هاوبەشی نەتەوەیی کۆبکرێنەوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە دۆزی کورد لەهەرچوارپارچەی کوردستان لەناوەرۆک و خواستی ڕاستەقینەدا یەکە، بەڵام حزبەکان خەریکە بەئاقارێکی لۆکالیدا دەیبەن،و میدیا نەیتوانی واقیعی یەک کوردستان یەک وڵات و یەک داهاتوو زەق بکاتەوە،و ئەوانەی لێی دەربچن، بداتە دادگای خەڵکەوە.



جا من پێموایە لەو ڕۆژەدا ژنانی ڕاگەیاندکاری کورد دەتوانن لەسەر بنەمای هەڵەی ڕاگەیاندنێکی نێرینەی ناسەرکەوتوو بۆ پرسی نەتەوەیی ڕێکارێکی دیکە بگرێتەبەر. ئیتر هەمووەمان دەبێ قەناعەتمان بەوە هێنابێت، کە میدیای کوردی میدیاییەکی نێرینەیە،و ئەوەش دەرهاویشتەی ئەوەیە کە هەموو کایەو بڕیارە گرنگەکانی کۆمەڵگای کوردی نێرینەن،و هەربۆیەش پیاوان خۆیان لەو میدیایەی کەخۆیان بەرێوەی دەبەن، پڕۆپاگەندە بۆ ئەو خواردنە دەکەن، کەخۆیان دروستیان کردووە. ڕەنگە یەکەم پرسیار لای خوێنەری ئەو نووسراوەیە ئەوە بێت، کە ئەو هەموو ژن و کچە جوان و ڕەنگینانە نابینیت، کە لەسەر شاشەکانی تلەفزیۆن دەردەکەون؟ وایە دەیانبینم، و لەکوردستان و بەدیاریکراوی لەباشووری کوردستان ڕەنگە بێژەری ژن لە وڵاتانی دەوروبەر زیاتریش بێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئێمە چەند ڕاگەیاندکاری ژنمان هەیە، کە لە ڕاگەیاندنە نووسراوەکانی وەکوو ڕۆژنامەو گۆڤارو ماڵپەڕەکاندا کار دەکەن، لەڕاستیدا دگمەنن، بەڵام بۆ لەسەر شاشەکاندا ڕاگەیاندکاری ژنمان زۆرە!! وەڵامەکە سادەو ڕوون و ئاشکرایە، ژن لەتلەفزیۆنی کوردیدا جوانکاری و ئێکسسواراتە،و نە دەرەنجامی پێگەیشتنی ژنانە،و نە دەرەنجامی باوری میدیای بینراوی کوردی بە بوونەوەرێکە بەناو ژن. هەربۆیە ئەوەی دەبێ ڕاگەیاندکاری ژن یان واباشترە بڵێم ئەو کچ و قوتابییە کچانەی دەیانهەوێ ببنە ڕاگەیاندکار بیکەن ئەوەیە کە، ئەو ڕەوتەی نێرینەی ڕاگەیاندکار پێیدا تێپەریوە، ئەویش پێیدا بڕوات، ئەوەش نەک بەو واتایەی هەرچی ئەوان کردوویانە ئەویش بیکات، چونکە ئەوکات خۆشی دەبێتە شەریک و هاوبەشی ئەو دۆخە ناڵەبارەی میدیای کوردی.

ژنان دەبێ خۆیان لەسیاسەت بدەن،و لێی نەترسن، دەبێ باکگراوەندی خۆیان بەهێز بکەن، دەبێ تێبگەن کە میدیای کوردی دەبێ تەنیا بەرامبەر داگیرکەر سەربەخۆ نەبێت، و لەکایەکانی دیکەی ڕۆژانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوخۆی کوردستانی گەورەدا سەربەخۆ بێت، ژنی کورد کە دیهەوێ ببێتە ڕاگەیاندکارێکی بەهێز دەبێ کەسایەتییەکی بەهێزی هەبێ و دەبێ بەتوانایەکی هەست پێکراو خۆی بسەپێنێت. دەبێ کەهەستیکرد ئیکسسوارو جوانکارییە خۆی پاشەکشە بکات،و بەدوای کارێکی دیکەدا بگەڕێت، دەبێ ئەکتەرێکی سەرەکی ناوی ڕاگەیاندنی کوردی بێت، نابێ چیتر پەراوێز بێت.

وەکوو پێشتر باسم کرد کە ڕاگەیاندنی کوردی ماوەیەکە هەوڵ دەدات کە سنووری پارچەیەک دەربازبکات،و ئەو تیڤییەی (کوردستان ٢٤) خۆشم کاری تێدا دەکەم، هەر بەو ئاراستەیەدا دەڕوات، بەڵام ئەوە ژنان و ڕاگەیاندنکاری ژنە دەتوانێ و دەزانێ کە یەکپارچەکردنی کورد تەنیا لەرووی سیاسییەوە ناکرێ و دەبێ وەکوو چۆن لایەنە سیاسییەکان متمانە بەیەکتر بکەن، دەبێ ژنانی کوردستانیش متمانە بە باب و برا و هاوسەرو بەگشتی پیاوانی وڵاتەکەی بکات، لایەنە کوردییەکان تەقە لەیەکتر کردن ڕاشگرن، هەتا باب و برا تەقە لە ژنی کورد بکەن، کەواتا هیچ نەکراوە. هەربۆیە میدیای کوردی دەبێ هاوتەریب لەگەڵ یەکگرتووی سیاسی کار لەسەر یەکگرتووی کۆمەڵایەتیش بکات،و دەرد و ئازارەکەشی هەر لای خوشک و دایک و کچانی کوردستانە.

جگە لەوانەش ڕاگەیاندنی کوردی ڕاگەیاندنی بێ متمانەکردنی خەڵکی کوردستانە، ڕاگەیاندنی ڕەشبینییەکی لەرادەبەرو گەشبینییەکی لەرادەبەدەرە، و ئەوەش هەردووکی خراپن، ژنی ڕاگەیاندکار دەبێ ڕێک وەکوو ڕوح و دەروونی خۆیەوە مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندن بکات، جیهان ئەوەندە سپی نیە، کە هەندێک میدیا باسی دەکەن، چونکە لەراستیدا ئەگەر بەو رادەیە سپی بێت، پێویستبوونی ڕاگەیاندن خۆی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، دوای ئەوەش ئەوەندەش ڕەش نیە، کە لەهەندێک لەمیدیای باشووری کوردستان باوە، و دەروون و هەستی وڵاتپارێزی و ژیان خۆشەویستی تاکی کوردیان تێکداوە. ژنان باش دەزانن کە ژیان هەردووکیانەو دەبێ مامەڵەیەکی ئاقڵانەی لەگەڵدا بکەن. ئێمە باش دەزانین باوک هەیە، کچەکەی لەسەر دەست دادەنێت،و باوکیش هەیە لەگەڵ لەدایکبوونی کچەکەی ڕەشپۆشی دەکات، کەواتا ڕاگەیاندن دەبێ هەردوو باوکەکە ببینێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# دەست لە قوڕگی ئازادی رۆژنامەوانی بەردەن!

## سیروان رەشید

لەم رۆژانەدا کەیادی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی دەکەینەوە، بەداخەوە هەڕەشەکانی سەر ئازادیو بەتایەت ئازادی رۆژنامەگەری لەکوردستاندا نەک هەر کەم نەبوونەتەوە، بەڵکو رۆژ بە رۆژو لە ناوەندو شوێنی جیاوازی هەرێمەکەمان لە زیادبووندان.



بەپێی دوا راپۆرتی رێکخراوی رۆژنامەنوسانی بێسنوری نێودەوڵەتی؛ هەرێمی کوردستان و عێراق لەریزبەندی ١٥٨ هەمین وڵاتە لەکۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان کە پۆلێنی ئازادی رۆژنامەوانی تێدا دەکرێ، بەواتای؛ لە دواوی دواوەی ئەو ناوچانەی جیهاندایە کە ئازادی رۆژنامەوانی تێدا مەترسیدارو سەرکوتکراوە.

لەیادی ١١٨ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی دا هەست بە نیگەرانیەکی قوڵ دەکەم. کە دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم پێچەوانەی دروشمەکانی پێشووی، ئازادی رۆژنامەگەری لەهەرێم خنکاندووە.

لە رۆژی (١٠ / ١٠ / ٢٠١٥)وە، کە پارتی، پەلاماری نوسینگەی سەرەکی کەناڵی کەی ئێن ئێن و ویستگەکانی پەخشی رادیۆی گۆڕانی لەشارەکانی هەولێرو دهۆک و سۆران داوە، تائێستا دۆخێکی ئاسایی بۆ ئەو میدیایانە نەرەخساندووە و نوسینگەکانیان قفڵدراون.

لەوکاتەوە تائێستا هیچ رۆژنامەنوس و میدیایەک ناتوانێت زۆر بەئازادانە روماڵی بابەتێکی سیاسی لەشارەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بکات.

خوازیارانی ئازاداری رۆژنامەوانی لەکوردستان چاوەڕوانیان دەکرد پارتی ئۆفیسەکانی میدیای گۆڕن تەسلیم بکاتەوەو دۆخێکی باشتری ئازادی رۆژنامەگەری برەخسێنێ نەک ژینگەکە تەنها بۆ میدیاکانی خۆی و سێبەرەکانی پاوان بکات.

سەرەتای ئەم هەفتەیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەراپۆرتی ساڵانەی ئازادی مافی مرۆڤ و رادەربڕیندا بەوردی پەنجەی خستۆتە سەر ئەو فشارە گەورەیەی پارتی بۆ ئازادی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنوسان لەهەرێم دروستی کردووەو سەرباری ئاماژەدان بەداخستنی کەناڵەکانی ئێن ئارتی و کەی ئێن ئێن.

راپۆرتەکە دەڵێ " سەرەڕای تێپەڕاندنی یاسای بەدەستخستنی زانیاری لەساڵی ٢٠١٣ لە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێم کاری نەکردوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، ئەوەش جیاکاریی بەدوای خۆیدا هێناوە بەجۆرێکی وا کە حکومەتی ناوخۆی پارێزگاکانو بەرپرسانی حزبی جیاکاری دەکەن لەنێوان دەزگاکانی راگەیاندن بۆ پێدانی زانیاری. بۆنمونە لەشارەکانی هەولێرو دهۆک زانیارییەکان لەلایەن بەرپرسانەوە بەزۆری دەدرێنە کەناڵەکانی سەربە پارتیو لە شاری سلێمانی کە زۆنی گۆڕانو یەکێتییە، زانیارییەکان زیاتر دەدرێنە کەناڵەکانی سەربە یەکێتی".

رۆژنامەنوس، پاسەوانی سیستمی دیموکراسییە، هەوڵدان بۆ کپکردنی ئازادی رۆژنامەوانی لەکوردستان، لەهیچ شتێک ناچێت جگە لە رەفتاری رژێمە سەرکوتکەرەکان نەبێت.

ئێمە باس لە حکومەتێک دەکەین کە گوێ بەمافی نێونەتەوەیی پرەنسیپە سەرەتاییەکانی دیموکراسیەت نادات.

هەڵبەتەوە روونە؛ ئەوە پەیوەندی بەوەوە نیە کە رۆژنامەنوسانی ئازاد و رۆژنامەنوسانی میدیاکانی گۆڕان تاوانی گەورەیان دژ بە ئاسایشی نیشتمانی هەرێمەکەمان کردبێت بۆیە لەدهۆک و هەولێر و سۆران سنوردارو قەدەغە کراون. نەخێر هۆکارەکە ئەوەیە کە هەرێم کەوتۆتە بەردەستی دەسەڵاتێک تواناى قبوڵکردنی رەخنە لێگرتنی نیەو حکومڕانی پارتی لەرێی سانسۆرو راونان و سزادانەوە، قورگی ئازادی رادەربڕینی لە هەرێم توند گرتووە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی لڤین / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦**

## سەرەقەلەمێک لە یادی ١١٨ ساڵەی رۆژنامەگەری کوری دا

**شاخەوان ئەکرەم دوکانی**

هەرێمێکمان هەیە پەرەلەکوێخاوبەحساب پرلە زانا بەسەرۆکایەتیەکی کەسێکی نەزانی ماوەبەسەرجوو، کە هاولاتی سڤیل دەستی



لەبینەقاقای گیراوە لە هەلەداوانیەتی بۆمەرگ کەجی حەلێکیش نیە تا وەک جاری جاران ژیان بەرێرەوی خۆی دا بروات ، هەرێمێکمان هەیە نەکەنالێکی نیشتیمانی هەیە نەدەزگایەکی وەهامان هەیە تاسەربەهیج سیاسیەکیش نەبێت ، ئەوەی دەگوزەرێ لەکوردستان پاشاگەردانیەکی بەئەخلاقە جونکە هەموو حیزب و سیاسیەکان پەلیان کێشاوەتە نێو کایەکانی رۆژانەمانەوەو بەردەوام ئامادەبونیان هەیە.

رونتر هیج دەزگاو کەناکێک نیە سەربەلایەنێک یان سێبەی لایەنێک نەبێت درۆیە درۆۆ ، ئەمەش خەتەرێکی ترە کەپالەپەستۆی زەخت دەکرێتە سەر هەرتاکێک لەهەر نەشرەی هەوالێکیشدا جونکەی ئەوەی تۆ ئەتەوێ ئەوەنابێت وە بەدلی کابرا دارێژراوە تەوە، بۆیە لەیادی ١١٨ سالەی رۆژنامەگەری کوردی دا سەری رێزدائەنەوێنم بۆ رۆژنامەوسانی شەهید وبریندار ، سلاو ئەنێرم بۆرۆژنامەنوسانی هاورێ و هاوپیشەم ، بەئەوانەی کەخۆشیان پیاهەلواسیوە بەناوی رۆژنامەنوس و رگەیاندنکارو وێنەگر پییان ئەلیم برۆن ئیشێکی تر بکەن نەلێمان تیک دەن نە خۆشتان بەنەزانی بەهەلدێردامەبە.

کاکم لەبرخاتری خاتران دانراوە کەجی ئێستا خۆی لێکروینە پرۆفیسرۆر و ئێمەو هاورێیانیش لە ناوەراستی سالی ٩٠دەکانەوە دەی خولێنینەوە لە لەساحەکەدا کەجی ئەویش خۆی دەرئەخا و دیان دەزگا و کەسایەتیش سوکایەتی بەرۆژنامەس ئەکەن کەزۆربەیان هەرباسی ناکەن ، داواکارم لەسەندیکای رۆژنامەنوسان پێداگری لەسەرمەرجەکانی بون بەئەندامی بکاو بگرە قورستری بکا تائەمانەمان لێدوربن و ئەوەی ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسانیش نەبێت لای من هیج رۆژنامەنوس ورگەیاندکار نیە.

شاخەوان ئەکرەم دوکانی:

ئەندامی کارایی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان و ئەندامی فیردراسیۆنی رۆژنامەنوسنی نێودەولەتی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# مستەفا پاشا یامولکی و ئازادی رۆژنامەنوسی

مەجید سالح

دوای ئەوەی شێخ مەحمودی مەلیک دور دور دەخرێتەوە بۆ هندستان، منەوەرانی سلێمانی و کەسایەتییە دیارەکانی بیریان لە دامەزراندنی جەمعیەتێک کردەوە بۆ رێکخستنی کاروباری سلێمانی و یەکخستنی داواکارییەکانی کورد. ئەوە بو لە (٢١ / ٧ / ١٩٢٢)دا لە کۆبونەوەیەکی گەورەدا لە مزگەوتی (سەید حەسەنی موفتی) بە سەرۆکایەتی مستەفا پاشا یامولکی بڕیار لە سەر دامەزراندنی (جەمعیەتی کوردستان) درا، بۆیە ئەم گۆڕانکارییە هەلێکی باش بو بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەکی ئەهلی بە ناوی (بانگی کوردستان)، حاجی مستەفا پاشا بو بە سەرنوسەر و خاوەن ئیمتازی رۆژنامەکە. تا گەڕانەوەی شێخ مەحمود بۆ سلێمانی لە (٣٠) ئەیلولی (١٩٢٢) هەشت ژمارەی لێ دەرچو.



دواتر رۆژنامەکە هەمو بەیانات و ئاگاداری و فەرمانەکانی مەلیکی کوردستانی تێدا بڵاو دەکرایەوە، بەڵام کەمترین هەواڵی تەشریفاتی و رەسمی بڵاو دەکردەوە، لایەنگرانی تورک (جل خوارەکان) کە زۆر دژایەتی مستەفا پاشا و رۆژنامەکەیان دەکرد ئەمەیان بە هەل زانی و رۆیشتنە بنفکی شێخ و لە مستەفا پاشا و رۆژنامەکەیان دەخوێند، هەوڵی زۆریان دەدا ناکۆکی بخەنە نێوان خۆی و شێخ مەحمودەوە، یامولکی لە بانگی کوردستاندا وتارێک لە ژێر ناوی (مەطبوعات و صداقەت) دەنوسێ، لەو وتارەدا وەڵامێکی توندی جل خوارەکان دەداتەوە، سەرەتای وتارەکەی بە گرنگی رۆژنامە و ئەرک و واجیباتەکانی بۆ خوێنەر شیکاتەوە. دواتر ئەو پروپاگەندانەی کە لەسەریەتی بەوەی دژایەتی ئیسلام دەکات و لە گەڵ ئینگلیز رێککەوتوە رەت دەکاتەوە و وەلائی خۆی بۆ شێخ مەحمود دەردەبڕێ.

لە سەرەتادا بەرگری لە دەرکردنی (بانگی کوردستان) دەکات کە جلخوارەکان زۆر دژی دەکردنی بون و پێیان دەڵێ رۆژنامەکەی بۆ ئەوەیە کورد لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیەوە بگوازێتەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی: "قەومێ لەم زەمانەدا مەعاریفی نەبێ و بۆ تەرجومانی ئەفکاری و ئیعلانی مەوجودیەتی و بۆ موستەخبەرات لە یارو ئەغیاری مەگبوعاتێکی غەزەتەیەکی حورِی نەبێ، ئەو قەومە ئەو میللەتە پێێ نائێن قەومی (مەدەنی)، پێی دەڵێن (بەدەوی)، کە لە جیهانی مەدەنیەتدا نە حورمەت و نە ئیعتبارێکی دەبێ و نە بە قەول و فیعلی برەو ئەدرێ."

لە وتارەکەدا ئازادی رۆژنامەوانی گرێدەداتە ئازدی گەلەوە، پێیان دەڵێ ئەرکی رۆژنامە ریایی کردن و مەدح کردن و هەواڵی تەشریفاتی نییە، بەڵکو رۆژنامە دەبێ سەربەست بێ و کۆت و بەندی بۆ دروست نەکرێت:

"هەر قەومێ بلێ حورم و ئارەزوی تەرەقی بێ، مەطبوعاتیشی، رۆژنامەشی دەبێ سەربەست بێ، لە ژێر قەیدی ریادا نەبێ، بۆ عیبرەت کردنی ئەفرادی میللەت هەرچی لازمە تیا بنوسرێ، بۆ تەمەدوح عەمر و زەید کە نەورسیدەگان میللەت فێری ریا و ئاخری ئەو قەومە لە ژێر باری ئیستبدا و تەبدیدا بەریا دەکا و ستون مەخصوصی نەبێ و لێ بۆ تەحکیم و تەثبیت حکومەتێکی عادیلە لە نەظەر یارو ئەغیاردا حەرەکات و ئیجرائات مەشکورە و ئەقوال پەسەندیدەی رەئیسی قەوم و بوزورگان دائیمەن نەشر و ئیعلان بکرێ، ئەمە فائیدەی ئینکار ناکرێ. وئیلا فلانە کەس هات و ئەمەیە و ئەوەیە، فیسارەکەس رۆیی و ماشەڵلا وەهایە و وەهابو، وەکو لە بەعضە جێگایان لێرە هەیە بۆ فائیدەی شەخصی غەزەتە پڕ کەن لە دوو ڕوو لە ریا، ئەمە چاک نیە، بەوە میللەت هەڵخەڵەتاندن دەبێژرێ، ریاکەری دەبێژرێ".

مستەفا پاشا رایدەگەیەنێت رۆژنامەکەی هەمو هەواڵێکی باش کە خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات بڵاو دەکاتەوە، بەڵام هەرگیز نایکاتە کەناڵێک بۆ زەم و شکاندنی خەڵک:

فەقەت کەسێک کە بێتە شار بە واسیطەی مەطبوعاتەوە یاخود بە تەرظێکی تر مەطبوعات خەبەردار بێ، جوانمەردییەک بنوێنێ، مەثەلەن ئیعانەی بۆ مەدارس و مەکتەب دابێ، عائیلەیەکی فەلاکەت زەدەی ئیحیا کردبێ، یاخود لەسەر حەق ئازایییەکی مەشروع و عەدالەتیەکی مەقبولی بەجێ هێنابێ، بۆ مەدح ئەوە غەزەتە بە بە زبان راستگۆیی خۆی بە هەموو لایەکدا هاوار و وەظیفەی خۆی ئیظهار و ئیفتخار دەکا. فەقەت تا ئێستا نەماندی ئێمەش نەمانوسی ذم ئەشخاصیش حەز لێ ناکەین، ئەگەر موعتادمان بوایە، بە صرەی ئەلف با تا ئێستا چەند موئەلیفاتێکمان دەبوو؟!.

لە پەرەگرافێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە رۆژنامەکەی رەخنە لە کەمو کورییەکان دەگرێت و نابێ کەس دڵگران بێت، چونکە بەمەبەستی شکاندنی کەس نەنوسراوەو و هەرکەسێک گلەیی هەیە دەتوانێت لە دادگا سکاڵا بکات:

"دیسان بڵێین وەلێ وەلێ وەکو ئێستا لە هەمو نوسخەیەکی غەزەتەکەماندا ذکر و بەیان کراوە، چشتێ بۆ حکومەت و میللەت موضر بێ لە مەملەکەتدا لە طەرەف چەند کەسانێکەوە قەصدی یاخود لە بەر بێ مەغزی ئیعتیاد کرابێ، نە بەرەنگ شەخصیەت، بەڵکو بە نەوعی ئیخطار و نەصیحەت نوسراوە و دەنوسرێ. ئەمینم ئەوانەی کە لەمانە حاڵی بێ و حوسنی نیەتی بێ، لەم نەوعە نوسینانە نابێ دڵگیر و متەهەور بێ، چونکە بالفرض موباحثاتێک کە بەلای ئەربابێ بۆنی شەخصیەتی لێوە بێ، مەحکەمە حاضرە، رای شکایەت نەبەستراوە، لە سایەی حضرەتی حوکمدارمانەوە، حقوق هەمو کەسێک دەبیسرێت و دەپرسرێ".

لە کۆتایی وتارەکەیدا روی دەمی دەکاتە ئەو کەسانەی کە رەخنەی لێ دەگرن و دەیانەوێت بەینی ئەو و شێخ مەحمود تێک بدەن و پێیان دەڵێ:

"ئەو وەقتە زۆر کەسان هەر بۆ لوقمە سەعیان دەکرد، ناوی شێخانیان بە زباندا نەدەهات، من مەسلەکم هەر ئەو مەسلەکەیە، هەر ئەو پیاوەم، دەست و قەڵەمم ناگۆڕێ. ئەوانەی کە لە قصەی راست کرژ دەبنەوە و دەکرۆزێنەوە ئەمیان بۆ دەنوسین بە یادگار:

دار هەڵبڕە...... دیارە و السلام"

دەکرێت ئەم وتارەی مستەفا پاشا یەکەم وتارە کە باس لە ئازادی ڕۆژنامەوانی بکات و ئەرکەکانی رۆژنامەی ئازاد لە کۆمەڵگایەکی ئازاد دا دیاری بکات.

- مصطفی پشا، مەطبوعات و صداقەت، بانگی کوردستان، ژمارە ١٢، ٢٧ تشرینی یەکەمی ١٩٢٢، ل ٤-٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# لەیادی ۲۲ - ۴ دا لەیادی ۱۱۸ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا

## هێدی هەولێری

ئەمڕۆ وەک هەموو ساڵێک بەشێوەیەکی ئاسایی یادی ڕۆژنامەگەری کوردیی کرایەوە ، کە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان و بنەماڵەی بەدرخانیەکان یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو. ئەو ڕۆژەی مێدیای کوردیی تێیدا لەدایک بوو، کە بوو بەبەشێک لە سەروەرییە نەتەوەیی و نیشتمانیی و مێژوویەکی ئاڵتوونی بوو.



ئێستای دۆخی ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستنان و بەگشتی لەگەڵ دۆزە نەتەوەییەکەیدا وەک هەر قەیرانێکی دی ویستێک هەیە و هەوڵی بۆ دەدرێت ، کە دۆخی ڕۆژنامەگەریی و لەچوارچێوەی کاریی ڕاگەیاندنیدا بەرەو دۆخێکی ترسناک ببرێت و بکرێت بە قەیرانێکی دی لەبەرامبەر خەڵکیدا.

ئێستا دوای ۱۱۸ ساڵ کاری میدیایی و بەتایبەتی وەک کەرستەیەکی بازرگانی و لەژێر چنگی کەسی نەزاندا بەڕێوە دەبردرێت و لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ساڵێک و گۆڕینی ژمارەکاندا پێشکەوتنی میدیا و ڕۆژنامەگەری بەرەو دواوە دەچێت و ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی ئەو ماکینە بەهێزە هەم بۆ تێکدانی پەرژینی کۆمەڵگە و کایە بەنرخەکەی مرۆڤایەتی ، کە ڕەوشتە ، هەمیش لێدانە لەکایەی لەدەستدانی ئەو هۆکارەی کاری بۆ دەکرێت و لەسەنگەرگرتنی بەرامبەر ژیانی ئاسایی خەڵکدایە.

ساڵوەگەڕیی ڕۆژنامەگەریی.... دەرچەیەکی گەورە و گرینگ بوو بۆ هۆشیاریی ئەوکاتەی خەڵک و ناساندنی هزریی نەتەوەیی و نیشتمانی ، کە دوایی بووە توراسێک بۆ جیهانی ئیسلامی و ڕۆشنبیری کوردیی بەهێزتر کرد بەوەی هێزێکی دایە کۆمەڵێک پێنوسی ئازا و خەباتی وشە دەستی پێکرد، کە میدیاکار بەکۆمەڵێک بنەماوە ڕێزی لەپیشەکەی خۆی دەگرت بەبێ لەدەستدانی ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی. هەرچەندە ئێمە دەبێت شانازیی بەوە بکەین ، کە دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤار هەر زوو شارستانێتی ئیسلامیی بوژاندییەوە و چەکەرەی کرد بۆ سەردەمی بەدرخانیەکان و ئەو بنەماڵە نیشتمانیی و ئیسلام پەروەرانەی بەدرێژایی مێژوو لەسەر ڕەوڕەوەی میدیایی و پیشەی ڕەوشت بەرزیدا ڕۆیشتوون و لەدەستێکی پاکەوە گواستراوەتەوە بۆ دەستێکی پاکتر.

دوای ئەوەی بە چەندین قۆناغی ژیانی ئەوکاتەی خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەرانی ئەوکاتە تێپەڕبوون ئیدی گەیشتە ئێرە ، کە ئێمە تێیدا دەژین و لەشێواندنێکی خراپدا دەگوزەرێت و کار لەسەر مێژووی ڕۆژنامەگەریی دەکرێت و زۆربەی بنەما زانستیەکانی میدیایی و پرەنسپی لەدەستداوە.

ئەوەی بەلامەوە گرینگە زۆربەی ژمارە دەرچووەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە (بسم الله الرحمن الرحیم) دەستی پێکردووە ، کە کۆمەڵگەی ئێمە بەشێکی دانەبڕاوە لەمێژووی پڕ سەروەریی ئیسلامیی و ئەو مێژووە ئاڵتونییەی لەماوەی هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕۆیشتووە و تائێستاش هاتووە بەبێ شکست وێڕای چەند تێبینییەک.

بۆیە ئێمەی ڕۆژنامەنوسان دەبێت زۆر جەخت لەئەخلاقی مامەڵەکردن لەکاریی میدیایی بەگشتی بکەینەوە و ناپاکی لەگەڵ پیشەکەی خۆمان نەکەین بەدەستبردن بۆ کاریی نەشیاو. ئێستای دوای ١١٨ ساڵ لەو مێژووەدا خەباتێک بەدی ناکرێت بۆ درێژەدان بەو کارە بەو پێی خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤار ڕووی لەکزیی کردووە ئەویش بەهۆی ئەوەی لەپێشوودا زۆر ڕێی نا تەندروستی گرتبوو بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و زڕاندنی کەسایەتیی ئەو میسداقییەی لەدەستداوە ، بۆیە ئەمڕۆ بەرهەمەکەی ئێستایە ، کە بەداخەوە خوێنەر بێزاربووە و ناتوانێت چێژ لەو هەواڵ و بڵاوکراوانە وەربگیرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسک نێت / ڕێکەوتی ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# پیرۆزە ڕۆژی لەدایکبوونی ڕۆژنامەی ( کوردستان )

## هیوا سەرهەنگ

ڕۆژی ۲۲ی نیسانی ساڵی ۱۰۹۸ کە ڕۆژی لە دایکبوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە، بە دەستپێکێکی گرنگ و پڕ بایەخی پرۆسەی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری و تەڤگەری ڕووناکبیری خەڵکی کوردستان دەژمێردرێت و وەرچەرخانێکی مەزن بوو لە مێژووی گەلەکەماندا .. ڕۆژنامەی کوردستان کە ئەمڕۆ یادی ساڵوەگەڕی ۱۱۸ ساڵەی دەکەینەوە، جێگەیەکی تایبەت و شیاوی لە مێژووی کورددا هەیە، چونکە سەرەتاو نۆبەرەی کۆششیکی پیرۆزە کە تائێستا ڕەوڕەوەکەی نەوەستاوە، ئەگەرچی دوژمنان بێ ئەندازە هەوڵی تەفروتوونا کردن و وەستانی دەدەن.



ڕۆژنامەگەری شان بە شانی لایەنەکانیتری خەبات ڕۆڵی گرنگی خۆی بینیوە بۆ داکۆکیکردن لە پێناسەی مرۆڤی کورد و بووژاندنەوە و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی لە خەباتکردندا بەردەوام بووە. هەر بۆیە خەڵکی کورد و گەورە پیاوانی بە چاوی ڕێزەوە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەرییان نرخاندووە .. دەرکردنی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ( کوردستان ) لە قاهیرەی پایەتەختی میسر، دواتریش لە ژنێڤ، بەشێک بوو لەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی بەدرخانییەکان لە هەندەراندا دایان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نەتەوەییەکانی خۆیان.

بە دەرچوونی (۳۱ ) ژمارە لە ڕۆژنامەی ( کوردستان ) بە هەڵوێستێکی نەتەوەیی و لەژێر فشار و هەڕەشەی داگیرکەرانی کوردستانداو بە ئەرک و ماندووبوونێکی زۆرەوە، خۆبەخشانە بناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردییان دامەزراند و کردیانە سەرچاوەی وریا کردنەوە و شیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هۆش و هزری نەتەوایەتی و خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد.

ڕۆژنامەی کوردستان ۳۱ ژمارەی لێدەرچووە،

ژمارە ۱ تا ٥ لە شاری قاهیرە، لە ژمارە ٦ تا ۱۹ لە ژنێف، لە ۲۰ تا ۲۳ لە قاهیرە،

ژمارە ۲٤ لە لەندەن، ژمارەکانی ۲٥ تا ۲۹ لە فۆلکستۆن، ژمارە ۳۰ و ۳۱ لە ژنێف دەرچوو. دوا ژمارەکەی کە ۳۱ ە لە ۱٤ / ٤ / ۱۹۰۲.

هەر شکۆدار بێت یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزە ... ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەری پێنوسەکان / ڕێکەوتی: ۲۲ی ئەپریلی ۲۰۱٦

# کورد و پرسی رۆژنامەگەری

ئەردەڵان عەبدوڵڵا



ئەمساڵ کورد  پێ دەنێتە ١١٨ ساڵ کە دەستوپەنچەی لەگەڵ کاغەزی ڕۆژنامەدا گەرمکردبێت. لە سەدەی پێشوودا خەونی سەرەکی نوخبەری خوێندەواری کورد ئەوەبووە، کە بتوانێت لەڕێگەی کاغەزەوە، دەنگی نەتەوەکەی بگەیەنێتە هەموو ناوچەکانی کوردستان و جیهان. داگیرکەرانی کوردیش بەهەموو شێوەیەک دژی دەنگی کورد دەوەستانەوە، هەرئەمەش وایکردووە کە، بنەماڵەی بەدرخانیەکان بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەک هەزاران کیلۆمەتر لە زێدی خۆیان دووربکەونەوە تاوەکو ڕۆژنامەیەک دەربکەن. دیارە کارکردن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا بۆ کورد ، شتێکی ئێجگار زەحمەت بووە و بەشێکی گرنگی خەباتی کوردایەتیش بووە. لەسەدەی پێشوودا پارتە کوردستانیەکان لە هەموو پارچەکاندا، هاندەر و کۆڵەکەی سەرەکی ڕۆژنامەگەری کوردی بوون. هەموو پارتە کوردیەکان،  رۆژنامەوانی، بەشێکی گرنگی خەباتیان بووە. هەتاوەکو ئێستاش لە رۆژهەڵات و باکوری کوردستاندا، کارکردن لە بواری رۆژنامەگەری،بەشێکە لە خەباتی کوردایەتی. گەرچی لە باشوور و تاڕادەیەکیش لە رۆژئاوا رۆژنامەگەری زیاتر بۆتە پیشە. لە هەرێمی کوردستاندا سەرەتا  رۆژنامەگەری هێشتا لەژێر سایەی حزبدا بوو، بەڵام لەماوەی چەند ساڵی پێشوودا، رۆژنامەگەری کوردی ئەم قۆناغەی تێپەڕاند و کۆمەڵێک رۆژنامە و دەزگای میدیای ئەهلی زۆر دروستبوون. بەڵام ئەمرۆ بەهۆی قەیرانی دارایی و لەهەمووشی خراپتر قەیرانی رۆژنامەی کاغەزی، دیسانەوە رۆژنامەگەری کوردی لەم هەرێمەدا ڕووبەروی قەیرانی گەورە بۆتەوە. دیارە مەسەلەی قەیرانی کاغەز، قەیرانێکی جیهانییەو ڕووبەروی هەموو رۆژنامەکانی جیهان بۆتەوە، بەشێوەیەک تەنها لەمساڵدا چەندین رۆژنامە گەورەی جیهان و ناوچەکە داخران بۆ نموونە رۆژنامەی ئیندیپێندنی بەریتانی و سەفیری لوبنانی بەهۆی ئەم قەیرانەوە داخران. ئەمڕۆ ئینتەرنێت ئەو ئەژدیها گەورەیە کە رۆژانە تەمەنی رۆژنامەی کاغەزی دەخوات و تادێتیش ئەم ئەژدیهایە گەورەتر و پەلی زیاتر دەهاوێت.  کوردستانیش بەهەمانشێوە لەم ترسە گەورەیە بەدەر نییە،  لە مساڵدا کۆمەڵێک رۆژنامە و گۆڤاری کوردی داخران. بەبڕوای من ئەم دوو کێشەیە، گەورەترین هەڕەشەی گەورەن کە  ئەمڕۆ ڕووبەروی رۆژنامەگەری کوردی دەبێتەوە. دیارە مەسەلەی ئازادی رادەربڕینیش کێشەیەکی ترە کە ڕووبەروی رۆژنامەگەری بۆتەوە، بەڵام بەتایبەتی لە سلێمانی تارادەیەکی زۆر ئەم کێشەیە نییە، هیوادارین لە شوێنەکانی تریشدا ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت. گەرچی مەسەلەی پرسی ئازادی ڕادەربڕین لە ساڵی ٢٠١٥ لە تەواوی جیهاندا خراپ بوو، ئەمەش لە دوایین راپۆرتی ڕێکخراوی ئازادی رۆژنامەگەری جیهاندا دەردەکەوێت. ئێمە لەم رۆژەدا دووبارە سەری ڕێز و نوازش بۆ بنەماڵەی بەدرخان دادەنەوێنین، چونکە ئەوان بوون ، توانیان لەناو سەدە تاریک و خوێناوییەکانی ئالی عوسماندا، چرای رووناکی و هیوابەخشی ڕۆژنامەگەری کوردی هەڵبکەن. لەلایەکی تریشەوە هیوادارین رۆژنامەگەری کوردی بتوانێت قەیرانی دارایی و لەسەرو هەمووشیەوە قەیرانی کاغەز و ئینتەرنێت تێپەڕێنێت، چونکە لەهەموو جیهاندا رۆژنامەگەری ئاوێنەی هەموو دەوڵەت و گەلێکی جیهان دێتە ژماردن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ  /  ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# لەیادی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردیدا سڵاو لەبەدرخانییەکان

**بورهان ئەمین**

کوردستان وەک یەکەمین رۆژنامەی رۆژنامەی کوردی لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لەتاراوگەو لەسەر دەستی بنەماڵەی بەدرخانییەکاندا دەرچوێنراوە، ئەو رۆژنامەیە بوو بەوەرچەرخانێکی مێژوویی لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتیو کەلتووری لەهەر چوار پارچەی کوردستانو لاپەڕەیەکی زێرینو شکۆداری بۆ وشەو بواری رووناکبیری کوردیی تۆمارکرد، بۆ تاوتوێکردنی کاریگەرییەکانی رۆژنامەی کوردستان لەسەر چەند لایەنێکی گرنگی پێشکەوتن لەکوردستان، هەریەک لەنووسەرانو رۆژنامەنووسان (محەمەد گۆران، قەیس قەرەداغی، دڵشا یوسفو عەبدولڕەحمان فەرهادی) لەم راپۆرتەی کوردستانی نوێدا بیروبۆچوونی خۆیان دەخەنەڕوو.

خاتوو «دڵشا یوسف» کاریگەرییەکانی رۆژنامەکە لەبواری سیاسیو کۆمەلایەتیو کەلتوریدا وا لێکدەداتەوە کە رۆژنامەی کوردستان نەک هەر رابەرو پێشەنگی مێژووی رۆژنامەگەری کوردییە، بەڵکو رۆژنامەی دایکو زمانحاڵی گەلی کوردیشە، دڵشا پێیوایە دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە نامەیەک بووە بۆ دەسەلاتی ئەوکاتەی عوسمانی وشۆڤێنییە رەگەزپەرستەکان کەدەیانویست ناسنامەو شوێنەواری گەلی کورد لەناوببەن، کوردستان رۆڵی پڕبایەخی هەبووە لەبوژاندنەوەو زیندووکردنەوەی گیانی نیشتیمانپەروەریی‌و کوردایەتیدا، ئەوکات بە بڵاوکردنەوەی ٢٠٠٠ دانەی لەسەرتاسەری کوردستاندا ئەو کۆتو پێوەندانەی سەر کوردایەتی پچڕاندو ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیەی دژ بەگەلی کوردی لەژێر دروشمی ئیسلامەتیدا شکست پێهێنا کە دەیانویست گەلی کورد لەسەر رووی زەمین بسڕنەوە، جگە لەرۆڵی سیاسیو کۆمەلایەتییەکەشی، رۆڵی یەکجار مەزنی گێڕاوە لەبواری کەلتوریی‌و رۆشنبیری، بەبڵاوکردنەوەی شیعرو پەخشانو ئەدەبی کوردی، هەورەها لەرێی رووناکبیرانەوە توانیی زمانی کوردی لەقسەکردنەوە بکاتە زمانی نووسین، بەمجۆرەش توانیی کەلەپووری کوردی لەونبوونو لەناوچوون بپارێزێت.

کوردستان یەکەمین رۆژنامەبوو کە دیوانی»مەمو زین»ی ئەحمەدی خانی بڵاوکردەوەو وەک ئەرشیفێک بۆ مێژوو هێشتییەوە.

خاتوو دڵشا، پەیامو مەبەستی سەرپەرشتیارانی رۆژنامەکە بەوە لێکدەداتەوە کە لەپێناو کوردو کوردستانو کێشە رەواکەی و بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت دروستبووە، لەم تەوەرەدا وتی: رۆژنامەی کوردستان بەکردار ئەو پەیامەی خۆی گەیاند کەلەپێناویدا دەرچووبوو، ئەمەش لەسەرووتاری سەرۆکی نووسین(میقداد بەدرخان) لەژمارەی یەکەمی رۆژنامەکە بەئاشکرا دەردەکەوێت کەنوسیوویەتی ( ئەم رۆژنامەیەم ناوناوە کوردستان و تیایدا زانست و هۆشیاری بۆ مرۆڤی کورد بڵاودەکەینەوە تاکورد بزانێت

شەڕوشۆڕەکان لەکوێ ڕوو دەدەن، وولاَتە زلهێزەکان چ نەخشەیەکیان هەیە! کاروباری بازرگانی چۆن بەڕێوەدەڕوا! کاری باش لەکوێ دەکرێ ) لەم ووتارەوە دەردەکەوێت کەرۆژنامەکە لەکردنەوەی لاپەڕەیەکی مێژوویی بۆ گەلی کورد چەندە گرنگە.

## یەکێتی سەرمەشق بوە

دەربارەی ڕۆڵی حیزب و هێزە سیاسییەکان لەپێشخستنی کاروانی رۆژنامەگەری کوردیدا «محەمەد گۆران» وتی: بێگومان دوای ڕاپەڕین تەنها رۆژنامەگەری حزبی هەبوو، من هەمیشە ئەوەم گوتووە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەگەر دەزگا رۆژنامەوانییەکانی لەگەڵ حزبەکانی دیکە بەراورد بکرێ، سەرمەشقە لەو بوارەدا، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ ئەوەنەگوترێ کەرۆژنامەگەری حزبی لەگەڵ باشییەکانیشی کەمتر پەرژاوەتە سەر مەسەلە ژیاری و نەتەوەیی و مەدەنییەکان، رۆژنامەگەری حزبی لەکوردستان زیاتر ئیشی لەسەرتۆخکردنەوەی کاری حزبی و بەپیرۆزکردنی مێژووی حزب و دروستکردنی کاریزما کردووە، کەدەتوانم بڵێم لەشەڕی ناوخۆشدا رۆڵێکی زۆرخراپی گێڕا، دەبوو جۆرێکی دیکە کاریان بکردبایە.

دیسانەوە »خاتوو دڵشا «دەرچوونی رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» وەک یەکەمین رۆژنامەی دوای ڕاپەڕین وەک تەواوکەری قۆناغی بنیاتنانی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی دەزانێ و وایدەبینێ کە کوردستانی نوێ درێژبوونەوەی هەنگاو و قۆناغی پێش خۆی بوو، لاپەڕەیەکی نوێ و مێژوو و ئاسۆیەکی روناکی بۆ گەلی کورد بنیاتنا، وشەی کوردی توانی مەشخەڵی ڕوناکی بخاتە نێو ئەوتاریکیەی کەڕژێمی بەعسی لەباشووری کورستان عەیامێک بوو دروستی کردبوو، جگەلەوەش توانی مێژوویەکی زێڕین بۆخۆی دروست بکات بەوەی کەیەکەمین رۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی بوو لەدوای ڕاپەڕینی کوردستان لەم هەرێمە دەربچێت.

لەتەوەری ئازادی ڕادەربڕین لەرۆژنامەی کوردی و حزوری ئەوچەمکە لەرۆژنامەی حیزبی و ئەهلیدا «محەمەد گۆران» بەمجۆرە دیدوبۆچوونی خۆی بەیان کرد.. من زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم باوەڕم بەرۆژنامەگەری سەربەخۆو ئەهلی نییە، دوای مێژووی زیاتر لەسەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی شتێک بەوناوەوە نابینم، ئەوەی پێی دەگوترێ رۆژنامەگەری سەربەخۆ لەباشووری کوردستان یان سێبەری حزبە یا شەڕی باڵباڵێنی حزبەکانە یا وڵاتانی ناوچەکە و ئەوروپا و ئەمەریکایە بۆ هەبوونی زانیاری و کردنەوەی لینکێک لەکوردستان، لەڕێگای ڕێکخراو و دەزگای مەدەنی و لایەنی دیکە، پارمەتی چەند کەسانێک دەدەن و زانیاری و پارە دەبەخشن و لەبەرامبەریشدا سوود و قازانج بەوان دەگەیەنن، ئیدی بەوجۆرەیە، «گۆران» گازندە لەرۆژنامەی حیزبی و ئەهلی دەکاو دەڵێ: رۆژنامەگەری حزبی زیاتر کار و پرۆژەی حکومەت بلاَودەکاتەوە لەکوردستان کە ئەوە ئیشی ئەو نییە! ئەوانەی لەژێرناوی سەربەخۆ و ئەهلیش کاردەکەن، زیاتر گرنگی بەکەسێک یان تاقمێک یان شارێک دەدەن و لەبەرامبەریشدا هەوڵی شکاندنی نەیارەکانی خۆیان دەدەن، بەکورتی و بەکوردی رۆژنامەوانی کوردی و کاری میدیایی لەکوردستان، لەئێستادا باش نابینم و بەهەموویان نەیانتوانیوە لە ۲٤ ساڵی ڕابردوودا تاکێکی ڕۆشنبیر و باوەڕبەخۆبوو دروست بکەن.

## مقداد بەدرخان ڕابەرە

لەباسی قۆناغەکانی گەشەکردنی رۆژنامەگەری کورددیدا «قەیس قەرەداغی» دوای ڕاپەڕین بەقۆناغی زێڕین دەزانێ ودەڵێ: کاتێک یادی رۆژنامەگەری کوردی دەکەینەوە دەبێ بەچاوی ڕێزەوە ئاماژە بەکاروانێکی رۆژنامەگەری کورد بکەین کە ماندونەناسانە هاتونەتە مەیدان و هەستیان بەلێپرسینەوەی مێژووی کردووە سەبارەت بەبوونی کەلێنێکی گەورە لەژیانی کلتوری نەتەوەکەیان کاری مێژوویی خۆیان ئەنجام داوە، لێرەدا گرنگە ئەوەمان لەیاد بێت کە کورد داگیرکراو بووەو زمانەکەشی فەرامۆش کراوە لەم سۆنگەیەوە ئەم مەسەلە بایەخی خۆی وەردەگرێت، دەستپێکی رۆژنامەگەری میللەتانی جیهان هەر هەموویان لەلایەن دامەزراوەی فەرمییەوە بووە بەپاڵپشتی دەسەلات بووە، بۆیە دەبێ سەردەمی زێرین ببەخشین بەوکەسانەی بناغەکانیان لێداو لەپێشی هەموویانەوە بێگومان ڕابەری گەورە میقداد بەدرخانە و لەدوای ئەوانیش کۆمەڵە ناوێکی گەورەی مەیدانەکە، ئێوە قۆناخەکانی گەشەکردنی رۆژنامەگەری کوردیتان جوان پۆلێن کردووەتە سەر چوارقۆناخ کە دواترینیان قۆناخی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە تێیدا دەبینین چۆن میدیای کوردی تەقینەوەیەکی گەورەی بەخۆوە بینی بەجۆرێک کەئێستا هەزاران رۆژنامەوان لەمەیدانەکەدا دەبینرێن، دەکرێ ئەوە بەبیری خۆمان بێنینەوە کەبوونی کیانی خۆیی چی گرنگییەک دەبەخشێ بەدرووستبوونەوەی نەتەوە لەهەموو ڕوویەکەوەو بەبێ ئەم دەسەلاتە خۆییە نەدەکرا ئەم شۆڕشی رۆژنامەگەرییە بەچاو ببینین، نەتەوەی تر هەن کە لەئەنجامی ژێردەستی بەردەوام تەنانەت زمانی خۆشیان بزر کردووە لەبەرامبەردا دەبینین کورد بەپێچەوانەی ئەو نەتەوانە تەنانەت پەرەیان داوە بەزمانی شیرینی کوردی و هەر لەژێردەستی و داگرکراویشدا ڕێزیان بۆ زمانەکەیان داناوە.

قەرەداغی دەربارەی کاریگەری رۆژنامە بۆ لێک نزیککردنەوەی زاراوەو دیالێکتەکان، ڕای وایە کەرۆژنامەگەری کوردی ڕۆڵی ئەرێنی بینیوە لەبڕینی سنوورە دەستکردەکان، جاچی سنووری سیاسی بێت لەنێوان بەشەکانی کوردستان یان سنووری نێوان دیالێکتە جۆراوجۆرەکان بێت کەجاران بەئاستەم کوردێکی دیاربەکر لەکوردێکی خانەقین دەگەیشت، بەڵام ئێستا بەهۆی میدیای پێشکەوتووی کوردییەوە کوردێک لەبەغدا بێ کێشە گوێ لەشریتی دەنگوباسی کرمانجی دەگرێت، کەدیارە ئەمەش هەموو ئاواتەکە نییە بەڵکو ئێمە دەخوازین کارێکی وا بکرێت کەزمانێکی یەکگرتووی کوردی بێتەکایەوە کەدیسان میدیای کوردی و رۆژنامەوانان لەئەنجامدانی ئەم ئەرکەدا پشکی شێریان بەردەکەوێ.

لەکۆتاییدا لەیادی ١١٧ ساڵەی رۆژنامەگەری کورددیدا بەشدارانی ئەم ڕاپۆرتە پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش بەنووسەرو رۆژنامەنووس و خاوەن قەڵەم و میدیاکارو ڕوناکبیرانی کوردستان کرد و سڵاویان بۆ بنەماڵەی بەدرخانییەکان نارد کەلەسەردەستی ئەوان یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی دەرچوو، هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەباروزروفی ئەوسادا بایەخێکی گرنگی هەبووەو وەک بناغەیەک و بنیاتنانی مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ رۆژنامەگەری کوردی تەماشادەکرێ.

سەبارەت بەڕۆڵی رۆژنامەگەریی کوردی لەماوەی زیاتر لەسەد ساڵی ڕابردووو کاریگەریی بەسەر زمانەوە »عەبدولڕەحمان فەرهادی» وتی: لەو ماوەیەدا رۆژنامەنووسی کوردی زۆر پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینیوە بەتایبەت حەفتاکان و هەشتاکان هەنگاوی گەورە لەم بوارەدا نراوە، لەدوای سەربەخۆبوونی کوردیش لەسەرەتای نەوەتەکانەوە ئەوەی رۆژنامەنووسیی کوردی بەخۆوەی بینی لەپێشکەوتن لەهەموو بوارەکاندا پێشتر ئەوە نەبووە، خۆتان دەزانن زمان بوونەوەرێکی زیندووەو ڕۆژانە لەگۆڕانکاری دایەو وشە هەن بەهۆی پێشکەوتن و تەکنۆلۆجیاوە لەبار دەچن و نامێنن و هەر بەم هۆیەشەوە وشە و زاراوەی تازە دروست دەبن و بۆ ئەمەش حکومەت

ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لەبایەخدان بەزمان و دروستکردنی دەزگای تایبەت بەزمان و لیژنەی پسپۆڕ بەزمان و بایەخدان بەزمان لەڕێی پەروەردەو سیستمی خوێندنەوە، بەداخەوە ئێستا ئەم ساڵاونە حکومەت وەک پێویست بایەخ بەزمان نادات، هەروەها ڕۆژنامەکانی ئێستامان زمانێکی کوردیی نالەبار بەکار دێنن و هەر ڕۆژنامەیەک بەکەیفی خۆی ڕێنووسی خۆی دروستکردوەو وای کردووە پاشەگەردانی لەزمانی کوردیدا هەستی پێ بکرێت و هەروەها هەندێک پەیامنێری ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کەم ئەزموونن و کوردییان زۆرخراپەو تەنانەت بەباشی ناتوانن هەواڵێکی ڕاست و دروست وەک ڕۆژنامەنووسێکی تەواو بەجوانی و بێ هەڵەی ڕێنووس و زمان دابڕێژن، بۆیە پێویستە ستافی ڕۆژنامەکان هەماهەنگییان هەبێت و ئاگاداری یەکتربن و لەسەرڕێنووس و زمانێکی یەکگرتوو ڕێککەون و بیروڕای تاکە کەسێک نەبێتە هۆی هەڵسوڕانی ڕۆژنامەیەک یان کەناڵێک لەڕووی زمان و ڕێنووس و ڕستەسازییەوە، بەداخەوە ئێستا ئەگەر تەماشای ڕۆژنامەکانمان بکەین ئەوازوو هەست بەهەڵەی زۆرو نالەباریی زمانی کوردی دەکەین و پێویستە ئەمە بەگرنگی وەربگیرێت، چونکە وا بڕوات نەوەی دواڕۆژمان نەوەیەک دەبێت زمان و کوردییەکەی نەقۆڵا و سەقەت دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ۲۲ی ئەپریلی ۲۰۱۵

# یەکەم پێنوسی ژن، گوزیدە عەزیز خانم

چیمەن محەمەد ڕەشید

**سەرەتایەک بۆ مێژوی رۆژنامەوانیی ژنان . . .**

بەپێی توێژینەوەیەکم کە لەسەر مێژوی رۆژنامەوانی ژنان بە ناونیشانی ژن و رۆژنامەوانی کوردی لە عێراقدا لەنێوان ساڵانی (١٩١٤ - ١٩٣٨)، ئەنجامداوە، پێداچونەوەم بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکان کردوە.



بێگومان بە هەوڵی دڵسۆزانی مێژوی رۆژنامەوانیی و کلتور و فەرهەنگی کوردی دەتوانرێت توێژینەوە لە بوارەکانی رۆژنامەوانیدا بکرێت کە هەوڵی زیندوکردنەوەو کۆکردنەوەی مێژویان داوە لە رێگەی کۆکردنەوەو توێژینەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، هەربۆیە توێژەر بە پێویستی دەزانێت هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی کورد بخاتە بەرچاو کە کردویانە بۆ کۆکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان و توێژینەوە لەبارەیانەوە لەماوەی کاتی توێژینەوەکەدا، وەک بەڕێزان (رەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، د. کوردستان موکریانی، نەوشیروان مستەفا ئەمین، عەبدوڵا زەنگەنە، عەلی ناجی کاکە حەمە عەتار، سیروان بەکر سامی ...)

هەندێک بەڕێز لەسەر لەسەر مێژوی رۆژنامەوانی کوردی نوسیویانە وەک بەڕێزان (د.کەمال مەزهەر، نەوشیروان مستەفا ئەمین، فاروق عەلی عومەر، جەبار جەباری ...) هەوڵی ئەوان نەبوایە نە ئەم توێژینەوە و نە ئەم ئەنجامە نەئەهاتنە دی.

- ئامانجی توێژەریش لەم توێژینەوەیە بریتی بوە لە شیکردنەوەی ناوەرۆکی رۆژنامەکان لەروی ئەو وتارو نوسینانەی لەسەر ژن نوسراون، ئەو کەسانەی لەسەر ژن نوسیویانە، چۆنیەتی بابەتەکان ئەگەر بابەتی ژنان هەبوبێت چۆن بوە، هەروەک ئامانج لەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارانە بو ئایا ژن لەسەرەتاکانی رۆژنامەوانی کوردی لە عێراقدا چۆن بوە، ئایا لەو ماوەیەدا لەو بارودۆخە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەی ئەو کاتەدا دۆخی ژن چۆن بوە، دۆخی ژن لەرۆژنامەوانیدا چۆن بوە؟ ئامانج ئەوەیە سەرەتایەک، دەسپێکێک و بناغەیەک بێت بۆ تۆمارکردنی مێژوی رۆژنامەوانی ژنان.

لەدوای هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی سەرجەم رۆژنامەکانی ئەو ماوە کاتیە، چەند وتارێک لەبارەی ژنەوە نوسراوە، بەڵام نوسەرەکانیان ژن نین یان بەناوی ژنەوە نیە.

یەکەم وتار لەلایەن ژنەوە نوسرابێت لەلایەن: گوزیدە غزیز خانم بوە، وتارەکەشی لە ژمارە ١٣ی رۆژنامەی ژیان لە ٢٢ی نیسانی

**١٩٢٦ و لە لاپەڕە ١ دا نوسراوە و لەلاپەڕە ٢ دا تەواوکراوە:**

**ئەمەی خوارەوەش وتارەکەیەتی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی توێژەر بۆ وتارەکە.**

**بە قلم مدیرە مکتب کچان گوزیدە غزیز خانم**

**نوسراوە:**

**ژن و تأثیراتی لە حیاتی مەدەنیتدا**

**ژنێتی، موجودیەتی کە قسمیکی تری حیات و حتی قسمی مهمی اشغال کردوە. نابی تأثیراتی ژن لە حیات دا لە پیش چاو دور بخریتوە. و ئەبی بکری بەرهبری برزبونەوەی او هنکاوانە کە لە ریکای مدنیت و ترقی دا اهاویژری _ ژن حیات مسعودو دیسان ژن حیات رزیل اکات _ ام دوقوتە کە دشمن یەکترن بەعلم و جهلی ژن دیتە وجود ژن ام دواستعدادە هەیە او ملتانە کە ام قسمە بشرە سو استعمال اکن ناتوانن لە بلای جهالتی خویان رزکار ببن ومحکومی ام افتەن.**

**لە ادبای فرانسز مادام الی (ژن مال اکات و ژن مال ویران أکات) بەچە بلاغت و زبانیکی فصیح وە گوتراوە اگر بیخەینە برجاوی تأمل او ملتانە کە ژن یتی یان برز کردوەتەوە ، خویان بەرزکردوەتەوە ژیرا ژن ملت پی اگەیەنی ( وژن و پیاو بی اگەیەنی ) او موجودیەتەیە کەلە ژرەیەک قهرەمانیکی کورە دی نی تە وجود . لەو وقتانەدا کەلەباوشی شفتقی خویا بەلای لایە و لاواندن پی اگەیەنیت لە موجودیتی مادی و معنوی خوی بشی ادات.**

**رجا ئەکم ژنیکی جاهل اتوانی لە جیاتی خوی چی بدا بە اولادەکی؟**

**صبحینی اولادەکەی اخاتە ناو حیات جمعیەتەوە ابی بەچند مشکلات و اضطراب فیری ژیان بیت! وەبەبی بە پیاو یانەبی!**

**بلی، هرچند بو پی گەیاندنی ام نوعە مندالە بی بهرانە مکتب درمانیکە اما لەلای هەمموتان معلومە کە بەبی تحصیل ابتدائی تالی و بەبی تالی تحصیل عالی دەست ناکویت. ابی لەباوشی دایکیا زانستیکی ابتدائی وەر بگری تاوەکو بتوانی لە مکتبدا تواوی بکا و ایتر اشکارەکە دایکی تی بەسر اولادا تأپیراتی معنوی زیاترە لەمادیو کوابی مندال بە قدرت و قوت و عجزو جهالتی دایک ئەژینریت.**

**نتیجە: ژن، عضویکی مهمە کە پیاو دی نی تە دنیاوە و بە سعی خوی پیاو پی اگەیەنی وبم لونە لە ریگایەکی کورت و باریک و راستوە اینیری بو مدنیت و ترقی امرو أبی ژنی کورد پی بکات کە صبحەینی ومی کورد بی تەوجود و پایەدار بیت، بە فکری من : پیاو بە تەنها پی یەک چون ناتوانی بگاتە محل مقصودی خوی بەبی ژنیش ملت ناتوانی بگاتە موقع مخصوص و عالم و مدنیت، او**

**ژنەی کە ئەبیت بەژنی استقبال بروامەکە مندالەکانی پی بگەیەنی ابی ایتر منورو معتبران کورد لە اسارتی زنجیری تعصبی خویان ازادی بکن و روناکی بدەن بە نیتی.**

**ژن اوکاتە مالیک و طنیک ادارە ئەکاتو بم قسەیەم وا تی نەکەن کە ابی ژن سلاح شوریش بی وطنی خوی ادارە بکات. مقصدم ژن عضویکی وا مهمە کلە هممو جهتی کو لە قوەتی سلاح زیاتر بە قوتی ژکای خوی ابی مندالەکانی پی بگەیەنی و بم لونە حیاتی وطن و ملت پایدار بکات.**

**اسلامیت ژن ناخاتە امارتی چل کلیلوە. اصلا اسلامیت مانع ترقی نیە و هیچ قانونیکی نیە کە امر بە جهالتی ژن بکات.**

**لەبر امە، ای قوم محترم کوري، ای او کوردانەی ارزوی اعلاو پایەداری قومی کوردیان هیە گوی بگرن! جهل و علم دشمن یکترن و حرب اکن ایوە کە لە گل پیاو خریکن ژنتان بە بیرانایە.**

**مادام ایمرو لە وضعیتیک داین کە هیشتا ام دوقوەتەمان توحید نکردوە همو وقتیک برامبری شرو شوی بی نتیجە و امل مەفرن، ویان کەفرین ژن یتی ش لە گل خۆتان برن تاکو موازنە حاصل بەبی.**

**هەڵسەنگاندنێک**

**یەکەم لەروی شێوازەوە:**

**- بەرِێنوس و نوسین و خاڵبەندی ئەو کاتە نوسراوە کە تێکەڵە لە وشەی عەرەبی و کوردی.**
**- پەرەگرافی بەکار هێناوە.**

**تێبینی/ وەک خۆی نوسیومەتەوە تەنیا:**

**١- چەند هەڵەیەکی زۆر کەم پێکەوەلکانی هەندێک پیت ئەویش چەند دانەیەکی کەم پێدەچێت هەڵەی تایپ بێت.**
**٢- لە زۆر شوێن پیتی ک لە جیاتی پیتی گ نوسرابو یان بەهۆی تەمەنی رۆژنامەکە وا ئەخوێنرایەوە.**

**شیکردنەوەی ئەم بابەتە لە روی ناوەڕۆکەوە.**

**- باسی ژن و گرنگی خوێندن و تەنانەت بەدەست هێنانی بڕوانامە "تحصیل عالی" دەکات بۆ ژنان.**
**- وشەی ژن ی بەکار هێناوە لە هەمو جارێکدا.**

- ئەوەی سەیرە وتەیەک لەسەر ژن باس ئەکات کە دەڵێت خانمێکی فەرەنسی وای وتوە بەڵام ناوەکەی نەوتوە یان لەبیر چوە تایب بکریت، لەراستیدا ئەم وتەیە (ژن ماڵ ئەکات و ژن ماڵ وێران ئەکات) لە وتەی گەلان هەیە، لەسەر ژن وەک فۆلکلۆر، ئەمەش ئەوە دەردەخات لەو سەردەمەدا زانیاری هەبوە لەسەر کلتوری گەلان.

- باسی میللەتان ئەکات، دیسان زانیاری هەیە لەسەر ئەوەی وڵاتانێک هەن لە پێش ئێمەی کوردەوەن.

- پیاو بێ ژن نابێت و میلەت بێ ژن ناگاتە مەقصەد.

- کاتێک دەیەوێت بڕوا بە کۆمەڵگە بهێنێت پەنا بۆ هۆکار دەبات تا بڕوا بە کۆمەڵگە بێنێت، وەک :

* ژنی خوێندەوار نەوەی باش بەرهەم دێنێت.

*داوا لە منەوەری کورد ئەکات بەرامبەر بە توندڕەوی بوەستن و لە گەڵ هوشیاری ژندا بن.

* دەڵێت ئیسلام لەگەڵ ئەوە نیە ژن هوشیار و خوێندەوار نەبێت.

- لە کۆتایشدا باسی هاوسەنگی ژن و پیاو دەکات (جیندەر) ی دەکات، کە لەئێستادا خواست و داواکاری ژنانە.

تێبینی:

١- گوزیدە خانم بەڕێوەبەری خوێندنگای کچان بوە لە سلێمانی ١٩٢٦.

٢- بە کارهێنانی زمانی کوردی لە عێراقدا، هۆکارەکەی ئەوە بوە لەو سەردەمە بەغدا ڕۆڵی هەبوە لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا و بەشێک لە ڕۆشنبیرانی کورد لە بەغدا بون.

٣- تکایە بە ئەمانەتەوە ئەم بابەتە تۆمار بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆربەمان هەست بەنەبونی ئەمانەت ئەکەین.

٤- بە هیوام بۆم بڕەخسێت لە داهاتویەکی نزیکدا ئەم توێژینەوەیە بە چاپ بگەیەنم.

٥- لەگەڵ ئەوەی ماوەی چەند ساڵێکە ئەم توێژیەوەیەمان ئەنجامداوە، بەڵام بۆ دۆزینەوەیەکی مێژوی پێویستی بە ڕەوینەوەی گومان هەیە، لەبەر ئەوەش لەپێش بڵابونەوەی ئەم ڕاستیە مێژویەمان بەم شێوەیە بڵاو کردەوە تا ئەو بەڕێزانەی لە کۆکردنەوەو شیکردنەوەی ڕۆژنامەوانی کوردیا ڕۆڵیان هەبوە تێبینی خۆیان بڵێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٦

# بەرز و پیرۆز بێ ١١٨هەمین ساڵوەگەڕی ڕۆژنامەگەریی کوردی




١١٨ ساڵ بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیدا تێپەڕی.

بوونی ئەو مێژووە پڕ پیت و بەرەکەتە لە ڕۆژنامەگەری، ئەویش بۆ نەتەوەیەکی بێ وڵات و ئاخ داگیرکراوە لەوانەیە بۆ خودی کورد کە خاوەنی ئەو مێژوو و مەزنایەتییەیە، زۆر بەرچاو یان گرنگ نەبێ، بەڵام گرنگی و مەزنایەتیی ئەو مێژووییە کاتێ دەردەکەوێ کە بە چاوێکی دەرەکی چاو لە بابەتەکە بکەی و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەی.

نەتەوەیەک کە زمان و خاک و هەرچی هێما و پیرۆزییەکەیەتی داگیر کراوە، بە زمانی خۆی نەیخوێندووە و بە هۆی نەبوونی دەوڵەت، خەتێکی نووسینی دیاریکراویشی نەبووە، بەو حاڵەشەوە ١١٨ ساڵ لەمەو پێش دەستی کردووە بە هەوڵ و چالاکی و بەرخودان بۆ خەبات لە واری میدیایی و ڕۆژنامەگەریدا. بە سەرنجدان بەو فاکتەرانە کە باسیان لێوەکرا، دەکرێ هەوڵ بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەگەریی کوردی ئەویش لەو سەردەمە لە دیرۆکدا بە یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکانی کورد لە بواری پێکهێنانی شوناسی نەتەوەیی و بەرەو گەیشتن بە مافەکانی خۆی ئەژمار بکرێت. گرنگی ئەو مژارەش کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە ڕێژەی خوێندەواریی کورد لەو سەردەمە بزاندرێ.

یەکێکی تر لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەو مژارە، هەوڵی زۆر و نەبڕاوە و نەگۆڕی دامەزرێنەرانی ڕۆژنامە و باوکی ڕۆژنامەگەریی کوردە کە لە ژێر کارتێکەریی هیچ کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەیەکدا نەسڵەمینەوە و دیارییەکیان بۆ کورد نەخشاند کە تا بە ئەمڕۆش شانازیی کورد و کوردستانە و هەر چوار پارچەی کوردستان بێ ئەملا و ئەو لا خۆیان بەمیراتگری ئەو دیرۆکە و ئەو خەباتە دەزانن.

لێرەدا وێڕای پیرۆزبایی لەسەرجەم ڕۆژنامەوانانی کورد بە گشتی و ڕۆژنامەوانانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاوکارانمان لە ڕۆژی کورد بەتایبەتی و سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کۆنەوە تا بە ئەمڕۆ هەنگاوێکیان بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردی ناوە، بۆ بیرهێنانەوە و ڕێز گرتن لە یادی ١١٨هەمین ساڵوەگەڕێ ڕۆژنامەگەریی کوردی، سەرەڕای ئەوەی کە پێویست بە ئاماژەیە کە دۆخی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ئێستای کوردستان لە هەر چوار پارچە لێک جیاوازە و لە زۆر ڕەهەندیشەوە کەسانی پسپۆڕ لە بواری

زمانەوانیی کوردی و هەروەها ڕۆژنامەگەریی کوردی، ڕەخنەی بەجێ و شیاویان لە ۆژنامەگەریی کوردی بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور هەیە کە ئەم ڕەخنانە لە چەند ڕووی زمانەوانی و هەروەها ئەرکی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا خۆی دەبیننەوە و لەم باسەدا ناکرێ خەسارناسیی ئەو باسە بکەین و ئەم هەویرە ئاوێ زۆر هەڵدەگرێ و پێویستی بە ڕاڤەی تایبەتی هەیە، کورتە مێژوویەک لە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە "ڕۆژنامەگەری کوردی، نوسینی مستەفا رابەر" دەخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی ڕۆژی کورد.

### کورتە مێژوویەک لە ڕۆژنامەگەریی کوردی:

داهێنانی ئامێری چاپ لە سەدەی پانزەهەمی زاینی دا لە سەردەستی مسگەرێکی ئەڵمانی یوحەنان گۆتەنبەرگ داهێنراوە گۆتەنبرگ (١٣٩٨- ١٤٦٨) لەو داهێنانەیدا هیچ سود و دەسکەوتێکی پێنەبڕاوە لەبەر سەرقاڵی و دەستکورتی کاتی کتێبی ئینجیلی پیرۆزی ئاینی لە چاپ داوە تەنانەت بیری چوە ناوی خۆشی لەسەر تۆمار بکات بەر لە گۆتەنبرگ هەوڵێکی تریش لە لایەن بازرگانێکی چاینی بەناوی بی شینگ (٩٩٠ — ١٠٥١) هەبووە. بەو داهێنانەی گۆتەنبرگ شۆرشیکی مەزن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست بوو چاپ رۆڵێکی ئێجگار گرینگی بینی لە بەرەو پێشوەچونی شارستانیەت لە سەرانسەری دونیادا. ماوەیەک پاش ئەو داهینانە گۆڤار و رۆژنامە بەشێوەیەکی رێک و پێک چاپ و بڵاو کرانەوە. لەساڵی ١٩٣٨ لێکۆڵەرەوەی ئەڵمانی ئۆتۆگروت ئەم پێنج مەرجەی داناوە بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژنامە لە هۆیەکانی تری پێوەندیەکان:

١- بەشێوەیەکی دەوری لای کەمی هەفتەی جارێک دەربچێت.
٢- چارەسەری کێشە هەنوکەیەکانی سەردەمی خۆی بکات
٣- بە ئامێری چاپ بنوسرێت
٤- هەمو کەسێک بتوانی بە پارەی خۆی دەستی بکەویت
٥- پێویستە ناوەرۆکی هەمە جۆرِ پێوەندی بە چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە بیت.

یەکەم هەفتەنامە لەمیژودا لە شاری ستراسبۆرگ بە ناوی پێوەندی (رێلەیشن) لەساڵی ١٦٠٩ لەلایەن جۆن کارلۆس چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها یەکەم رۆژنامەی رۆژانە لە لەندەن بەناوی (دێلی کرانت) لە رۆژی ١١/ئازاری /١٧٠٢ دا لەسەر دەستی ئیدوارد کرانت چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

لەرۆژی ٢٢/نیسانی/ ١٨٩٨ میقداد مدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی میسر دەرگایەکی پڕ مەینەت و زەحمەت بەڵام دەرگایەکی شارستانی بۆ گەڵە ستەم دیدەکەی خۆی خستە سەرپشت و یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) دامەزراند لەو رۆژەوە کاروانی خەبات و تێکۆشان بەریوەیە بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی بەدرخان بۆ ئازادی و رزگاری کوردو کوردستان. بەپێ ی سەرچاوەکان رۆژنامەکە سێ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا ٢٠٠٠ دانەی بەخۆڕایی لە کوردستان لی دابەش دەکرا ئەگەرچی دەرچواندنی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دوور لە خاک و خەڵکی ستەم لێکراوی کورد بە هۆی زوڵم و فشاری ناحەزانی گەلی کورد بووە چەندین جاریش جیگۆڕکێی پێکراوە ئەو پیشەیە ئەگەر لە مێژودا بە ناوی (پیشەی گەڕان بە دوای سەرئێشەدا) ناوی دەرکردبیت رۆژنامەگەری

کوردی تا ئەمڕۆش گەڕان بووە بە دوای مەرگدا!! هەندێک لە شۆرە سوارەکانی مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی ، ئەوانەی کۆچی دوایی یان کردوە میقداد مەدحەت بەدرخان خاوەنی (رۆژنامەی کوردستان ۱۸۹۸ ) عەبدول کەریم ئەفەندی خاوەنی گۆڤاری (رۆژی کورد ۱۹۱۳) مستەفا پاشا یامولکی خاوەنی (گۆڤاری بانگ کوردستان ۱۹۲۲) مێژونوس حسین حوزنی موکریانی خاوەنی (گۆڤاری زاری کرمانجی ۱۹۲٦) ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی (گۆڤاری گەلاوێژ ۱۹۳۹ ) ماموستا عەلائەدین سەجادی (خاوەنی گۆڤاری نزار) ماموستا ئەنوەر مائی خاوەنی (گۆڤاری رۆناهی) پیرەمێردی شاعیر (خاوەنی رۆژانەی ژین) مەلا شەریف ڕەنگەرێژی خاوەنی (رۆژنامەی ئازادی ۱۹٤٥ ) ماموستا گیو موکریانی خاوەنی (گۆڤاری هەتاو ۱۹٥٤ )

جگە لە سەدان نووسەر و رۆشنبیرو هونەرمەند دڵسۆزانە لە رۆژگاری خۆیدا بەشداری کردووە لە گەشە پێدانی رۆژنامەگەری کوردی دا وەکو ماموستا عەبدولا گۆران / مەعروف بەرزنجی /غەفور میرزا کەریم / جەلالی میرازا کەریم / ئەمینی میرزا کەریم / ئەحمەد غەفور/ مەلا ئەنوەر مائی / شاعیری بەناوبانگ قانیع / ماموستا شاکر فەتاح / محەمەد تۆفیق وردی / محەمەد مەولود مەم / سالح حەیدەری / دەیانی تر.

رۆژنامەگەری، دەستەلاتی چوارەم وەکو لە سایدی جوریس پیدیا باسکراوە بنەماکانی دەولەت لەسەر سێ کۆلەگەی بنەڕەتی دامەزراوە گەڵ یان نەتەوە * هەریم یان نیشتمان * دەستەلاتی سیاسی دەستەڵاتی سیاسی بریتیە ۱ لە دەستەڵاتی یاسا دانان ۲ دەستەڵاتی جێبەجێ کردن دەستەلاتی دادوەری لەبەر ئەوەی رۆژنامەگەری بە گشتی رۆلی کاریگەری هەیە لە هۆشیار کردنەوە و ڕینمایی کردنی تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکدنی ڕای گشتی و گۆڕانکاری لە یاساکان چونکە رۆژنامە گەری وەکو ئاوێنەیەک وایە بارو رەوتی کۆمەڵگا بەردەوام رەنگی تیا ئەداتەوە کاریگەری راستەوخۆی هەیە لەسەر هەمەوارکردن و گواستنەوەی رای خەلک لە سەر شێوازی دەستەلات و پەردە لادان لەسەر کەم و کوریەکان و بەدوادا چونەوەیان بۆیەش ناوی نراوە دەستەڵاتی چوارەم جۆرەکانی رۆژنامەگەری ئاشکرا / نهێنی / حکومی / حیزبی / ئەهلی / شار / شاخ / رۆژنامەگەری سەرکاغەز / رۆژنامەگەری ئەلەکترنی.

بەگشتی هەمو جۆرەکانی رۆژنامەگەری کورد لە قەیران دایە میدیای حیزبی زاڵە بە سەر میدیای ئازاد جاران خوینەر بە چرای گەنەگەرچک لە دوای رۆژنامەی حیزبەکان دەگەرا کەچی ئێستا چەمۆلەی لێدەگرن لە وولاتە پێش کەوتوەکانی دونیا حیزب رۆژنامەی تایبەتی نیە بەلکو رۆژنامەی نزیک لە حیزب هەیە ، سەربەخۆیە پانتایەکی بچوکی حیزبایەتی تیایە بەلام لای خۆمان رۆژنامەی حیزبەکان زۆرە خوێنەری کەمە لەگەل رێزمدا بۆ ئەوکەسانەی لە رۆژنامەی حیزبەکان کار دەکەن کرێکارن دەبی بەپێی مەزاجی خاوەنکار ووشەسازیان بۆ بکەن وێنە و چاو پێکەو تنیان بلاو بکەنەوە. ئەمرۆ هاوکێشەی نێوان رۆژنامە نوسی بەدبەخت و سەرکەدەی دەست رۆیشتوی ناو حیزب بەم شێوەیە رۆژنامە نوس ئەگەر رەخنەی لێ بگری و فەرامۆشی بکات سەرکردە حەز لەچارەی ناکات و لێی خۆش نابیت رەنگە نانیشی ببریت ، بەسەرەکەیتر ئەگەر رۆژنامەنوس مەرای بۆبکات دەست خۆشی لە کارە نارەوکانی بکات سەرکردە لە بیری ناکات پاداشی ئەداتی و پشتگیری دەکات. بەلام رۆژنامەگەر راستگۆیی و متمانەی خوێندەواری خۆی لەدەست ئەدات. لەیادی ۱۱۱ سالەی رۆژنامەگەری کوردی سەری رێزو نەوازەش بۆ شەهیدانی قەڵەم و مەرەکەب ، گشت سەربازە گۆمناوەکانی مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی دا دەنوێنم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد / رێکەوتی: ۲۱ی ئەپریلی ۲۰۱٦

# رۆژنامەنووسی لە کەرکوک

## بەهرۆز جەعفەر

ئیمرو (٢١ / ٤ / ٢٠١٦) سەرلە بەیانی لەکەناڵی ئاسمانی کەرکوک میوانبووم، لە یادی ١١٨ ساڵەی روزنامەکەریی کوردییدا بۆ شاری کەرکوک و دوخەکە بە کشتی ئەم خاڵانەمان ووت :



* وا نزیکەی سەت و ئەونە ساڵە روزنامەکەریی کوردیی هەیە کەچی زمانێکی ستانداردی کوردیی نییە. *

بەعس و عروبە بە هەموو ماوەی تەمەنیان ئیشیان لەسەر رووخاندنی بونیادی کەسێتی ئینسانی کورد کردووە لەم شارە، بویە کەرکوک بە دوو پردو دوو قوتابخانە ئاوەدان ناکرێتەوە بەڵکو پێویستی بەوەیە کەسێتی ئینسان لەم شارە بینا بکرێتِ، ئەوەش ئەقڵێکی مۆدێرنی نەتەوەییانەی دەویٚ بەو بەرپرسانە ناکرێت قاچاچێتی نەوت و بەنزین و سەیارە لەکەڵ داعش ئەکەن .

* رۆژنامەنووسیش بەرهەمی زروفی کومەڵایەتی و سیاسیی و ئابوریی و فەرهەنکی هەر جوکرافیایەکە، بویە روزنامەنووسانیش وەک حزبە کوردییەکان یەکدەنک نین.

* باریزکاری شارەکە بە ئەنقەست کایەی مەعریفی و روزنامەنووسی و هونەری و روشنبیری ئیهمالکردووە. لە بەرانبەردا قسەو رەخنەی جددیی لە کەرکوک مردووە و نییە.

* رێنماییم بۆ کەناڵی کەرکوک و روزنامەنووسان ئەوە بو کە ئەکەر فیعلەن یەکێتین، خوێندکاری رێبازەکەی مام بن، لە ٢٠٠٦ بە منی ووت ئێمە بە رەخنەو رەخنە لە خۆ کرتن بێش دەکەوین ئەکەر بەڵکەت هەبوو لەسەر خۆم و بۆ پێشکەوتنی کومەڵکە بو سێ و دووی لێ مەکە. دەی من ئیمروکە ٤٠٠ رێکخراوی تورکی و تورکیا درک ئەکەم لە کەرکوک ،سەیدولموحافز رێکخراوی کلتوریی ئیمام خومەینی لە کەرکوک ئەکاتەوە کەچی سەندیکای روزنامەنووسان لە کونە جرجێکدان، کەورەترین بینا بە بودجەی هەرێم کراوە بۆ کایەی روشنبیری نایکاتەوە، هەزاران دونم زەوی کە داعشی لێ بووە رزکارکراوە، بەرپرسە حزبییەکان داکیریان کردووە بۆ خۆیان، چۆن من بێدەنک نابم با خەڵکیش بێدەنک نەبێت.

* چەند کەسی ماستاوچی بەناوی روزنامەنووسیەوە لەکەرکوک چوونە پەرلەمان و پوستی تریان وەرکرت کەچی ئێستا کەس خاوەنداریێتی لە سەحافە و سەقافە ناکات . هەروەها زور بابەتی ترمان باسکرد، سوپاس بۆ کەناڵی کەرکوک. سوپاس بۆ کارمەندە تێکوشەرەکانیان.. ئەزانم دوای بەرنامەکە هەندێ قسەو شت دێتە سەریان مەترسن ئەوە سەرەتای ئازادی و زانی ئازادی ئەقڵە.

سەرچاوە: ماڵپەری پێنوسەکان / رێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٦

# بیری نەتەوەیی لە ڕۆژنامەی کوردستان

## بێستون خدر

ئەگەر بیری نەتەوەی لە گۆڕانکاریەکانی شۆڕشی پیشەسازی ڕوونتر دەرکەوتبێت ،دواتر بە لای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بایدابێتەوە .لەهەمان کات کورد و تورک و عەرەبیش بوونەتە شوێن هەڵگری ئەو بیرە نەتەوەییە کە سەری هەڵداوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی ڕەنگ کردووە. هەڵبەتە کوردیش لەسەرەتای سەدەی ١٩دا میرنشینی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام لەبەر ناکۆکی و دووبەرەکی خۆیان ،دەوڵەتانی داگیر کەر و زلهێزی ئەو دەم بە ئاسانی توانیویانە ئیماراتەکانیان تێک بشکێنن. کە بیری نەتەوەیی چاکتر گەشەی کرد کوردیش بە هاوشێوەی میللەتانی تر دەستی بە چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی کرد هەتا کارگەیشتە ئەوەی لە پایتەختی میسری عەرەبی ڕۆژنامەنووسی ناوداری کورد(میقداد مەدحەد بەدرخان) لە غوربەت و ئاوەرەیدا یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان) بڵاو بکاتەوە.



دوای ئامادەکاریەکی باش لە پێشینەدا کە وا بەشێوەیەکی چڕ و پڕ میقداد مەدحەد بەدرخان خۆی بۆ ئامادەکرد بوو، بە هاوکاری و بەردەوامی (عبدول رەحمان بەدرخان)ی برای توانیان لە ٢٢نیسانی ١٨٩٨ واتە ١١٦ساڵ لەمەوبەر یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپ بدەن، کە تیایدا جگە لە هەواڵی تایبەت بە کورد هەواڵ و باس و خواسی میسر و سودان و ئەرمێنیاشی تێدا بڵاو کرابووەوە ، دەبێت ئاماژە پێبکەین کەوا ڕۆژنامەی کوردستان بە کوالیتێکی باش دەستی بە کارەکانی کرد، ئەوەش بووە ڕاکێشانی سەرەنجی گەلانی جیهان بۆ ڕۆژنامەکە. بۆیە هەر لەژێر ئەوکاریگەرە بەهێزەوە لەو کاتەوە تاکو ئەمڕۆ ڕۆژنامەی کوردستان بووە هەوێنی دروست بوونی سەدان ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی .ئەمەش وایکرد کە کورد دانەبڕێ لە پێشوەچوونی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەپاڵ نەتەوەکانی جیهاندا، لە ماوەی پێنج ساڵ تەمەنی ڕۆژنامەی کوردستان ٣١ ژمارەی لە پێنج وڵات، بە چوار لاپەڕەی شێوە قەبارەی فولسکاپ لێ بلاوکراوە لە ژێر دروشمی(کوردان ڕاپەڕین بەرپا بکەن و هونەر و زانست فێربن)

جگە لە گیانە پڕ کوردایەتییەکەی بەدرخانی، هەروەها ئەو سەردەمە سەرەتایی دەرکردنی لق و پۆپی بیری نەتەوەیش بووە لە ناوچەکە،لە وکات لە نووسین و بابەتەکان بیری نەتەوەی ڕەنگ دانەوەی هەبووە.بۆیە سەر نووسەر هەستی کردووە کە ڕۆژنامە ئامرازێکی پێویستە هەموو کات بۆ پەرەسەندنی بیری نەتەوەی وپێشوەچوونی شارستانی، لە بەر ئەوە سەرەتایەکی بۆ ڕوژنامەگەری کوردی دروست کرد کە پێشتر پەی پێ بردن و کردنی کاریکی گران بوو.

لەسەر خاوەنی بیرێکی قوڵی نەتەوەیی و کوردایەتی میقداد مەدحەد بەدرخان ئەوە باشترین بەڵگەیە لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو

ترس و نارەحەتیە بۆ کورد لەو سەردەمەدا ،دەبینین ئەو وەک بڵێی هەر نەترساوە و حیسابی بۆ داگیرکەر و دوژمن نەکردبێ، ئەوەتا بەناوی کوردستانەوە رۆژنامە بڵاو دەکاتەوە، هەواڵ و بابەتی کوردی تێدا دەنووسێت بەڕاستی بۆ ئەو سەردەم گۆڕانکاریەکی گەورە بوو.رۆژنامەی کوردستان نەک بەتەنیا بە دەستپێکێک دا دەنرێت لەبواری ڕۆژنامەگەری بۆ کوردستان، بەڵکو لە پاڵ شۆڕشە کوردیەکاندا جولێنەری هەستی کوردایەتی بووە، بۆیە ڕێگا بەخۆمان دەدەین بڵێین ئەو گۆڕانکاریە درێژە دان بووە بە خەبات و شۆڕشی گەلی ئێمە.سەرەڕای ئەوەی کاتێک ڕۆژنامەی کوردستان لە چاپدرا نزیکەی سێ سەد ساڵ لە مەوبەر رۆژنامە لە وولاتانی ئەورووپی لە چاپدرابوو،واتە لەم بوارە ئێمە درەنگ کەوتبووین بەڵام ناشبێت بارودۆخی ئەوسای کورد لەبیربکەین کە بە قۆناخێکی چەندە دژوار و تاڵ تێدەپەڕی، بگرە لەناوچەکەدا باسی کوردایەتی بە ئاشکرا قەدەغەبوو، ئەوەش وای کرد هەرجارە ولەشوێنێک وبە جۆرێک رۆژنامەکە لە چاپ بدرێت، هاوکات دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە ئاگاداریەک و بیرهێنانەوەک بوو بۆ ناوچەکە و دەوڵەتانی دژ بە کورد. کە کورد میللەتێکی رۆشن فکرە و خاوەنی داب و نەریت و کولتووری ساڵەها ساڵەی خۆیەتی ئەگەر ئازادی لێ قەتیس نەکەن وسەر کووت نەکرێت، لە هەوڵی پێشکوتن دایە هەمیشە .لەگەڵ ئەوەی ڕۆژنامەکە هەوڵ ودەستپێشخەریەکی سەربەخۆ و تاکە کەسیانە بووە. هاوکات پێم وایە بووە بە سەکۆی دەنگی خەباتی ئەوی ڕۆژێی کورد.بە دلنیاییەوە ئامانجی هەرە گەورەیی نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیری و پاراستنی زمان وکولتووریشی هەبووە .بە دەر چوونی ڕۆژنامەی کوردستان هەموو ئەو بەستەڵەکانە شکان، کە ڕێگەیان لە پێشوەچوونی ڕۆژنامەی گەری کوردی دەگرت .دوای ڕۆژنامەی کوردستان دەیان نووسەر و رووناک بیری کورد، لە ساتە هەرە سەخت و دژوارەکان لە باڵ پێشمەرگە درێژەیان بەخەبات دا بە نووسین و بلاوکردنەوەی بابەتی نیشتمانی و جۆشدانی هەستی نەتەوەیی .

**سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٦**

# وتوویژی رۆژنامەی «کوردستان» لەسەر رۆژنامەگەری کوردیو رۆژنامەنووسانی کورد، لەگەڵ سێ میدیاکاری رۆژهەڵاتی کوردستان

**«کوردستان»: باسێک هەیە کە دەگوترێت ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچکات رۆژنامەنووسی رەهاو سەربەخۆمان نەبووە؟بەجۆرێک سەرجەم رۆژنامەنووسان بە پێرەوی لە بیرۆکەو ئایدۆلۆژیایەک دەنووسن، ئەم قسە چەندە راستە؟**

**خالید محەمەد زادە:** ئەم پرسیارە پەیوەندی بەوە هەیە کە چون دەروانینە رۆلی میدیاو چاوەروانیەکان لە میدیا، لە راستی لە وڵاتی ئێمە روانینیکی حکوومەتیو حیزبی هەیە بەوەی کە لە دەرەوەی خۆیان دان بە هیچ چالاکیەکی میدیا نەنرێتو ئەوەی لە پشت ئەم خوێندنەیەوە خۆی مەلاس داوە»وەهمی پیلانە» کە گومان دەخاتە سەر هەر چالاکیەک کە لە دەرەوەی بازنەی خۆی هەبێت. هەر ئەم روانینەو گرتنە بەری ئەم سیاسەتەش بە قەبزە کردنی کۆی جومکەکانی ژیان لە وڵات وای کردوە کە میدیا وەک رۆکنی چوارەمی دیموکراسی نەتوانی شکل بگرێت، بەڵام لە دەرەوەی کۆی ئەمانە کەم نەبون ئەو چالاکیە میدیاییانەو ئەو میدیایانە کە توانیویانە رەزامەندی کۆمەڵگا بە دەست بێنن. بەڵام گومانی تێدا نیە کە بوونێکی میدیایەکی سەربەخو پێویستی بە ئابووری سەربەخۆ هەیە بەڵام حاشا لە هەموو ئەو هەوڵانە ناکرێت کە لەو بازنە گیراوتە بەر.

**رەحیم ئەحمەدی:** گرینگی میدیای ئازاد یان لیبراڵ لەوەدایە کە دەتوانین بە ئەرکی راستقینەی خۆی واتە پەروەدرەکردنی تاک وکۆمەڵگە دانێ و خۆشی بەرگری لە مافی تاک و بەدواچوونی بێ لایەنە بکات. مێژووی سەرهەڵدانی میدیا لەسەر ئاستی دنیا دەگەڕیتەوە بۆ ٤١٠ساڵ بەر لە ئێستا و درگای راگەیاندن دەبێماڵی خەڵک بێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و رۆژنامەنووسی پیشەیی دەبێ رووی لە خەڵک و پشت لە دەسەڵات بێ. لە راستیدا رۆژنامەنووس دەبێ ویژدانی بە ئاگای کۆمەڵگا بێ نەک پاشکۆی حیزب و دەسەڵات. ئەگەر مەبەست لە نەبوونی رۆژنامەنووسی بێ لایەن وخاوەن رۆحی رەهای میدیاکاری کورد بێت هاوڕاتم. رێژەی میدیاکاری سەربەخۆمان لە پەنجەکانی دەست تێپەرنابن و میدیای سەربەخۆمان ئەزموونی زۆر کەمی هەیە، بۆیە دەبێ هەوڵی دەوڵەمەندتر کردنی بدەین، چونکە بە هەبوونی میدیاکاری ئازاد و میدیای لیبراڵ مافی هاووڵاتی پارێزراوتر دەبێت. میدیا لە مێژووی خۆیدا ٦ بیردۆز یان میتودی گۆڕیوە. بەداخەوە کورد خاوەنی هیچ بیردۆزێکی تایبەت بە خۆی نیە و کەڵک لە بیردۆزەکانی دیکە وەردەگرێت .

هەر بۆیە کۆمیتەی هەواڵنێرانی بێ سنوور و ئەنجومەنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان لە ساڵی ۱۹۲٤ی زایینی کار بۆ ئەوە دەکەن کە ڕۆژنامەنووسان ئازاد بن. لە دەربڕین و هەروەها بتوانن بە بێ کێشە زانیاری وەربگرن.

«کوردستان»: ۱۱۷ ساڵ تەمەنی ڕۆژنامەنووسی کوردییە، ئەمە چ کاریگەرییەکی لە سەر ڕووناکبیری کورد هەبووە؟

**خالید محەممەد زادە:** مێژووی ۱۱۷ ساڵە، مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردییە کە بناغەکەشی لە سەر دەستی تاکو لە دەرەوەی هەوڵە حکوومیو حیزبییەکان دانراوە، ئەمە لە کاتێک دایە کە لە وڵاتانی دەوروبەرمان، بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسیسان دەبەسترێتەوە بە هەوڵەکانی حکوومەتو حیزب لەو وڵاتانە، بەڵام لە کوردستان هەوڵێکی تاکەکەسیە. ئەم مێژوویەش کاریگەری خۆی هەبووە بەڵام ڕەنگە هەمان کاریگەری وڵاتانی دراوسێی نەبووبێو لە باشترین حاڵەت دا ڕۆژنامەنووسیی کوردی تریبونی بزووتنەوەی سیاسی کورد بووە، بەڵام لە ئێستادا بناغەیەکی مێژوویی حاشاهەڵنەگرە بۆ هەوڵی ئەم بوارە. بێگۆمان لە ئێستا ڕۆژنامەنوسیی کوردی کاریگەری باشتری بە نیسبەت سەدەی پێشوو هەیە، ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سیاسی ئێستای کوردستانو ئەو گۆڕانکارییانەی پرسی کورد لە ناوچەکە بە خووە بینیوە.

«کوردستان»: لەوبەشە لە کوردستان واتە ڕۆژهەڵات کە نەدەسەڵاتێکی سیاسیی کوردی لەسەرکارە و نە دەوڵەتێکی دیموکراتیک، لەو بێدەرەتانی سیاسی و فەرهەنگییەدا ڕۆژنامەنووسان چەندە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان؟

**ڕەحیم ئەحمەدی:** هەمیشە تاکەکان دەتوانن میدیا بە ئاراستەیەکی جواندا بەرن. لە ئێرانی ئێستادا لە جیاتی هەبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئیدارەی ئیرشادی ئیسلامیان داناوە بۆ بەرتەسک کردنی ئازادی ڕادەربڕین. سەندیکا ڕۆژنامەوانییەکان لە ساڵی ۱۷۰۱ی زایینی لە فەرانسە سەریان هەڵداوە و دوو ئەرکیی سەرەکییان لە ئەستۆیە؛۱-پەروەردەکردنی ڕۆژنامەنووسان ۲- بەرگریی کردن لە ماف وئازادییەکانیان لە کاتی پێویستدا، ئەوەش بڵێم جێگەی ڕۆژنامەنووسان زیندان نیە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕیزی خەراپترین وڵاتانی جیهان دایە بۆ پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان.

**خالید محەممەد زادە:** ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژهەڵات لە ژێر کاریگەری دۆخی سیاسی ئەم هەرێمە بووە، لەو فەزا نیمچە کراووە خۆماڵییانەی کە دەکرێتەوە شاهید سەرهەڵدانی کاری ڕۆژنامەنووسی دەبین، هەر لە سەردەمەی ڕاپەرینەکەی سمکۆی شکاک تا کۆماری کوردستانو لەویشەوە بۆ شۆرشی ساڵی ۱۳۳۵ی هەتاوی ئێرانو دواتر دەیەی ۷۰ی هەتاویو درێژەدانی ئەم ڕەوتە لە دەرەوەی وڵاتو لە نێو خۆی وڵات، ئەو دەرەتانەن کە بۆ کاری ڕۆژنامەوانی پێک دێن. بەڵام حاشا لەوە ناکرێت بە پێی دەرەتانەکە میدیا ناتوانێ هەمان کاریگەری بە سەر دۆخەکەوە هەبێ، چون خوی لە دۆخێکی ناجێگر چاپو بڵاو دەبێتەوە، لە ڕاستی دا لە هەندێک قوناغی تایبەتی نەبێت، میدیای ڕۆژهەڵات ناتوانێ ئەوکاریگەرییە گشتییە جێ بێڵێ کە چاوەڕوانی لێی دەکرێ. بەڵام لە هەمان کات دا تەسلیمی دۆخە سیاسییەکەش نابێ.

**«کوردستان»: لەخەسارناسی ۱۱۷ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا، دەگوترێت هێشتاکە نە رۆژنامەنووسی سەربەخۆمان هەیە (ناحیزبی) نە زمانی یەکگرتوو؟ بەرێزت ئەم دوو گرفتە چۆن دەبینیت و هۆکارەکانی لەچیدایە؟**

**خالیدمحەممەد زادە:** لە ئێستا چالاکی رۆژنامەوانی ئازاد یا هەمان میدیای ئەهلیو هاوڵاتی پەیامنێر دەبێنریت، لە راستیدا بە هوی فەزای مەجازیو تورە کۆمەلایەتییەکان دەرگای باش کراوەتەوە بۆ ئەوەی لە تەنیشت رۆژنامەنووسی حیزبیو حکوومەتی دەرەتان بۆ کاری میدیای ئازاد بکرێتەوە، ئەم بەشە لە کارکردی میدیا ئەگەرچی پرشو بلاوەو زۆر جار لە سەر توانا شەخسییەکان هەڵدەسورێت بەلام لە ئێستا بوونی هەیە بە لە بەرچاوگرتنی کەموکورییەکانی. من لە گەڵ ئەوە نیم کە دەڵێت کە جگە لە رۆژنامەنووسیی حیزبیو حکوومەتی لە رۆژهەلات چالاکی میدیاییتر نابنیرێت، راست بەپێچەوانە لە چەند ساڵی رابردوودا بە کردنەوەی کۆمەڵێک هەفتەنامە، سایتو بلاوکراوەی سەر بە کەرتی کۆمەڵگای مەدەنی فۆرمێک لە چالاکی میدیایی سەری هەڵداوە کە نە حکوومەتیەو نە حیزبیە. ئەویش میدیای ئازادە. ئەم میدیایە تەنانەت کاریگەری بە سەر حیزبەکانەوە هەیە و زۆرجار حیزبی هێناوەتە وڵامدانەوەو روونکردنەوەو کاردانەوە . لە بەستێنی کۆمەڵگای مەدەنی نەوەیەکی نوێی رۆژنامەنوسیی شکڵیان گرت، ئەگەرچی بەستێنەکانی میدیایەکی کاریگەریان وەک باری ماڵیو ئیمکانات لە بەر دەست دا نەبوو، بەلام قوتابخانەیەک بوون بۆ پەروەردەکردنی دەیان رۆژنامەنووس. گرفتی رۆژهەلات نەبوونی رۆژنامەنووس نیە، بەڵکوو نەبوونی میدیایە، ئەمە راست بە پێچەوانەی باشووری کوردستان میدیا هەیە بەلام رۆژنامەنووس نیە بۆیە ناکرێت چالاکی ئەم بەستێنە بە هەند وەرنەگرین. سەبارەت بە زمانی کوردی بێگۆمان لە پاڵ چالاکییە ئەدەبییەکانو هەوڵی نووسەرانو شاعیران بۆ پاراستنی ئەم زمانە میدیاش رۆلی خۆی هەبوو، دەکرێت دۆخی میدیا لەم بەستێنە جێگەی رەخنە بێ بەلام حاشا لەوە ناکرێت کە لە نەبوونی سیستەمو دامەزراوەی بەرپرس بۆ پاراستنی زمان، رۆژنامەنووسان ئەم زمانەشیان پاراستووە، تەنانەت لەو ساڵانەش هەوڵی زۆر لە بواری رۆژنامەنووسی دراوە بۆ پاراستنو نووسین بە زاراوە کوردییەکانیش، ئەگەرچی بە پلەی یەکەم ئەرکی رۆژنامەنووس پاراستنی زمان نیە، بەڵکوو پێدانی زانیارییە بە هاوڵاتی.

**ڕەحیم ئەحمەدی:** راستە ۱۱۷ساڵ بەسەر مێژووی سەرهەڵدانی رۆژنامەنووسی رۆژنامەنووسی کوردیدا تێپەردەبێت بەلام بەداخەوە نەزمانی یەکگرتوومان هەیە نە میدیای سەربەخۆ، بەشێوەیەکی بەرچاو زمانی یەکگرتوو بە سێ رەهەند دروست دەبێ، «پەروەردە، راگەیاندن، سیستەمی برۆکراسی» بەلام میدیای سەربەخۆ بە شێوازێکی جوان دەتوانێت بە دوا چون بۆ زۆر پرس و بابەت بکات لە سیستەمی دیکتاتۆری ئەوان بە هێڵی سوور دەزانن و رۆژنامەنووسی سەربەخۆ میدیای سەربەخۆ بەرهەم دێنێت.

**کوردستان: گرینگی رۆژنامە و پیشەی رۆژنامەوانی لە چیدایە کە مێژوویکی جەنجاڵیان هەیەوهیچکات دۆخێکی لەبارو شیاویان بۆ نەرەخساوە؟**

**س.ر.هاوار:** دیارە رۆژنامەو پێشەی رۆژنامەگەری زۆر زیاتر لەوەیکە بیری لێبکەینەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و تاکی ناو کۆمەڵگا دەبێت و ئەو کاریگەرییە بە شێوەی بەرفراوانتر دەچێتە دەرەوەی وڵاتی دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە، بە شێوەیەک کە ئاڵوگۆری دەسەڵات و کاریگەری رۆژنامە لەسەر بەرێوەبەرانی دەسەلاتی وڵاتان ئەوە دەسەلمێنێ. بۆ نموونە کاتێک دەروانینە شوورەوی، سەرەکیترین هۆی لەناو چون و شکستی ئەو دەسەڵاتە پەروەردە نەکردنی رۆژنامەگەری پسپۆر و شارەزا و نەبوونی رۆژنامەیەکی بەهێز بوو. لە وڵاتانی

دیموکراتیک و خاوەن دیموکراسی کاری ڕۆژنامەگەری بێ هیچ بەربەستێک (ئەگەر هەشبێ زۆر کەم) دەچێتە پێش و ڕۆژنامە کاریگەری زۆر باش و کاردانەوەی یەکجار زۆریشی لەناو کۆمەڵگا و دەسەلاتی سیاسی دەبێت بەڵام لە وڵاتانی ئیستیبدادی و دیکتاتۆری لەبەر ئەو کاریگەرییەی ڕۆژنامە هەیەتی هەموو کات هەولی لەناو چوون و داخرانیان دراوە. بۆ نموونە لە ئێران لەدوای شۆرشی گەلانی ئێران و هاتنەسەر کاری ئەم حکوومەتە بە دەیان ڕۆژنامەو گوڤار لە لایەن حکوومەتەوە داخراون و بە سەدان ڕۆژنامەوانیش کێشەی ئەمنییان بۆ هاتۆتە پێش و زیندانی و بەندکراون. کاتێک ڕۆژنامەیەک دەیهەوێ لەو وڵاتە ئیستیبدادیانە دەرچێ یان دەبێ بە خواستی وان بڕواتە پێش و یان ئەو وتار و هەواڵانەی بلاویان دەکاتەوە نابێ پەیوەندی بە دەسەڵات و ڕەخنە گرتن لەو دەسەڵاتە بێ. ڕۆژنامەوان لەو وڵاتانە هەموو کات لەژێر گوشاری ئەمنی و زوومی لایەنی حکوومیە. هەر بۆیە کاتێک دەڕوانینە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە کەمی ڕۆژنامەو گوڤاری کوردی دەبینین و ئەوەی کە دەریش دەچێت کەمتر مژاری سیاسی هەڵدەبژێرێت و زیاتر فەرهەنگی ئەدەبی کۆمەلایەتییە.

**«کوردستان.باسێک هەیە کە دەگوترێت: ئێستاشی لە گەڵ بێ هیچکات ڕۆژنامەنووسی ڕەهاو سەربەخۆمان نەبووە؟بەجۆرێک سەرجەم ڕۆژنامەنووسان بە پێڕەوی تەلە بیرۆکەو ئایدۆلۆژیایەک دەنووسن، ئەم قسە چەندە ڕاستە؟**

**س.ر.هاوار:** ئێمە لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کورددا بە دەیان ڕۆژنامەی سەربەخۆ وەکوو ڕۆژنامەی «کوردستان، تێگەیشتنی ڕاستی، ڕۆژی کوردستان، بانگی کوردستان، ژیانەوە، زبان، ژین، کۆری زانیاری کورد، زانیاری، ڕوناهی، ڕزگاری «و هتد ...مان هەبووە کە دوور لە هیچ ئایدیۆلۆژیایەک تەنیا بۆ خزمەت بە کولتور و فەرهەنگ و زمان و ئەدەبی کوردی کاریان کردووەو لەگەڵ ئەوەش هەستی نەتەوایەتیان لەناو تاکی کوردا بزواندۆتەوە. بەلام ئێستا زۆر بە کەمی دەبینرێت کە ڕۆژنامە یان ڕۆژنامەوانێک سەربەخۆ کار بکات و لایەنێک یان حیزبێک بەڕیوەی نەبات. ئەوەش ڕاستە کە بە پێڕەوی لە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت دەنووسن! هەڵبەت پێڕەوی کردن لە جەریان و ئیدیۆلۆژێکی تایبەت مافی هەموو کەسە بەلام کاتێک ڕۆژنامەنووس دەیهەوێ لەناو کاری خۆیدا وەکوو کەسێکی پرۆفێشناڵ بناسرێ و کار بکات بێ گومان دەبێ سەربەخۆ بێت و بێ لایەنە قەڵەم هەڵگرێ.

**«کوردستان»: لەوبەشە لە کوردستان واتە ڕۆژهەلات کە نە دەسەلاتێکی سیاسیی کوردی لەسەرکارەو نە دەوڵەتێکی دیموکراتیک، لەو بێ دەرەتانی سیاسی وفەرهەنگیەدا ڕۆژنامەنووسان چەندە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان؟**

**س.ر.هاوار:** بەرای من کۆمەڵگای کوردی لە ڕۆژهەلات پتر لەژێر کاریگەری تیڤی کوردی دەرەوە بووە تاکوو لەژێر کاریگەری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس دابێ، هەڵبەت ئەویش کاریگەری خۆی هەبووە بەلام بەداخەوە لەو بەشەی کوردستان بەهۆی کەم سەوادی و ئاستی زانیاری خەڵک لەسەر ڕۆژنامەو گوڤار و بلاڤۆکەکان ئەو جۆرەی کە دەبا پێشوازی لێنەکراوەو کاتێکیش پێشوازی نەکرێت کاریگەری ئەوتۆی نابێ. دیارە دەسەلاتی سیاسی ئێرانێش هەموو کات بە هەموو جۆرێک بەربەستی بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسە کوردەکان ساز کردووە و ڕۆژنامەگەری لەو بەشەی کوردستان زۆر ئەستەم بووە و زۆر بە کەمی مۆڵەتی دەرچوونی گوڤار و ڕۆژنامەی کوردی دراوە. بەلام بێ گومان ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆژهەلات لە دەرەوەی وڵاتی ئێران بەهۆی دەست ئاوەڵە بوون لە نووسین و دەربرینی بیرو رای

خۆی زۆر باشتر و چڕتر کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگای ناوخۆی ڕۆژهەڵات هەبووە. ئێستاش نەک لە کوردستان بەڵکوو لە زۆر وڵاتی تر دونیای مەجازی بەسەر دونیای چاپەمەنی و بڵاڤۆکەکاندا زاڵ بووەو و تاکی کۆمەڵگاش زیاتر پێشوازی لەو دەکات.

**«کوردستان» لەخەسار ناسی ١١٧ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی،دەگوترێت:کە هێشتاکە نە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆمان هەیە(ناحیزبی) نە زمانی یەکگرتوو؟بەڕێزت ئەم دوو گرفتە چۆن دەبینیت؟هۆکارەکانی لەچیدایە؟**

**س.ر.هاوار:** ناتوانین بڵێن نیمانە! هەمانە بەڵام زۆر کەم! لەوانەیە یەکێک لە هۆکارەکانی سیاسەتی ئەو دەزگا هەواڵنێر و ڕۆژنامانە بێت. ئێستا زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردی یان زمانحاڵی حیزب و لایەنێکن یان لایەنگرانە و بە نەفعی حیزبیکی تایبەت دەنووسن. کاتێک ڕۆژنامە و تیڤی حیزبی بوو بێ گومان ڕۆژنامەنووسی حیزبیش پەروەردە دەکات. یەکێکی دی لە هۆکارەکانی کەم بوونی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ ئابووریە. ڕۆژنامەگەری پیشەیەکی پڕخەرج و بێ دەرامەدە. کەوایە کاتێک نیازی ماڵی هاتە ئاراوە یان ناچار بە داخران دەبێت یان دەبێ پێرەوی لە حیزب و لایەنێک بکات. زمانی یەکگرتووش بەرای من دەوڵەتی یەکگرتووی پێویستە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی و کورد / ڕێکەوتی: ٩ی مەی ٢٠١٥**

# بەدرخان و ١١٧ ساڵ لە ڕۆژنامەگەریی

**ئا/ لانە کاشان**

ڕۆژنامەوانی – سلێمانی: ٢٢ی نیسانی ئەمساڵ ١١٧ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی نۆبەرە (کوردستان) کە لە ٢٢ / ٤ / ١٨٩٨ دا لە ئاوارەییدا جووتە برا میقداد بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخان لە چاپخانەی دار ئەلهلال لە قاهیرە بە یارمەتی نووسەری ناوداری عەرەب جۆرجی زێدان چاپکراو بووە سەرقافڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستاندا.

## دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسیانە بووە

ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ئەهلی تاکەکەسی بووەو ناوەخنێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ناوازەی هەبووە، ئەم تایبەتمەندییەشی وامان لێدەکات کە بۆچی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ئەم تایبەتمەندییەی هەبووە، میقداد بەدرخان ڕووناکبیرێکی پایەدار بووەو زانیویتی کورد حکومەتی نییە، هیچ دەزگایەکی تری حکومەتیش نەبووە ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی لەئەستۆ بگرێت، بۆیە خۆی دەستپێشخەری یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کردووە.


کردستان

بسم الله الرحمن الرحیم

## بیری نەتەوایەتی

شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی زۆر کاریگەری بەسەر میقداد مەدحەت بەدرخان-ەوە هەبووە بەتایبەتی کە حاجی لە ئەستەنبوڵ ژیاوەو زاراوەی جەریدەو ڕۆژنامەی لە ساڵی ١٨٩٠ دا بەکارهێناوەو دەڵێت: "قائیمەو کەس نایکڕێت بە پولی ڕۆژنامەی جەریدە کەوتونەتە قیمەت و شان). د.شێرکۆ مەنگوڕی مامۆستای زانکۆ دەڵێت: شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بڵاوبوونەوەو دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، بەتایبەت ئەو دەقانەی بیری نەتەوەیی تێدا زاڵبووە، چونکە ئەو سەردەمە سەرەتای چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی بووەو وڵاتان دەیانویست بیری نەتەوەیی لە شیعرو بابەتەکاندا بوونی هەبێت.

## بۆچی ڕۆژنامەکە لە میسر دەرچوو؟

بۆ دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان، میقداد مەدحەت بەدرخان چووە میسر، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ هێزو دەسەلاتێک نەبوو پشتگیری لە کورد بکات، لەو سەردەمەدا میسر لە دەسەلاتی عوسمانییەکانی یاخیبوو، ئازادی لەو ولاتەدا بوونی هەبوو، هەربۆیە بنەماڵەی بەدرخانییەکان قاهیرەیان بە شوێنێکی گونجاو زانی بۆ دەرکردنی رۆژنامەکەیان. بەڵام کاتێک دەوڵەتی عوسمانی پێی زانین، رۆژنامەکە چووە ئەوروپا.

## یەکەمین رۆژنامەی ئەهلی بووە

دەربارەی ئاڕاستەو هێڵی کارکردنی رۆژنامەی (کوردستان)ی دایک بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک پێیوایە رۆژنامەکە ئۆرگانی (حزبی ئیتیحادو تەرەقی) بووە. هەندێکی تریش پێیانوایە (بە یارمەتی لایەنی ماسۆنی و ئەرمەنی دەرچووە). بۆچوونی تریش هەیە کە دەڵێت: رۆژنامەکە پشتگیری ئینگلیزی هەبووە.

## پاراستنی شوناس و زمان و کلتووری کوردی

ئەگەرچی لەڕووی مێژووی دەرچواندنی یەکەمین رۆژنامەوە کەمێک دوای ئەو ولاتانەی دەوروبەرمانین، بەڵام لەڕووی شوناس و تایبەتمەندیی سەربەخۆیی رۆژنامەکە، چەند هەنگاوێک پێش ئەوان کەوتووین. ئەوەتا دەبینین، یەکەمین رۆژنامە بە زمانی تورکی (تەقویمی وەقایع) لە ۱۸۳۲، یەکەمین رۆژنامە بە زمانی فارسی لە ئێراندا (کاغز اخبار) لە ۱۸۵۱ و یەکەمین رۆژنامەش لە عیراقدا (زەورا) لە ۱۸٦۹ دەرچووە، کە هەرسێکیشیان بەپێچەوانەی (کوردستان)ەوە، رۆژنامەی رەسمی بوون و زمانحاڵی دەسەلات بوون.

## دروشمی رۆژنامەکە

لە ژمارە شەشی رۆژنامەی کوردستان-ەوە عەبدولڕەحمان بەدرخان بووەتە سەرنووسەرو لە ساڵی ۱۸۹۹ لە جنێف بڵاوکرایەوە، لێرەوە نوسین و شێوازی رۆژنامەکە گۆڕا. دروشمی رۆژنامەکەش لە ژمارە یەکەوە تا دوایین ژمارە بریتیبوو لە (کردلی ایقاێ وتحیێل یٓنایعە تشویق هانی، ایچون شدمیلک) واتە (کوردان ڕاپەڕین بەرپابکەن و هونەرو زانست فێر بن).

## رۆژنامەگەری کوردی

دەمێکە کورد یادی رۆژنامەگەری خۆی ساڵانە لە ۲۲ی نیسان دەکاتەوەو وەک پێیەوە دیارە، ساڵ لەدوای ساڵ ئەم یادە گەرمتر دەکرێتەوەو لە میدیاکاندا بایەخی زۆرتری پێدەدرێت. ئەم بایەخپێدانە، پەیوەندی بە کارمەندو رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هەیە، کە ئەوانیش دەیانەوێت هیچ نەبێت رۆژێک و جەژنێکی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

یادی ئەمساڵ ٢٠١٥ دەکاتە ١١٧مین ساڵی ڕۆژنامەگەری کوردی، لەوانەیە ١١٧ ساڵ بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی زۆر بێت، بەڵام ئەگەر خۆمان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی بەراورد بکەین، زۆر نییەو گەلێک کەمە. یەکەم ڕۆژنامەی ئەوان بەناوی Relation: Aller Furnemmen لە کانونی دووەمی ١٦٠٩ لە شاری ستراسبورگ دەرچوو. هەر لە ژمارەی یەکەوە، کۆمەڵێک هەواڵی: کێلن، ئەنتڤێرپێن، ڕۆما، ڤیەننا، پراگی تێدا بوو. یەکەم سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەی سەرەوە (یۆگان کارلۆس)ی چاپچی بوو، کە پێشتر ڕۆژنامەی دەستنووسی بڵاودەکردەوە.

دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ناوەڕۆک و هەواڵ دانان، لەگەڵ دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەگەری ئەوروپا، جگە لە ساڵەکان، جیاوازیمان زۆر نییە، چونکە لە کوردستانیش چاپچییەکان هەنگاوی زۆر گەورەیان ناو هەر ئەوانیش ڕۆژنامەو گۆڤاریان بە زمانی کوردی دەردەکرد وەک: حوسێن حوزنی موکریانی و پیرەمێردو گیو موکریانی و هەندێکی تریش.

یەکەم ڕۆژنامەی ئێمە ٢٨٩ ساڵ دوای یەکەم ڕۆژنامەی ئەوان، بەناوی کوردستان لە ساڵی ١٨٩٨ چاپکرا، کە لەماوەی پێنج ساڵ تەنها ٣١ ژمارەی لە پێنج وڵات و شوێنی جیا بە چوار لاپەڕەی فولسکاپ لێدەرچوو. ئێمە جیاوازیمان بەتەنها ئەو ٢٨٩ ساڵە لە دەرکردنی ڕۆژنامە نییە، بەڵکو جیاوازی هەرە گەورە لەوەیە، کە ئەوان لەگەڵ دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامە، زۆر بە ڕێکوپێکی لەسەر دەرکردنی یەک لەدوای یەکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان تائێستاش بەردەوامن، کەچی «کوردستان»ی ئێمە زۆر پچڕپچڕو ناوەناوە دەردەچوو، بەڵام ئەگەر وردە بەراوردییەکی تر لەجۆری هەواڵەکان بکەین، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئێمەش، هەواڵی میسرو سودان و کوردستانی تێدایە.

جیاوازی تر، لەوکاتەی یەکەم ڕۆژنامە لەئەوروپا دەرچوو، زمانی ئەوان دەمێک بوو داستان، کتێبی فەلسەفەو ئاینی، شیعرو کتێبی زانستی و سەفەرنامەی پێدەنووسرا، زمانی ئەوان بۆ ئەوکات، دەوڵەمەند بوو، بەیەک ڕێنووس دەنووسرا، چاپخانە بووبووە یارمەتییەکی زۆرباش بۆ پتەوکردنی زمانی ئەوان و بڵاوکردنەوەو فێربوونی خوێندنەوە و نووسین.

جیاوازییەکان هەر ئەوانەی سەرەوە نییە، بەڵکو لەدەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی چاپکراوی جیهان، لەتەواوی وڵاتەکانی ئەوروپا ڕۆژنامەو گۆڤار هەمیشەو بەردەوام دەرچوون و خوێنەری ئەوان بەردەوام دەیزانی لەکوێ چاوەڕێی چ ڕۆژنامە یان هەفتەنامەیەک بکا.

یەک لەمەرجە گرنگەکانی ڕۆژنامە، جگە لەوەی، کە پێویستە بابەتی هەمەڕەنگ هەبێ، ژانری هەمەڕەنگ وەک: هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، گوتار، ئینتەرڤیو، گۆشە...هتد هەبێ، پێویستە کاتی دەرچوونی بزانرێ و کڕین یان وەگیرکەوتنیشی بۆ خوێنەر ئاسان بێ.

لەم یادانەی ڕۆژنامەگەری کوردی و پاش ١١٥ ساڵ، وابزانم کات گەیوە بۆ ئەوەی چاومان زیاتر بکەینەوەو تێبگەین، کە ئێمەی کورد، مێژوویەکی هەژارو پچڕپچڕی ڕۆژنامەگەری کوردی شارمان هەیە، بەڵام مێژوویەکی دەوڵەمەندی ڕاگەیاندنی شۆڕش و خەبات و شاخمان هەیە. مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، زیاتر لەمێژووی کوردو خەباتی سیاسی کوردی دەکات، کە پڕیەتی لەبەرزی و نزمی، کەوتن و هەڵسانەوە.

## میقداد مەدحەت بەدرخان

میقداد مەدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشایە، ساڵی لەدایکبوونو کۆچی دوایی نەزانراوە، میقداد مەدحەت بەدرخان ناوێکی ئاوێتەیە، ئەم شێوە ناوانە عوسمانییەکانو کوردەکانی ئەو سەردەمە لەفەرەنسییەکانیان وەرگرتووە بۆ ناونانی ڕۆڵەکانیان.

ساڵی ١٨٩ چووەتە میسر، ساڵی ١٨٩٨ لەقاهیرە پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە، پاش ئەوە لەترسی هەڕەشەکانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی) گەڕاوەتەوە ئیستانبوڵ بۆ ئەوەی لەسەر ئەم، براکانی تووشی ئەشکەنجەو زیندانیکردن نەبنەوە.١

ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ (عەلی بەگی) برایدا هەوڵدەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی خۆشبکەن، بەڵام سەرناکەون، هەندێک لەمێژوونووسەکان دەڵێن: "میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێکبووە لەئەندامە چالاکەکانی پارتی (ئیتحادو تەرەقی)"، ساڵی ١٩٠٦ لەسەر ئەو هەڵوێستەی لەتورکیا نەفی کرا.

ساڵی ١٩١٠ و ماوەیەک پاش ڕاگەیاندنی حکومەتی دەستووری لەئیستانبوڵ بەشداریکردووە لەدامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی) بەپێی هەندێ سەرچاوەش، ماوەیەک کراوە بەموتەسەریفی شاری دەرسیم، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی نازانرێت.

میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لەوەی کە یەکەمین ڕۆژنامەنووسو دامەزرێنەری بزاڤی کوردییە، چاپخانەیەکیشی بەناوی (چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان) لەقاهیرە دامەزراندووە، کە بەیەکەمین چاپخانەی کوردی دەژمێردرێت.

میقداد مەدحەت جگە لەزمانی خۆیو زمانی تورکیو عەرەبی، زمانی فەرەنسیشی بەباشی زانیوە، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا، کارتێکی بەزمانی فەرەنسی بڵاوکردووەتەوە کە شارستانیبوونی عەقڵی میقداد مەدحەت بەدرخان نیشاندەدات.

## بنەماڵەی بەدرخانییەکان

بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئەو بنەماڵەیە دەچنەوە سەر خالدی کوڕی وەلید یەکێک لەسەرکردە هەرە بەناوبانگەکانی ئیسلام، بۆیە جارو بار بە بنەماڵەی خالید ناو دەبرێن.

باپیرە گەورەی بەدرخانیەکان هەر زوو دوای هیجرەت لە عەرەبستانەوە کۆچیان کرد بۆ کوردستان، شاری جەزیرەی ئیبن عومەریان دروستکرد، دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە بە عەزیزی ناسرا، تاساڵی ١٨٤٧ حکومڕانییان کرد حکومەتی عەزیزی تا ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی

سوڵتان سەلیم تەواو سەربەخۆ بوون، ساڵی ١٨٣٩ میر بەدرخان لەلایەن سوڵتانەوە کرایە سەرکردەی فەخری لەشکری عوسمانی و لە جەنگی (Nisib) دا بەشداربوو لەو شەڕەدا تورکەکان لەلایەن ئیبراهیم پاشای (کوڕی مەحەمەد عەلیی گەورەوە) زۆر خراپ شکێنران، میر بەدرخان هێزەکەی خۆی کشاندەوە دیار بەکرو لەوێشەوە بۆ جەزیرەو کەڵکی لە شکانی تورک وەرگرت بۆ ئەوەی سنوری دەسەڵاتی بگەیەنێتە هەکاری و لێرەیش خەلکی ناوچەکە بەگەرمی پێشوازیان لێ کرد.

عومەر پاشا کرایە مارشاڵی ئەنادۆل و فەرمانی پێدرا لەشکرێک پێکەوە بنێت و دژی میری کوردان بکەوێتە ڕێ، تورکەکان لە دیار بەکر کۆبونەوەو لەوێوە دژی میری کورد کەوتنەڕێ، شەڕی بێ ئەنجام دەستیپێکرد، بەڵام بەدرخان ناچار بوو بکشێتەوە قەڵای ئێڤراک، دوای چەند مانگێک بەرگری قەڵاکە کەوت و لەوێ دەوروبەری شەش مانگ مایەوە و ئینجا دور خرایەوە دورگەی کریت، ڕێگە درا بە میر بەدرخان دووسەد کەس لە پیاوەکانی لەتەک خۆیدا بەرێتە کریت ئەوانەی ڕۆڵێکی گەورەیان لەدامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٥٦ ی گرێکەکاندا بینێ.

لە پاداشتی ئەوەدا میر بەدرخان هێنرایەوە ئەستەنبوڵ و ڕێگەی پێدرا لەوێ جێنشین بێت، ساڵی ١٨٦٦ واتا دوای دە ساڵ بەدرخان تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٨٧٠ دا لە دیمەشق نیشتەجێبوو. بەدرخان پاشا لە گوندی ساڵحیە کە سەعاتێک لە دیمەشق دووره بەخاک سپێردرا، گۆڕەکەی نزیک گۆڕی سەلاحەددینی ئەیوبی- ە.

بەدرخان ٩٠ کوڕی دوای خۆی بەجێهێشت، ئەم بنەماڵە گەورەیە هەمیشە بە دروستکردنی بزوتنەوەی دژ بە حکومەتی عوسمانی- ەوە خەریکبوون، شفرەیەکی تایبەت بە بەدرخان هەیە کە دەقەکەی دەڵێت: گشت بەدرخانییەکان پایەو مەقام و توانایان هەرچیەک بێت گیرۆدەی دوورخستنەوەو بەندی و ئەسارەت بوون.

لە دواساڵی ژیانیدا لە پێناو یەکگرتنی وڵاتەکەی ڕوویکردە ڕوسیا ئەو دوو بەدرخانیە بە گەرمی دوای ئەم شەپۆلە کەوتن "کامیل بەگ و عەبدولڕەزاق بەگ" بوون ساڵی ١٩١٧ ئەم دووانە لەلایەن ڕوسیاوە کرانە والی بەدلیس و ئەرز ڕۆم، ساڵی ١٩١٨ عەبدولڕەزاق بەگ لە لایەن تورکەکانەوە دەستگیر کراو لە موسڵ بەند کرا، دەڵێن کامیل بەگیش لە تەفلیسی جۆرجیابوە.

ساڵی ١٩٠٨ حسێن پاشاو حەسەن بەگ بوونە نوێنەری کوردستان لە پەرلەماندا، یەکسەر دوای هەڵبژاردنیان فەرمانی گرتنیان دەرچوو ئەوانیش پەنایان بردە بەر ناوچە شاخاویەکان و لەوێ شەش مانگیان بە ئاوارەیی بردەسەر، تورکەکان حسێن پاشایان دەستگیر کرد و بە دزیەوە کوشتیان.

یەکێک لەوانەی لە شاخ لەگەڵیانبوو ناوی "سلێمان بەگ"ە، ئەویش بەدرخانیە، سێ ساڵ دوای ئەو دەربەدەریەی مایەوەو لەئەنجام لە دەرگوڵ لەلایەن سیخوڕەکانی ئەوڕەحمان ئاغای شەرناخەوە کە دوژمنی باوەکوشتەی بەدرخانیەکان بوو، دەستگیر کرا.

عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخان کەوا دیارە یەکێک بوو لەهەرە مۆدێرنەکانی ئەو بنەماڵەیەو ماوەیەک سەرنوسەری کوردستانی یەکەم

ڕۆژنامەی کوردی بوو یەکێک لە ئەندامانی وەفدی کوردی بوە بۆ یەکەم کۆنفراسی تورکە لاوەکان کە ڕۆژی چواری شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لە پاریس بەسترا، دەربارەی دەڵێت عەبدولڕەحمان بەدرخان یانزە ساڵان لەسویسرا ژیاو هەر لەوێش ژنێکی سویسری هێنا، دەڵێن پیاوێکی زۆر دووربین و دونیا دیدەو خاوەن دیدەو بۆچونی پێشکەوتن خوازبووە، لە کاتی شەڕی نێوان تورک و یۆنانیەکاندا کرایە موتەسەرفی ئایدن، لەوێش زۆر باش ڕەفتاری کردووە، حکومەتی تورکیا بەرامبەر ئەو زەرەرو زیانە زۆرەی بەرماڵ و موڵکی بەدرخان کەوتوە، بڕیاریداوە مانگانە ٢٠٠ لیرەی تورکی خانەنشینی بۆ بنەماڵەکەی ببڕێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پوک میدیا PUK / ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٥

# سەد و حەقدەیەمین ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

شەریف فەلاح

لەو کاتەوەی یوهان کارلۆس (John Cardus) ڕۆژنامەی ریلەیشێن یان پێوەندیی(REDATION) ی لە مانگی ژوئەنی ١٦٠٥ی زایینی لە (ستراسبۆرگ) بڵاوکردووە، هیچکات بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەم بڵاڤۆکە بتوانێ ببێتە هۆی گۆڕانکاریی گرنگی کۆمەڵایەتیو ئاڵوگۆڕی بەربنی سیاسیو بیچمو قەوارەیان پێ ببەخشێ. لە ماوەی چوارسەد ساڵ لە بڵاوبوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەو کاریگەرییەکانی کە لە سەر بیروڕای گشتی دایدەنێ، هێشتا وەک یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی بوارو مەیدانی گەیاندنی زانیاریو پێوەندییە گشتییەکان لەقەڵەم دەدرێ .

لە یەکەمین ڕۆژنامەکانی دونیا دەکرێ بە "گزت" لە ساڵی ١٦٣١ لە فەڕانسە، "ئاکسفۆر گزت" لە ساڵی ١٦٦٥ لە بریتانیا، "Post och inrike Tidnin gar" –لە ساڵی ١٦٤٥ لە سوئێد (ئەم ڕۆژنامە سوئێدییە لەمێژینەترین ڕۆژنامەیە کە ەە تا ئەمڕۆ بە بێ ڕاوەستان لە وەشانی خۆی بەردەوامە)، "ئۆکورنسێر (Publie Ocnenxes) "لە ساڵی ١٦٩٠ لە بۆشستۆنی ئامریکاو هالیفێکس گزت لە ساڵی ١٧٥٢ لە کانادا ئاماژە بکەین .**لە پێشەنگەکانی ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتیش دەکرێ ئاماژە بەم وڵاتانە بکەین** :هێند، یەکەمین ڕۆژنامەی خۆی بە ناوی "بەمبەئی ساما چار" لە ساڵی ١٨٢٢ دا بڵاوکردووە. لە ژاپۆنیش لە ساڵی ١٨٧٢ دا ڕۆژنامەیەک بە ناوی "ینچی ینچی" بڵاو کرایەوە. ڕەنگە نەکرێ ئەم ڕۆژنامانە لەگەڵ ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆدا بەراورد بکرێنو ئەو تایبەتمەندییانەی کە ئەمڕۆکە ڕۆژنامەنووسانو هەواڵنێرانی پسپۆڕو پرۆفیشناڵ لە ەەمبەر پرسی ڕۆژنامەنووسیدا هەیانە لەواندا بەدی نەدەکرا. ئەگەر بمانهەوێ یەکەمین ڕۆژنامە وەک ڕۆژنامەیەکی بەواتای مۆدێرن و ئەمڕۆییەکی ناو ببەین، دەبێ ئاماژە بە "اینکومند زایتونگن" بکەین کە لە ئاڵمان لە ساڵی ١٦٥٠ دا بڵاو کرایەوە. ئاڵمانییەکان بە هۆی گەشەو پێشکەوتنێک کە لە پیشەو تەکنیکی چاپدا هەیانبوو، توانیان لەم بارەیەوە لە وڵاتانی دیکە پێش بکەون، هەروەک دەبینرا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەڤدەهەمدا لە ئاڵمان نزیک بە ٧٠ ڕۆژنامە چاپو بڵاو دەکرایەوە .

لە بواری فرۆش و تیرازی ڕۆژنامەوە وڵاتی چین بە ڕێژەی ٨٥ میلیۆن دانە لە ڕۆژدا پلەی یەکەم، پلەی دووهەمیش وڵاتی یەکەمی دێموکراسی دونیا، واتە هێندە کە بە تیرازی ٧٢ میلیۆن لە ڕۆژدا دەردەچێ، ژاپۆنیش بە ٧٠ میلیۆن دانە لە ڕۆژ پلەی سێهەم و ئامریکاییەکانیش بە ٥٧ میلیۆن تیراژ خاوەنی پلەی چوارەمن. لە پۆلێن بەندییەکی دیکەدا دەکرێ بڵێین "ڕێلەیشێن"، یەکەم ڕۆژنامەی جیهان نەبووەو نیە، بەڵکوو دەبێ بە دوای یەکەمین ڕۆژنامەکان (هەڵبەت لە ڕوانگەی مێژووییەوە) لە ڕۆم و ئێرانی کەونارادا بگەڕێین. ڕۆژنامەکان لە ڕۆمی کەونارادا لە سەر دەستی "ژولیۆس سزار" بە ناوی "ئوکتادیۆما" بە شێوەی دەستنووس لە چەند شوێنێکی شار بۆ خوێندنەوەی کەسانی خوێندەوار هەڵدەواسرانو کارو چالاکیو فەرمان و بڕیارەکانی سزارو سێنایان لەخۆ گرتبوو. لە ئێرانی کەوناراش لەسەدەی سێیەمی زایینیدا بە دەست پێشخەریی ئەردەشیری بابەکان ڕۆژنامەیەک بە ناوی (روزنامک) یان کارنامەی

ئەردەشیری بابەکان بڵاو دەکرایەوە. ئەو ڕۆژنامەیە بریتی بوو لە چالاکی و بڕیارەکانی شا، دەربار و ڕۆحانییانی هەتاهەتایی زەردەشتی. هەڵبەت جیاوازیی (ڕۆزنامەک)ی ئێرانییەکان لەگەڵ "ئۆکتادیۆما"ی ڕۆمی لەوەدا بووە کە "روزنامەک" تەنیا بۆ کەسان و لێپرسراوانی تایبەتی دەنێرداو هەموو تاکێکی کۆمەڵگا ئیزنی ئەوەیان نەبوو "روزنامەک" بخوێننەوە. بەڵام هەنووکە ڕۆژنامەنووسان، "ڕێلەیشێن" بە دایکی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ دادەنێن و ساڵانێکە ئەنجومەنی جیهانیی ڕۆژنامەنووسان کۆنوانسیۆنی ساڵانەی خۆی بە بۆنەی دەرچوون و وەشانی "ڕێلەیشێن" لە شاری ستراسبۆرگدا بەڕێوە دەبا. هەرچەند کە ڕێلەیشێن حەفتا ساڵ توانی درێژەی بە وەشانی خۆی بدا. بەڵام ئاخۆ شەپۆلەکانی بواری ڕۆژنامەگەری، وەکوو بەشێکی گرنگ و کاریگەری بواری ڕاگەیاندن و میدیا و گەیاندنی زانیاری کە بە دەسەڵاتی چوارەم ناودێر کراوە، لە چ سەردەم و بارودۆخێکدا گەیشتوونەتە نیشتمانی ئێمە کوردستان و لە چ هەلومەرج و بارودۆخێکدا بووە؟ کوردستان، کوردستانی داگیر و لەت لەت کراو کە هەمیشە لەژێر زەبری شەڕ و ماڵوێرانی و داگیرکاری و سەرکوت و کوشتاری داگیرکەراندا بووە، چ کاتێک و چ سەردەمێک پرس و مەسەلە فەرەەنگی ساسیی، جڤاکی و ئەدەبییەکانی بە شێوەیەکی نووسراو و لە شێوازی ڕۆژنامە و گۆڤار و حەفتەنامە و نامیلکەدا کەوتنە بەرباس و بڵاو کرانەوە؟ چ کەسانێک دەستپێشخەرو پێشەنگی ئەم کاروانە لە نووسین و پەیڤ و وشەو داهێنان بوون؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارانە لە مێژووی کورددا روون و دیارن، چونکە لاپەڕە زێڕین و کەسکو پڕ لە داهێنانەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیریی کورد شاهێدی ئەوەمان بۆ دەدەن کە ڕۆڵی پێشەنگ و ڕچەشکێنانەی بنەماڵەی چالاک و ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەری بەدرخانەکان، چ لە شێوازی خەباتی چەکداری، نەتەوەیی و سیاسیی کورد بۆ بەدستهێنانی مافە ڕەواکانی و چ لە شێوازی خەباتی فەرەەنگی و چاندی و ڕۆشنبیریدا، بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکران. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و پاش ئەو هەموو قۆناغە سەخت و ئەستەمەی کە بەسەر نەتەوەکەمان لە باکووری کوردستاندا هات، پاش ئەوەی هیچ دەرەتان و هەل و دەرفەتێکی سیاسی و چالاکی و خەباتی چەکداری لە باکووری کوردستان لە ئارادا نەماو دەوڵەتی عوسمانی بە هەموو شێوەیەک سەرکوت و چەوساندنەوە و ژینۆسایدی نەتەوەیی کوردان و بە لاڕێدابردن و چەواشەکردنی خەباتی نەتەوەیی کوردانی تاقی کردەوە، ماڵبات و بنەماڵەی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری بەدرخانەکان وەکوو بنەماڵەیەکی ناودار و میرنشینێکی دەڤەری بۆتان کەوتنە بیری وەڕێخستنی شێوازێکی‌تر لە خەباتی کورد، کە ئەویش خەباتی فەرهەنگی و ڕۆژنامەوانی بوو. کە لە ئەنجامدا لە سەر دەستی ڕووناکبیرو ئەدیبو چالاکڤانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، ئەمیر مێقداد مێدحەت بەدرخان لە ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ی زایینیدا لە قاهێرە، پێتەختی وڵاتی میسر، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان" دەستی بە وەشان کرد .**ئەمیر مێقداد مێدحەت بەدرخان** مێقداد مێدحەت بەدرخان، کوڕی ئەمین عەلی بەگ، توانی یەکەم بڵاڤۆکی کوردی لە ئاوریلی ١٨٩٨ی زایینی لە قاهێرە، پێتەختی وڵاتی میسر و لە تاراوگەدا بە ناوی کوردستان (ڕۆژنامەی کوردستان) و بە زمانی کوردی و زاراوەی کرمانجیی سەروو و زمانی تورکی بڵاو بکاتەوە. بەستێن و بابەتەکانی کوردستان فەرهەنگی، ئەدەبی و پەروەردەیی بوونو زیاتر لە وڵاتانی میسر، بریتانیا و یوگۆسلاویدا و بە شێوەی دوو حەوتوونامە چاپ و بڵاو دەبۆوە. مێقداد بەسەر چەندین زمانی بیانی بۆ وێنە: فەرانسی، عەرەبیو تورکی شارەزایەکی باشی هەبوو. هەڵبەت لە سەردەمی شۆڕشی تورکە گەنجەکاندا نووسینگەی ئەم بڵاڤۆکە ئەگوازرێتەوە بۆ ئەستەمبۆل و بە سەرنووسەریی سورەیا بەدرخان بەگ بڵاو دەبێتەوە .

چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی کوردستان هەتا ساڵی ١٩١٨ درێژەی دەبێ. خاڵێک کە لە بارەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە نابێ لەبیر بکرێ و جێگای بایەخە، ئەمەیە کە چاپخانەی ئەو ڕۆژنامەیە چاپخانەیەک بووە بە ناوی "چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان" کە لە قاهێرە بووە. بێگومان دەبێ یەکەمین چاپخانەی کوردیش هەر بە چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە لایەن مێقداد مێدحەت

بەدرخانەوە بنیات نراوە لەقەڵەم بدەین. سەرچاوەی ئەم خاڵە گرنگەش لە بابەتێک دایە کە لە ژمارە ٤ و ٥ خودی ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ بووە .**جەلادەت ئەمین بەدرخان** (١٨٩٣ - ١٩٥١) دیپلۆمات، سیاسەتڤان، نووسەر، زمانناس و ڕۆژنامەنووس، جەلادەت ئەمین عەلی بەدرخان، بە پێی زانیاریی سەرچاوە کوردییەکان لە دەوروبەری شاری ئەستەمبۆڵی تورکیە لەدایک بووە، هەرچەند ئینسکلۆپیدیای بریتانیا ناوبراو بە لەدایکبووی "ماکتالا"ی سووریە دەزانێ. جەلادەت، مامۆستای حقووقی زانستگای ئەستەمبۆڵی تورکیە بوو و توانی خوێندنی خۆی لە مونیخ تەواو بکات و ئاشنایی تەواوی بەسەر چەندین زمانی وەک: عەرەبی، ڕووسی، ئاڵمانی و فەرەنسیدا هەبووە. جەلادەت بەدرخان لە ساڵی ١٩٢٣ی زایینی کاتێک کە کەمالیستە تورکەکان حکوومەتی کۆماریی تورکیەیان ڕاگەیاند، تورکیەی بەجێهێشت و ڕووی کردە وڵاتی میسر. لە ١٩٢٧ دا لە کۆنفرانسی نەتەوەیی کورد لە بەیرووت، کۆمیتەیەک بە ناوی "خۆیبوون" بۆ هاوئاهەنگ کردن و ڕێکخستنی بزووتنەوەی کوردەکان پێکهات. جەلادەت بەدرخان وەک سەرۆکی ئەو کومیتەیە هەڵبژێردرا. ناوبراو ٣ ساڵ دواتر لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی و ئازادیی بزووتنەوەی کوردانی هەرێمی ئاگری لە تورکیە بە ناوی کۆماری ئارارات بەرەوروو بۆوە .

ناوبراو دوای شکستی بزووتنەوەی ئارارات ڕۆیشتە ئێران. ڕەزاشای پەهلەوی، شای ئێران دەیهەویست جەلادەت ناچار بکات کە لە ناو بزووتنەوەی کوردەکانی ئێراندا بمێنێتەوە و پێشنیاری کۆنسوولیشی پێکرد بەڵام ناوبراو کاتێ زانی ناتوانێ ناوبژیوانی بکات بە زۆر لە وڵات وەدەرکەوت. پاشان ڕووی کردە عێراق، بەڵام بریتانیاییەکان ڕازی بە مانەوەی ئەو لە عێراق نەبوون و لە ئەنجامدا ساڵی ١٩٣١ ڕوویکردە سووریە، واتە ئەو شوێنێک کە دوو دەیەی ئاخری ژیانی تێیدا و لە تاراوگەدا تێپەڕاندبوو. دوای شکستی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تورکیە، ئێرانو عێراق، جەلادەت هۆگریی خۆی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی دەرخست، جەلادەت لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٢ - ١٩٣٥ی زایینیدا گۆڤاری "هاوار"ی لە سووریە بە زمانەکانی: فەڕەنسی و کوردی بڵاو کردەوە. گۆڤاری هاوار لە ماوەی چەند ساڵ دەرچوونیدا یارمەتی و هاریکاریەکی بەچاوی بە ئەدەبیاتی فولکلۆرو تێکستی نەنووسراوی کوردی کرد. جەلادەت بەدرخان لەو ماوەیەدا توانی ئەلف و بێی کوردی بە پیتی لاتین ئامادە بکات و ڕێزمانێکی پێوەری و بنەمایی بۆ زمانی کوردی دابڕێژێ. جەلادەت لە ماوەی ژیانیدا لەگەڵ براکەی کامەران بەدرخان، توانی بڵاوکراوەگەلێکی وەکوو: هاوار، ڕووناهی، ڕۆژانۆ و ئەستێر چاپو بڵاو بکەنەوە. جەلادەت ساڵی ١٩٣٥ لەگەڵ ڕەوشەن بەدرخان زەماوەندی کرد. بەرهەمی ئەو ژیانە دوو منداڵە بە ناوەکانی: جەمشید و سینەم خان. جەلادەت لە ماوەی ساڵانی کۆتایی ژیانیدا تووشی زۆر گرفتی تاقەت پڕووکێنی نەداری و ئابووری هاتووەو ڕووی کردۆتە کاری وەرزێری. هەتا ئەوەی کە لە مانگی جووڵای ١٩٥١ دا نەخۆشی بڕستی لێ دەبڕێ و کۆچی دوایی دەکات. جەلادەت چەندین کتێبی لە بواری مێژووی کوردستان و چەند فەرەەنگێکی کوردی ـ فەڕەنسی نووسیوە .

**کامەران بەدرخان** کامەران بەدرخان، کوڕی ئەمین عەلی بەگ، شاعێر، وشەناس، ئەدیب و مێژوونووسی کورد، لە بناغەدانەرانی ڕۆژنامەنووسیی کوردە کە لە ماوەی ژیانیدا چەندین گۆڤاری بە چاپ گەیاندووە. لە ساڵی ١٩٥٠ی زایینیدا کامەران بەدرخان توانی لقی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانستگای سووربۆنی فەرانسە بکاتەوە و خۆیشی لەوێ وانەی دەگوتەوە. ساڵی ١٩٤٣ تا ١٩٤٦ بڵاوکراوەی ڕۆژانۆی بە زمانی کوردی و فەرەنسی و بە پیتی لاتین چاپ و بڵاو کردەوە. ناوبراو لە سووریەدا بڵاوکراوەکانی "ئەستێر"و "ڕووناهی"ی چاپ کرد و لە بڵاڤۆکی "کوردستان"دا هاوکارییەکی زۆری براکەی خۆی، مێقداد مێدحەت بەدرخانی کرد .**ئەمیر سورەیا** ئەمیر سورەیا، کوڕی ئەمین بەگ بەدرخانە. ناوبراو لەو کەسانەیە کە لە دەرکردنی ڕێککەوتننامەی "سێڤەر"دا ڕۆڵێکی بەرچاوی

هەبوو. بە وتەی دانەری مێژووی ناودارانی کورد ئەمیر سورەیا، ڕێکخەری سیاسیی مێژووی کوردستان بووە. ئەمیر سورەیا، خوێندنی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردو هەر لەوێش ڕۆژنامەی کوردستانی بە زمانی کوردی و تورکی چاپ و بڵاو دەکردەوە. ئەمیر سورەیا، شارزاییەکی تەواوی لە زمانەکانی: فەرەنسی، عەرەبی، فارسیو تورکیدا هەبووە. ئەمیر سورەیا، گۆڤاری "ژین"ی لە قاهیرە بە شێوەی دوو حەوتوونامەو بە زمانەکانی: کوردی، تورکی و عەرەبی چاپ و بڵاو دەکردەوە. کە گوایە ئەو گۆڤارە درێژەی ڕۆژنامەی کوردستان بووە. بێگومان بنەماڵەی بەدرخان لەو نموونە بنەماڵە بەناوبانگانەی کوردانن کە هەم لە بواری سیاسیو هەم لە بواری فەرهەنگیدا چالاک بوون و لە پەنای خەباتی سیاسیی خۆیاندا roوویان کردۆتە چالاکی و خەباتی فەرهەنگیش و بە چاپی گۆڤار و ڕۆژنامە، خزمەتێکی بەنرخ و گرنگیان بە نەتەوەی کورد کردووە. هەوڵ و چالاکییەکانی ئەو بنەماڵەیە لە راستای پەرەپێدانی کولتورو چالاکیی سیاسیی کورددا، بۆتە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی سەرهەڵدانی ئەندێشە و بیری ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردستان و فۆرم و قەوارەی نوێی پێ بەخشیوە و هەتا هەتایە ڕۆڵی ئەو بنەماڵیە کە وەک ئەستێرەی درەوشاوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەدرەوشێتەوە، لەبیر ناکرێ.

ئێستا پاش ١١٧ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە وەک ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ناودێر کراوە، لە هەرێمی کوردستان کە بە بەهەشتی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژهەڵات ناوبانگی دەرکردوە، گەشە و بەرەو پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بینیوە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە .

لە هەر چوارە پارچەی کوردستان، بەهۆی ئەو هەلومەرج و بارودۆخە رەخساوە سیاسی و کولتوورییانەی کە بەسەر باشووری کوردستاندا زاڵ بووە، ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی و چاپەمەنی و نووسین بە زمانی دایکی لە هەموو بەشەکانی دیکە باشتر بووە و لە چەندین قۆناغی جیاوازدا گەشانەوە و بووژانەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و دەکرێ لە چەندین کتێب و نامیلکەدا ڕەهەند و لایەنە جۆراوجۆرەکانی، وەک سەرهەڵدان، قۆناغەکانی گەشە و لاوازی، هەروەها سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی حیزبی و ئەهلی و سەربەخۆ بخرێنە بەرباس و تاوتوێ بکرێن .

بەتایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی بەشکۆی ساڵی ١٩٩١ ەوە ئەم ڕەوتە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە و لێرەدا ئیتر زمانی بێگانە و عەرەبی لە زمانی نووسین دادەماڵرێ و زمانی کوردی دەبێتە چەقی نووسین و داهێنان و گەلێک ڕۆژنامە، گۆڤار و چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەفزیۆن دێنە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە. ماوەی زیاتر لە 5 ساڵە ڕەوتێکی نوێ و شەپۆلێکی تازە لە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستان بەناوی ڕۆژنامەنووسیی بێلایەن و ئەهلی سەریهەڵداوە کە لە دەربڕین و نووسین و ئاراستەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بەتەواوەتی جیاوازە، هەرچەند هێشتا هەژموونیی حیزبی و حکوومی تێیاندا هەست پێدەکرێت، بەڵام خۆی لەخۆیدا بۆ کۆمەڵگەی کوردی قۆناغێکی گرنگ و نیشانەی پێشکەوتن و بەرو پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی کوردستانن .قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قۆناغی دەسپێک (کۆماری کوردستان (بۆخستنە بەرباسی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەکرێ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩ - ١٣٥٧ بکەینە بنەمایەک و ڕەوتەکە بە دوو قۆناغی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕش دابەش بکەین. بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە گورترین و بەرچاوترین ڕەوت، ئەو سەردەم و ماوە کورتە بووە کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەویش لە ناوچەی باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماکۆ و "خۆی"یەوە بگرە تا دەگات بە بەشێک لە شاری سەقزی لەخۆ گرت، کە بە گوڕ و تینێکی بەرفراوان و بە ئەندێشەیەکی نەتەوەیی و بە پشتیوانیی دەسەڵاتی

سیاسیی کۆماری کوردستان و لەسەر دەستی چەندین ئەدیب، شاعیر و رۆشنبیری بە توانا وەکوو: سەیفولقوزات، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، عەبدولڕەحمان زەبیحی، حەسەن قزڵجی، سەید کامیل ئیمامی(ئاوات)، خاڵەمین، عەباس حەقیقی و هتد...چەندین گۆڤار و رۆژنامەیان وەکوو کوردستان، هەڵاڵە، نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانیان چاپ و بڵاو کردەوە، بەڵام ئاستی وەشان و ئەو ناوچانەی کە ئەم پەرتوکانەی تێدا بڵاو دەکرایەوە لە شارەکانی باکوری رۆژهەڵاتی رۆژهەڵات تێنەپەڕی کە هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی ببوونە هۆی رەخساندنی .

هەر لەو ماوە کورتەدا پۆلێ چاپەمەنی، کتێب و پەرتوکی کوردی هاتنە مەیدانی رۆشنبیری و زمان و ئەدەبی کوردی بووژایەوە، هەرچەند ئەو تەوژمە ئەدەبی و رۆشنبیرییە نەگەیشتە شارەکانی پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان و ئیلام، بەڵام ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە، بە کپ کردنی ئەو هەڵە لەلایەن دەسەڵاتی حکوومەتی پەهلەوییەوە رەوتەکەش راوەستاوە و دامودەزگای حکوومەتی پاشایەتی وەک ئاتاتۆرک لە تورکیە هەوڵی داو بۆ یەکدەست کردنی زمان و کولتووری نەتەوەکانی ئێران و تواندنەوەیان لە یەک نەتەوەدا. دیارە بە هێنانی ئەم روانگەیە و کپ و بێدەنگ کردنی رەوتی رۆشنبیری و فەرهەنگی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەم گورزی گورچکبڕی لە پەیکەری فەرهەنگ و کولتوری ئێرانی دا و هەم دەیهەویست بەربەرەکانێ لەگەڵ بوونی هەستی نەتەوەیی گەلانی ئێراندا بکات .قۆناغی شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی :(بەڵام خرۆشی گەلانی تووڕەی ئێران، جووڵەی لەو ئەندێشەیە بڕی و ئیرادەی جەماوەر بەسەر سەرکوت و زەبرو زەنگدا سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پەهلەوی و پیلانە دژە مرۆییەکانی هات. بۆ ماوەیەک سەرلەنوێ هەلومەرج بە گوڕوتینێکی ترەوە رۆژنامەگەریی کوردی لە وڵاتەکەماندا سەری هەڵدا. ئەگەرچی لەبەر کاریگەریی کات و هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمە، چاپەمەنییەکان زۆرتر سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام خێرا سەریان هەڵدا و شانبەشانی رووداوکان گەشەیان کرد و هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی مەیدانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆیان خاوەنی چاپەمەنی و بڵاو کراوەی تایبەت بە خۆیان بوون. هاوکات بەشێک لە هێز و لایەن و رێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش ئەو دەرفەتە لەبارەی کوردستانیان قۆستەوە و گۆڤار، بڵاو کراوە و نامیلکەکانی خۆیان لە کوردستان بە چاپ دەگەیاند و رەوانەی ناوچەکانی دیکەیان دەکرد. ئەو ماوە کورتەش سەرلەنوێ کۆتایی پێ هێنرا و لەلایەک هەلومەرجی ئەستەم و ناسکی ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٥٠ی هەتاوی تا نیوەڕاستی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و بڵێسەی ئاوری شەڕ زۆربەی دەرەتاەکانی رەواندەوە. وەڵامی داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ئێران و ئەو دەرفەتانەی کە بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندە رەخسابوون، هەڵایسانی شەڕی لێکەوتەوە. شەڕی حکومەتی ئسیلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و چەند هۆکاری تریش بوونە هۆی ئەوەی هەتا کەش و هەوایەکی پڕلە ترس و سەرکوت باڵ بەسەر رەوتی رۆشنبیری لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بکێشێ و کۆمەڵانی خەڵک لە سەرەتایی ترین مافە مرۆییەکان، خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی قەدەغە بکرێن، گۆڤار و رۆژنامەو کتێبو رەوتی چاپ و وەشان پێشیان پێگیراو کەش وهەوایەکی تەژی لە سانسۆر و ئەمنیەتی لە کوردستان هاتە ئاراوە و رەوتی رۆژنامەگەری هاوچەرخی کوردی تووشی قەیران و وەستان بوو. هەرچەند لەم قۆناغەدا جۆرێک لە ئەدەبی بەرگری و راپەڕینخوازانە فۆرم دەگرێت و بە نهێنی و ناوبەناو لەملاو لەولا چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. رۆژنامەنووسیی شاخ و حیزبی بە نهێنی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام بە ئازادی ناگەنە دەستی خەڵک و قەدەغە دەکرێن .

بەڵام ساڵی ٦٣ی هەتاوی ساڵێک بوو کە لە سەر هیمەتی پیرێکی ژیر و شاعیرێکی نەتەوەیی و جوانپەرەست شقڵی ئەو بێدەنگییە

شکێنراو مامۆستا "هێمن" بە شنەبای "سروە" ئاڵای فەرهەنگ و ئەدەبی رۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵکرد و بەڕاستی تێگەیشتبوو کە بنەمای بوونی هەر گەل و نەتەوەیەک فەرهەنگی ئەو گەلەیە، دەنا حازر نەدەبوو بۆ خزمەت بەم بوارە و بووژانەوەی رۆژنامەگەریی کوردی هەرچی تانە و توانجی دەورووبەرە قبووڵی بکات و لە کارەکەی وازی نەهێنا. پاش چەندین ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی کارە بەنرخەکەی هێمنی دڵسۆز و هاوەڵەکانی خزمەتێکی هەرە گرنگی بە ئەدەب و فەرهەنگ و رۆشنبیری کرد و هەر بە تاقانەیی مایەوە زۆر شاعیر و نووسەرو رەخنەگرو چیرۆکنوسی لاو "سروە" بوو بە مامۆستایان و لە کەند و کۆسپ و هەڕەتەکان رزگاریانی کرد. سروە پا ش تەمەنێکی دوور و درێژ لە خزمەت بە رەوتی ئەدەبی و رۆژنامەگەریی ئەدەبیی کورد و بڕینی چەندین قۆناغ، لە گۆڕینی ناوەرۆک، شێواز و شوێنی کار، سەرەنجام پاش زیاتر لە ۲۵ ساڵ تێکۆشانی فەرهەنگی بە تەواوەتی رووی لە لاوازی کرد و خوێنەر و نووسەرانی لێ تەریک کەوتنەوە و هاوینی ساڵی ۱۳۸۹ی هەتاوی دوای ۲۸۱ ژمارە، لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێرانەوە بەهۆی گرفتی ماڵی بە یەکجاری داخرا و ئەو دەرەتانەش رەویەوە .

لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ لەگەڵ گوڕوتینێکی نوێ لەناو دونیای فەرهەنگ و رۆشنبیری و بە دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و کۆبونەوەی نووسەران و بیرمەندانی کورد سروە لە تاقانەیی رزگاری بوو و دەستەخوشکێکی بەناوی "ئاوێنە" هاتە مەیدانی رۆژنامەگەریی کوردی کە لەسەر دەستی نووسەران و دڵسۆزانی کوردی دانیشتوی تاران و کوردە فەیلیەکان شانبەشانی سروە گەشایەوە و بە ئاوڕدانەوە لە رەوتە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە ئیلامەوە بگرە تا دەگاتە خوێ و ماکۆ رۆڵێکی ئەکتیڤ و چاکی نواند. رۆژنامەگەری لەو کاتەدا ببوو بە گۆڕەپانێک بۆ تاودانی پێنووس بەدەستان. نابێ لە یاد بکەین کە رەوتی سروەو ئاوێنە وەک رەوتێکی زیندوو، وەکوو سەردەم و قۆناغەکانی پێشوو تووشی هەوراز و نشێوبوون. کە هەتا هاتووە ئاستی گۆڤارەکە دابەزیوە و کەم هێزتر بۆتەوە. بەڵام ئاوێنەش بنبڕ کرا لە کاتێکدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەری جیدیی کورد لە ئیلام و کرماشان و کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاواوە تێیدا دەیانووسی، پێشی پێگیرا و پەنجەرەکی تر بە رووی نووسین و داهێناندا داخرا. رەوتی زەمان و بە بەهرە گەیشتنی هەوڵ و چالاکییە فەرهەنگییەکان و ئەکتیڤ بوونی رەوتی رۆشنبیری و پێویستیی سەردەم بوونە هۆی سەوز بوونی نەمامێکی تری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. بەڵام ئەمجارە ئەو نەمامە لە شارێکی خنجیلانە و فەرهەنگ دۆستی وەک مەریوان لە لێواری "زرێبار"و لە سینگی ئەفسانەی دەرویشەوە روا. نەمامی زرێبار کەوتە پەل هاویشتن و باوەشی بۆ یادی سەدساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی گرتەوە. ئەمجار گۆڤاری"زرێبار"دوای هەوڵ و تەقەلای زۆر وەک یەکەم چاپەمەنیی خۆماڵی و سەربەخۆ لە رۆژهەڵاتی ئێران خۆی دەرخست کە ئێستاش لە فۆرم و شێوازێکی نوێ و ڕاڤەییدا پاش بڕینی چەندین قۆناغی هەوراز و نشێوی وەک راگرتن، نەبوونی پشتیوانەی ماڵی و ... هەر بەردەوامە .کۆتایی دەیەی ٦٠ و دەیەی ٧٠ی هەتاوی و قۆناغێکی گرنگ :لە دەرەوەی زانکۆکانیش و لە مەیدانی رۆشنبیری و رۆژنامەگەریدا لە هەوڵ و چالاکی نەوەستان و لە شاری سنە ساڵی ۱۳۷۵ی هەتاوی حەوتونامەی "ئاویەر"و پاشان حەوتونامەی "سیروان" بەدوو زمانی کوردی و فارسی هاتنە مەیدانی رۆژنامەگەری کوردی، هەرچەند بۆ ماوەیەک بوون بە تریبۆنی باڵ و جیناحەکانی ناو دەسەڵاتی ئێران، بەڵام لە ئاستی خۆیاندا خزمەتی بەرچاویان بە بووژانەوەی رەوتی رۆشنبیری و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد .

بەپێی هەلومەرج و هاوتەریب بوون لەگەڵ رەوتی بەجیهانی بوون و هاتنە ئارای شەپۆلی تازەی رووناکبیری بۆ وەڵامدانەوە بە سەدان پرسیاری جیددیی بێ وەڵام، بەرز بوونەوەی ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی، سەرهەڵدانی چینی خوێندکار و بژاردەی کۆمەڵگا و

چوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانی کورد بۆ زانکۆکان و هاتنە ئارای فەزایەکی تازەی سیاسی لە کوردستان و ئێران، بارودۆخێکی رەخساند و بەڕێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی رەوتی رۆشنبیری و ئەندامانی ئەنجومەنەکان نووسەران، شاعیران، رەخنەگران، بیرمەندان، چالاکانی سیاسی، مەدەنی و خوێندکاری لە دەرەوەی زانکۆ و بەتایبەت لەنێو زانکۆکانی ئێران و لە هەر گۆشە و قوژبنێکی زانکۆکانی ئێران و کوردستان دەستیان دایە وەشان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری خوێندکاری و بە شێوەیەکی ئاکادێمی و راڤەیی بابەت و مەسەلە نەتەوەیی و رۆشنبیری و ئەدەبییەکانیان شرۆڤە دەکرد و چەندین گۆڤاری وەکوو: روانگە، بەیان، نیشتمان، چیا، ترووسکە، برووسکە، رۆژانۆ، ئامانج، کرمانج، چرۆ، رۆژانۆ، نویسا، پەیڤ، تاڤگە، تەڵخا، رەوت، رچە و هتد...یان بڵاو کردەوە .

لە درێژەی ئەم رەوتەدا لە شاری مەهاباد گۆڤاری "مەهاباد" پێی گرت و خۆی خزاندە ناو بازنەی چالاکیی رۆژنامەگەریی ئەدەبییەوە، ئەم گۆڤارە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و بڵاو دەبێتەوە و یەکێک لەگۆڤارە زیندوو و چالاک و بەنرخەکانی رۆژهەڵاتی ئێرانە.

دەیەی ٨٠ و قۆناغی ژۆرنالیستیی مۆدێرنی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان :دوای خوێندنەوەیەکی نوێ و پێناسەیەکی سەدەمیانە و مۆدێرن لە رۆژنامەگەریی هاوچەرخی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پاش داخرانی حەوتوونامەی "ئاوێر" و هەموو گۆڤارە خوێندکارییەکان، شەپۆلێکی تازە و نوێخواز و ئەمڕۆیی لە رۆژنامەگەریی کوردی رەخنەگر و پرسیارخولقێن هاتە ئاراوە کەلە چوارچێوەی حەوتوونامەگەلێکی وەکوو: رۆژهەڵات، ئاسۆ، "پیام مردم"، دیدگا، کەرەفتوو، دەنگ، خویندکاری کورد، ئاشتی و چەندین رۆژنامە و گۆڤاری دیکە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران شەپۆلێکی بەرین لە رەوتی تازەی رۆژنامەگەریی هاوچەرخی کوردییان بنیات نا، کە پرس و تەوەرە گرنگەکانی رۆژ وەک: پرسی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، بەجیهانیبوون، فیمینیزم، هاووڵاتی بوون مافی مرۆڤ و پرسە گرنگە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو دیاردە و کەموکۆڕییانەی لە کۆمەڵگای کوردی دان خرانە روو. ئەم قۆناغە دەتوانین وەکوو قۆناغی دەسپێک و بنیاتنانی رۆژنامەگەریی مۆدێرنی کوردی لە رۆژهەڵات ناودێر بکەین. چونکە لەم قۆناغەدا رۆژنامەنووسی بە ئەزموون و خوێندەوار و شارەزا بە چەمک و میتۆدە هاوچەرخەکانی، هەواڵ، راپۆرت و وتارنووسین ئاشنا بوون. توێژێک لە رۆژنامەنووسی رەخنەگر و پێکهاتە شکێن هاتنە مەیدان کە ئاراستە نووسینیان ئاراستەیەکی رەخنەگرانە و هاوکات نەتەوەیی بوو. هەروەها ئاڵوگۆڕ و قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و ئێران و رەوتە تازەکانی ئەدەب وەک: شێعر، چیرۆک، رۆمان، شانۆ، سینەمای کوردی و رەخنەی ئەدەبییان بە شێوەیەکی زانستی دایە بەر شرۆڤە و لێکۆڵینەوە .

قۆناغی رەوینەوەی دەرفەتەکان و داهاتووی نادیار: سەرەتای دەیەی هەشتا هەرچەند بە لەدایک بوونی بووژانەوەی رەوتی نوێی رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دێتە ئەژمار، بەڵام ئاڵوگۆڕە سیاسییە ناوخۆیەکانی ئێران و داخرانی فەزای سیاسیی کاریگەرییان لەسەر دانا و بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم قۆناغە کەم بخایەنێ. ئەم رەوتەش وەکوو قۆناغەکانی پێشوو لەلایەن دەزگا ئەمنیەتی . نیزامی و هەروەها دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە پاش هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نژاد پێشیان پێگیرا. حەفتەنامە و گۆڤار و نامیلکەکان داخران، ستاف و دەستەی نووسەران و رۆژنامە نووسان دەستبەسەر و حوکمی زیندانیان بۆ برایەوە. رۆژنامەنووس و نووسەرانی کورد تاوانی سیخوڕ، بەستراوە بە بێگانە و دژبەری ئاسایشی نەتەوەیی و ئاژاوەگێڕیان درایە پاڵ. کەش و دۆخی نائۆمێدی، زیندان دەستبەسەر کردن و تەنانەت حوکمی ئیعدام بۆ رۆژنامەنووسانی کورد باڵی بەسەر ناوچە کورنشینەکاندا کێشا. لە ساڵی ١٣٨٥ بەرەو ئەملا زۆرێک لە رۆژنامەنووس، چالاکانی مەدەنی و سیاسی کەلە حەفتەنامە و گۆڤارە

کوردییەکاندا چالاکییان دەکرد، دەستبەسەر و ڕەوانەی گرتنگە و زیندانەکان کران. بە چەشنێک کە زیاتر لە ١٠ ڕۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکانی ئێراندا بوون و هەر جارە کە لەلایەن ڕێکخراوی هەواڵنیرانی بێسنوورەوە ئێران وەکوو گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانی جیهان لە قەڵەم دەدرا و کوردستان لە ئاستی ئێراندا زیترین پشکی زیندانیی ڕۆژنامەنووسی زیندانیی هەبووە. دوو کەس لە ڕۆژنامەنووسانی چالاک و جیدیی کورد بەناوەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەند و عەدنان حەسەنپوور کەلە ساڵی 1386ەوە بەهۆی چالاکیی ڕۆژنامەوانییەوە دەستبەسەر کراون، ئێستا بە پێشینەترین ڕۆژنامەنووسانی زیندانیی ئێران دێنە ئەژمار و هەروا لە زیندان دان و بەپێی دوایین زانیارییەکان محەممەد سدیق کەبوودوەند لە زۆریک لە مافەکانی هەر زیندانیەکی سیاسی بێبەش بووە و هەتا ئێستا نەیانهێشتووە لە مافی مەرەخەسی کەڵک وەربگرێت و چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێت و هەتا ئێستا ٥ ساڵ لە ١١ ساڵ حوکمەکەی تێپەڕاندووە. "عەدنان حەسەنپوور"یش وەکوو یەکێکی تر لە ڕۆژنامەنووسانی زیندانیی کورد لە زۆرێک لە مافەکانی بێبەش کراوە و پاش هەڵوشاندنەوەی حوکمی ئیعدامیی، ماوەی زیندانەکەی کرا بە . ... ساڵ. لە تەواوی ئەو ڕۆژنامە، حەفتەنامە و گۆڤارە مانگانامە و وەرزنامانەی کەلە دوو دەیەی ٧٠ و ٨٠ هەتاویدا لە ناوچە کوردشنیەکانی ئێران چاپ و بڵاو دەکرانەوە، تەنیا حەفتەنامەی "سیروان" و گۆڤاری ئەدەبیی و فەرهەنگیی "زرێبار" ماون و بەردەوامن. لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا ئەو هەموو هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپانەی کە هاتوونەتە بەردەم توێژی ڕۆژنامەنووس و چالاکانی بیاڤی ڕاگەیاندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشی هەرە زۆریان لە پارێزگای کوردستان و بەتایبەت شاری سنە بوون، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو حەفتەنامانەی کە چاپ و بڵاو کراونەتەوە، لەو شارە بوون. هەرچەند لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام ئێستا چەندین حەفتەنامە و گۆڤاری مانگانە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام لە کۆی نزیک بە ٤٠ بڵاو کراوە کە لەو دوو پارێزگایە دەردەچن، تەنیا دوو لاپەڕە بۆ زمانی کوردی تەرخان کراوە بۆ زیاتر لە ٤ ملیۆن حەشیمەتی هاووڵاتیی کوردی هەر دوو پارێزگاکە کە ئەویش تایبەتە بە شێعر و ئەدەب. سەرەتای ساڵی ١٣٩٠ لەلایەن لێژنەی چاوەدێری بەسەر چاپەمەنییەکانی وڵات مۆڵەتی چاپی ١٠ بڵاو کراوەی جۆراوجۆری بۆ پارێزگای کوردستان پەسند کرد کە هەتا ئێستا بە فەرمی ٣ دانە لەو بڵاڤۆکانە دەست بەکار بوون و ئەوانی دیکەیان هەر لە چوارچێوەی ناودا ماونەتەوە. هەرچەند ئێستا لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران حەفتەنامە و دوو حەفتەنامەکانی: "سیروان، دیار کوهەن، ندای گەڕووس، چرۆ، دیدگا، نیشتمان، سۆران، موبەشر، کرماشان، ندای ئازادی، نەوای کرماشان و .. بەڵام دەرەتانەکان ڕەوینەتەوە، قەڵەم بەدەسەت و ڕۆژنامەنووسانی جیدیی کورد یان وڵاتیان بەجێ هێشتووە، یان گۆشەنشینی و دوورەپەرێزیان کردۆتە پیشە و کەش و دۆخی ترس و تۆقاندن زاڵە و نائومێدی و بێ هیوایی بە داهاتوو وەک ئاراستە و ڕاستەڕێی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵەم دەدرێن. ئەو بلاوکراوانەش بێجگەلە "سیروان" کە زمانحاڵی حکوومەتە زۆرەبەیان بە نارێکوپێکی و لەوپەڕی کێشە و گرفتدا چاپ و بڵاو دەبنەوە. لە حاڵێکدا بەرەو یادی ١١٧ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە، لە بارودۆخێکدا بەرەو پێشوازیی کاروانی نەوەکانی بەدرخان، پیرەمێرد، گیوی موکریانی، هەژار و هێمن و دەیان ڕۆژنامەنووس و قەڵەم بەدەستی مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە کە هیچکام لەو حەفتەنامە، نامیلکە و بڵاو کراوانەی کە ئەمڕۆ لە ناوچە کوردشینەکانی ئێران چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، سەربەخۆ نین و لە ئەنجامدا چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێت پرس و بابەتە بەرباسەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگی ڕۆژهەڵاتی ئێران وەک خۆیان شرۆڤە بکرێن و بۆ رای گشتی بگوازرێنە. بەڵام هەلومەرجی ئێستای ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵات بەرەو تاریکی دەڕوات و ئاسۆیەکی نادیاری هەیە، هاوکاتە لەگەڵ سانسۆر، بێدەرەتانی و نەبوونی پشتیوانیی ماڵی و قەیرانی خوێنەر و دەیان گرفتی دیکەی وەک نەبوونی ناوەند و ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافە ڕەواکانی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانی کورد لەو بەشەی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە پەرتەوازەبوون، هەڵاتنی نووسەر و ڕۆژنامەنووسە جیدییەکان بۆ هەندەران، کەشێکی بێ هیوایی خولقاندووە،

هەرچەند بە گۆڕینی سیماکانی دەسەڵات لە ئێران و لەناو بەرەی بەناو ریفۆرمخواز لەناو کۆمەڵەی فەرهەنگی و ڕۆژنامەوانیدا هەندێ هیوا دەرسکێن، بەڵام بنەما و جەوهەرکانی دەسەڵات و ئاراستەی دارێژراوی کاری فەرهەنگی و ڕۆژنامەوانی ئەو دەرەتان و دەرفەتانە دەرەوێننەوە و رەوتی نائومێدی و بێ هیوایی هەر درێژەی دەبێت. ڕۆژنامەنووسان، میدیاکار و چالاکانی بیاڤی راگەیاندنی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوخۆ و ئەوانەش کە پەریوەی هەندەران و وڵاتانی دراوسێ بوون، بە گومانەوە دەڕوانە قۆناغی ئێستا و ئاسۆ و هیواکان کەمرەنگ و بێ وزە دەبینن، چونکە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ئێران ئێستا لە قۆناغی قەیران و ئاڵۆزی دایە و فەزایەکی ترس، گومان و دڵەڕاوکێ بەسەریدا زاڵە و قەڵەمەکان دەستەمۆ کراون و بە ئاقارێکی نادیار و بێ شوناس و چارەنووس نادیاردا ڕێگا دەبڕێت. بەڵام کاروانی نووسنین و داهێنان و پەنجەرە و ڕۆژنەکانی دەستخستنی زانیاری و بواری میدیا و ئەوانەی عاشقانە لەم بوارەدا کار دەکەن، کۆڵ نادەن و لە رەهەند و گۆشەنیگای دیکەوە هەوڵی گەیاندنی دەنگ و رەنگ و خولیاکانی کۆمەڵ دەدەن. کە ئەویش فەزای مەجازی و ڕۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی و ماڵپەڕ، ئاژانس و سایت و وێبلاگنووسیی سیاسی و فەرهەنگییە کە ئەمڕۆ بە جۆرێک جێگا و شوێنی بە میدیای کاغەزی لەق کردووە و هەتارادەیەکیش دەسەڵات و ناوەندەکانی کۆنترۆڵ و چاوەدێری کەمتر پێی دەوێرن. ئێستا میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی بواری راگەیاندن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان رووپان کردۆتە ئەم بوارە و لێرەوە دەیانەوەی بوونی خۆیان بسەلمێن و هاواری کپکراوی کۆمەڵگاکەیان بگەیەننە دنیای دەرەوە .**سەرچاوە** :گۆڤاری زرێبار، ژمارە ١٥ بەهاری ١٣٨٥ گۆڤاری سروە ژمارە ١٢٥ ـ حەفتەنامەی ڕۆژهەڵات، ژمارە ٤٤ ـ روانگە گۆڤاری خوێندکاریی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تەورێز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نێوز / ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٥

# لە یادی ١١٧ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی.

## دارا خونچە

ئەمن تا ئێستا وە پێی ئەو توانا و ئەزموونەی کە هەمبووە لە چەندین بواری فەرهەنگیی بەشدار بوومە.. ئەگەر وە هۆی ئەو کار و ئەرکانەشم کە لە نێو پانتایی رۆژنامەگەریی وە تایبەتیش لە نێو (رۆژنامەی رێگای کوردستان و رۆژنامەی ئەمرۆ و ماڵپەڕی ئەمرۆ) ئەنجامم دانە هێندەک خوونەر وە رۆژنامەنووسم بزانن.. ئەوە باشترین پەیامی من لە یادی ١١٧ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی ئەوەیە؛ ئیدی پێویستە ئەو کەسانەی وە (رۆژنامەنووس) ناودێر دەکرێن ناوی (رۆژنامەنووسیی) لە خۆیان بکەنەوە و داوای بووردن لە فەرهەنگە هەژارەکەی کوردی و میللەتەکەی خۆیان بکەن.. ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی خوارێ:



● یەک رۆژنامەی ناحیزبیی و ئازاد و سەربەخۆمان نییە، نەک ١١٧ بەڵکە زۆر لە راستییەوە نێزیکە ئەگەر بێژم ١٧ رۆژنامەنووسی ئازاد و سەربەخۆشمان نییە! ئەگەر نا دەبووایە ئێستا وە لایەنی کەم چەند رۆژنامەیەکی ئازاد و سەربەخۆمان هەبووایە.. نەک ئەو گەرەلاوژێیەی وەسەر رۆژنامەگەرییدا هاتیە کە هەر کەسەی راست دەبیتەوە بێ ئەوەی بزانی تەنانەت نامەیەکی جوان بنووسی ژێربەژێر هێندەک پارە لە حیزبەک یان رێکخراوەکی نێوخۆ یان رێکخراوەکی بیانیی - کە هەموویان وە ناوی هاوکاریی و گەشانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەریکی کاری سیخوڕیین - وەردەگرن و رۆژنامەیەکی پێ دەردەکەن و لە سەری دەنووسن (رۆژنامەیەکی ئازاد و ئەهلیی و سەربەخۆیە!!!)!



● زۆربەی هەرە زۆری رۆژنامەنووسان کاری رۆژنامەنووسیی تەنێ وەک کاری نووچەگەهانی و پیشەی پەیداکردنی بژێوی ژیان تەماشا دەکەن.. ئەوە بێجگە لەوەی کەمیان هەن بتوانن یەک وتار بنووسن پڕاوپڕ نەبی لە (هەڵەی رێنووس، هەڵەی زمانیی و رێزمانیی، هەڵەی خاڵبەندیی و تەنانەت هەڵەی دروستکردن و دانانی پەرەگرافیش)، کەچی زۆریان هەن لە پێناو ئەوەی خۆیان وەها پیشان بدەن کە زۆر شارەزان دەو لە فەلسەفە دەکوتن و قسەی گەورە گەورە دەترنجێننە نێو وتارەکانیان.. زۆر جار لە رێی ئەو وەرگێڕانە بێ پێزانەی کە وەرگێڕدرانەتە سەر زمانی کوردی یان هەر خۆیان قیچەکی زۆر کەم لە زمانەکی دیکە فێربوونە قسەی یەکەک لەو چەقەچەقکەرانە (هابرماس، هۆبز، جۆن لۆک، نیچە، فۆکۆیاما، ژیژک، چۆمسکی، و... هتد) وە خواروخێچیی دووبارە و چەندبارە دەکەنەوە و چەندین لاپەڕەی (جوان و خاوێن)ی پێ پیس دەکەن!

● بێجگە لەوەی ۱۱۷ ڕۆژنامەنووسمان نییە ناوی دایکیان وەک ناوی دووەم وەکارببەن و ئیدی خۆیان وە (کوڕ یان کیژ)ی دایکیشیان بزانن و واز لە نێرسالاریی و باوبسالاریی بهێنن.. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر ڕۆژنامەنووسیشمان هەن ناوی دووەمیان یان ناسناوەکانیان ناوی (خێڵەکی یان گوندیی و ناوچەگەریی یان دینیی یان پیاوسالاریی و پاشدامایی)ن .. کە ئەو ناسناوانە دەژنەوی ووەها هەست دەکەی لە دیوەخانی ئاغایان دای!

● لەوەتەی بزووتنەوەی کوردایەتیی هەیە لە نێوان (عوسمانیی و سەفەویی)ەکانی پێشان و ئێستا دابەش بووە، کەچی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسان وەک پاشکۆی سیاسەتبازان ستایشکەر و دەربارەی ئەو بزووتنەوەیەن تەنانەت هێندەکیان شەیپوورژەنی خودی عوسمانییەکان و سەفەوییەکانیشن!

● لەوەتەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە شێوەیەکی بەرفراوان بڵاودەبێتەوە وە سەتان ۱۱۷ ژنی کورد وە ناوی بێ ڕەوشتیی و شوشتنەوەی ئابڕووی پیاوان وە دەستی نێرسالاران کوژرانە و ئەتک کرانە و ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیی درانە و ڕووبەڕووی چەندین توندوتیژیی دیکەی پیاوسالاریی بووینەوە.. کەچی ڕۆژنامەنووسان نەک هەر ڕۆڵەکی ئەوتۆیان نەبووە لە بەرگرتن بەو تاوانکارییانەی سەر ژنان بەڵکە هێندەکیان هاندەر و بەشداریش بوونە تێدا!

● ۱۱۷ ساڵە سەرکردە دیارەکانی کوردان تێکڕایان یان خێڵەکیی و دینیی بوونە یان تاکڕەو و پاکتاوکار و نیمچە دیکتاتۆر و گەندەڵکار بوونە کەچی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسان وەسەریان دابەش بوونە و وەک پەرستن دەیانپەرستن و پێنووسەکانیان لە بەرانبەریان سەرشۆڕ و ملکەچن!

● هێشتا ڕۆژنامەنووسە وە ناو چەپەکان وە باشوور دەبێژن (کوردستانی عێراق!) و وە کورد دەبێژن (کوردزمان!) و ڕۆژنامەنووسە نەتەوەپەرستەکانیش هەر چاویان لەوەیە عێراقەکی دیموکراسیی دابمەزرێ و هەمیشە زمانی کوردیش لە بەرانبەر زمانەکانی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان وە کەم دەبینن!

سەرەڕای هەموو ئەوانەی سەرێش:

● تا ئێستا وە دەیان و وە سەتان ڕۆژنامەنووس لە ژێر سایەی دەسەڵاتەکەی (بارزانی و بنەماڵەکەی و حیزبەکانی دیکە و داعشییە نێوخۆییەکان) و لە ڕێی پاوانخوازیی و پاکتاوکاریی حیزبەکان تیرۆر کرانە، لە ڕێی سانسۆرە دینیی و خێڵەکیی و پیاوسالاریی و دابونەریتە داڕزیەکان دەستگیر کرانە و وە شێوەی جوراوجۆر سزادرانە.. ئازرا و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیی درانە و چاویان لێ سۆر کرایتەوە.. نانبڕا و گۆشەگیر کرانە.. شاربەدەر و نیشتیمانبەدەر و پەڕاگەندەی هەندەران کرانە، کەچی ئێستا بارزانی لە پاش ئەو هەموو تاوانکارییانە و دیزەبەدرخۆنەکردنی چەندین کێسی تیرۆکردنی ڕۆژنامەنووسان - وە تایبەتییش کێسی تیرۆرکردنی (سەردەشت عوسمان)ی ڕۆژنامەنووس کە خودی بارزانی و بنەماڵەکەی تێیدا تۆمەتبارن - لە یادی (۱۱۷)ەمین ساڵەی ڕۆژنامەگەریی

کوردی (وەک نەریتی سەرۆکە تۆتالیتار و دیکتاتۆرەکان) دەبێژێ: (دەکرێ میدیای کوردی سەنگەرێکی بەهێزبێت دژی ناحەزان)!!! کەچی یەک رۆژنامەنووس نییە یان یەک رۆژنامەنووس ناوێری لێی بێتەدەنگ و راستەوخۆ و راشکاوانە پێی بێژێ: (ئەزبەنی، سەنگەری بەهێزی میدیای کوردی وە هەبوونی ئازادیی دەربڕین و ئازادیی رۆژنامەگەریی و هەبوونی یاسایەکی سێکیولار و مۆدێرنانە دێتەدی نەک بەو دەردەی کە وە رۆژنامەنووسانت برد.. ئێستا لەو دەڤەرەی کە خۆت تێیدا دەسەڵاتداری رۆژنامەنووسان ناوێرن یەک فزە بکەن.. هەر رۆژنامەنووسەکیش ملکەچ نەکا و رەخنەی راشکاوانە بگری یان تەنانەت ئەگەر رەخنەیەکی ئەندێشەئامێزانەی ئەدەبییش لەسەر دەسەڵاتەکەت بنووسی ئەوە پڕی دەوی گولله دەکرێ!!!)!

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٥

# کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ۱۸۹۸ – ۱۹۰۲

## یووسف ئەحمەد منتک

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەمین نۆبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردییە، دوور لە خاکی کوردستان و لە تاراوگە لە لایەن میسر میقداد مدحت بدرخان ئەندامی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، کوردپەروەرو سیاسەتمەدارورۆناکبیری کوردن، لە قاهیرەی – میسر دەرچووە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ( ۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸تا ٤- ی نیسانی ۱۹۰۲- بە تێکڕایی ۳۱ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە) . ئەم قۆناغەی ڕۆژنامەی کوردستانی تیادا بڵاوکراوەتەوە دوو پێناسە بەخۆوە دەگرێت: قۆناغی سەرکوتکردنی کورد- قۆناغی ڕێنسانسی بوژانەوەی کولتووری کورد، . لەم کاتەدا سەرجەم شۆرش وسەرهەڵدانەکانی کورد لەباکوری کوردستان، بە درندانەترین شێواز لە لایەن سوڵتان عبدوالحمیدی دووەمی عوسمانی و دەست وپێوەندەکانی، سەرکوت دەکران ولەناودەبران یا لەخاکی نیشتمانی دایک دوور دەخرانەوە. ئاشکرایە ئیمپراتۆرییەتی تورکی عوسمانی لەدرووست بوونییەوە تا ئەم ڕۆژەی بە پیاوە نەخۆشەکە ناوزەد دەکراو خرایە زبڵدانی مێژووەوە، بە ئیمپراتۆریەتێکی درندەو بەربەری ودواکەوتوو ناسراوە، ئەوەش بۆتە کولتورێکی باوی تورک کە تائێمرۆش پیادەی دەکەن، وەک ناسنامەی حوکمرانی تورک دەناسرێتەوە، هەموو دونیا لە گۆڕاندایە، تەنیا تورک نەیانتوانییوە لەم کولتورە داخراوە ڕەگەز پەرستانەیە یان بێنە دەرەوە، نەتەوەکان وناوچەکەشیان لەگەڵ خۆیان تژی لە کێشەو ئاڵۆزی کردووە.


دُوبَرا ۱ | سالا عوئلي | عدد ۱

كردستان

۱۳۱۵

نَحچي كاغذك ڤي ريكه
دڤي ريكێ مصرى مَنز
ناف خوييڤي جريده‌يي
لاوِ بدرخان پاشا
مقداد مدحت بكى
هرچار دُوهزار جريده‌يا
بي بَرَه آزيـ‌ـه ريكم
كردستانى دەبِدِن خاكى
بازده روژا جاركي تيت
تفيساندن

عنوان
مصرده «كردستان» غزته‌سي
صاحب ومحرري بدرخان
پاشا زاده
مقداد مدحت
مرطبنده . . . ۲۰ نسخه كردستان
ولات مظانه ارسال ووسائط ارپله
قراوقصباته نشر وتعميم اوله جقدر
كردستان خارجنه هر بر
ايچون سنه‌لك ابونه بدلي
۸۰ غروشدر
كردستان داخلنه خصوصي
استيانلره مجاناً گوندريلور

كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه آشويق ايچون نشر ايدلمك

اون بش گونده بر نشر اولنور كردجه غزته‌در

روژا پنجشي‌ده ۳۰ ذوالقعده سنه ۱۳۱۵ پنجشنبه في ۹ نيسان سنه ۱۳۱٤

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژخُدى تعالى‌ره ام مسلمان خلق كرين . وظائينا علم ومعرفتيره هش وزكا دامه . درحقا عَلِماندِنا علم ومعرفتيره گلك آيتين جليله واحاديث شريفه هَنِن دنيايده ڕِجقاس مسلمان هَبن گوند وباژيرين تَمياده مكتب ومدرسه وجريده هَنن دنيايده چه دِبه چه نابه جريده دِڤيسن . حيفامن تيت ژكرداره كُـرد ژگلك قَوما زيده‌تر خويێ هش وزكانه جاميرن دبين خوده راست وقَوينه خُورتن ودِيسا وَكه قومين دي نه خوندانه نەدزانن دنيايده چه دِبه جيران وان موسقوف چاوه‌يه وى چه بكه نِزانن لَوما رِيا خُديده من آف جريده پاها تميسي يادِنا خُدى تعالى پاش نهو هر بازده روژاده جاركي آزي جريده‌كي بنفيسم . ناف ڤي من كريه ( كردستان ) ڤى جريده‌يده آزى بحثا فنجيا علم ومعرفتا بكم

لِكودَري مروف دِعَله لِكودرى مدرسه ومكتبن قنج هنه آزي نيشا كردا بكم لكودري چه شر دبه دولتين مَظن چه دكن چاوه شر دِكن تجارت چاوه دِبه ازي حميا حكات بكم حتى نهو كسي جريده‌كي هولي نفيسيه آف جريده‌يا مناها يا عوئلي‌يه لوما وي گلك كيابي هبتن . ازهيفي دِكم كيايا جريده‌يي ژمنره بنفيسن حمي بِنِشت وكي نو چه دبن ڕِكين باشي هنكي دِچه دكوه ريده اڤه ايدي آزي دست مقصدى بكم . ( ومن الله التوفيق )

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتيه « العلماء ورثة الانبياء » آنكو علما وارثين انبيانه ژ طرف خُديده مامورن وعظ ونصيحتي بدن خلكى ريا قنج نيشا وان بكن لَوما گلي عَلماين كردا چارَه اون وعظ ونصيحتا غيرى ددن ولى دڤي اون مير وآغا وكرمانجين دناسن وان تشويقا ظائينا علم ومعرفتى بكن ريا قنج نيشا وان بكن هكي اون وي نكن گنهى حميا سطوى‌وميه

لەساڵی ۱۸۹٦ میرانی کورد دەست دەکەن بە هاندانی خەڵک بۆ خۆڕیکخستن و کاری نهێنی تا لە خراپەکاری عوسمانییەکان بەدووربن، ئەوکات حکومەت زۆربەی میرە کوردەکانی بردبوو لە ئەستەنبول نیشتەجێی کردبوون.

لەساڵی ۱۸۹۷ میر مدحت بدرخان ڕوودەکاتە ولاتی میسرو لەوێ نیشتە جی دەبێت

لە پێناوی بەرژەوەندیی و مافەڕەواکانی گەلی کوردو ناساندنی دۆزەکەیان بە دوونیاو، بەمەبەستی بەرگری کردن لە کوردو ڕوبەڕوو بوونەوەی سیاسەتەکانی سوڵتانی عوسمانی، وە هۆشیارکردنەوەی ڕۆلەکانی گەلەکەی و خستنە سەر ڕێی راستی کوردایەتی، بۆ ئەم ئامانجانە لە قاهیرەی پایتەختی میسر بەردەوامی بەخەبات دەدات.

بۆ ئەم مەبەستە بیر لەدەرکردنی ڕۆژنامەیەک دەکاتەوە، لە ( ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)

لە قاهیرە لە چاپخانەی هیلال، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا ڕۆژنامەیەک دەردەکات بەناوی ( ڕۆژنامەی کوردستان).

دوای ساڵێک میر مدحت بەگ نەخۆش دەکەوێت، بۆ چوونیکی تر دەڵێن سوڵتانی عوسمانی لە ژێر فشار بردوویتییەوە بۆ ئەسەنتبول دەست بەسەری کردووە. لەوە بەدوا میر عبدالرحمانی برای سەر پەرشتی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان دەکات بۆ ئەم مەبەستە دەچێتە سویسرا تا لە سنووری دەسەلاتی سولتان دوور کەوێتەوە.

عوسمانییەکان ڕۆژنامەکەیان بە دووژمنی سەرسەختی خۆیان دەزانی، بۆ وەستاندنی بە هەموو شێوەیەک کەوتبوونە دژایەتی کردن و لەناوبردنی، بەدرخانییەکانیش بۆ بەردەوامی ڕۆژنامەکەو سلامەتی خۆیان ڕۆژنامەی کوردستانیان لە چەندین کات و شوێنی جیاوازدا بلاوکردۆتەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان:

لە ژمارە ( ١تا ٣١- بە - ٤ - لاپەڕە و قەبارەی- ٢٥، ٣٢X٥، ٥سم) دەرچووە. نوسراوە: پازدە ڕۆژ جارەکی تێت نڤیساندن جەریدەیا کوردییە. سەرەتا لە ژمارە ( ١تا٣) زمان کوردی کرمانجی ژوورو، شێوەزاری جزیرەی بۆتان، ڕێنووسی ئارامی لە سەر تەرزی فارسی بووە، لە ژمارە ( ٤) وە زمانی تورکی زیاد دەبێت بە هەمان ڕێنووسی ئارامی واتە ئەلفا بێی عەرەبی. تیراژی ژمارە کان جیاوازە، لە هەر ژمارەیەک بڕی تیراژەکە و نووسراوە: دەنێرمە کوردستان تا بەبەلاش بدەنە خەڵکی. تا ئیستا ژمارە ( ١٩) نەدۆزراوەتەوە، ئەوەی لەبەر دەستە ( ٣٠) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانە. ئابوونەی ساڵانە ( ٨٠) قرووش نووسراوە. هەردوو میری بەدرخان بە کەسانی ڕۆشنبیرو زانا دەدرانە قەلەم، جگە لەزمانی کوردی، شارەزاییان لە زمانەکانی وەک: فەرەنسی، فارسی، عەرەبی، تورکی دا هەبووە.

بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان زیاتر لەم بابەتانە بوون کە تیشکیان دەخستە سەر کێشەی ڕەوای گەلی کوردو زوڵم و زۆرییەکانی دەسەلاتی عوسمانییەکانی دەخستە ڕوو، شعری شاعیران، مەم وزینی خانی، ئایەت وفەرموودەی پێغەمبەر د. خ. سەرەتا چەند نامەیەکیان بۆ سوڵتان عبدالحمیدی دووەم نووسی، بەلام کە زانیان گوێی پێنادات، ئیتر بە نووسین هێرشیان دەکردە سەری. مەبەستی ڕۆژنامە زیاتر بۆ فێری خوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی کوردان بوو.

١- لە ژمارە (١ تا ٥ ) لە قاهیرەی پایتەختی میسر لە لایەن میر میقداد مدحت بدرخان چاپکراوە، ( ٢٠٠٠) دانەی نێردراوەتەوە کوردستان. لەسەری نووسراوە: عنوان- مصردە( کوردستان) غزەتەسی - صاحب ومحرری بدرخان پاشازادە{ مقداد مدحت}. ئیتر لەژمارە ( ٦ تا ٣١) لە لایەن میر عبدالڕحمن بدرخانی برای مقداد مدحت بدرخان لە چەند کات وشوێنێکی جیاواز دەرچووە .

٢- لە ژمارە ( ٦تا ١٨) ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن عبدالرحمن بدرخان لە جنێف دەرچووە، ( ٢٠٠٠) دانە ی نێردراوەتەوە کوردستان، عنوان وا نووسراوە: جنوەدە( کوردستان) غزەتەسی- صاحب ومحرری بدرخان پاشازادە عبدالرحمن. لە ژمارە ( ١٦تا١٨) ئەم ئەدرێسە ش زیادکراوە:

.((KURDISTAN- Adresse: Rue de carouge, n7, GENEVE ( suisse

هێندەک سەرچاوە باس لەوەدەکەن کە لە ژمارە( ٦تا١٩) بەیەکەوە لە جنێف دەرچوون!، ئەگەر ژمارە ( ١٩) لەگەل ئەوان دەرچووبێت ئەوا هەمان ڕەنگ قەبارەو ژمارەی لاپەڕەکان و ئەدریسی وانی هەیە، بەلام بۆنەوەی تووشی هەڵە نەبین، سەبر بگرین تا ژمارە ( ١٩) مش دەدۆزرێتەوە، چونکە لە لێکۆلینەوەی زانستی وئەکادیمیدادەبێت بەڵگەو دیمکۆمێنت لەبەر دەست بن ئینجا کاری لەسەر بکرێت.

٣- لە ژمارە ( ٢٠تا ٢٣) بۆ دووەم جار لە قاهیرە دەرچووە، ( ٢٠٠) دانە ی نێردراوە کوردستان. ئەدرێس نووسراوە:

.(KURDISTAN- Adresse:Boite- special N-679 CAIRE )

٤- ژمارە ( ٢٤) لە لندەن دەرچووە. ( ٢٠٠٠) دانە نێردراوە بۆ کوردستان. ئەدرێس نووسراوە: ( Address: ABDULRAHMAN BEDRIKHAN- 75- Prince Square- London ).

٥- لە ژمارە ( ٢٥تا ٢٩) لە خواروی بریتانیا، فۆلکستۆن دەرچووە، ( ٢٠٠) دانە نێردراوە بۆ کوردستان. ئەدرێس نووسراوە: ( Address: year Bay Crescent- 5 Fast CLIN- FOLKSTONE- ANGLETERRO). لە ژمارەکانی ( ٢٨ و ٢٩) تەنها نووسراوە: فۆلکستۆن- ئەنگلیترۆ.

٦- ژمارەکانی ( ٣٠و٣١) بۆ دووەم جار لە سویسرا- جنێف دەرچووەتەوە.

چاپخانەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی لێ چاپ بووە:

١- ژمارە کانی ( ١تا ٣) لە قاهیرە لە چاپخانەی هیلال چاپکراوە.

٢- ژمارە کانی ( ٤و٥) لە قاهیرە لە چاپخانەی جریدەی کوردستان چاپکراوە.

٣- ژمارەکانی ( ٦تا١٨) لە جنێف لە چاپخانەی جەمعیەتا تفاق وقنجیا موسلمانا، چاپکراوە.

٤- ژمارەکانی ( ٢٠و٢١) لە قاهیرە چاپکراوە، بەلام ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

٥- ژمارەکانی ( ٢٢و٢٣) لە قاهیرە لە چاپخانەی هیندیە چاپکراوە.

٦- ژمارە ( ٢٤) لە لندەن چاپکراوە ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

٧- ژمارە کانی ( ٢٥-٢٦-٢٧) لە فۆلکستۆن دەرچووە، بەلام ناوی چاپخانەی لەسەر نییە.

٨- ژمارە کانی ( ٢٨ و٢٩) لە فۆلکستۆن دەرچووە، لە چاپخانەی انتقام چاپکراوە.

٩- ژمارەکانی ( ٣٠و٣١) لە جنێف دەرچووە، بەلام ئەوانیش لە چاپخانەی انتقام چاپکراوە، لێرەدا پرسێکی گرنگ دێتە پێشەوە، بە تایبەت ئەم چوار ژمارەی دووایی ڕۆژنامەی کوردستان لە یەک چاپخانە چاپکراون و لە دوو ولاتی جیاواز دەرچوون، ئەگەر هۆکاری ئەمنی وخۆپاراستن بێت لە پیاوانی سوڵتانی عوسمانی؟، مەبەست لەم ئالوگۆرە تەنها سەر لێتێکدانیانە بۆ نەزانینی شوێنی ژیانی خودانی ڕۆژنامەکەو دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان. لە ماوەی چوار ساڵدا ( ٣١) ژمارەی لێدەرچووە، لە( ٤ی- نیسانی ١٩٠٤) دواژمارەی ( ٣١) دەرچووە، ئیتر وەستاوە. (١).

کاتێک سوڵتانی عوسمانی زۆربەی ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان زیندانی دەکات و کەسێک نامێنیت ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەکە بگرێتە ئەستۆ، ئەو مەشخەڵە پرشنگداروگەشەی خەباتی ڕۆشنبیری گەلەکەمان( ڕۆژنامەی کوردستان) بە بەندکردنی ئەندامانی بنەماڵە دووایی بە تەمەنی دەهێنرێ.

دۆزینەوەی ڕۆژنامەی کوردستان وچاپکردنەوەی:

چەند دڵسۆزیکی گەلەکەمان پەرۆشی ڕۆژنامەی کوردستان وای لێکردن بەدوایدا بگەڕێن و ئەنجام ( ٣٠) ژمارەی بدۆزنەوەو بە چاپی بگەیەنن، هەموو ئەم ئەگەرو بۆچوونە هەلانەی پێشتر سەبارەت بە ڕۆژنامەکە هەبوو ڕەتی بکەنەوە.

سەرەتا دکتۆر کەمال فوئاد لە ئەلمانیا بەم جۆرە ژمارەکانی دۆزییەوە:

١ - چاپی یەکەم: لە هاوینی ( ١٩٦٨) لە پەرتووکخانەی شاری ماربۆرگ- ئەلمانیا ( ٢٦) ژمارەی بەدەست خستووە. ژمارەکانی( ١٠-١٢-١٧-١٨-١٩) دەست نەکەوتووە، تەوای ( ٢٦) ژمارەکانی کۆکردۆتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوە، لە سالی ( ١٩٧٢) لە بەغدا لە چاپخانەی ئۆفسێتی ئیخلاص چاپی یەکەمی کردووە. (٢). ئێستا ئەم چاپە لە پەرتووکخانەی شاری بەرلیندا هەیە. (٣).
٢- چاپی دووەم: نووسەری کورد محمد ئەمین بۆزارسلان لەسالی ( ١٩٩١)، هەمان چاپی یەکەمی د. کەمال فوئادی چاپ کردۆتەوە لە شاری ئوپسالا- سوید، بە زمانی کوردی هەر دوو ڕێنووسی عەرەبی و وەرگێڕاوەتە سەر پیتی لاتینی لە دوو بەرگدا، ئەم چاپەش لە پەرتووکخانەی شاری بەرلین دا هەیە. ( ٤)
٣- چاپی سێهەم: محمود زامدار لە سالی ( ١٩٩٨) بەبۆنەی یادی سەدسالەی ڕۆژنامەی کوردستان، چاپەکەی دکتۆر کەمال فوئاد- لەگەل دووژمارەی تازە دۆزراوەی لە هەولێر چاپ کردۆتەوە. (٥).
٤- ژمارە ( ١٧) ڕوناکبیری کورد محمود زامدار داویە بە دکتۆر کەمال فوئاد.
٥- ژمارە( ١٨) د. کەمال فوئاد خۆی لە ئەرشیفخانەکانی ئەنقەرە دۆزیویەتییەوە.
٦- ژمارەکانی ( ١٠ -١٢) د. جەلیلێ جەلیل، لە ئەرشیفخانەکانی نەمسا دۆزیتییەوە، لە ڤیستیڤاڵی بەدرخان لە دهۆک ڕۆژانی ( ٢١ تا ٢٣- ٤ی ٢٠٠٥) لە لایەن دەزگای بەدرخان ئەنجامدرا، پێشکەش بە دکتۆر کەمال کراوە.

٧- چاپی وچوارەم و پێنجەم: (حمید ئەبوبکر- حمید بدرخان) سەرۆکی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان دووجار هەر ( ٣٠)

ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی چاپ کردۆتەوە لەسەر چاپی یەکەمی دکتۆر کەمال فوئاد، لەسەر چاپەکان وا نووسراوە: چاپی دووەم- قاهیرە- ۲۰۰۵. چاپی سێهەم- تاران- ۲۰۰۶.

جگە لەژمارە( ۱۹)، بەهیوای دەست کەوتنی ئەم ژمارەیەش لەداهاتوودا.

سەبارەت بە ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، سالی ( ۱۹٦۸) بە پێشنیاری پرۆفیسۆر د. مارف خەزنەدار، ڕۆژی ( ۲۲ی نیسان) دیاری کرا بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، لەم کاتەوە ئەم ڕۆژە بەیادی ڕۆژنامەگەری کوردی دەناسرێت. (٦).

بەندە بۆ بەدواداچوونی ژمارەی ئۆرگیناڵەکانی رۆژنامەی کوردستان لە پەرتووکخانەی ماربۆرگ، ئەنجام پێیان راگەیاندم کە ئێستا لە وێ نەماون برداونەتە پەرتووکخانەی مەرکەزی لە شاری بەرلین.

خوولی دووەمی ڕۆژنامەی کوردستان: ۱۹۰۸-۱۹۰۹:

دوای ڕاگەیاندنی مەشروتییەتی تورکە لاوەکان لەسالی ( ۱۹۰۸)، ( سورەیا بەدرخان- ۱۸۸۳- ۱۹۳۲- ناسراوبە ئەحمەد ئازیزی- بلەچ شیرکۆ) لە نێوان ساڵەکانی ( ۱۹۰۸- ۱۹۰۹) بۆ جاری دووەم ڕۆژنامەی کوردستانی لە ئەستەمبوڵ دەرکردۆتەوە، بەلام تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی لەبەردەست نییە.

خوولی سێهەمی ڕۆژنامەی کوردستان: ۱۹۱۷- ۱۹۱۸:

بۆ جاری سێهەم سورەیا بەدرخان لە قاهیرە ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکاتەوە، ژمارەی ( یەک) ی لە ڕێککەوتی ( ۱۲- ئەیلولی- ۱۹۱۷) دەرچووە. ژمارە ( ۱۱) ی لە ڕێککەوتی ( ۲۸- کانوونی دووەمی- ۱۹۱۸) دەر چووە. سەرجەم ( ۱۱) ژمارەی لێدەرچووە، هەریازدە ژمارەی لە لایەن (نەجمەدین بیوک کایە – ناسراو بەنەجۆ) دراوە بە دکتۆر کەمال فوئاد. دکتۆر کەمال لەساڵی ( ۱۹۹۸) بەناوی ( کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی دەوری سێهەم ۱۹۱۷- ۱۹۱۸) لە سلێمانی چاپی کردۆتەوە.

لەسەردەمی نوێی ومۆدێرنەدا، لەسەردەمی ماسیمیدیاوئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا، لە ژێر ڕۆشنایی ڕۆژنامەی کوردستان وفیکری بنەمالەی بەدرخانییەکان، ڕۆژنامەگەری کوردی لەمڕۆدا، بە هەموو کەم و کورییەکانیشیەوە، گەشە وپێشکەوتنێکی باشی بە خۆوە بینیوە، لێرەوە سڵاو دروود بۆ ڕۆحی بەرزەفری جوامێرانی بنەماڵەی بەدرخانییەکان، بەدرێژایی مێژووی داهاتوو و کورد منەتبارو قەرزارباری ئەوان دەبێت.

تێبینی: لە یادی ۱۰٦ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە حوزەیرانی ۲۰۰٤ لە گۆڤاری پێشهات ژمارە ٦ وتاریکم لەسەر ڕۆژنامەی کوردستانی دایک بلاوکردبۆوە، لیرەدا لە ژێر ڕۆشنایی چاپی سێهەمی دەزگای بەدرخان- چاپی تاران- ۲۰۰٦ بە تایبەتی، و چەند

سەرچاوەیەکی تر وتارەکە و زانیاری نوێتر و ووردتر ئەم لێکۆڵینەوە یەچڕو بەرفراوانەم نووسی، بەهیوام توانیبێتم خزمەتێک بکەم لەئاست بەرزی ڕۆژنامەی کوردستانی دایک بێت.

پەراوێز:

١ - ١ - ٢- کوردستان: کۆکردنەوەو پێشەکی- د. کەمال فوئاد- دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی سێهەم- تاران- ٢٠٠٦. ئەم چاپەی کوردستان، وەک یەکەم سەرچاوەی سەرەکی ئەم نووسینە سوودی لێوەرگیراوە.

٢ - ٣- ٤- وەڵامی نامەی خاتوو هێلگا لە پەرتووکخانەی شاری کیل، لە ڕۆژی هەینی، کات ٩، ٤٦ دەقیقەی بەیانی لە ڕێککەوتی ٢٧ - ٤ - ٢٠١٢.

٣ - ٥- نەوشێروان مستەفا ئەمین: چەند لاپەرەیەک لە مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی- ١٨٩٨- ١٩١٨، بەرگی یەکەم- سلێمانی- ٢٠٠١، ل ٢٨.

٤ - ٦- جەمال خەزنەدار: بابەتی کۆڕێک لەشاری مانهایم، لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردی سالی ( ٢٠٠٤) لە لایەن ناوەندی زانیین ورۆشنبیری کوردی - ئەلمانی- مانهایم سازکرابوو.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان نێت / ڕێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠١٥



# لە ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا

ئەنوەر ئەسەدزادە



نوسینو بەستێنەکانی دەرکەوتنی هەمیشە یەک لەو بوارانە بووە کە توانیویەتی ئاستی گەشەی کۆمەڵگا بەرەو پێش بەرێتو نووسینی بێ سانسۆڕو قەڵەمی ئازادو بوێریش بەردەوام بوونەتە هۆکاری گەشەکردنی ئاستی فیکری کۆمەڵگاو ئەنجامی ئەوەش چاوکراوەیی‌و شارەزایی‌و لێزانینی شیاوی لە ئاستی جیاوازدا لێکەوتۆتەوە. رێگری لە نووسینو شکاندنی قەڵەمەکانو کپ کردنی بیرەکان تا بووە لەلایەن هێزە دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەشێوەی جیاواز لە ئارادا بووەو ئێمە کەم مێژووی وا لە کوردستان دەناسین کە قەڵەم بەدەستانی کورد بەشێوەیەکی ئازادانەو بێ چاوەدێری‌و سانسۆڕ بیریان ئاوێتەی پێنووسەکانیان کردبێتو لە ئەنجامدا دا بوویێتە هۆی خولقاندنی ئایدیایەکی شیاو و گرنگ. تا بووە قەڵەم بەدەستانی کورد لە ژێر دەسەڵاتی رژیمە داگیرکەرەکاندا چەکی سانسۆڕ لەسەریان بووەو تاڵەبان ئاسا قەڵەمەکانیان لێشاردراوەتەوە بەنهێنی نووسیویانە. دیارە یەک لە بوارەکانی نوسین بواری رۆژنامەگەرییە. بەهۆی زۆر هۆکاری تایبەت بواری رۆژنامەگەریش بەردەوام پڕ بووە لە کۆسپ و تەگەرە. رۆژنامەنووسانی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات زۆر بەکەمی مەوداو دەرەفەتی ئەوەیان بۆ خولقاوە تاکوو بە ئاشکرا تەعبیر بکەن لە خواستە رەواکانی خۆیانو ئازار و نەهامەتییەکانی گەلی کورد لەرێگەی رۆژنامەکانەوە بێننە بەر باس. دەیان بێ مافی‌و گەندەڵی‌و ئازاردانی شارۆمەندانی کورد لە گشت بوارەکان دا بوونی هەیە کە بە نهێنی ماونەتەوەو مەودایەک نەبووە کە رۆژنامەنووسانی کورد بیکەنە سوژەیەک و دەنگدانەوە بێت بە مەبەستی چارەسەرکردنو رێگری کردن لە دووپات بوونەوە. بەگشتی بواری نووسینو رۆژنامەگەری کوردی وەک پێویست رێگەی گەشەی پێنەدراوەو زۆرجار ئەوەشی لە ئێستاکەدا هەیە دەتوانرێ بوترێ تەعبیر لە تەواوی نەهامەتیی‌و ئازارەکانی کۆمەڵگا ناکات.

١١٧ ساڵ لەوە پێش لەرۆژی ٢٢ی ئاوریلدا، یەکەمین رۆژنامەی کوردی لەشاری قاهیری پێتەختی وڵاتی میسر لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوەو میقداد مەدحەت بەدرخانەوە دەرچوو و ئەمەش بووە خاڵی مێژوویی‌و یەکەمین هەنگاوی رۆژنامەنووسی کوردی. گومان لەوەدا نییە کە گەلی کورد لەماوەی ئەم ١١٧ ساڵە گەلێک ئازارو دژواری هاتۆتە رێگەیی‌و لەزۆربەی بوارەکاندا تووشی گرفتو کێشە بۆتەوە، بواری رۆژنامەگەری کوردیش یەک لەو بوارانە بووە کە هاوشان لەگەڵ باقی بوارەکانی دیکە بێ کێشە نەبووە لەگرفتو سەختی‌و دژواری. ئەگەر بەکورتی چاوێک بخشێنن بەسەر ئەم مێژووەدا گەلی کورد تەنیا لە یەک دوو قۆناغدا نەبێت لەباقی تەمەنیدا رۆژنامەگەریی کوردی لەشاخو لەو پەڕی سەختی‌و لەژیانی نهێنیدا چاپو بڵاوبۆتەوە. ئێستاکەش ئەگەر بمانهەوێ چاوێک بخشێنین بەسەرە دۆخی رۆژنامەوانی کوردی لەئێراندا ئەو راستییە بەرجەستە دەبێتەوە لەلامان کە رۆژنامەنووسانو رۆژنامە کوردییەکان بەردەوام لەگەڵ گرفتو کێشە رووبەڕوو بوونەتەوە.

ئێستاکە لەکاتێکدا یادی ئەو ڕۆژە مێژووییە دەکەینەوە کە زیاتر لەهەموو کاتێک کۆماری ئیسلامی فەزای سانسۆرو خەفەقانی بەسەر ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی بواری راگەیاندندا سەپاندووە. لە ئێرانی دیکتاتۆرلێدراو دیاردەی سانسۆر هەموو سوچ و لایەنەکانی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگای تەنیوەتەوەو هەر جۆرە بیرجیاوازییەک سەرکوت کراوەو ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆژنامەکان ڕووبەڕووی توندترین شێوەی سەرکوت دەبنەوە. سەرباری گشت ئەم ڕێگریو خولقاندنی فەزایەکی ترساویی، تا ئەو جێگەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستان، خەڵکی ئەم ناوچەیەو بەتایبەتی قەڵەم بەدەستانو ڕۆژنامەنووسان لەو دەرفەتە کەمەی بۆیان خولقاوە کەڵکیان وەرگرتووە، لەهەندێکی مەجال کورت ئێمە شاهیدی بڵاوبوونەوەی چەندین ڕۆژنامەوگۆڤار بووین. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم ڕۆژنامە و گۆڤارانە تیغی سانسۆرو کونترۆڵو چاودێری هەمەلایەنەیان بەسەرەوە بووە، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو مەجالەشی پێڕەوانەبینینو هەمووان بەچاوی خۆیان بینیان کە یەک بەدوای یەک ڕۆژنامەکان داخرانو ڕۆژنامەنووسان کەوتنە بەر هەڕەشەی دامو دەزگای سەرکوت لەئێراندا.

کوردستان بەهۆی تایبەتمەندی خۆی زۆر بەتوندی لەلایەن دامو دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەژێر چاودێریدایەو بەم شێوەیە مەجال نەبووە بەشێوەیەکی هەمەلایەنەو پرۆفیشناڵ کاری ڕۆژنامەگەری لەم ناوچەیە بەرێوەبچێتو گەشە بکات. کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەخراپترین حکومەتەکانە لەبواری چاودێری ئازادیی راگەیاندنەکانو چاپەمەنییەکانو میدیاکان بەگشتی بە توندی لەلایەن وەزارەتی ئیرشادەوە کۆنترۆل دەکرێنو لەئەگەری بڵاوکردنەوەی هەر بابەتو هەواڵێکی رەخنەئامێز بەتوندی لەلایەن دامودەزگاکانەوە بەرووڕوویان دەبنەوە. کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەکوردستاندا هەوڵی داوە تەنگ کردنەوەی فەزا بکاتە ئامرازێکی سەرکوت بۆ نەهێشتنی نوسینو رەخنەو هەروەها باس کردنو لەقاودانی کۆمەڵێک لەو خەسارە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریانەی کە بەرامەی سیاسەتە نادیمۆکراتیکەکانی کۆماری ئیسلامییە لەئاستی ناوخۆدا. کۆماری ئیسلامی بەپێی راپۆرتە نێونەتەوەییەکان وەک زیندانی ڕۆژنامەنووسان ناولێبراوەو ئەم رژیمە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی نەکردوتەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان تاکوو بەشێوەی ئازادانە بنووسنو کەمو کوڕیو کێشەکان بخەنەڕوو. هەر ئێستاکە چوار ڕۆژنامە نووسی کورد لەزیندانەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە تاوانی کاری راگەیاندنو نوسین لە زیندانەکاندا بەسەر دەبەن. تەنانەت کۆماری ئیسلامی تەحەمولی ئەوە چەند ماڵ ‌پەڕە کوردییەشی نەکرد کە بە جۆرێک هەواڵو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی دەخستەڕوو بە دانانی فیلتێرو داخستنی سایتەکانو گرتنی بەرێوەبەرانی ئەو دەرفەتە هەر چەند کەمەشی پێ ڕەوانەبینین.

پڕ ئاشکرایە ئێستاکە لە ١١٧ هەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی ئێمە شاهیدی پێگەیشتنی کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسو چالاکی بواری راگەیاندنین کە چکۆلەترین دەرفەتەکان دەقۆزنەوەو راشکاوانە هەنگاوەکانیان لەپێناو ئەو ڕێبازەدایە کە مەدەحەت بەدرخان ببوە خەونی هەمیشەیی. بەخۆشحاڵیەوە سەردەم بەهۆی راگەیاندنەوە ئیتر مەجال نادات کە وڵاتانی نادیمۆکراتیک بەتەواوی سەرپۆش دابنێن لەسەر پێشێلکارییەکانیان لەدژی دانیشتوانی وڵاتەکەیان. نموونەی هەرە زیندووی ئەم کارە بڵاوکردنەوەی ناوەبەناوەی راپۆرتو هەواڵەکانی لەقاودانی کردەوە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامییە لەدژی خەڵکی کوردستانو دەنگدانەوەی لەئاستێکی نێونەتەوەییدا. پێویستە بوترێ کە ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات سەرباری گشت ڕێگرییەکانی بەردەمیان، دەبێ هەوڵی زیاتر بدەن بۆ پەرەپێدان بەم بوارە لەکاری راگەیاندنو بۆ هێنانەدی ئەزموونێکی نوێ و گەشەی ئەم بوارە لە راگەیاندن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی کوردستان / ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٥

# پەیڤێک بۆ ساڵڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی

خالید عەزیزی



١٠٧ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ڕۆژی سێی بانەمەڕدا بۆ یەکەم جار بە هەوڵ و خەباتی مێقداد مەدحەد بەدرخان، تێکۆشەری ناوداری کورد لەشاری قاهیرەی میسر، یەکەم ڕۆژنامەیٚ کوردی بەناوی کوردستان لە دایک بوو. بارودۆخی پڕ لە چەوسانەوەی ژیانی کوردان بەجۆرێک بوە کە بوار بە گەشەو هەڵچوونی نەدریٚ و هەردەم سێبەری تاریکی و زۆرداری وایلێکردوە کە زۆرجار بەرەو پاشەوە بگەڕێتەوە. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەجۆرێک مرخیان لە لەناوبردن و تواندنەوەمان خۆشکردبوو کە بە دەمدروون و ڕێگرتن لە بەکارهێنانی زمان و کەلتوری کوردەواری و بەرگرتن لە هەڵدان و وشیاری بوونەوە و خۆناسینەوەی نەتەوەیی دەیان ویست لە ئاکامدا ئاسەواری نەتەوەیەک بەناوی کورد نەمێنیٚ. هەر ئەو زۆرداری و زۆرەملیە وایکردوە کە گیانی بەرەنگاری و بەرپەرچدانەوە لە ناو کوردستانیاندا پەرەبستێنیٚ و ڕۆڵەی وشیارو روناکبیری وا لە ناویدا هەڵکەویٚ کە بتوانیٚ مێژوو دروستبکاتەوە و ئاوی ڕۆباری حەزی داگیرکەران سەرەوژور پالبنێتەوە.

لە ناو مێژوویی کوردو کوردستاندا کەم نین ئەو تێکۆشەرە نیشتمانپەروەرانەی کە بە شاکارێک یان چەند شاکاریان توانیویانە درگای بوارێک بۆ گەشەی نەتەوەو کۆمەڵگاکەیان بکەنەوەو ببنە خاڵی دەستپێکی سەرەتایەکی مێژوویی و بەمەش مێداڵیای سەرقافڵەیی کاروانێکی دورودرێژی گۆڕەپانی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و داڕێژەری بیرو هزری گەل ویستیان بە بەرۆکدا کراوە. ئەگەر شەرەفخانی بتلیسی درگای گاڵەدراوی مێژووی ئەم نەتەوە خاوەن شارستانیەتە کۆنەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و نیشتەجێیەکانی چیاو لۆندە بەرزەکانی زاگرۆسی مادستانی خستە سەر گازەرەی پشت، ئەوە لەدوای ئەویش هۆنەری مەزن خانیی خاوەنی هۆنراوە چیرۆکی مەم و زین، یەکەم تروسکایی گەرای بیری نەتەوەیی لە ناو مێشکی کورداندا چاندو بوە پێشەنگی کاروانی هزرڤانانی نەتەوەیی. گەر شەرەفخان و خانی مەزن ڕاستەشەقامی ناسینەوە و ناسنامەی کوردەواریان بینیبێتەوە ئەوە مێقداد مەدحەد بەدرخان لە ئاوارەیی و تاراوگەوە کە داگیرکەران وڵات بەدەر و پەرتەوازەیان کردبوو، کوردستانێکی لەسەر پەڕ چێکرد کە زراوی عوسمانیەکانی بردوو بوە سەرەتایەکی زێڕین بۆ پەیڤی کوردی و ئەوەی ئەمڕۆ ناوی ڕۆژنامەگەریی کوردستانی لێنراوە. ناو نانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان ناکریٚ سەرچاوەکە بۆ خۆزگەی خاوەنی ئەو ڕۆژنامەیە بۆ دروستکردنی کوردستانێکی سەربەخۆ نەبینین. ئەو خۆزگەیەی کە هەتا ئێستاش خەون و هیوای نەتەوەکەیەتی و هەزاران و بگرە بەملیۆن قوربانی بۆدراوە. بێگومان مێقداد بەگ بە لێزانیەوە وشەی کوردستان کە تا نوکەش لە باکوری کوردستان بەربەستەو بەکارهێنای دەبێتە هۆی سەرئێشەو ئازارو ئەشکەنجەدان، هەڵبژاردوە.

هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردنی بارودۆخ و ڕەهەندەکانی هەنگاوەکەی مێقداد بەگ و لێوردبوونەوە لەو سەرەتایە کارێکی بەجیٚ و ڕەنگە

ئەرکێکی هەنووکەیش بێت. بەڵام لەوەش دڵنیام کارێکی وا نە ئەرک و نە توانای نوسراوەیەکی کورتی وەک ئەم نوسراوەیە کە بۆ یادکرنەوەی ١٠٧ەمین ساڵەی لە دایکبوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی تەرخانکراوە.

سەدوهەفتەمین ساڵی ڕۆژنامەگەری کوردی هاوکاتە لە گەڵ ٤٠٠ ساڵەی ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا. بەواتایەکی دیکە ئەمساڵ ڕۆژنامەنوسانی جیهان یادی چوارسەد ساڵەی دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی چاپکراو(ریلەیشن- Relation) دەکەنەوە کە بۆ یەکەم جار لە لایەن "جۆهان کالۆس"ەوە لە شاری ستارسبۆرگ و لەسەدەی هەڤدەدا چاپ و بڵاوکرایەوە. لەدایک بوونی ڕۆژنامەی کوردستان یان چێترە بێژین ڕۆژنامەگەری کوردی پاش نزیک سێسەدساڵ و ئەویش لە تاراوگە نەک لە کوردستان، بۆخۆی دەتوانی سەردێڕی باسێکی دورودرێژی پڕ لە ڕامان و لێوردبوونەوە بێت. کەواتە ئەمڕۆ ئێمە یادی سەرەتایەک دەکەینەوەکە نزیک ٣٠٠ ساڵ پاش دەستپێکی ڕۆژنامە نوسی لە جیهاندا دەستی پێکردوەو بێگومانیش دەبێ هەڵسەنگاندن و تێڕامانمان لەسەر ئەو بنچینەو بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی‌یە بێت.

١٠٧ ساڵ لەمەو پێش بەدرخانیەکان چرایەکیان داگیرسان کە ئێمە ئەمڕۆ لە بەر روناکایی و بڵێسەی دا مێژوویی نەتەوەیەکی حاشا لێکراوو دەربەدرو ئەنفالکراو دەبینین، نەتەوەیەک کە روناکایی ئەو چرا بەتینانەی مێژوومان، بەپێوە ڕایگرتوو لە کەوتن و لەناوچوونی پاراست. بەدوای ئەو هەوڵە دڵسۆزانەیەی مێقداد بەگدا ڕۆژنامەنوسیی کوردی کەم و زۆر بەردەوام بوە و بەشێک بوە لە خەباتی بەرەنگاری. هەرچەند وەک لەچارەی کورد وا نوسرابێت کە هەمیشە دەربەدر و ئاوارە بێت، بەڵام ئەوە یەک دوو ساڵە نەتەوەکەمان ئەوپەندەکوردییەی کە دەڵێ "هەر ئەمساڵ خۆزگەم بە پار"ی بەسەردا ناچەسپێ و تروسکایی هیوا لە ئاسۆی داهاتووی گەکەمان بەدیی دەکرێ، بەڵام هێشتا ڕێگای دورو درێژوو پڕ لە کەندو کۆسپمان لەپێشەو تێکۆشان و ماندوو بوونی تاکەکانی نەتەوەکەمانی لەجاران زیاتر پێویستە. لەو بەستێنەدا ڕۆژنامەگەری ئەرکی لە جاران گرانترە و بەرپرسایەتی مێژوویی زێدەتر دەکەوێتە ئەستۆ.

کاروانی پەیڤ و ڕۆژنامەگەری کوردی کەوتۆتە سەر ڕێچکەو ڕێبازی خۆی و گەلێک هەنگاوی گرنگی بۆ پێشەوە ناوە. گرنگترین قۆناخەکانی ڕۆژنامە گەری کوردی پاش قۆناخی دەستپێک، قۆناخی سەردەمی کۆماری کوردستانە کە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری جۆراوجۆر لە مەڵبەندی کوردستان لە ماوەی یانزدە مانگ دا بڵاوکرانەوە. ئەم سەردەمە دەکرێ بە سەردەمی گروگاڵ و پێگرتنی ڕۆژنامە نوسی کوردی دابنێێین.

بەدوای سەردەمی کۆماری کوردستان سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و پاش ڕاپەڕینی باشوری کوردستان سەردەمی هەڵدان و داڕشتنەوە و خۆناسینی ڕۆژنامەنوسی کوردیە. لە سەردەمی پاش ڕاپەڕین ڕۆژنامە نوسی کوردی هەنگاوی مەزن و بەرچاوی نا و لە بوارەکانی نوسین و دیتن و بیستن دا شەپۆلی دا و کەوتە سەرپێ. ئەگەرچی ڕۆژنامەنوسی کوردستانی هێشتا وەک دەسەڵات و پیشە نەیتوانیوە خۆی بناسێنێ و هێشتاش ڕۆژنامەی ڕۆژانەی سەربەخۆ لە کوردستان نابینرێ و زۆربەی کاناڵ و بوراەکانی ڕۆژنامەگەری تاپۆی دەسەڵات و هێزی سیاسیە، بەڵام ناتوانین ڕاستی گەشەی خێرای ڕۆژنامە نوسی لە ماوەی دە دوانزە ساڵی ڕابردوودا نەبینین. ئەمڕۆ چ لە کوردستان و چ لە هەندەران بەدەیان گۆڤار، ڕۆژنامە، کەناڵی تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆ پەیڤی کوردی بڵاودەکەنەوە و زمانی کوردی

دەوەشێنن. ئەگەر قەدەری مێژوو، نەبوونی کیانی سیاسی و نەتەوەیی بەسەر گەلی مەدا سەپاندوە و لەپێشکەوتن وەپاشی خستوین ئەوە وشیاری تاکی کورد ئەمڕۆ بواری بەردەوامی ئەو قەدەرە بە مێژوو نادا و بنیاتنانەوە و دروستکردنەوەی هەیکەلی نەتەوەیی کردۆتە دروشمی ئەمێستایی و ئەگەر گژەباو گەردەلولە ترسناکەکانی ڕابردوو نەیتوانی کاروانی نەوەستان و هەرمانی نەتەوە ڕاگرێ، چیدیکە و لە مەبەدوا ئەم کاروانە بە هیچ گێژەلوکەو سەهۆڵبەدانێک پەکی ناخرێ.

ڕۆژنامە، وەک دەسەڵاتی چوارەم لە جیهاندا ناسنامەی خۆی سەپاندوەو هەندێکجار ڕۆژنامە توانیویەتی دەسەڵاتەکانی لەژوور خۆیەوە بەچۆکدا بێنێ و یان لانیکەم ڕاپێچی لێپرسینەوەیان بکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەدی ڕۆژنامەگەری کوردی دەسەڵاتی چەندەمەو تا چ ڕادەیەک توانیویەتی خۆی بسەپێنێ؟ تاچەندە توانیویەتی بوێرانە ڕاستیەکان بێژێ و بابەتیانە و بەڕێزەوە دەریان بڕێ؟ ئایا دەکرێ ئەو چاوەڕوانیەمان لەسەرجەم ڕۆژنامەکانی کوردستان هەبێ و بێجیاوازی بێژین ئەوەی ناوی ڕۆژنامەگەری کوردییە نەیتوانیوە شوێنی خۆی لە جێگای ڕاستینەی خۆی بگرێ؟ لە ڕوانگەی منەوە ئەو پرسیارە لە پاش ڕاپەڕینی باشوری کوردستانەوە ڕوبەڕوی ڕۆژنامەگەری کوردی دەبێتەوە. ئەوە لە لایەک لەو لای تریشەوە لەبیرمان نەچێ کە ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆژنامەگەرییەک بووە وێڕای بوارەکانی دیکەی خەبات لە سەنگەری بەرگری و پاراستنی نەتەوەشدا بوە. ڕۆژنامەگەری کوردیی پێش ڕاپەڕین هەر لە لەدایکبوونیەوە بە بەربەستکراوی هاتە جیهانی بوونەوە.

ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بمانەوێ ڕۆژنامەگەری کوردی بخەینە ژێر پرسیارەوە سەرەتا دەبێ پۆلینی شوێن و دوخی ڕۆژنامەکان بکەین و ئەوجا لێان ڕابمێنین و چاوەڕوانیەکانمان بخەینەڕو. بە دیتنی من دەکرێ ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆی کوردی بەسێ شوێن و سێ دۆخی لێکجیا دابەش بکرێ. یەکەم ئەو ڕۆژنامەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە لە باشوری کوردستان هەن و لە دۆخێکی ئازاد و لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی کوردییدا دەردەچن. دوهەم ئەو ڕۆژنامەو دەزگایانەی کە لە پارچە داگیرکراواەکانی کوردستان و لەژێر سێبەری دەسەڵاتی داگیرکەردا و لە دۆخێکی پڕ مەترسی و لەژێر سێبەری ترس و تۆقاندندا خەباتی خۆیان دەمەشێنن. سێهەم ڕۆژنامەگەری و مێدیای ئینتەرنێتی کە زیاتر لە دەرەوەی وەڵات دەردەچن و ئازادیی و دەست ئاواڵەییەکی زێدەتریان هەیە.

ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشوری کوردستان گەشەی بەرچاوی لە ڕووی چەندییەتی و چۆنیەتیەوە بەخۆیەوە دیوە. لە هەموو بوارەکانی بینین وبیستن و چاپکراودا گەشەو هەڵدانێکی دیار دەبینرێ. بەڵام ئەوەی تا ئێستاش ڕۆژنامەگەری ئەو بەشە ئازادەی کوردستان نەیتوانیوە خۆی لێ دەرباز بکات بەستراوەیی بەدەسەڵات و حزبە دەسەڵاتدارەکانە. یان باشترە بێژم ڕۆژنامەگەری باشور هێشتا ڕۆژنامەگەری حزبیەو بەرگری لەدەسەڵات دەکات و پێیدا هەڵدەڵێ. ئەوەی کە گوایا خۆی بەسەربەخۆ و "ئەهلی"ش دادەنێ یا هەر لەبنچینەدا سەربەخۆ نیەو حزب یان دەسەڵاتێکی لەپشتەوەیە یانیش ئەو ئازادییەی نیە کە بتوانێ ڕاستیەکانی نێو کۆمەڵگا بوروژێنێ و لە دەسەڵات بپێچێتەوە. ڕاستیەکی دیکەش ئەوەیە کە ڕۆژنامەنوسی وا کە بەخۆیدا بپەرموێ و سنگ بێنێتە پێشەوەمان کەمە یان هەر نیمانە. کەمن ئەوانەی بتوانن بوێرانە دەست بۆ هەندێک بڤە ببەن و بەگژ هەندێک دیاردەدا بچنەوە کە کۆمەڵگایان بەرەو داڕزان بردوە. لەبەرامبەردا ڕۆژنامە نوسی پێداهەڵدەرو داپۆشەرو پینەکەر زۆرن کە دەیانەوێ بۆ پاراستنی دۆخی تایبەتی خۆیان ڕەشاییەکان بەسپی نیشانی خەڵک بدەن. لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستیانەشدا دەبێ بگوترێ باری ناجێگیری کوردستان و کێشەی بژێوی وای کردوە کە ڕۆژنامەنوس دەسندەخۆری دەسەڵات بێت. لە دۆخێکی لەو جۆرەدا ئاستەمە ڕۆژنامەگەری خۆی وەک دەسەڵات و ئەویش

دەسەڵاتی چوارەم بسەپێنێ. پێشڤەچونەکانی ئەمبەشەی کوردستان و یەکگرتنەوەی دەسەڵاتی کوردی و جێگیربوونی دۆخی ژیان لەکوردستان لەوانەش گرنگتر داڕشتن و چەسپاندنی یاسایەکی دیموکراتیانە بۆ ڕۆژنامە وکاری ڕۆژنامەگەری دەتوانێ پاڵنەرێکی مکور بێت بۆ دەست ئاواڵەیی ڕۆژنامەنوسی کورد و سەرەنجام بازدان لە کۆناخی دەستەمۆیی و دەسندەخۆری بۆ کۆناخی سەربەخۆیی و ئەرک وەخۆگری.

ڕۆژنامەگەری ژێر سێبەری دەسەڵاتی داگیرکەران دۆخێکی بەتەواوی جیای هەیە. ئەو ڕۆژنامەنوسانەی بیانهەوێ ئەرکی ڕۆژنامەگەریان جێبەجێ بکەن و بوێرانە لە کێشەو کەموو کوریەکان بدوێن و ڕاستیەکان بۆ خوێنەران دەربڕن، ئەوە یاری بە ئاوردەکەن و هەر جۆرە دەستپێشخەریەک لەو وروژاندنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەتوانێ توشی چارەنوسی نادیارو ترۆرو تۆقاندن و گرتنیا بکاتەوە. لە چەند ساڵی ڕابردوو دا کەم نین ئەو ڕۆژنامەنوس و نوسەرانەی ڕاپێچی بەردەمی دادگا و ناو چاڵەڕەشەکانی داگیرکەران کراون و بەتایبەت بە تاوانی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی و جیاخوازی و خستنە مەترسی ئاسایشی نەتەوەیی وەڵات! توشی ئازار هاتوون. لە دۆخێکی ئاوادا ڕۆژنامەنوس بەتایبەت ئەوانەی کە لە دۆخی بەرگری لە توانەوەو لەناوچونی نەتەوەدا خۆیان ببیننەوە دەبێ خۆیان سانسۆر بکەن و بەشێوازی ناڕاستەوخۆو هێمادار لەگەڵ خوێنەر بدوێن و ئەوانەش کە ڕۆژنامەنوسی سەرکزکەر و خۆپارێزن ملی ڕێی بێدەنگی هەڵدەبژێرن و دەمبێن لەسەر دەم و پێنوسیان دادەدنێن. لێرە ڕۆژنامەنوسی کورد لەبەر نەبوونی ئازادی بۆخۆی لەبن پێی دەسەڵاتدا پلیشاوەتەوە، کەواتە چاوەڕوانی ئەوەی کە ڕۆژنامەنوسی کورد بتوانێ ببێتە ڕکابەری دەسەڵات و ڕاشکاونە وروژێنەری خواستەکانی جەماوەرو نیشاندەری ڕاستیەکان بێت، چاوەڕوانیەکی لە جێی خۆیدا نیە.

بەشی سێهەم هەروەک گوترا ڕۆژنامەنوسی ئینتەرنێتیە. وەک چۆن ڕۆژنامەی چاپکراو درەنگ وەخت لە کوردستان سەری هەڵدا، ڕۆژنامەی ئینترنێتیش درەنگ گەیشتە لای ئێمەی کوردو یان درەنگ دەرفەتی کەڵک لێوەرگرتنیمان بۆ ڕەخسا. ئەوەی هەیە نوکە چەندین سایتی کوردی بە هەردوو زاراوەی کرمانجی ژوورو و کرمانجی نێوەڕاستن کە ڕۆژانە یان هەفتانە نوێدەکرێنەوە و زۆرتر بابەتی سیاسی و هزری و کەمتر کۆمەڵایەتی و ئەدەبییان تێدا دەوەشێنرێ. سەرەڕای بوونی ئازادی و دەست ئاواڵەیی نوسەرانی ئەو سایتانە بەداخەوە بەڕادەیەکی کەم توانیویانە وڵامدەری پێداویستیەکانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەڤانی کوردی بن. بێگومان لە ناو سایتەکاندا(باسەکە سایتە حزبیەکان ناگرێتەوە چونکە لەدەرەوەو لەناوەوە ئەوان هەر پێدا هەڵدەرو داکۆکیکاری سیاسەتی حزبەکەیانن) هەندێکیان پابەندی پرنسیپەکانی ڕۆژنامەوانین و هەوڵێکی هێژا دەدەن بۆ پێشڤەچوون و داهێنانی نوێ بەڵام هەندێکی دیکەیان بەتاڵن لە پابەندی بە پرنسیپی ڕۆژنامەگەری. هەندێک لەو سایتانە بێگوێدانە پرنسیپەکانی ڕۆژنامەڤانی هەر بابەتێک یان هەواڵێک بۆیان ڕەوانە بکرێ بڵاوی دەکەنەوە بێئەوەی لە ڕاستی و ناڕاستیەکەی بکۆڵنەوە. یەکێک لەودیاردانەی کە زۆر جار کۆڵمەزی لێچێدەبێ ئەوەیە نوسەرێک بەچەند ناو بابەت بڵاو دەکاتەوەو خاوەنی سایتیش نازانێ کێیەو یانیش خۆی لێ بێخاوەندەکات، یانیش چەند کەس بەهەمان ناو بابەت بڵاودەکەنەوە و خاوەنی سایتیش بۆی گرنگ نیە. دیاردەیەکی دیکە لە ناو سایتەکوردییەکاندا لابردن و سڕینەوەی بابەتە لە پاش ئەوەی بڵاویان کردەوە. هۆکاریش بۆ ئەمە بڵاوبوونەوەی هەمان بابەت لە سایتێکی دیکەدا، ناڕاستی نوسراوەکە، ڕێکەوتن لەگەڵ کەس یان سایتێکی دیکە لەسەر سڕینەوەی بابەتێکو گەلێک هۆی دیکە. لە ڕوانگەی منەوە بابەتێک کە وەشێنرا بەمانای ئەوەیە چاپکراوەو خوێنەرەوە بینیویەتی و خوێندویەتیەوە و سڕینەوەی وەکو ئەوەوایە بچی لەبازاڕ لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک کۆبکەیتەوە!. کۆسپێکی گەورەی نوسەرانی سایتەکان(ئەوانەی لەدەرەوەی کوردستانن) ئەوەیە کە

لەدەرەوەی ڕاستینەی ڕوداوەکانن و خۆیان بیسەرو بینەری ڕوداوو پێشهاتەکان نین و دەنگی جەماوەریان ڕاستەوخۆ بەرگوێ ناکەوێ ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی لەسەر نوسەرو ڕۆژنامەنوسان دادەنێ. بەکورتی ڕۆژنامەگەری ئینترنێتی خەریکە جێدەکەوێ و سەنگوو گرانایی خۆی بەدیار دەخات.

لەسەریەک، ڕۆژنامەگەری کوردی پێناوەتە سەرەتای سەردەم و قۆناخێکی نوێ. گەرچی 107ساڵ بەسەر تەمەنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا تێپەڕیوە بەڵام هێشتا زۆر لە دواین و لەبیرمان نەچی کە سێسەد ساڵ پاش ڕۆژنامەگەری جیهان کورد پێناوەتە ئەم بوارەوە. سەرەڕای ئەوەش دۆخی ژێردەستەیی و داگیرکاری لە کوردستان و نەبوونی دەسەڵات و کیانی نەتەوەیی و سەرەنجام بێبەش بوون لە والآیی ئازاد و دیموکراتیانە، هۆکاری سەرەکی و بناخەیین بۆ نەکەوتنە سەر ڕێچکەی ڕۆژنامەگەری کوردی. لەقۆناخی ئەمڕۆدا ڕۆژنامەگەری کوردی لە چەند بەرەدا دەبێ ئەسپی خۆی لینگبدا. لە لایەکەوە وەکو ئەرکی نەتەوەیی بەپێی ئەو بارودۆخەی نەتەوەکەمانی تێدایە گەرەکە پابەندی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی نەتەوە بێت و وشیاری نەتەوەیی بڵاوبکاتەوە و دڵسۆزانە هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی زمانی کوردی بدات و بەپەرۆشەوە ناسنامەی کوردەواری و کوردستانی خۆی بپارێزێ و لەو لایدیکەشەوە بوێرانەو ڕاشکاونە کەموو کوڕی و ڕاستیەکانی ئەودیو دیوارە داخراوەکان بۆ خەڵک دەربخات و هەڵەو پەڵەی دەسەڵات نیشانبدات و بابەتیانە بەگژ چەوتی و چەوێڵیەکاندا بچێتەوە. هەروەها لە بواری ڕۆژنامەگەریش هەروەکوو گشت بوارەکانی دیکە ڕۆژنامەگەری کوردی لە باشور ئەرکی بیناکردنەوەو پێشڕەوایەتی و ڕچەشکێنی کەوتۆتە ئەستۆو.

لە کۆتایی دا لە ١٠٧ەمین ساڵڕۆژی دەرچونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان هەزاران سڵاوی ئەمگداری و خۆشەویستی بۆ مێقداد مەدحەد بەدرخانی داهێنەرو دروستکەرو بناخەدانەری ڕۆژنامەگەری کوردی.

تێبینی: ئەم بابەتە جاری یەکەم لە دێمانە بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە: وێبلاگی خالید عەزیزی / ڕێکەوتی: ٣٠ی ئەپریلی ٢٠٠٥

# ڕۆژنامەی "کوردستان"و چەند دێڕێک

ئا: شۆڕش محەممەد

**مێژووی ڕۆژنامەوانی, هاوپۆلنەکراو لێدوان نووسین ناچالاککراوە**

ڕۆژنامەوانی: ١١٤ ساڵ لەمەوبەرو لە ٢٢ / ٤ / ١٨٩٨ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لەسەر دەستی بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕو ڕووناکبیر لەوڵاتی تاراوگەو دوور لە زێدی خۆی هاتە لەدایک بوون. لەو دەمەدا گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە بەهەموو شێوەیەک دەچەوسێنرایەوەو تەنانەت قسەکردنیشی بەزمانی خۆی لێ قەدەغە بوو، هەرچەندە بنەماڵە بەدرخانییەکان لەکاتی میرایەتی بەدرخان پاشای میری میرنشینی جزیرەو بۆتان لە ساڵی ١٨٤٧ تووشی شکستی گەورە هاتبوون، بەڵام هەستی شۆڕشگێری و نەتەوەییان و درێژەدانیان بە خەباتی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردن و پێشکەوتندابوو، ئەوەبوو هەردوو کوڕانی بەدرخان پاشا (میقداد مەدحەت بەدرخان و عبدالرحمان بەدرخان)ی بیریان لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک کردەوەو لە ڕۆژی ٢٢ / ٤ / ١٨٩٨ دا لە قاهیرەی پایتەختی میسر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە دەرچوو.

## میقداد مەدحەت بەدرخان کێیە؟

میقداد مەدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشای میری بۆتانە، بەپێی مێژوو نووسان و ئەدیبان ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵەیەک لەو ناوانەی کەلەو سەردەمەدا عوسمانییەکان لە ناوە فەرەنسییەکانەوە وەریانگرتووە، میقداد مەدحەت بەدرخان لەپاڵ شۆڕشگێڕیدا کەسێکی ڕووناکبیرو هۆشیار بووەو دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٩١ چۆتە میسر، لەو وڵاتە لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت تا لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لەقاهیرە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان دەردەکات و بەو شێوەیە تا دەرکردنی ژمارە ٥ی ڕۆژنامەکە لەو وڵاتە دەمێنێتەوە، دواتر بەهۆی زەختی زۆری سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی لەدژی بنەماڵەکەی ناچار دەبێت




بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ، بەڵام لەوێش درێژە بە خەباتی خۆی دەدات و لە ساڵی ١٩٠٦ بەبیانووی ئەندام بوونی لە پارتی (ئیتحادو تەرەقی) نەفی دەکرێت بۆ دەرەوەی تورکیا، دواتر لە ساڵی ١٩١٠ بەشداری دەکات لەدامەزراندنی جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی،

هەندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە میقداد مەدحەت بەدرخان ماوەیەک موتەسەریفی شاری دەرسیم بووە، میقداد مەتحەد بەدرخان جگە لە زمانی دایک هەریەک لە زمانی تورکی و عەرەبی و فەرەنسی بەباشی زانیوە، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانی مێژوونووسانی کوردو بەتایبەت ڕۆژنامەنووسانە ئەوەیە کە هەتا ئێستا هەروەک چۆن نازانرێت کەی لەدایک بووە بەهەمان شێوە کاتی مردنەکەشی نادیارەو نازانرێت .

## ڕۆژنامەی کوردستان چەند ژمارەی لێ دەرچووەو لەکوێ دەرچوون؟

ڕۆژنامەی کوردستان ٣١ ژمارەی لێدەرچووەو لەسەر دەستی هەریەک لە میقداد مەدحەت بەدرخان و عبدالرحمان بەدرخانی برای لەچەند شوێنێکی جیاواز دەرچووە، لە ٢٢ / ٤ / ١٨٩٨ یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکە تا ژمارە ٦ی لە قاهیرە دەرچووە، بەڵام بەهۆی زۆری فشارەکانەوە لە ژمارەی (٧) تا ژمارە (١٩) لە(جنێف) دەرچووە دواتر جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆ قاهیرەو ژمارەی (٢٠ - ٢٣) لێ دەرکراوە ژمارەی ٢٤ لە لەندەن دەرکراوەو دواتر گواستراوەتەوە بۆ شاری فۆلکستۆن و ژمارە (٢٥ - ٢٩)ی لەوێ دەرچووەو دواین ژمارەشی چۆتەوە شاری(جنێف)و لە بەرواری ١٤ / ٤ / ١٩٠٤ دا کۆتایی بە تەمەنی ڕۆژنامەکە هاتووەو لە ئێستاشدا هەندێک لە نوسخە ئەسڵییەکانی لە کتێبخانەکانی جنێف و لەندەن پارێزراون.

## ڕۆژنامەی کوردستان لەچی پێکهاتبوو؟

ڕۆژنامەی کوردستان ئەگەرچی سەرجەمی ژمارەکانی دوور لە زێدی خۆی دەردەکراو پێویستی بە پارەیەکی باش، بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەوەبوو کە ڕۆژنامەکە بەزمانی کوردی و بە پیتی عەرەبی بەشێوەیەکی کامڵ دەرچووە، لەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە"هر جار دوو هزار جریدە، ارای ریکم کوردستانی بێ برە بدەن خلکی" بەواتای ئەوەی "هەر جارەی دوو هەزار تیراژی لێ بنێردرێت بۆ کوردستان و بەبێ پارەدا بدرێتە خەڵکی".

هەر لە لاپەڕەی یەکەمدا، ناوی ڕۆژنامەکەو خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە بە ڕێنووسێکی گەورە نوسراوەو لەگەڵ ئاماژە کردن بە بەرواری دەرچوونی ژمارەکەی، لەناو ڕۆژنامەکەدا چەندین بابەتی ئەدەبی و ڕووناکبیری ئەو سەردەمە بڵاوکراوەتەوەو بەزمانی کوردی کرمانجی بابەتەکانی نووسراوەو دوای چاپکردنیشی لە ڕێگەی دیمەشقی پایتەختی سوریاوە تیراژی لێ نێردراوە کوردستان و بەسەر خوێنەرندا دابەشکراوە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بوترێت دەرکردنی ڕۆژنامەیەک لە ساتەوەختێکی لەو شێوەیەداو لە وڵاتێکی تر، ئەگەرچی ئەرکێکی قورس و گران و زەحمەت بووە، بەڵام خزمەتێکی گەورە بووە بە بواری مێژوویی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و سیاسی نەتەوەکەمان و خزمەتێکی گەورەش بووە بەوەی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری جیهانیدا ناوی کورد تۆمار بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی جەماوەرنیوز / ڕێکەوتی: ٢٩ی جوولای ٢٠١٤

# چەند ڕاستییەکی مێژوویی دەربارەی کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی یادەوەرییـــەکانی ژین

## ئا: تارق کەمال- ساڵح بێچار

سەدو شازدە (١١٦) ساڵ لەمەوبەرو لەڕۆژی ١٨٩٨/٤/٢٢ڕۆژنامەی (کوردستان) وەک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لەقاهیرەی پایتەختی میسر بڵاوکرایەوە.



میقداد مەدحەت بەدرخان بناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردی داناو بەم دەستپێشخەریو داهێنانە گەورەیە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی گەیاندە ئاستێکی باڵا.

لەو سەردەمو هەلومەرجەدا دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لەتاراوگەو بەو شێوەیەی کە لەتێکڕای (٣١) سی ویەک ژمارەی تەمەنیدا پێنج جار شوێنی دەرچوونو بڵاوکردنەوەی گوێزرایەوە، ئەمە لەلایەک بەڵگەی ئەو زوڵمە گەورەیەیە کە بەدرێژایی مێژوو لەنەتەوەی کورد کراوەو لەلایەکی دیکەشەوە نیشانەی پشوودرێژیو قوربانیدانی بێوێنەی یەکەم دەستەی ڕۆژنامەنووسانی کوردە .

هەربۆیە ڕۆژی (٢٢) ی نیسان وەک ڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کراوەتە (ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی)و ساڵانە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەشکۆوە یادی دەکرێتەوە.

١- قەڵەم کێش، لەئەرشیڤی کۆنێ ڕەش، میقداد مەدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشایە. ساڵی لەدایکبوونو کۆچی دوایی نەزانراوە. میقداد مەدحەت بەدرخان ناوێکی ئاوێتەیە، ئەم شێوە ناونانە عوسمانییەکانو کوردەکانی ئەو سەردەمە لەفەرەنسییەکانیان وەرگرتووە بۆ ناونانی ڕۆڵەکانیان.

ساڵی ١٨٩١ هاتۆتە میسر، ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیرە پێنج ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاودەکاتەوە. پاش ئەوە لەترسی هەڕەشەکانی سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ئەگەڕێتەوە ئەستەمبوڵ، بۆئەوەی لەسەر ئەم براکانی تووشی ئەشکەنجەو زیندانی کردن نەبن.

ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ عەلی بەگی برایدا هەوڵ ئەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی خۆش بکەن، بەڵام سەر ناکەون. هەندێک لەمێژوونووسەکان ئەڵێن میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێ بووە لە ئەندامە چالاکەکانی پارتی «ئیتحادو تەرەقی». ساڵی ١٩٠٦

لەسەر ئەو هەڵوێستەی لەتورکیا نەفی کرا. ساڵی ١٩١٠ و ماوەیەک پاش راگەیاندنی حکومەتی دەستووری لەئەستەمبوڵ بەشداری دەکا لەدامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی) بەپێی هەندێ سەرچاوە ماوەیەک کراوە بەموتەسەریفی شاری دەرسیم. بەڵام لەو ساڵە بەدواوە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی نازانرێت، میقداد مەدحەت بەدرخان جگەلەوەی کە یەکەمین رۆژنامەنووس و دامەزرێنەری بزاڤی کوردییە چاپخانەیەکیشی بەناوی (چاپخانەی رۆژنامەی کوردستان) لەقاهیرە دامەزراندووە، کە بەیەکەمین چاپخانەی کوردی ئەژمێردرێت.

٢- کوردستان رۆژنامە

قاهیرە، جنێڤ، لەندەن، فۆکستون ١٨٩٨

صنایعە تشویق ایچون کوردلری ایقاڤ وتحصیل شمدیلک

پازدە رۆژا جارەکی تێت نڤیساندن، جەریدەیا کوردییە.

صاحب و محرری: بەدرخان پاشازادە میقداد میدحەت، ژمارە (١-٥).

عەبدولرەحمان بەدرخان، ژمارە (٦-٣١).

پێوانە: (٢٥،٥×٣٢،٥ سم) ، (٤) لاپەرەیە.

چاپخانە: هیلال، کوردستان، جەمعیەتا تفاق وقەنجیا موسلمانان، هیندییە، ئینتیقام.

جێگا: ژ(١-٥) (قاهیرە)، ژ(٦-١٩) (جنێف)، ژ(٢٠-٢٣) (قاهیرە)، ژ (٢٤) (لەندن)، ژ(٢٥-٢٩) (فۆکستون)، ژ(٣٠-٣١) (جنێف).

زمان: کوردی (زاراوەی جزیر و بۆتان)، تورکی.

رێنووس: عەرەبی.

ژمارەکان: (٣١) ژمارەی لێ دەرچووە.

ژمارە(١)، پێنج شەممەی رێکەوتی٣٠ زیلقەعدە ١٣١٥ (٢٢ نیسان ١٨٩٨).

ژمارە(٣١)، ٦ی محرم ١٣٢٠(١٤ی نیسانی ١٩٠٢).

هەندێ سەرچاوە وا ئاماژە دەکەن ئەم رۆژنامەیە تا ساڵی ١٩٠٦، بەردەوام دەرچووبێ. سەرچاوەی دیکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا، رێکخراوێکی نهێنی کوردی لەپشت دەرچوونی بووبێ، هی دیکەش هەیە بەرۆژنامەیەکی سەربەخۆی ئەهلی دادەنێ. لە ژمارە (٤) بەدواوە بەشێکی بەتورکی بووە.

بۆ پتر بەدەستهێنانی زانیاری، بڕوانە: رۆژنامەڤانی (گۆڤار)، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە (٨)، بەهاری ٢٠٠٢. ژمارەیەکی تایبەت بە(کوردستان)ی یەکەمین رۆژنامەی کوردی بووە.

ژمارە ئەسڵییەکانی رۆژنامەی (کوردستان)، لەلایەن ئەم زاتانە دووبارە چاپ کراونەتەوە: (د. کەمال فوئاد)، کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی، بەغدا ١٩٧٢.

مەحموود زامدار، (کوردستان)ی دایک، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨.

محەمەد ئەمین بۆز ئارسلان، کوردستان رۆژناما کوردییا پێشین، بەدوو بەرگ لە سوید چاپکراوەتەوە.

کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی (١٨٩٨-١٩٠٢)، وەرگێرانی بەشە تورکییەکەی شێرزاد عەبدولکەریم، پێداچوونەوەی مستەفا

زەنگەنە، عوسمان هەورامی، بنکەی ئەدەبیی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ۲۰۰۰.
مالمیسانژ: هەردوو ژمارە (۱۷ ، ۱۸)ی دۆزیوەتەوەو لەگەڵ وەرگێڕانە تورکییەکەی و ژیانی عەبدولڕەحمان بەدرخان، چاپی کردۆتەوە. بڕوانە:
MALMISANIJ, ABDURRAHMAN BEDIRHAN VE ILK KURT GAZETESI KURDISTAN - (SAYI:17VE 18، SWEDEN, 1992. لەلایەن دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی بەدرخان، هەموو ژمارەکانی دووجار - تەنها ژمارە (۱۹) نەبێ کە هەتا ئێستا دیار نییە - چاپکراوەتەوە:
کەمال فوئاد (د)، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ۱۸۹۸-۱۹۰۲، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ڕوز ئەلیوسف، قاهیرە، ۲۰۰۵.
کەمال فوئاد (د)، کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ۱۸۹۸-۱۹۰۲، چاپی سێیەم، تاران، ۲۰۰٦.

۳- کوردستان ڕۆژنامە ئەستەمبوڵ ۱۹۰۸

ئەم ڕۆژنامەیە، دوای ڕاگەیاندنی مەشروتیەتی عوسمانی لە ۱۹۰۸/۷/۲٤دا، لە ئەستەمبوڵ دەرچووە، کە (مەحمود شەوکەت) پاشا ڕۆژی ۱۳۲۵/۳/۳۱ بە لەشکرەوە چووەتە ئەستەمبوڵ و سورەیا بەدرخان، بەسەردا گیراوە خراوەتە بەندیخانەی (بەکر ئاغا بلۆکی)، ڕۆژنامەکە داخراوە.

خاوەن: پریا بدرخان (سورەیا بەدرخان) بووە.

دیارە هەر لەبارەی ئەم ڕۆژنامەیە بووە نووسەرانی وەکوو: (ئەمین زەکی و عەلائەددین سجادی)، ئاماژەیان وا بۆ کردووە، کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بووبێت و لە ئەستەمبۆڵ دەرچووبێ، ئەو زانیارییانەی لێرەدا تۆمارکراوە بە پاڵپشتی سەروتارێکی ژمارە (۱) ی ۱۵ ژی ئەلقەعدەی ۱۳۳۵ ڕۆژنامەی (کوردستان)ی خولی سێیەم، کە (د.کەمال فوئاد) لەساڵی ۱۹۹۸دا چاپی کردۆتەوە.
بە پێی ئەو سێ لاپەڕەیەی دەستمان کەوتووە، ژمارە ( ۳ و ٤)ی ئەم ڕۆژنامەیە لە کتێبخانەی زانکۆی ئەتاتورک (EAU) پارێزراوە.

٤- کردستان

ڕۆژنامە قاهیرە ۱۹۱۷
پازدە ڕۆژا جارەکی دەردکەفیت قنجیا کرمانجا رە دیخەبتت جریدەیی کرمانجایا
کردلرک مدافعە واونبش کوندەبر انتشار ایدەر کردغزتە سیدر
خاوەن: پوریا بەدرخان
پێوانە: (٤١×٥،٢٨سم) و(٤) لاپەڕە، هەر لاپەڕەی سێ ستوون.
چاپخانە: ابی الهول/قاهیرە.

جێگا: قاهیره- میسر.

زمان: تورکی، کوردی (کرمانجی باکوور).

ڕێنووس: عەرەبی.

وێنە: نییە.

نرخ: (١) غروش.

ژمارەکان:

ژمارە١، ١٥ی ژی القعده ١٣٣٥ (١٢ ایلول ١٩١٧).

ژمارە ١١، ١٥ ربیع الثانی ١٣٣٦ (٢٨ کانوونی دووەم ١٩١٨).

د.کەمال فوئاد، بەهۆی پێشمەرگەی قارەمانی باکوری کوردستان (نەجمەدین بیوکایە ناسراو بە نەجۆ ١٩٤٣ - ٢٢ / ١ / ١٩٨٤) ، (١١) ژمارە لەم ڕۆژنامەیە چنگ کەوت، ئەم ڕۆژنامەیەش وەک دەورەی سێیەمی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە هەمان ناوونیشانی پێشوو بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٤

# مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی

### مێژووی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری:

داهێنانی ئامێری چاپ لە سەدەی پانزەهەمی زاییندا لە سەردەستی مسگەرێکی ئەڵمانی یوحەنان گۆتەنبەرگ داهێنراوە. گۆتەنبرگ (۱۳۹۸- ۱٤٦۸) لەو داهێنانەیدا هیچ سود و دەسکەوتێکی پێنەبڕاوە لەبەر سەرقاڵی و دەستکورتی. کاتێ کتێبی ئینجیلی (کتێبی پیرۆزی ئایینی خاچ پەرەستی) لە چاپ داوە تەنانەت بیری چوە ناوی خۆشی لەسەر تۆمار بکات. بەر لە گۆتەنبرگ هەوڵێکی تریش لە لایەن بازرگانێکی چینی بەناوی بی شینگ (۹۹۰ – ۱۰۵۱) هەبووە. بەو داهێنانەی گۆتەنبرگ شۆڕشێکی مەزن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست بوو. چاپ ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگی بینی لە بەرەوپێشوەچوونی شارستانییەت لە سەرانسەری دونیادا. ماوەیەک پاش ئەو داهینانە، گۆڤار و ڕۆژنامە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چاپ و بڵاو کرانەوە.


کردستان

ڕۆژنامە بڵاڤۆکێکە داگری هەواڵ، زانیاری، و جاڕدان و بانگەشەیە , ڕۆژنامەکان بەگشتی ڕۆژانە یان حەوتەی جارێک لە چاپ دەدرێن ، لە ڕۆژنامەکان باس لە هەواڵ و چالاکی و ڕووداوەکان دەکرێن لە زۆرینەی بوارەکان ، ئەو کەسەشی لە ڕۆژنامە ووتار یان هەواڵ دەنووسێت پێێ دەڵێن ڕۆژنامەوان یان ڕۆژنامەنووس ، زۆربەی خەڵکیش ئارەزووی ڕۆژنامە دەکەن بۆ خوێندنەوەی هەواڵ و چالاکیەکانی ناوخۆ. کوردیش، وەک نەتەوە، لەلایەن ڕۆشنبیر و خوێنەوارەکانییەوە، لەسەرەتای خۆناسینیدا، هەوڵی زۆری داوە، لەم بڵاڤۆکە جیهانییە، دووا نەکەوێت و لەو بوارەدا، هەوڵی زۆری داوە و هەنوکە، بوواری ڕۆژنامەگەریی کوردی، لەوپەڕی هەرەتی پێشکەوتنیدایە.

### ناوی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستدا:

### ڕۆژنامەی کوردستان:

ڕۆژنامەی کوردستان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو کە یەکەم ژمارەی لە ۲۲ی نیسانی ۱۸۹۸ بە تێکۆشانی میقداد میدحەد بەدرخان و جەلادەت بەدرخان لە قاهیرەیمیسر چاپکرا. دەستپێکی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو خەباتێکی نەتەوەیی و ڕۆشنبیری

دێتە نرخاندن. ئەمڕۆکە ڕۆژی دەستپێکی دەرخستنی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن هەموو دەزگا کوردییەکان و هەروەها لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە وەکوو سەرەتای ڕۆژنامەگەریی کوردی قەبووڵ کراوە و پیرۆز دەکرێ.

## ڕۆژنامەی کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی:

ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی) بە دوو زمانی کوردی و تورکی لە ئەستەنبوڵ دەرچووە، لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ تاکوو حوزەیرانی ١٩٠٩ بەردەوام بووە. خاوەنی ئیمتیاز حاجی تۆفیق بەگ -پیرەمێردی شاعیر - بووە و سەرنووسەرەکەی ئەحمەد جەمیل پاشا بووە. لەو دەمەدا دەنگی کۆمەڵەی کورد - کورد تعاون و ترقی جمعیتی - بووە کە شێخ عەبدولقادری شەمزینی سەرۆکی بووە.

ڕۆژنامەی ڕەسملی کاتب لە ئەستەنبوڵ دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز حاجی تۆفیق بەگ (پیرەمێردی شاعیر) بوو.
ڕۆژنامەی مسەوڕ موحیت (مصور محیط) کە پیرەمێرد لەگەڵ فایق سەبری بەگ دەریدەکرد.
گۆڤاری ژین لە ئەستەنبوڵ لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بە دوو زمانی کوردی و تورکی دەرچووە،
ڕۆژنامەی شەمس لە تاران دەردەچوو، ئەم ڕۆژنامەیە سەید حسێنی ئێرانی خاوەنی بوو.[٥].

ڕۆژنامەی ژین کە خۆی لە سلێمانی چاپیدەکرد. وەک درێژکراوەیەکی ڕۆژنامەی ژیان. ڕۆژنامەی ژین ٥٥٣ ژمارەی لێ چاپکرا. یەکەم ژمارەکەی لە ١٩٣٩دا دەرکرد و تا کۆچی دواییی کرد لە ١٩٥٠ دا بەردەوامبوو و بە ژمارە ١٠١٥ی گەیاند. دوای خۆیشی جەمیل سائیب و نووری ئەمین بەگ و گۆران و ئەحمەد زرنگ بەرودوا تا ساڵی ١٩٦٣ گەیاندیانە ژمارەی کۆتاییی (١٧١٤). ئەمڕۆکە بنکەی ژین لە سلێمانی لە هەوڵی دەرکردنی گۆڤارێکدان بەناوی گۆڤاری ژین[٦]

گۆڤاری فەرهەنگ و ڕۆژنامەی «شفق سرخ» کە لە تاران دەردەچوون.

ڕۆژنامەی «ئیقدام» و «حورریەت»
گۆڤاری ئیجتیهاد لە ئەستەنبوڵ لە ساڵەکانی ١٩٠٤-١٩١٢ لەلایەن عەبدوڵڵا جەودەتەوە دەردەچوو.
ڕۆژنامەی «ترجمانی حقیقت»ی مامۆستا موعەلیم ناجی لە تورکیا دەردەچوو

ڕۆژنامەی تان کە لە پاریس دەردەچوو، لەلایەن داوود حەیدەری کوڕی ئیبراهیم حەیدەرییەوە، کە لە دەرچووانی خوێندنی باڵای فەڕەنسا بوو

عەبدول کەریم ئەفەندی خاوەنی «گۆڤاری ڕۆژی کورد» ١٩١٣
مستەفا پاشا یامولکی خاوەنی «گۆڤاری بانگی کوردستان» ١٩٢٢

مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی خاوەنی «گۆڤاری زاری کرمانجی» ۱۹۲٦

ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی «گۆڤاری گەلاوێژ» ۱۹۳۹

ماموستا عەلائەدین سەجادی خاوەنی «گۆڤاری نزار»

ماموستا ئەنوەر مائی خاوەنی «گۆڤاری ڕۆناهی»

مەلا شەریف ڕەنگەرێژی خاوەنی «ڕۆژنامەی ئازادی» ۱۹٤٥

ماموستا گیو موکریانی خاوەنی «گۆڤاری هەتاو ۱۹٥٤

خەبات : عەلی عەبدوڵلا، خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی خەباتە وەهەروەها سەلام عەبدوڵلا ش سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیە ، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگان و زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەیەکێ لە کۆنترین ڕۆژنامەکانی کوردستان دادەنرێت کە زۆرتر لە ٤٠٠٠ ژمارەی لێ وەشانکراوە , یەکەم ژمارەی ڕۆژناممەی خەبات لە ٤ی نیسانی ۱۹٥۹ دەرچووە.)[۱]

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە لە هەرێمی کوردستان لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەردەکرێت. ژمارە سفری ڕۆژنامەکە لە ۱۲ی کانوونی دووەمی ۱۹۹۲ چاپ و بڵاوکرایەوە و بووە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانەی دوای ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کوردستان لەئاداری ۱۹۹۱ کە تائێستاش بەردەوامە لەدەرچوون، کە بۆ ئەو سەردەمە دەرکردنی ڕۆژنامە بەواتای ڕۆژنامەی هەواڵ و بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەریی، کارێکی ئاسان نەبوو. خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە دوکتۆر فوئاد مەسعوومە و لەساڵی ۲۰۰۹ ـشەوە ستران عەبدوڵلا سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیە و هەریەک لە کاروان عەلی، شیرین. ک، محەمەد کەریم ئەندامی سکرتارییەتی نووسینن. لە مێژووی ڕۆژنامەکەشدا هەریەک لە ئەرسەلان بایز و فەرەیدون عەبدولقادر و فریاد ڕەواندزی و مەحموود مەلا عیززەت و کاوە موحەممەد سەرنووسەری گۆڤارەکە بوون. لە ئێستادا گۆڤارەکە چەند پاشکۆیەک لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا چاپ دەکات کە بریتیین لە پاشکۆی ئەدەب و هوونەر، پاشکۆی ستادیۆم، پاشکۆی خێزانی کوردستانی نوێ، پاشکۆی کاکێشان، پاشکۆی کەشتیی نوح، پاشکۆی کوردستانی گەنج، و هەروەها پاشکۆی ئەدگار.

جگە لە سەدان نووسەر و ڕۆشنبیر و هونەرمەند دڵسۆزانە لە ڕۆژگاری خۆیدا بەشداری کردووە لە گەشە پێدانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا وەکوو ماموستا عەبدوڵا گۆران، مەعرووف بەرزنجی، غەفور میرزا کەریم، جەلالی میرزا کەریم، ئەمینی میرزا کەریم، ئەحمەد غەفوور، مەلا ئەنوەر مائی، شاعیری بەناوبانگ قانع، ماموستا شاکر فەتاح، محەمەد تۆفیق وردی، محەمەد مەولود مەم، سالح حەیدەری و دەیانی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگی ئێمە / ڕێکەوتی: ۱۹ی فێبریویری ۲۰۱٤

# رۆژنامەنووسی لە کوردستانو نەبوونی خوێندەواری میدیایی

## مادح ئەحمەدی

(بە بۆنەی ١١٦ ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی)

ئەگەرچی ئەزموونی رۆژنامەگەریی بۆ کورد لە تاراوگەوە دەستی پێکرد، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە بەو ئەنجامە دەگەین کە



دەسپێکێکی باش و وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە مێژووی کوردو بزاڤیی رووناکبیری کورد دا. دەرکردنی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی «کوردستان» (لەلایەن بنەماڵەی بدرخانییەکانەوە بە سەرنووسەری «مێقداد مەدحەت بدرخان») لە ٢٢ی ئاپریلی (٢٢ی نیسان) ساڵی ١٨٩٨ لە قاهیری پایتەختی میسر، هەنگاوێکی پڕ مەزن بوو بۆ ئەو دەم. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەو چەند ژمارەی رۆژنامەی کوردستان کە لە قاهیرە دەرچوو بە نهێنی رەوانەی ئەستەمبوڵو بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی کراوەتەوەو دابەش کراوە. ئەمەش دەکرێ وەک هەوڵێک بۆ رۆشنگەریی‌و ڕێکخستنو وشیار کردنەوەی رای گشتی بێتە ئەژمارو یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی رۆژنامەی کوردستانە. خاڵێکی بەهێزی دیکەی رۆژنامەی کوردستان، ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا زۆر گرنگی بە هەواڵی شەڕو رووداوەکانی دەورووبەری دەدا.

ڕاستە رۆژنامەی کوردستان لە تاراوگەو لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ئابنۆرماڵدا لەدایک بوو، بەو حاڵەش دەستپێکی رۆژنامەگەریی بۆ کورد بناغەیەکی باش بووەو بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە دەتوانین بێژین رۆژنامەگەریی کوردی، دەستپێکی کارامەو پرۆفیشناڵی هەبووە. بەپێچەوانەی ئەم دەستپێک باشە، ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو دۆخی ناسەقامگیر کوردستان دەبنە هۆی ئەوەی کە قەتاری رۆژنامەگەری لە کوردستان لە رەیل لابداو ئاراستەیەکی ناسروشتی بگرێتە بەر. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ناو پرۆسەیەکی سروشتیدا، هاوشانی نەتەوەکانی ناوچەکە گەشە نەکات. هۆکارەکانی ئەم گەشە نەکردنە بەپێی قۆناغەکان جیاوازنو بەشێکی زۆریشیان هاوبەشن. بێگومان قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغەگەلە بەدواداچوونی وردو کاتێکی زۆری دەوێ. ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستە، قسەکردنە لەسەر دۆخی ئەمڕۆی ڕۆژنامەگەریی‌و ڕاگەیاندن لە کوردستان کە بە دەستی کۆمەڵێک نەخۆشی کوشندەوە دەناڵێنێ.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، راگەیاندنو پیشەی رۆژنامەگەریی لە کوردستان، گەشەو پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم گەشە کردنە لە رووی چەندایەتییەوە، زۆر زۆرەو گەیشتووەتە ئاستێک کە جۆرێک لە بێ سەروبەریی‌و پاشاگەردانی پێوە دیارە، بەپێچەوانەوە لە رووی چۆنایەتیی وەک پێویست گەشەی نەکردووەو ناتوانین بێژین ستاندارەدە جیهانیو پیشەییەکان رەچاو کراوە.

بەو پێیەی کە هێشتا لە کوردستان لە روانگەیەکی شکڵیو ئامرازییەوە سەیری میدیاو کەرەسەکانی راگەیاندن دەکرێ، بەردەوام ژمارەی میدیاکان زۆر دەبنو بەشێوەیەکی ناسروشتی ئەو رێژەیە رووی لە زیاد بوونە. وای لێهاتووە هەرکەس ئیماکاناتو توانایی دارایی هەبێ بێ گوێدانە پێوەرە پیشەییەکان، دەزگایەکی راگەیاندن دەکاتەوەو بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیو خۆناساندن بەکاری دێنێو بەگوێرەی ویستی خۆشی پەلاماری نەیارەکانی دەدات. ئەم کێشەگەلە (کە لە باشووری کوردستان بە زەقی دەبینرێ)، ریشەکانی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەشتنە هەڵەی کە بەرانبەر بە ئەرکو رۆڵی میدیا لە کوردستاندا زاڵە. دەرکەوتەکانی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە وای کردووە کە بازرگان، سیاسەتوان، کەسانی ئاسایی و... ببنە رۆژنامەنووسو هەر کامەیان دەزگایەکی راگەیاندنی هەبێو کارتی رۆژنامەوانی لایەنێکی هەبێ. لە وەها حاڵەتێکدا سروشتییە کە گەشەی میدیایی لە ڕووی چۆنایەتییە وەڵامدەر نەبێو ناستاندارد بێ. لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنیو دەزگای راگەیاندن کرانەوەو تا ڕادەیەک شێوازێکی تازەیان لە میدیای کوردیدا هێنا ئاراوە، بەڵام بەو حاڵەش ژمارەیەک لەو میدیاگەلە هەر لە ژێر سێبەری ئەمو ئەودانو نەیانتوانیوە بە مانای راستەقینە، رۆڵی خۆیان وەک میدیایەکی پرۆفیشناڵ بگێڕن، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە هێشتا ستانداردی پیشەیی لە راگەیاندندا لە کوردستان ڕەچاو ناکرێ. بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە بەرباس کە ئاخۆ گرفتەکە چییە؟

خەریک بوون بە وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوە، رامان دەکێشێ بۆ لای چەند گرفتی دیکە کە ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ راگەیاندنی کوردی بە دەستییەوە دەناڵێنێ. یەکەم گرفت کە لێرەدا دێتە بەردەممان، دۆخی سیاسیو هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر هەموو بەشەکانی کوردستانەوە کە بەدرێژایی مێژوو رێگر بووە لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارە جیاوازەکاندا. ئەم هۆکارە رەنگدانەوەی بەسەر رەوتی گەشەی راگەیاندنو وشیاریی میدیایی لە کوردستاندا هەبووەو هەیەو لە ژێر کاریگەریی ئەم دۆخەدا زۆر گرفتی دیکە هاتوونەتە ئاراوە. گرفتی دووەم، قەیرانێکی تیۆریکە کە ریشەی لە رابردوو دایەو بووتە هۆی ئەوەی کورد خاوەن هێزی مرۆیی پرۆفیشناڵ لە بواری راگەیاندندا نەبێ. بەواتایەکی دیکە ئێمە بەو بۆنەوە کە خاوەن دەوڵەتو کیانی خۆمان نەبووین، نەمانتوانیوە هاوشان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە خاوەن ناوەندیی ئاکادیمیو زانستی بەهێز بین لە بواری راگەیاندندا، بۆیە بەردەوام لە قەیرانێکی تیۆریکدا ژیاوینو بەرهەمی نەتەوەکانی دیکەمان دەرخوارد دراوەو بە گوێرەی ستاندارد پیشەییەکان گەشەمان نەکردووە. گرفتێکی دیکەی بەردەم پیشەیی بوونی راگەیاندن لە کوردستاندا، حیزبەکانن. ئێستا ئەگەر سەیر بکەین دەبین لە هەر چوار پارچەی کوردستان ژمارەیەکی زۆر حیزبو لایەنی سیاسی بوونیان هەیە، هەر کام لەم حیزبگەلە بە شێوەی فەرمی ژمارەیەک دەزگای راگەیاندنی هەیە (ماڵپەڕی ئێلکترۆنی، رادیۆ، تەلەفزیۆن، گۆڤار، رۆژنامە و...)، بە شێوەی نافەرمیش هەر کامیان بە دەیان کەناڵی لاوەکیو سێبەریان هەیە بۆ گەیاندنی پەیامە نافەرمییەکانو هەندێ جار ئەزیەت کردنی ئەم و ئەو و بڵاو کردنەوەی تۆمەت و جوێن و... . ئەمە وای کردووە جۆرێک لە قۆرغکاری لە پانتای کاری راگەیاندن لە کوردستان دروست بێ. ئەم قۆرغکاریەش لەباتی ئەوەی ئاراستەی کاری میدیایی، بەرەو ئاراستەیەکی پرۆفیشناڵانە بەرێ، بەئاراستەی پێچەوانەدا هەنگاو دەنێو بێسەروبەرەییو بشێوی لەم بوارەدا بەرهەم هێناوە. هەروەها رێگرە لەبەردەم لاچوونی کاریگەریی رۆژنامەگەرییو گوتاری شاخ بەسەر رۆژنامەگەریی شارەوە. گرفتێکی دیکەی رۆژنامەگەریی لە کوردستان ئەوەیە کە هێشتا نەمانتوانیوە لە ژێر کاریگەریی ئەوە نەتەوانە دەرباز بین کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لە باشووری کوردستان بە زەقی هەست بە کاریگەریی رۆژنامەگەرییو دونیای راگەیاندنی عەرەب بەسەر میدیا کوردییەکانەوە دەکرێ. لە باکور کاریگەریی تورک بەسەر میدیای کوردییەوە دیارە. لە رۆژهەڵات کاریگەرییو شێوازی کارکردنی راگەیاندنە فارسییەکانمان بەسەرەوەیەو لە رۆژاواش کاریگەریی عەرەبمان بەسەرەوەیە.

سەرەڕای ئەم کێشەگەلە، کێشەی سەرەکی ئەمڕۆی ئێمە لە کوردستان نەبوونی خوێندەواریی میدیایی (Media Literacy)یە. تا بەشێوەیەکی قووڵ لەم لایەنەوە گەشە نەکەین، ناتوانین بگەینە ئاست کاروانی ڕۆژنامەگەریی و ڕاگەیاندنی وڵاتانی دیکەو لەو مەیدانەدا قسەی خۆمان هەبێ. خوێندەواریی میدیایی بە شێوەیەکی گشتی واتە: «تێگەیشتنێکی پشت بەستوو بە لێهاتوویی کە بەو پێیە دەتوانریّ جۆرەکانی میدیاو جۆرەکانی بەرهەمیی میدیاکان لێک جیا بکرێتەوەو بناسریّ». (دکتر یونس شکرخواه، سواد رسانه ای چیست؟) خوێندەواریی میدیایی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە سۆنگەی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینەوە کەڵک لە ئامرازە میدیاییەکان وەربگرین و بەکاریان بهێنین.

ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەم خوێندنەوەیەدا چاو لە میدیای کوردی بکەین، بۆمان دەردەکەویّ کە بە هۆی تێنەگەیشتن لە میدیاو ئەرکو قازانجەکانی ئێستا ئێمە لەم بوارەدا بینەری بێسەروبەرەییەکی سەیرین. ئەم بێسەروبەرەییە ئەمڕۆ لە ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بۆتە دیاردەیەک کە پێویستە پێشی پیّ بگیریّ و هۆکارەکانی لێک بدرێتەوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم بێسەروبەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کولتوورەی کە پێویستە لە نێوان کۆڕوکۆمەڵ و لایەنە کوردییەکانو تەنانەت تاکی کورددا بەرانبەر بە کاری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەگەریی هەبیّ، بوونی نییە. بە گوێرەی بەرژەوەندی ڕێکخراوەیی و گرووپی لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان دەجووڵێنەوە. لەم ڕووەوە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بۆتە ئامرازێک لە خزمەت دەسەڵاتی تاکو حیزبەکان دا.

بەم پێیە ئەوەی کە لە گۆڕەپانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا دەیبینن، بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندنی نووسراودا، ناتوانین بە مانا پیشەییەکەی ناوی ڕۆژنامەگەریی لەسەر دابنێین. بە پێچەوانەی دەسپێکی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە لە ڕووی پیشەییەوە دەسپێکێکی باشە، ئێستاشی لەگەڵ بیّ ڕاگەیاندن لە کوردستان نەیتوانیوە ڕێچکەی پیشەیی خۆی بەمانای ڕاستەقینە بگرێتەبەر. سەرەڕای کۆمەڵێک گرفت و ئاستەنگ، کۆسپی سەرەکی بەردەم ڕاگەیاندن لە کوردستاندا نەبوونی خوێندەواریی میدیاییە، بۆیەش باشترین چەمک کە بتوانیّ دەربڕی ئەم دۆخە بیّ، چەمکی «ڕەشنامەنووسی»یە. بە کورتی ئەوەی دەیبینن کۆمەڵێک تایبەتمەندی باش و خراپی هەیەو دەکریّ بێژین ئەمە ڕۆژنامەگەریی نییە، بەڵکوو ئەم زۆر و بۆرییە، ڕەشنامەنووسییە.

لە ژمارە ٦٣٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٤

# قۆناغەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران دا

نووسینی: شەریف فەلاح


بەیوی خودای چڕیی هاو

کوردستان

کوردستان لە لایەن هەیئەتی تحریریەوە دەردەچی

آبونەمان
یەکساڵ ۳۰۰ ریال
شەش مانگ ۱۶۰ ریال
دانەی ۳ ریال

بلاو کەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ۱۰ | ساڵی یەکەم | دوشەممو ۱۵ ریبەندان ۱۳۲۴ | ۴- فوریە ۱۹۴۶

جیژنی سەربەخویی واستقلالی کوردستان

یا

* درەوشینی استیرەی خوشبەختی کوردان *

**مێژووی ڕۆژنامەوانی لێدوان نووسین ناچالاککراوە**

ڕۆژنامەوانی: بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە گەورەترین و بەرچاوترین ڕەوت، ئەو سەردەم و ماوە کورتە بووە کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەویش لە ناوچەی باکوری کوردستانی ئێران لە ماکۆ و "خۆی"یەوە بگرە تا دەگات بە بەشێک لە شاری سەقزی لەخۆ گرت، کە بە گوڕ و تینێکی بەرفراوان و بە ئەندێشەیەکی نەتەوەیی و بە پشتیوانیی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری کوردستان و لەسەر دەستی چەندین ئەدیب، شاعیر و ڕۆشنبیری بە توانا وەکوو: "سەیفولقوزات، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، عەبدولڕەحمان زەبیحی، حەسەن قزڵجی، سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)، خاڵەمین، عەباس حەقیقی و هێدی" و هتد...چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەیان وەکوو کوردستان، هەڵاڵە، نیشتمان، گرۆگاڵی منداڵانیان چاپ و بڵاو کردەوە، بەڵام ئاستی وەشان و ئەو ناوچانەی کە ئەم پەرتووکانەی تێدا بڵاو دەکرایەوە لە شارەکانی باکوری کوردستانی ڕۆژهەڵات تێنەپەڕی کە هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی ببوونە هۆی ڕەخساندنی.

هەر لەو ماوە کورتەدا پۆلێ چاپەمەنی، کتێب و پەرتوکی کوردی هاتنە مەیدانی ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبی کوردی بووژایەوە، هەرچەند ئەو تەوژمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە نەگەیشتە شارەکانی پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان و ئیلام، بەڵام ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە، بە کپ کردنی ئەو هەڵە لەلایەن دەسەڵاتی حکوومەتی پەهلەوییەوە ڕەوتەکەش ڕاوەستاوە و دام دەزگای حکوومەتی

پاشایەتی وەک حکوومەتی پێشووی تورکیە هەوڵی یەکدەست کردنی زمان و کولتووری نەتەوەکانی ئێران و تواندنەوەیان هەوڵەکانی خۆی حشتە گەڕ.

لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوییەوە هەتا سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ لە ئێران بە قۆناغی تاریک و تەمومژاویی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران دێتە ئەژمار و جیالە نامیلکە و بڵاوکراوەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان لە شاخ کە بە نهێنی چاپ دەبوون، هیچ بڵاوکراوەیەکی تر بە فەرمی لە ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵدا چاپ نەبووە.

**قۆناغی شۆڕشی ٥٧:**

بەڵام خرۆشی گەلانی تووڕەی ئێران، جووڵەی لەو ئەندێشەیە بڕی و ئیرادەی جەماوەر بەسەر سەرکوت و زەبرو زەنگدا سەرکەوت و کۆتایی بە دەسەڵاتی پەهلەوی و پیلانە دژە مرۆییەکانی هات.

بۆ ماوەیەک سەرلەنوێ هەلومەرج بە گوڕوتینێکی ترەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە وڵاتەکەماندا سەری هەڵدا.

ئەگەرچی لەبەر کاریگەریی کات و هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمە، چاپەمەنییەکان زۆرتر سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام خێرا سەریان هەڵدا و شانبەشانی ڕووداوکان گەشەیان کرد و هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی مەیدانی کوردستانی ئێران بۆ خۆیان خاوەنی چاپەمەنی و بڵاو کراوەی تایبەت بە خۆیان بوون.

هاوکات بەشێک لە هێز و لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش ئەو دەرفەتە لەبارەی کوردستانیان قۆستەوە و گۆڤار، بڵاو کراوە و نامیلکەکانی خۆیان لە کوردستان بە چاپ دەگەیاند و ڕەوانەی ناوچکانی دیکەیان دەکرد.

ئەو ماوە کورتەش سەرلەنوێ کۆتایی پێ هێنرا و لەلایەک هەلومەرجی ئەستەم و ناسکی ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٥٠ی هەتاوی تا نێوەڕاستی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و بڵێسەی ئاوری شەڕ زۆربەی دەرەتاەکانی ڕەواندەوە. وەڵامی داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و ئەو دەرفەتانەی کە بۆ وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی ناوەندە ڕەخسابوون، هەڵایسانی شەڕی لێکەوتەوە.

شەڕی حکومەتی ئسیلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و چەند هۆکاری تریش بوونە هۆی ئەوەی هەتا کەش و هەوایەکی پڕلە ترس و سەرکوت باڵ بەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری لە کوردستانی ئێراندادا بکێشێ و کۆمەڵانی خەڵک لە سەرەتایی تررین مافە مرۆییەکان، خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی قەدەغە بکرێن، گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێبو ڕەوتی چاپ و وەشان پێشیان پێگیراو کەش وهەوایەکی تەژی لە سانسۆر و ئەمنیەتی لە کوردستان هاتە ئاراوە و ڕەوتی ڕۆژنامەگەری هاوچەرخی کوردی تووشی قەیران و وەستان هات.

هەرچەند لەم قۆناغەدا جۆرێک لە ئەدەبی بەرگری و ڕاپەڕێنخوازانە فۆرم دەگرێت و بە نهێنی و ناوبەناو لەملاو لەولا چاپ و بڵاو

دەکرێنەوە. ڕۆژنامەنووسیی شاخ و حیزبی بە نهێنی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام بە ئازادی ناگەنە دەستی خەڵک و قەدەغە دەکرێن.

بەڵام ساڵی ٦٣ی هەتاوی ساڵێک بوو کە لە سەر هیمەتی پیرێکی ژیر و شاعیرێکی نەتەوەیی و جوانپەرەست شقڵی ئەو بێدەنگییە شکێنراو مامۆستا "هێمن" بە شنەبای "سروە" ئاڵای فەرهەنگ و ئەدەبی کوردستانی ئێرانی هەڵکرد و بەڕاستی تێگەیشتبوو کە بنەمای بوونی هەر گەل و نەتەوەیەک فەرهەنگی ئەو گەلەیە، دەنا حازر نەدەبوو بۆ خزمەت بەم بوارە و بووژانەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەرچی تانە و توانجی دەورووبەرە قبووڵی بکات و لە کارەکەی وازی ئەهێنا.

پاش چەندین ساڵ هەوڵ و تێکۆشانی کارە بەنرخەکەی هێمنی دڵسۆز و هاوەڵەکانی خزمەتێکی هەرە گرینگی بە ئەدەب و فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کرا و هەر بە تاقانەیی مایەوە زۆر شاعیر و نووسەرو ڕەخنەگر و چیرۆکنوسی لاو "سروە" بوو بە مامۆستایان و لە کەند و کۆسپ و هەڕەتەکان ڕزگاریانی کرد.

سروە پاش تەمەنێکی دوور و درێژ لە خزمەت بە ڕەوتی فەرهەنگی و ڕۆژنامەگەریی ئەدەبیی کورد و بڕینی چەندین قۆناغ، لە گۆڕینی ناوەڕۆک، شێواز و شوێنی کار، سەرەنجام پاش زیاتر لە ٢٥ ساڵ تێکۆشانی فەرهەنگی بە تەواوەتی ڕووی لە لاوازی کرد و خوێنەر و نووسەرانی لێ تەریک کەوتنەوە و هاوینی ساڵی ١٣٨٩ی هەتاوی دوای ٢٨١ ژمارە، لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێرانەوە بەهۆی گرفتی ماڵی بە یەکجاری داخرا و ئەو دەرەتانەش ڕەوییەوە.

لە کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ لەگەڵ گورووتینێکی نوێ لەناو دونیای فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و بە دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و کۆبوونەوەی نووسەران و بیرمەندانی کورد سروە لە تاقانەیی ڕزگاری بوو و دەستەخوشکێکی بەناوی "ئاوێنە" هاتە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە لەسەر دەستی نووسەران و دڵسۆزانی کوردی دانیشتوی تاران و کوردە فەیلییەکان شانبەشانی سروە گەشایەوە و بە ئاوڕدانەوە لە ڕەوتە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە ئیلامەوە بگرە تا دەگاتە خۆی و ماکۆ ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و چاکی نواند.

ڕۆژنامەگەری لەو کاتەدا ببوو بە گۆڕەپانێک بۆ تاودانی پێنووس بەدەستان.نابێ لە یاد بکەین کە ڕەوتی سروەو ئاوێنە وەک ڕەوتێکی زیندوو، وەکوو سەردەم و قۆناغەکانی پێشوو توشی هەوراز و نشێوبوون. کە هەتا هاتووە ئاستی گۆڤارەکە دابەزیوە و کەم هێزتر بۆتەوە. بەڵام ئاوێنەش بنبڕ کرا لە کاتێکدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەری جیدیی کورد لە ئیلام و کرماشان و کوردستان و ئازەرباجانی ڕۆژئاواوە تێیدا دەیانووسی، پێشی پێگیرا و پەنجەرەکی تر بە ڕووی نووسین و داهێناندا داخرا.

ڕەوتی زەمان و بە بەهرە گەیشتنی هەوڵ و چالاکییە فەرهەنگییەکان و ئەکتیڤ بوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری و پێویستیی سەردەم بوونە هۆی سەوز بوونی نەمامێکی تری فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی. بەڵام ئەمجارە ئەو نەمامە لە شارێکی خنجیلانە و فەرهەنگ دۆستی وەک مەریوان لە لێواری "زرێبار"و لە سینگی ئەفسانەی دەرویشەوە ڕوا. نەمامی زرێبار کەوتە پەل هاویشتن و باوەشی بۆ یادی سەدساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی گرتەوە.

ئەمجار گۆڤاری"زرێبار"دوای هەوڵ و تەقەلای زۆر وەک یەکەم چاپەمەنیی خۆماڵی و سەربەخۆ لە کوردستانی ئێران خۆی دەرخست کە ئێستاش لە فۆرم و شێوازێکی نوێ و ڕاڤەییدا پاش بڕینی چەندین قۆناغی هەوراز و نشێوی وەک ڕاگرتن، نەبوونی پشتیوانەی ماڵی و ... هەر بەردەوامە.

**نیوەی دووەمی دەیەی ٦٠ و سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی، قۆناغێکی گرینگ:**

لە دەرەوەی زانکۆکانیش و لە مەیدانی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریدا لە هەوڵ و چالاکی نەوەستان و لە شاری سنە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی حەوتونامەی "ئاوێەر"و پاشان حەفتەنامەی "سیروان" بە دوو زمانی کوردی و فارسی هاتنە مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەرچەند بۆ ماوەیەک بوون بە زمانحاڵی باڵ و جیناحەکانی ناو دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران، بەڵام لە ئاستی خۆیاندا خزمەتی بەرچاویان بە بووژانەوەی ڕەوتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد.

بەپێی هەلومەرج و هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕەوتی بەجیهانی بوون و هاتنە ئارای شەپۆلی تازەی ڕووناکبیری بۆ وەڵامدانەوە بە سەدان پرسیاری جیددیی بێ وەڵام، بەرز بوونەوەی ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی، سەرهەڵدانی چینی خوێندکار و بژاردەی کۆمەڵگا و چوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانی کورد بۆ زانکۆکان و هاتنە ئارای فەزایەکی تازەی سیاسی لە کوردستان و ئێران، بارودۆخێکی ڕەخساند و بەڕێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئەندامانی ئەنجومەنەکان نووسەران، شاعیران، ڕەخنەگران، بیرمەندان، چالاکانی سیاسی، مەدەنی و خوێندکاری لە دەرەوەی زانکۆ و بەتایبەت لەنێو زانکۆکانی و لە هەر گۆشە و قوژبنێکی زانکۆکانی ئێران و کوردستان دەستیان دایە وەشان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری خوێندکاری و بە شێوەیەکی ئاکادێمی و ڕاڤەیی بابەت و مەسەلە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانیان شرۆڤە دەکرد و چەندین گۆڤاری وەکوو: "ڕوانگە، تاڤگە، بەیان، نیشتمان، چیا، ترووسکە، تەڵخا، میراجی، ڕەوت، ڕچە، برووسکە، ڕۆژانۆ، ئامانج، کرمانج، چرۆ، نویسا، ئاشتی، دەنگ، خویندکاری کورد، پەیڤ، ڕۆژامە، بووژان، هەرەوەرز و ڕۆژەڤ " و هتد...یان بڵاو کردەوە.

لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا لە شاری مەهاباد گۆڤاری "مەهاباد" پێی گرت و خۆی خزاندە ناو بازنەی چالاکیی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبییەوە، ئەم گۆڤارە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و بڵاو دەبێتەوە و یەکێک لەگۆڤارە زیندوو و چالاک و بەنرخەکانی کوردستانی ئێرانە و هەر بە ئاراستەی فەرهەنگی و ئەدەبیدا کار دەکات.

**دەیەی ٨٠ و قۆناغی ژۆرنالیستیی مۆدێڕنی کوردی لە ئێران:**

دوای خوێندنەوەیەکی نوێ و پێناسەیەکی سەردەمیانە و مۆدێڕن لە ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی کورد لە کوردستانی ئێران، پاش داخرانی حەفتەنامەی "ئاوێەر" و هەموو گۆڤارە خوێندکارییەکان، شەپۆلێکی تازە و نوێخواز و ئەمرۆیی لە ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕەخنەگر و پرسیارخولقێن هاتە ئاراوە کەلە چوارچێوەی حەفتەنامەگەلێکی وەکوو: "ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، پیام مردم، پەیام کوردستان، ڕاسان، دیدگا، کەرەفتوو، ئاشتی لە تاران" و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران شەپۆلێکی بەرین لە

ڕەوتی تازەی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی کوردییان بنیات نا، کە پرس و تەوەرە گرینگەکانی ڕۆژ وەک: پرسی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، بەجیهانیبوون، فیمینیزم، مافی مرۆڤ و پرسە گرینگە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو دیاردە و کەموکۆڕییانەی لە کۆمەڵگای کوردی دان خرانە ڕوو.

ئەم قۆناغە دەتوانین وەکوو قۆناغی دەسپێک و بنیاتنانی ڕۆژنامەگەریی مۆدێڕنی کوردی لە ئێران ناودێر بکەین. چونکە لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون و خوێندەوار و شارەزا بە چەمک و میتۆدە هاوچەرخەکانی، هەواڵ، ڕاپۆرت و وتارنووسین ئاشنا بوون. توێژێک لە ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەگر و پێکهاتە شکێن هاتنە مەیدان کە ئاراستە نووسینیان ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە و هاوکات نەتەوەیی بوو.

هەروەها ئاڵوگۆڕ و قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و ئێران و ڕەوتە تازەکانی ئەدەب وەک: شێعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ، سینەمای کوردی و ڕەخنەی ئەدەبییان بە شێوەیەکی زانستی دایە بەر شرۆڤە و لێکۆڵینەوە.

### قۆناغی ڕەوینەوەی دەرفەتەکان و داهاتووی نادیار:

سەرەتای دەیەی هەشتا هەرچەند بە لەدایک بوونی بووژانەوەی ڕەوتی نوێی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران دێتە ئەژمار، بەڵام ئاڵۆگۆڕە سیاسییە ناوخۆیەکانی ئێران و داخرانی فەزای سیاسیی کاریگەرییان لەسەر دانا و بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم قۆناغە کەم بخایەنێ.

ئەم ڕەوتەش وەکوو قۆناغەکانی پێشوو لەلایەن دەزگا ئەمنیەتی ـ نیزامی و هەروەها دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە پاش هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نژاد پێشیان پێگیرا. حەفتەنامە و گۆڤار و نامیلکەکان داخران، ستاف و دەستەی نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەستبەسەر و حوکمی زیندانیان بۆ بڕایەوە. ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی کورد تاوانی سیخوڕ، بەستراوە بە بێگانە و دژبەری ئاسایشی نەتەوەیی و ئاژاوەگێڕیان درایە پاڵ.

کەش و دۆخی نائۆمێدی، زیندان دەستبەسەر کردن و تەنانەت حوکمی ئیعدام بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد باڵی بەسەر ناوچە کورنشینەکاندا کێشا. لە ساڵی ١٣٨٥ بەرەو ئەملا زۆرێک لە ڕۆژنامەنووس، چالاکانی مەدەنی و سیاسی کەلە حەفتەنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا چالاکییان دەکرد، دەستبەسەر و ڕەوانەی گرتنگە و زیندانەکان کران. بە چەشنێک کە زیاتر لە ١٠ ڕۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکانی ئێراندا بوون و هەر جارە کە لەلایەن ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوورەوە ئێران وەکوو گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانی جیهان لە قەڵەم دەدرا و کوردستان لە ئاستی ئێراندا زیاترین پشکی ڕۆژنامەنووسی زیندانیی هەبووە.

دوو کەس لە ڕۆژنامەنووسانی چالاک و جیدیی کورد بەناوەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەند و عەدنان حەسەنپوور کەلە ساڵانی ٨٥ و ٨٦ەوە بەهۆی چالاکیی ڕۆژنامەوانییەوە دەستبەسەر کراون، ئێستا بە پێشینەترین ڕۆژنامەنووسانی زیندانیی ئێران دێنە ئەژمار و

هەروا لە زینـدان دان و بەپێی دوایین زانیارییەکـان محەممەد سدیق کەبوودوەنـد لە زۆریک لە مافەکانی هەر زینـدانیەکی سیاسی بێبەش بووە و هەتا ئێستا نەیانهێشتووە لە مافی مەرەخەسی کەڵک وەربگرێت و چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێت.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند بەرپرسی "رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" بە تـاوانی پروپاگەنـدە بەدژی نیزام لە رێگای رێکخراوی پشتیوانی لە مافی مرۆڤی کوردستان، رێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٨٦ دەستبەسـەر و دوای ٧ مانگ راگیـران لە زینـدانی تاکەکەسی بە ١١ ساڵ زیندان حوکم درا و هەتا ئێستا ٥ ساڵ لە حوکمەکەی لە زیندانی ئێوین تێپەڕاندووە.

کەبوودوەنـد، رۆژنـامەوان و چالاکی مـافی مرۆڤی کـورد، خـاوەن ئیمتیـاز و سەرنووسـەری حەفتەنـامەی پیـام مەردوم لە شـاری سنە و هەروەها دامەزرێنەری "رێکخـراوی مـافی مرۆڤی کوردستـان" یەک لەو کەسە جیدییانەیە کەلە وەڕێخستنی بووژانـدنەوەی پرسی مـافی مرۆڤ و ئاشنا کردنی هاووڵاتییانی کورد لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بە ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان رۆڵی بەرچاوی هەبووە.

کوبوودوەنـد سـاڵی ٢٠٠٩ دوو خەڵاتـی رۆژنامەنووسـانی بەنـدکراو (هـێلمەن هێمـت) و هەروەهـا خەڵاتـی چـاپەمەنیی ئیتالیـای پـێ بەخشراوە.

"عەدنـان حەسـەنپوور"یـش وەکـوو یەکێکـی تـر لە رۆژنامەنووسـانی زینـدانیی کـورد لە زۆرێـک لە مافەکـانی بێبەش کـراوە و پـاش هەڵوشاندنەوەی حوکمی ئیعدام و بڕینی چەندین قۆناغی دۆسیەکەی، سەرەنجام حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

عەدنان حەسەنپوور رێکەوتی ٥ی رێبەنـدانی سـاڵی ١٣٨٥ دەستبەسـەر و رێکەوتـی ٢٢ی جۆزەردانی هەمـان ساڵ لە دادگـایەکی نهێنیدا لەلایەن دادگای ئینقلابی مەریوانەوە بە تـاوانی "محارب" حوکمی ئیعـدامی بـۆ بـڕایەوە. رێکەوتـی ٣٠ی رەزبەری ١٣٨٦ لەلایەن دیـوانی بـاڵای بەرزی وڵاتەوە ئەو حـوکمە پەسـند کـرا. دواتـر بەهـۆی نـارەزایەتیی خـودی عەدنـان، بنەمـاڵە و چالاکـانی مـافی مـرۆڤ و رۆژنامەنووسانی کورد و پارێزەرەکەی، رێکەوتـی ١٩ی پووشپەڕی ١٣٨٧ حوکمی ئیعـدامی ئەو رۆژنامەنووسە هەڵوەشـایەوە و سـەرەنجام حوکمی ١٠ ساڵ زیندانیی بۆ بڕایەوە و ئێستا لە زیندانی ناوەندیی سنە دەستبەسەرە.

هەتا ئێستا دوو خەڵاتی نێودەوڵەتیی پێدراوە، یەکەم: خەڵاتـی ئـازادیی چـاپەمەنیی رێپـۆرتێرانی بـێ سنوور لە سـاڵی ٢٠٠٧، دووەم: خەڵاتی ئازادیی چاپەمەنیی ئیتالیا لە ساڵی ٢٠٠٧.

جیا لەو دوو رۆژنامەنووسە کوردە کە ئێستا لە زیندان دان لە مـاوەی ١٠ سـاڵی رابـردوودا زۆرن ئەو رۆژنـامەنووس، نووسـەر و چالاکی فەرهەنگی و چالاکـانەی بیـاڤی چـاپەمەنیی کـوردی لە کوردسـتانی ئێران کە دەستبەسـەر و هەرکـام بە تـاوانی جۆراوجـۆر بـۆ مـاوەی چەندین ساڵ لە زینداندا بوون، یان بەهۆی نەبوونی ئەمنیەتـی گیـانی و لەژێر زەخت و گوشاری ناوەنـدە ئەمنیەتـی و نیزامییەکـانی حکوومەتی ئێرانـدا بە ناچـاری وڵاتیـان بەجـێ هێشـتووە، یـان پەنـایـان بـردۆتە بەر ئورووپـا و یـان لە وڵاتـانی دراوسـێی ئێـران گیرساونەتەوە.

لە تەواوی ئەو ڕۆژنامە، حەفتەنامە و گۆڤارە مانگانامە و وەرزنامانەی کەلە دوو دەیەی ٧٠ و ٨٠ هەتاویدا لە ناوچە کوردشنیەکانی ئێران چاپ و بڵاو دەکرانەوە، تەنیا حەفتەنامەی "سیروان" و گۆڤاری ئەدەبیی و فەرهەنگیی "زرێبار" ماون و بەردەوامن.

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ئەو هەموو هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپانەی کە هاتوونەتە بەردەم توێژی ڕۆژنامەنووس و چالاکانی بیاڤی ڕاگەیاندن لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران، بەشی هەرە زۆریان لە پارێزگای کوردستان و بەتایبەت شاری سنە بوون، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو حەفتەنامانەی کە چاپ و بڵاو کراونەتەوە، لەو شارە بوون.

هەرچەند لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام ئێستا چەندین حەفتەنامە و گۆڤاری مانگانە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام لە کۆی نزیک بە ٤٠ بڵاو کراوە کە لەو دوو پارێزگایە دەردەچن، تەنیا دوو لاپەڕە بۆ زمانی کوردی تەرخان کراوە بۆ زیاتر لە 3 میلیۆن حەشیمەتی هاووڵاتیی کوردی هەر دوو پارێزگاکە کە ئەویش تایبەتە بە شێعر و ئەدەب.

سەرەتای ساڵی ١٣٩٠ لەلایەن لیژنەی چاوەدێری بەسەر چاپەمەنییەکانی وڵات مۆڵەتی چاپی ١٠ بڵاو کراوەی جۆراوجۆری بۆ پارێزگای کوردستان پەسند کرد کە هەتا ئێستا بە فەرمی ٣ دانە لەو بڵاڤۆکانە دەست بەکار بوون و ئەوانی دیکەیان هەر لە چوارچێوەی ناودا ماونەتەوە.

هەرچەند ئێستا لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران حەفتەنامە و دوو حەفتەنامەکانی: "سیروان، دیار کوهەن، دیار، نیشتمان، ندای گەڕووس، دیدگا، سۆران، هاوار، ئاوای ماد، بیستوون، موبەشر، کرماشان، ندای ئازادی، نەوای کرماشان، ڕۆژان، بەهێز (وەرزشی)، غرب امروز، مهر ایلام، جامعە کردستان، سەیمەرە، پەیام کوردستان و گۆڤارەکانی: زرێبار، مەهاباد، گەشە، بەرهەم، هەژێن و ژیوار" چاپ و بڵاو دەبنەوە، بەڵام دەرەتانەکان ڕەوییونەتەوە، قەڵەم بەدەسەت و ڕۆژنامەنووسانی جیدیی کورد یان وڵاتیان بەجێ هێشتووە، یان گۆشەنشینی و دوورەپەرێزیان کردۆتە پیشە و کەش و دۆخی ترس و تۆقاندن زاڵە و نائومێدی و بێ هیوایی بە داهاتوو وەک ئاراستە و ڕاستەڕێی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران لە قەڵەم دەدرێن.

لە حاڵێکدا یادی ١١٣ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە، لە بارودۆخێکدا بەرەو پێشوازیی کاروانی نەوەکانی بەدرخان، پیرەمێرد، گیوی موکریانی، هەژار و هێمن و دەیان ڕۆژنامەنووس و قەڵەم بەدەستی مەیدانی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە کە هیچکام لەو حەفتەنامە، ناملکە و بڵاو کراوانەی کە ئەمڕۆ لە ناوچە کوردشینەکانی ئێران چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، سەربەخۆ نین و لە ئەنجامدا چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێت پرس و بابەتە بەرباسەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردستانی ئێران وەک خۆیان شرۆڤە بکرێن و بۆ ڕای گشتی بگوازرێنەوە.

یادی ١١٣ ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران هاوکاتە لەگەڵ سانسۆر، بێدەرەتانی و نەبوونی پشتیوانیی ماڵی و قەیرانی خوێنەر و دەیان گرفتی دیکەی وەک نەبوونی ناوەند و ڕێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافە ڕەواکانی ڕۆژنامەنووس و ڕاگەیاندنکارانی کورد لەو بەشەی کوردستان.

ڕۆژنامەنووسان، میدیاکار و چالاکانی بیاڤی ڕاگەیاندنی کوردی لە کوردستانی ئێران لە ناوخۆ و ئەوانەش کە پەریوەی هەندەران و وڵاتانی دراوسێ بوون، بە گومانەوە دەڕوانەنە قۆناغی ئێستا و ئاسۆ و هیواکان کەمڕەنگ و بێ وزە دەبینن، چونکە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێران ئێستا لە قۆناغی قەیران و ئاڵۆزی دایە و فەزایەکی ترس، گومان و دڵەڕاوکێ بەسەریدا زاڵە و قەڵەمەکان دەستەمۆ کراون و ڕەوتەکە بە ئاقارێکی نادیار و بێ شوناس و چارەنووس نادیاردا ڕێگا دەبڕێت.

## چاپەمەنیی مەجازی، قۆناغێکی تر لە چاپەمەنی لە کوردستانی ئێران:

هاوکات لەگەڵ داخرانی یەک لە دوای یەکی حەفتەنامە و بڵاڤۆکە جۆراوجۆرە کوردییەکان و گیرانی بەشێکی بەرچاو لە ڕۆژنامەنووس و چالاکانی بیاڤی چاپەمەنیی کوردی، کۆمەڵێک لەو چالاکانە لە دەرەوەی وڵات و هێندێکیش لەناوخۆ دەستیان دایە وەڕێخستنی ماڵپەڕ و وێبلاگی خەبەری، شیکاری و توانیویانە لە دونیای مەجازیدا سەرنجی زۆرێک لە خوێنەر و بەردەنگانی کورد و فارس بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و هەواڵ و زانیاری و ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران ڕوومالْ بکەن. بەشێک لەو ماڵپەڕانە کە هەتا ئێستا لەم بارەوە چالاک بوون بریتین لە "دیمانە، ڕێنێسانس نیووز، فۆر ڕۆژهەڵات، ڕەوانیووز، کوردیش پرێس پێکتیڤ، ڕۆژهەڵات تایمز، بەیان، بەیانی، کوردپیا، خۆرنیووز، ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ و ..." و دەیان ماڵپەڕ و وێبلاگی دیکەی فەرهەنگی و ئەدەبی کە توانیویانە بەشێک لەو بۆشاییانەی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردستانی ئێران پڕ بکەنەوە.

سەرچاوەکان:


. کەریمی بەختیار، کتێبی ڕۆژنامەنووسیی مۆدێرن، چاپی ساڵی ١٣٨٤. تاران.
. شافیعی جەلال، وتاری خەسارناسیی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران، ئینتێرنێت.
. حەفتەنامەی ڕۆژهەڵات، سنە، دەوری یەکەم، ساڵی ١٣٨٦.
. شێخی شەهابەدین، هیچکات نەگەیشتینە سەد، بابەت ئینتێرنێت.
. قورەیشی کاوە، ساڵی چاپەمەنی لە کوردستان، ماڵپەڕی ئینێرنێتیی "ڕوز".
. سروە و چاپەمەنییەکانی دیکە لە کوردستانی ئێران، وتووێژ لەگەڵ ئەحمەد قازی، حەفتەنامەی سیروان، ساڵی ١٣٩٠.


سەرچاوە: ماڵپەڕی وێژان / ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# زانیاریی نوێ لەبارەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەدۆزرێتەوە، ڕەنگە ڕێڕەوی مێژوو بگۆڕێت

**عەبدوڵڵا زەنگەنە: لەبارەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردییەوە مشتومڕمان لەسەر ڕۆژێک بوو، کەچی ئێستا گوماندەکرێت جیاوازییەکە بەساڵ بێت**

## چاوپێکەوتن: سەرتیپ جەوهەر

زۆرجار دۆزینەوەی زانیاریی نوێ دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەویی مێژوو، بەجۆرێک تەواو پێچەوانەی رابردوو دەبێت، لەپرسی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریشدا ئەو ڕۆژە دانراوە کە یەکەم ژمارەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لێ دەرچووە لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، بەڵام لەوکاتەوە تائێستا دروست هەموو کۆک نین لەسەر ئەو ڕۆژە، بەڵام ڕۆژێکەو ساڵانە لەو ڕۆژە یادی ڕۆژنامەگەری کوردی بەڕێوەدەچێت.



ئێستا مقۆمقۆیەک پەیدابووە کە ڕەنگە بەدۆزینەوەی دیکۆمێنت و بەڵگەنامەی نوێ ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی گۆڕانی بەسەردا بێت، نەک ئەوە بەڵکو شوێنی دەرچوونی ڕۆژنامەکەو هەندێ ووردەکاریی دیکەش هەیە بگۆڕێت، ڕۆژنامەنووس عەبدوڵڵا زەنگەنە دوو ژمارەی دیکەی ڕۆژنامەی کوردستانی دۆزیوەتەوە، خەریکی وەرگێڕان و لێکدانەوەی ئەم دوو ژمارەیەیەو بەقسەی خۆی ئەگەری زۆرە بەتەواوی ئەو مێژووە بگۆڕێت کە پەیوەندی بەڕۆژنامەی کوردستانەوە هەیە، ئێمەش لەوبارەیەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد:

*** ئەگەر بکرێت بە کورتی باسێکی دۆزینەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی پێشینمان بۆ بکەی؟**

- چیرۆکی دۆزینەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان) ماوەیەکی پێچووەو زۆر دووردوورودرێژ بووە، ماوەی (٧٠) ساڵێکی پێچووە! سەرەتا د. مارف خەزنەدار، لە ١٩ی نیسانی ساڵی ١٩٦٨دا، لەو بارەیەوە وتارێکی پڕ لە زانیاری بە زمانی عەرەبی لە ڕۆژنامەی (التآخی) نوسیوە، دوو ڕۆژیش دواتر، واتە لە ڕۆژی ٢٢ / ٤، هەمان وتاری بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (برایی) ئەو ساڵە بڵاوکراوەتەوە. نووسەر لەوتارەکەیدا باسی چۆنیەتی ونبوونەوە و دووبارە دۆزینەوەی ژمارە(١)ی (کوردستان) دەکات، بە چاوپۆشین لەوەی ئەم تاقە ژمارەیەی ڕۆژنامەکە تا جەنگی دووەمی جیهانی لە(نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەت) پارێزراو بووە. لەم وتارەی د. مارف پێشنیاز کراوە ئەم ڕۆژە بکرێتە جەژن یان ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و ساڵانە یادی بکرێتەوە.

هەر ئەوسا د. مارف خەزنەدار، بەر لەگەڕانەوەی بۆ وڵات و نووسینی ئەم وتارە، فۆتۆیەکی ئەم ژمارەیەی (کوردستان)ی دابوو بە د.کەمال مەزهەر، ئەویش هەر ئەو ساڵە بابەتێکی لەسەر نوسیبوو و لەگۆڤاری گەلانی ئاسیا و ئەفریقا، بە زمانی رووسی لە مۆسکۆ بڵاویکردۆتەوە.

## د. کەمال فوئاد ئەو بێدەنگییەی شکاند

بەڵام لەساڵی (١٩٦٩)دا وادیارە یادەوەری رۆژنامەنووسیی زۆر بەبێ دەنگی تێدەپەڕی، ئەوە بوو د. کەمال فوئاد ئەو بێدەنگییەی شکاند، لەژمارەی یەکەمی پاشکۆی رۆژنامەی (النور) کە بەناوی (روناکی) بڵاوکراوەتەوە، وتارێکی کورت و بە ناوەرۆک دەوڵەمەندی نووسیبوو، تێیدا هەواڵی دۆزینەوەی ٢٦ ژمارەی لە(٣١) ژمارەی رۆژنامەی (کوردستان)، بە توێژەران و خوێنەرانی راگەیاندووە، ئەوە بوو لەدوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا وتاری ئاماژە بۆکراوی کردبووە پێشەکی بۆ کتێبەکەی بەناوی (کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی) و لەدووتوێیدا ٢٦ ژمارەکەی چاپ کردبۆوە، هەر ئەو ساڵە یان ساڵی دواتر کۆمەڵێک نووسەری دیکەی وەکوو د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ و سەلاح سەعدوڵڵا و بەدرخان سندی و شەهید جەبار جەباری و چەند کەسی دیکە زانیاریی وردیان لەسەر رۆژنامەکە داوە، دواتریش لەسەردەمی رژێمی بەعسیش ساڵانە لەکوردستان و لەبەغدا و هەندێ شوێنانی ئەوروپا یادی ئەم رۆژە کراوەتەوە و ئەو یادە بەرز راگیراوە، هەندێ جاریش بەپێی بارودۆخ پیشانگای رۆژنامەنووسیی کراوەتەوە و یان بۆنەی بۆ بەرێوە براوە. بۆ زانیاری زیاتری تۆژەران ئێمە لەساڵی ٢٠٠٢ دا و تەنانەت هەموو ئەو بابەتانەشمان کۆکردبۆوە کە تا ئەو ساڵە، هەر یەک لە محەمەد ئەمین بۆزئارسڵان و جەلیلێ جەلیل و نەوشیروان مستەفا ئەمین و مەحمود زامدار و گەلێک کەسی دیکەش کە رایان لەسەر (کوردستان)ی یەکەم هەبووە، جگە لەوە خۆیشمان، لەپاڵ رێنووس گۆڕکێی (٩) لە ژمارەکانی بەرایی رۆژنامەکە، لەژێر ناوونیشانی: (کوردستان لەتارکییەوە بۆ رووناکی) بابەتێکی پڕ لەزانیاریمان نووسیبوو، هەموو ئەمانەمان، بە ناوەرۆکە جیاوازەکانیانەوە، دووبارە لەگۆڤاری (رۆژنامەڤانی) سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان بڵاو کردەوە، ئەوەبوو کاتێ (د. کەمال فوئاد) لەو ساڵەدا لەهەولێر پۆستی سەرۆکی پەرلەمانی وەرگرتبوو، وا دیارە ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەی بینیبوو، پرۆژەکە زۆر سەرنجی راکێشابوو، بۆیە لای کۆمەڵێک لەبرادەرانی وەکوو د. رۆژ نووری شاوەیس و د. شێرزاد نەجارِ و شەهید مەهدی خۆشناو و برادەرنی دیکە باسی دەکا، تەنانەت بیرمە ئەو بەرێزەی دواییان زۆر هانی دام تا د. کەمال فوئاد ببینم و لەنزیکەوە بیناسم، ئەوەبوو نەک هەر لەنزیکەوە ناسیم بەڵکو بە خۆمی گوت ئەم پرۆژەیە تەواو بکە، ئەوان ئەگەر پارەیان بۆ هیچ پرۆژەی دیکە نەبێت، بۆ ئەم پرۆژەیە هەیانە!.

## زانیاری نوێتر لەبارەی رۆژنامەگەریی کوردییەوە

* دیارە کە هەرشتێک لە نووکەوە بدۆزرێتەوە دواتر توێژینەوەی نوێ بەدوای خۆیدا دێنێ، هەروەها گفتوگۆ و بۆچوونی نوێش، لێرەدا بەر لەوەی بچینە ناو کرۆکی باسەکەمان دەبینین ئێوە هیچ ئاماژەیەکتان بۆ ئەو کارت، یان ئەو پاشکۆیە نەکرد کە لەم ساڵانەی دوایی دۆزراوەتەوە و کاتی خۆی میقداد میدحەت، لە پاڵ رۆژنامەکەی بۆ هەندێ کەسانی ناردووە ؟.

- تۆ راست دەڵێی، بێگومان رۆژنامەی(کوردستان)یش، دوای دۆزینەوەی، نەک هەر ساڵ بە دوای ساڵ زانیاری نوێتری لەسەر

دەدۆزرێتەوە یان ئاشکرا دەبێت، بەڵکو هەندێ جارانیش دیرۆکەکەی بەهەڵە دەخوێنرێتەوەو دەنووسرێتەوە. بەنموونە ئەو کارتەی ئاماژەتان بۆی کردووە، کە ئەوەشیان دەتوانین بڵێین گرنگی خۆی بە قەد باڵای ڕۆژنامەکە خۆی هەیە، چونکە لە لایەکەوە (میقداد میدحەت بەدرخان) لەگەڵ هەر ژمارەیەکی (کوردستان) ، کە بۆ ڕەفیق و دۆستانی خۆی و زانا و ڕۆژهەڵاتناسانی ناردووە کارتێکی لەگەڵ ناردووە، دیارە ئەو کەسانەش دەبێ فەرەنسی زان بووبن، چونکە کارتەکە بەزمانی فەرەنسی بووە. گرنگیی ئەم کارتەش لەوەدایە لەوانەیە بۆ یەکەمین جار بووبێت کوردێک بەداتاو سەرژمێریی باسی لەژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەی و زەوتکردنی مافەکانی نەتەوەکەی خۆی کردبێت. لەلایەکی دیکەوە ئەم کارتە، وەکوو هەندێک دەڵێن، بەم دواییە نەدۆزراوەتەوە، بەڵکو ئەمەش هەر د. مارف خەزنەدار لەگەڵ (کوردستان)ی کتێبخانەکەی (سانت پیترسبۆرگ)هێنابوویەوە، لە وتاری ئاماژە بۆ کراویدا هەرچەندە پەنجەی بۆ هەبوونی ئەو کارت یان نامەیە ڕاکێشاوە، بەڵام وا دیارە بڵاوکردنەوەی بۆ دەرفەتێکی دیکە دواخستبوو، ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٣ دا و لە ژمارە (٤٥)ی ڕۆژنامەی هەفتانەی (بیری نوێ)دا مژدەی هەبوون و دەستخستنی ئەو نامەی داینێ. لێرەدا دەمەوێ بڵێم گرنگ نییە کێ ئەو نامە و ڕۆژنامەی دۆزیوەتەوە و خستوویەتەوە بەردەست، وەکو خۆم لەساڵانی دوایی چەند جاران لەهەردوو بەڕێزان (د.کەمال فوئاد و د. مارف خەزنەدار) بیستووە، ئەگەر ئەوانیش نەبونایە، یەکێکی دیکە دەبوو ئەم سەرچاوانەی مێژوومان ڕۆژنامەکەمان بخاتەوە بەردەست، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئێمە چۆن چۆنی ئەم سەرچاوانەی مێژوومان بخوێنینەوە! کەواتە پێی ناوێ ئەوەندە خۆمان بەمەوە سەغڵەت بکەین، کەی و کێ ئەم نامەی دۆزیوەتەوە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئاماژەکانی ناو کارتەکە و ناوەرۆکەکەی بەراست و دروستی بخوێنینەوە. بەنموونە کارتی ئاماژە بۆکراو، دوای دۆزینەوەی لەلایەن د. مارف داویە بە برادەرێکی سەردەمی کارکردنی لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسیی، کە (کۆنستەنتین بۆیکۆ)ی ناو بووە، ئەویش بۆی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، د. مارف خۆیشی لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، بەڵکو بەوەندەش دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، بۆ دڵنیایی لەراستی وەرگێڕانەکەی(بۆیکۆ)، لەکۆلێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا، بە شارەزایانی بەشی زمانی فرەنسیشی نیشان داوە. ئەم نامەیە کەتیایدا باس لەسوڵتان عەبدولمەجیدی سەردەمی حووکمرانی میر (بەدرخان) دەکا، لەسەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی بەدواوە، لەهەندێ سەرچاوەدا، دەبینین ئەو ناوەی (عەبدولمەجید)ی ناو کارتەکە بەهەڵە کراوەتە (عەبدولحەمید)، دیارە ئەو دوو سوڵتانەش حووکم و سەردەمی حووکمیان چەندە لەیەکتر جیاوازن! ئەو ناوەی یەکەمەکە راستە و ئەوەی دووەمین هەڵەیە.

نەک هەر ئەوەندە لە ڕۆژانی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا بەچاوی خۆمان بینیمان وێنەیەک وا دەستاودەستی پێدەکرێ، هەندێ لەبڵاوکراوەکان بە (میقداد میدحەت)یان دادەنا، هی دیکە هەبوو ناوی (عەبدولڕحمان بەدرخان)ی لەژێر دەنووسی، کاتێک ئێمە هەستمان بەم هەڵە مێژووییە کرد، بۆ یەکلایی کردنەوەی دەستمان بەلێکۆلینەوە کرد، دواجار بۆمان دەرکەوت ئەم وێنەیە نە هی (میقداد میدحەت)ە و نە هی (عەبدولڕەحمان بەدرخان)یشە، بەڵکو ئەمە وێنەی (بەحری بەگ) بووە، کە ئەویش یەکێکە لەماڵباتی بەدرخانییان. تا ئێرە لەوانەیە هەموو ئەو پرسانە ئاسایی بن، بەڵام ئەوەی نائاسییە لەرۆژی (١١٥)ەمین ساڵیادی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، کاتێ کتێبی (ئەلبوومی بەدرخانییەکان) بەم شێوەو بەم چاپە جوان و ڕێک و پێکییە بڵاودەکرێتەوە، بەڵام بەناوەرۆک وێنەی (بەحری بەگ) لەشوێنی (عەبدولڕحمان بەدرخان) دادەنرێ، نەک هەر ئەوندە لەژێر وێنەی (بەحری بەگ)یش، کە هەر لەئەلبوومەکە بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە (عوسمان پاشا)، کەچی چەند وێنەیەکی راستەقینەی (عەبدولڕەحمان بەدرخان) وا لەدووتوێی لاپەڕەکانی گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە، وا دەمێکە (سەوزەڵێ خانم) دەڵێت. لەسەر ئەم هەڵە زەقەی دواییان لە ٢ / ٥ / ٢٠١٣ دا پەیوەندیمان بە سینەم خانی جەلادەت بەدرخانەوە کرد، چونکە لەژێر چاودێری

ئەو ئەم ئەلبوومە بڵاوکراوەتەوە، وا دیار بوو بووچوونەکانی ئێمەی بە دڵ بوو و سۆزو پەیمانی راستکردنەوە و بڵاوکردنەوەی روونکردنەوەیەکی لەبارەوە داوینەتێ!

**※ ئەی لەبارەی دەورەی سێیەمی رۆژنامەی (کوردستان) چ دەڵێی؟**

- رۆژنامەی (کوردستان) ئەگەر چی لێرەو لەوێ باسی دەکرا کە دواتر (سورەیا بەدرخان) بەردەوامی پێ داوە، بەڵام لاپەڕەکانی مێژووی رۆژنامەنووسیی پێش ساڵی ١٩٧٩ دەستەواژەی (دەورە) یان (خوول)ی بۆ تۆمار نەکردووین و لەئارادا نەبووە، لەم ساڵەدا بووە(د.کەمال فوئاد) مژدەی دیارییەکی دیکەی رۆژنامەنووسیی کوردی پێداوین، ئەویش بە نووسین و بڵاوکردنەوەی وتارێکی کورت و پڕ زانیاری لەگۆڤارێک بە ناوی (چریکەی کوردستان) کە ئەوسا مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە لەندەن دەریدەکرد ئەم خوولەی رۆژنامەکەشی زۆر لایەنی مێژووی رۆژنامەنووسی یەکەم رۆژنامەی کوردی بە هەر سێ خوولەکانییەوە بۆ ساغ کردووینەتەوە.

**خێری بۆ مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی دەبێت**

(د.کەمال فوئاد) لەم وتارەیدا باس لەچۆنیەتی دەستکەوتنی ١١ ژمارەی رۆژنامەی کوردستان دەکا کە لەرێی پێشمەرگەیەک دەستی کەوتووە، ئەو پێشمەرگەیەش، ناوی (نەجمەدین بیووکایا)یە لەنێو بزووتنەوەی کوردایەتیدا بە(نەجۆ)ناسراوە و لەساڵی (١٩٧٦)دا جەنابی (مام جەلال) بە دکتۆری دەناسێنی، وا دیارە پێشبینی ئەوەی کردووە کە خێری بۆ مێژووی رۆژنامەنووسیی کوردی دەبێت، ئەوەبوو ساڵێک دواتر شەهید (نەجۆ)، بۆیە وا ناوی دەبەم، چونکە دواتر لەزیندانەکانی تورکیا شەهید کراوە، کۆمەڵێک سەرچاوەی سەردەمی عوسمانییەکان بۆ د. کەمال دەهێنێ و (١١) ژمارەی ئەو خوولی سێیەمەی (کوردستان)ی تێدا دەبێ، ئەوەبوو د. کەمال لە (١٠٠) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیدا ئەم نووسینەی خۆی و هەر(١١) ژمارەکەی خولی سێیەمی کوردستان و هەردوو ژمارە (١٧ و ١٨) رۆژنامەی خوولی یەکەمی (کوردستان)، لەگەڵ پێشەکییەکی کورت و پڕ لەزانیاری لەدووتوێی کتێبێکدا بە ناوی (کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی . دەورەی سێیەم) بڵاودەکاتەوە. من کاتی خۆی وتاری ئاماژە بۆ کراوی د. کەمالم بۆیەکەمین جار لەژمارە (٣)ی گۆڤاری (کوردستان)ی یەکێتی نووسەرانی کوردستان، کە لەشاخ دەردەچوو، دووبارە بڵاوکراوەتەوە، خوێندۆتەوە، لەم نووسینەی دوکتۆردا تەواوی سەروتاری ژمارە (یەکی) رۆژنامەی کوردستان لەلایەن د.کەمال فوئاد خۆیەوە کراوە بە کرمانجی خواروو، نەک هەر ئەوەندە لەوێدا ئەحمەد سورەیا کە نەوەی بەدرخانە، باسی ساڵی ١٣١٣ رۆمی دەکات و دەڵێت حکومەتی عوسمانی هەر رۆژە دەڵێت بۆ چاکەی وڵات هەوڵدەدەم، هەر رۆژە درۆیەک دەکات و شتێکی باش ناکات . وتیان مادام حکومەتی عوسمانی خۆی خراپ دەکات بۆچ ئێمەش لەگەڵ ئەو خراپ ببین، لەساڵی ١٣١٣(١٨٩٦)ەوە بۆ چاکەی وڵاتی کورد بە نهێنی کەوتنە کار بۆ ئەوەی لەپێناوی چاکەی کورددا تێبکۆشێت رێی راست و باش بەئێمە بڵێت، ساڵی ١٣١٤ (١٨٩٧)کوڕی میر جێگای بەهەشت بێت مەدحەت بەگ کوڕی میر بەدرخان لە بۆتانەوە چوو بۆ میسر، لە قاهیرە رۆژنامەی (کوردستان)ی دەرکرد، سوڵتانەکانی عوسمانیی بەدبەختیان بەرامبەر کورد دەکرد لەبەر ئەوە ئەوان ناچاربوون بە نهێنی کاربکەن،هەروەها دەڵێن ناچار ساڵی ١٣١٤ رۆمیی میقداد بەدرخان چۆتە قاهیرە و رۆژنامەی دەرکردووە، هەر لەوێدا لە یەکەم سەروتاری یەکەم ژمارەیدا نووسراوە: پاش ساڵێک مەدحەت بەگ نەخۆشکەوت، برای ئەو عەبدولرەحمان بەگ چووە سویسرە سەرلەنوێ رۆژنامەی (کوردستان)ی دەرکردەوە، ئینجا دەڵێ: کاتێک سوڵتان عەبدولحەمید هەموو

ماڵی بەدرخانی بەند کرد، کەس نەما ئەو ڕۆژنامەیە دەر بکات، کاتێک مەشروتییەت بەرپا بوو هەموو ماڵی بەدرخان لە بەندی دەرچوون دیسانەوە بۆ چاکەی وڵاتی کورد دەستیان کردەوە بە خەبات نەوەی میر بەدرخان سورەیا بەگ لە ئەستەمبۆڵ(کوردستان)ی دەرکرد، پاش ڕۆژی ۳۱ی مارتی ساڵی ۱۳۲۵ (۱۲ای نیسانی ۱۹۰۹) کاتێک مەحمود شەوکەت پاشا بەلەشکری خۆی ئەستەمبوڵی گرت (کۆمەڵەی یەکگرتن و پێشکەوتن) پەردەی لە ڕووی خۆی داماڵی. گەلێک کەسانی باشی وڵاتی ڕەوانەی بەندیخانە کرد و دووری خستنەوە (سورەیا بەگ ژی ئیرتیجعێ رە ئیتیهام کر و ئاڤێت حەپسێ ناڤێ ڤی «بەکر ئاغا بلوکی» جەریدەیێ کوردستانی ژی دادا) واتە سورەیا بەگیشیان بەکۆنەپەرستی تاوانبار کردو فڕێیان دایە بەندیخانەی ناوەندی «بەکر ئاغا بلۆکی»یەوە، ڕۆژنامەی «کوردستان»یشیان داخست . هتد.

* کەواتە بەپێی ئەم سەروتارەی ژمارە یەکەمی خوولی سێیەمی ڕۆژنامەی کوردستان بێ، هەموو بۆچوونەکانی د.کەمال فوئاد لە جێی خۆی بووە کە (کوردستان) بە(۳) دەورە دەرچووە، ئەی ئێستا چی دەڵێی دوای ئەوەی خۆشت (2) ژمارەت لەوانەی خولی دووەم لە تورکیا هێناوەتەوە؟

- ئەو (۱۱) ژمارەیەی خولی سێیەمەی (کوردستان)و هاوکات لەگەڵ (۳۰) ژمارەی ئەو (۳۱) ژمارەی خولی یەکەمەکە، کە تاوەکو ئێستا تەنها ژمارە (۱۹)ی دیار نییە، لە ئێستادا بەردەستە و بەهاندان و هاوکاریی د. کەمال فوئاد خۆی لەلایەن ئێمەوە هەر هەموویان کراونەتە کوردی، کوردییەکانیش ڕێنووسیان نوێ کراوەتەوە، هەرچی دەورەی سێیەمیشە نەدۆزرانەوەی داخێک بووە لەسەر دڵی هەموومان، ئەوەتا د. کەمال خۆی لەبارەیەوە دەڵێ: زۆر بەداخەوە کە تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی ئەو دەورەیەمان بەرچاو نەکەوتووە تا بتوانین لەو بارەیەوە شتێک بنووسین. خۆشبەختانە لەساڵی ۲۰۱۱ هاوڕێیانم لە (بنکەی ژین) پێیان گوتبووم کە ئەوان (۳) لاپەڕەی ژمارەکانی(۳ و ٤) خوولی دووەمیان دۆزیوەتەوە، بەبێ ئەوەی زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر چۆنیەتی دۆزینەوە و شوێنی پاراستنی پێ بڵێن، لێم وەرگرتن و لەجووت ژمارە(۲۳ و ۲٤)ی گۆڤاری(ڕۆژنامەنووس)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کەئەوسا خۆم سەرنووسەری بووم، بڵاومکردنەوە. ئێمە کە لە سەرەوە باسی خوولی یەکەم و سێیەممان کرد، ماوەتەوە خوولی دووەم، ئەم سێ لاپەڕەیە بۆ مێژووی خوولی دووەم نرخێکی زۆری نەبوو، تەنها دەیسەلماند کە ڕۆژنامەی کوردستان لە ساڵی ۱۹۰۸ - ۱۹۰۹ دەرچووە و خوولی دووەمیش هەیە، لە تەمموزی ۲۰۱۲ دا مامۆستا (ڕەفیق ساڵح)ی سەرۆکی (بنکەی ژین) پێی ڕاگەیاندم کە لە ساڵی ۲۰۱۳ دا کۆنفرانسێکی تایبەت بە گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لە تورکیا ڕێکدەخرێت، هەرئەوانیش پێیان باشبوو بەشداری تێدا بکەم، بەڵام دوای (٥) مانگ چاوەڕوانی ناچاربووم لەرێگەی لێکۆڵەری کورد (مالمیسانیژ) کە لە باکووری کوردستان نیشتەجێیە هەوڵی بەشداربوون لەو کۆنفرانسە بدەم. چونکە پێشتر من لەسەر گۆڤاری (ڕۆژی کورد) زۆر خەباتم کردبوو بۆیە بۆ من و ئامادەبووانیش گرنگ بوو لەم کۆنفرانسەدا بەشدار بم، سەرەنجام لە ۱٥ / ۳ / ۲۰۱۳ چوومە ئەستەمبۆل، بەر لە چوونم لەوێدا زۆر تەنگیدم لە ڕۆژنامەکانی کوردی دەکردەوە ، بەر لەوەی بڕۆم زانیاریم هەبوو لەسەر پیرەمێرد و هاوڕێیانی وەک حوسێن ڕامی و گەورە نووسەرانی دیکەی تورک، لەم سەفەرەم چوومە دورگەی (ئەتا) کە(پیرەمێرد) لێی ژیاوە، هاوکات چوومە گۆڕستانەکەی (فەرەج ئەحمەد) لەگەڕەکی(قادی کۆیی) ئەستەمبۆڵ کە حاجی قادری کۆیی لێی نێژراوە، ئەو گەڕەکەش جێی ژینگەی بەدرخانییەکان بووە، لە کوردان ئەوەی توانای مادی هەبێت دەتوانێ زۆر شت لەم شوێنان لەسەر مێژوو و ڕابوردووی کورد بدۆزێتەوە.

هەرچۆنێک بێت لەکۆنفرانسەکەی ئەستەمبۆڵ کاری خۆم بە زیادەوە کرد، دواتر هەر لەوێدا ڕێگام بۆ گەیشتن بە مەرامەکانم بۆ کورت بووەوە، وێنەیەکی لاپەڕە یەکی یەک لەژمارەکانی ئەو (کوردستان)ەی خوولی دووەمم کەوتە بەرچاو، پرسیارم لە بارەیەوە کرد، دیاربوو هەردوو ژمارەکانی(٣ و ٤) ڕۆژنامەکە هەبوو، داوامکرد بۆم کۆپی بکەن یان وێنەی ئەلیکترۆنیم بدەنێ ئیدی هەر چۆنێک بووە وەرمگرت.

## لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێن

من لەلایەن گرووپێک بەناوی (کۆما خەباتێن کوردۆلۆژیێ) داوەت کرابووم، ئەوانە ژمارەیەک لێکۆڵیار و خەڵکی دڵسۆزن، بۆ مێژووی ڕاست و دروستی میللەتەکەیان کار دەکەن لە ناو ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێن، هەرچی پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت ئەرشیفی دەکەن و دواتر بڵاوی دەکەنەوە، بڵاوکراوەیان هەیە و شتی نوێیشیان دۆزیوەتەوە، ئەو دوو ژمارەیەی ڕۆژنامەکەمان بە هەوڵ و کۆششی ئەو جوانانەی کۆمەڵەکە،(سەرهات بۆزکورت) و (یەنەر کۆچ) و (تاهیر بایکۆشاک) چنگ کەوت.

هەرچۆنێک بێت دوای هاتنەوەم بۆ کوردستان و وردبوونەوەم لەو دوو ژمارەیەی دەستم کەوتبوون، بینم لە ژێر لۆگۆی (کوردستان)ە نوێیەکە ساڵی ١٣١٣ ڕۆمی نووسراوە، بەخوێندنەوەی ئەو مێژووە مەزندەم وای بۆ چوو پێش ١٨٩٨ بێت، کە بەلێکدانەوەی خۆم دەکاتە ١٨٩٦ - ١٨٩٧ چونکە مێژووی ڕۆمی لەئادار دەستپێدەکات د.کەمالیش ساڵی(١٣١٣) ی ڕۆمی بە ١٨٩٦ داناوە.

پێشتر ئێمە لە بارەی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەیی کوردی گفتوگۆو مشتومڕمان لەسەر تەنها ڕۆژێک بووە، واتە ٢١ / ٤ یان ٢٢ / ٤، کەچی ئێستا گوماندەکرێت جیاوازیەکە بەساڵ بێت، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت، لەم ژمارەیەی من دۆزیومەتەوە جیاوازییەکە بەساڵە، نەک ڕۆژ، لەم دوو ژمارەیەدا وتاری (خەلیل و حەسەن و میقداد بەدرخان و عبدالرحمن بەدرخان)ی کوڕانی (بەدرخان) بڵاوکراوەتەوە، باسی کێشەو گرفتی بەدرخانیەکان دەکات و وابزانم شکاتێکە لای وەزارەتی دادی سەردەمی عوسمانی، ئێستا ئەم دوو ژمارەیەم بۆ وەردەگێڕنە سەر زمانی کوردی، بزانین چی تێدایە، ئەوسا بەسەر یەکەوە هەمووی بڵاودەکەمەوە. ئەم ڕۆژنامەیە زۆر شتی دیکەیشی تێدایە، بە نموونە ئەمین عالی بەدرخان، کە لەڕۆژنامەی (کوردستان) خولی یەکەم نامەی ناردووە بۆ میقداد بەدرخان، لەوێدا ناوی نهێنی یان خوازراوی داناوە بەناوی ئەلیف شێخ فەتاح، بەڵام لەم ڕۆژنامەی لای من بە ئیمزای خۆی نووسینی تێدا بڵاوکراوەتەوە. جگە لەمەش محمد سالح بەدرخان، باپیری سینەم خان بەدرخان، کە دەکاتە خەزوری جەلادەت بەدرخان، ئەویش نوسینی تێدا بڵاوکردۆتەوە. هەروەها حوسێن کەنعان پاشا ئەوەی وێنەی هەیە بە جلی پاشایەتی لەسەر بەرگی ژمارە(٢)ی گۆڤاری ڕۆژی کورد، ئەویش نوسینی تێدا بڵاوکردۆتەوە، کۆمەڵێکی دیکەش.

* کەواتە ئەم ڕۆژنامەیە لە قۆناغێکی دیکە دەرچووە؟.

* بەڵێ بێگومان، ڕۆژنامەکە بەهەردوو زمانی کوردی و تورکییە، بەڵام لەم ڕۆژنامەیە ڕێژەی نووسین بە زمانە تورکییە عوسمانییەکە لەنووسین بە زمانە کوردییەکە زیاترە.

ڕەنگە هەبوووبێت بڵێت مێژووەکەی ساڵی ١٣١٣ هەڵەی تێداکراوە، بەڵام لەسەر رۆژنامەکە بەزمانی تورکی نووسراوە: (ئۆن بیرنجی سەنە) بە زمانی کوردیش لەتەنیشتییەوە نووسراوە: (ساڵا یازدەیێ).

بەهەرحاڵ من نەم ویستووە ئەو رۆژە پیرۆزەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی تێکبدەم یان لەبەهاکەی کەم بکەمەوە، لەکاتی خۆیشیدا ئەمین زەکی بەگ لەخۆیەوە نەیگوتووە رۆژنامەی کوردستان لە ئەستەمبۆڵ دەرچووە، دەقێکی ئاوەها هەیە.

جگە لەمانە هەندێ لەتوێژەران لەبارەی خولی یەکەم دەڵێن ئەم رۆژنامەیە تا ساڵی ١٩٠٦ بەردەوام بووە، من لەسەر ئەو جۆرە پرسانە کۆڕێکم لەهەولێر گرت، دەمەویست لەم بارەوە زۆر شت بڵێم، بەڵام هەستم دەکرد هەندێک لەبەشدار بووانی کۆڕەکە لەژێر ناوی جیاوازدا مەبەستیان بوو مێژووی یەکەم رۆژنامەی کوردی تێکبدەم ئەوەندە مەبەستیان نەبوو گوێ لەبۆچوونی زانستی رابگرن، بۆیە پێموایە غەدرێکی زانستیان کرد، وایان لێکردم کۆرەکەم بەر لەو ماوەیەی بۆیم دانابوو، بە پچڕپچڕی هەندێ شت بڵێم و بیبرمەوە، من دەمەوێ پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ بێن گفتوگۆی جددی لەسەر ئەو پرسە بکەین، من نامەوێ زانیارییەکانم لێ هەرزان بکرێ، من وتوومە کوردانی باکور دەڵێن ئێوە تواناتان باشە وەرن بە پارە و خەرجییەکی کەم هەزاران بەڵگەنامەو زانیاری نوێتان دەخەینە بەردەست، ئێمە هێچمان لێتان ناوێ! دیارە ئەمە زۆر گرنگە، لەم کۆڕەدا دەمەویست و داواشم کردبوو سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ئامادەبێ تا ئەو پەیامەی لەپێش ئامادەبووان پێرابگەیەنم بەداخەوە کە ئەویش نەهاتبوو، ئەو برادەرەش کە گوایە بە نوێنەرایەتی ئەو، لە پاڵ ئیشەکەی خۆی لەوێ دانیشتبوو لەهەمووان بە پەلەتر بوو. دواتریش ئەو پەیامەم گەیاندە سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، ئەویش، خوا تەمەن درێژی بکات، وای وەڵام دامەوە دڵم بە حاڵی ئەکادیمیا بسووتێ، ئێستاش خۆشحاڵم کە دەبینم وا لەهەندێ لاوە بەدواداچوون لەسەر ئەوەی من وروژاندوومە هەیە یەکێک لەوانە (کوردستانی نوێ)ی رۆژنامەکەی ئێوەیە وا بەدوای ئەو پرسەدا دەچێت، دەستخۆشیتان لێدەکەم.

ڕەنگە خەڵک هەبوووبێت هەوڵیدابێت هانمبدات بڵێم ئەو رۆژەی رۆژنامەگەری کوردی هەڵەیە، بەڵام من دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم ئەو رۆژە لای من پیرۆزە و من خۆم شەرم لەسەر پیرۆز راگرتنی کردووە، بەڵام پێویستیشە لێکۆڵینەوەی ورد بکەین، دوای لێکۆڵینەوەی ورد راستییەکان دەردەکەون و دەکرێ راستی هەندێ شت بگۆڕێت.

### لەئەسڵدا ئەم رۆژنامەیەش هی بەدرخانیەکانە

*** پێتوانییە رۆژنامەی کوردستان وەک پاشکۆی رۆژنامەیەکی ئیتیحاد و تەرەقی دەرچووبێت؟.**

- ئەم مەسەلەیەشمان پێشتر تاوتوێ و باس کردووە، رۆژنامەی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی ئاوەهای بە (ئیتیحاد و تەرەقی) و بەم شێوەیە نییە، بەڵکو رۆژنامەیەکی کوردییە، هەروەها من بیرم بۆ ئەوەش چووە کە لەوانەیە پاشکۆی رۆژنامەی (سەربەستی) بووبێت بێت، رۆژنامەی (سەربەستی) بە زمانی تورکی بووە، بەڵام دەیان وتاری لەسەر کورد تێدابووە، هەرچەند ئێستا نوسخەی رۆژنامەکە بەردەست نییە، بەڵام برادرێکم کە (رێناس نەوروزی) ناوە و لە دەرەوەی وڵات دەژی، زۆر کاری وردی لەسەر ئەو رۆژنامەی

(سەربەستی)یە کردووە، ئەو لە دوای ڕۆژنامەی کوردستان بە دووەم ڕۆژنامەی بەدرخانییەکانی دادەنێ، گوایە مەولان زادە رەفعەت، کە ئەویش هەر کوردە و نەوەی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە، هەر بۆ شوێنەوونکەیی تا ساڵی ۱۹۲۰ ناوی لەسەر ڕۆژنامەکە بووە دەریکردووە، بەڵام لەئەسڵدا ئەم ڕۆژنامەیەش هی بەدرخانیەکانە بەڵام بە ناوی (مەولان زادە رەفعەت)یان دەرکردووە، تەنانەت تا ماوەیەک (جەلادەت بەدرخان) جێگری سەرنووسەر بووە. بەڵام بە پێی هەندێ لێکدانەوە و وردەکاری ئەو گەیاندنەوەی ئەو چمکەشمان لا زەحمەت بوو.

من بیرۆکەی ئەوەشم هەیە کە یەکەم ڕۆژنامەی (کوردستان) بەقۆناغ دەرچووبێت، وەکو دەبینن ئەو دوو ژمارەی ئێستا لەبەر دەستە و ژمارە (٢٦٤ ـ ٣) و (٢٦٤ ـ ٤) لەسەری نوسراوە، لەوانەیەئەو (٢٦٤)ی پێش تەقەڵەکە نیشانەی دەرچوونی قۆناغی یەکەمجاری دوای دەرچوونی یەکەم جاری پێش ساڵی (١٩٠٦)ی بووبێت، بەم(٣١) ژمارەی دەروەویشەوە، دواتریش لە دوای مەشرووتە لە ئەستەمبوڵ جارێکی دیکە دەرکرابێتەوە ژمارەکانیان بەم شێوەیەی باسم لێوە کرد، لەسەر دانابێ، چونکە دەبینین لەساڵی ١٩٠٦ داسوڵتان عبدالحمید هەموو خێزانی بەدرخانیەکانی، بە خزمەتکارەکانیشیانەوە گرت و دەربەدەری کردن و سواری کەشتی کردن و ناردنی بۆ دوور، ئەوانە ژمارەیان سێ هەزار کەس بوو، ئیدی ئەوکاتە ڕۆژنامەکە لەژمارەی ٢٦٤ ڕاوەستا بێت و لەساڵی ١٩٠٨ کە مەشروتە بووە دووبارە گەڕاوەنەتەوە ئەستەمبوڵ و دووبارە ڕۆژنامەکەی خۆیان دەرکردووە، واتە (٢٦٤ ـ ١) و (٢٦٤ ـ ٢) و (٢٦٤ ـ ٣) و ( ٢٦٤ ـ ٤)، ئەگەر هەردوو ژمارەی(٢٦٤ – ٥ ) و (٢٦٤ – ٦)یش دەرچووبن، من ئەو مەزەندەیە لەهەمووان بە نزیکتر دەزانم. د. کەمال مەزهەریش بە پاڵپشتی (ڕامزوەر) دەڵێت تا ساڵی ١٩٠٤ بەردەوام بووە، بەڵام هەر خۆیشی ڕەتی داوەتەوە، هەندێ لەنووسەر و تۆژەرانی دیکەش دەڵێن (کوردستان) تا ساڵی ١٩٠٦ بەردەوام بووە، ئەو ساڵەیەش بەدرخانییەکان لەسەر کوشتنی (ڕەزوان پاشا) کێشەیان بۆ دروستبووە و دوورخراونەتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەمین زەکی بەگ دەڵێت یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەئەستەمبوڵ دەرچووە، پێم وایە ئەو زانیارانەی (ئەمین زەکی) داویە هەندێ ڕاستی دروستی دەبێت تێدا بێت .

زانیارییەکی دیکە لەسەر ڕۆژنامەکە نووسراوە ئەم ڕۆژنامەیە لەچاپخانەی ئیخوەت دەرچووە کە ئەم چاپخانەیە لە ئەستەمبوڵ بووە، نەک هەر ئەوە ئەم ڕۆژنامەیە ئاماژەی کردووە کە چاپخانەکە هی خانەوادەی بەدرخانییەکان بووە، من لێرەدا دەپرسم دەبێ ئەو چاپخانەیە هەمان ئەو چاپخانەیە نەبێ کە ژمارەی ٣ و ٤ی ڕۆژنامەی کوردستانیان لە قاهیرە پێ چاپ یان ئەوەیان چاپخانەیەکی دیکەی بنەماڵەی بەدرخانییەکانە.

(ڕێناس نەورۆزی) زانیارییەکی دیکەی زۆر گرنگی پێداوم، وتی من کتێبێکم لایە لەو چاپخانەیە چاپکراوە، هەروەها پێی گووتوم جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان کە تەمەنیان لەنێوان ١٣ بۆ ١٥ ساڵ بووە لەو چاپخانەیە کاری پیتچنییانیان کردووە، ئینجا من بیرۆکەی ئەوەم بۆ هات کە جەلادەت بەدرخان ساڵی ١٩٣٢ هاواری دەرکردووە ڕۆشن بەدرخان باسی دەکات دەڵێت لەماڵەوە پیتچنی بۆ (هاوار) دەکرد، کەواتە ناکرێ لەتەمەنی ٣٥ بۆ ٤٠ ساڵی خۆی فێری تایپ بکات ئەگەر لەسەردەمی هەرزەکاری فێر نەبووبێت.

بیرۆکەیەکی دیکەشم بۆ هات، میقداد میدحەت بەدرخان خۆی لەڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەم سەروتاری زۆر بەتەئکیدی دەڵێت(جریدا من عەولیە) واتە ڕۆژنامەی من یەکەمە، (جەلادەت بەدرخان)یش لە ڕۆژنامەی(ڕۆژا نوو)دا هەر وای گووتووە، (بلەج

شێرکۆ) ئاماژەیەکی وای داوە.

ئەو ژمارەیەی من یەکەمە

* باشە ئەو (یەکەمە) دوو مانای جیاواز هەڵناگرێت؟.

- لێرەدا دەڵێم بەڵێ تۆش ڕاست دەکەی! منیش ئەم بیرۆکەیە بە مێشکمدا هاتووە دەتوانین بڵێین وتویەتی ئەو ژمارەیەی من یەکەمە واتە یەکەم ژمارەیە، دەشتوانی وای لێک بدەیتەوە بەدرخانییەکان لە پاڵ ئەوەی لەدەرەوە ڕۆژنامەی یەکەمی (کوردستان)یان دەرکردووە، لە ناوەوە ڕۆژنامەیەکی دیکەیان هەر بە ناوی ڕۆژنامەی کوردستان لەشوێنێکی دیکەی ئیمپراتۆریای عوسمانی بە نهێنی دەرکردبێت.

من لەئێستادا باخەڵم هی ئەوە نییە ڕێگەم پێ بدات سەفەری دیکە بۆ لای ئەو خۆنەویستانەی (کۆما خەباتێن کوردۆلۆژیێ) بکەمەوە و خەباتیان لەگەڵ بکەم و ئەو پرسانەیان لەگەڵ بکەمەوە، بە داخەوە کە (د. کەمال فوئاد)یشمان لە ئێستادا لێ دوورە و نایگەینێ، هەر کەسێکیش لەخۆی ڕادەپەڕموێ ئەو گرێیانەمان بۆ بکاتەوە من هەر لە ئێستاوە هاریکارم و دەستەکانی دەگوشم و وڵات ئاوەدان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٨ی مەی ٢٠١٣

# ڕۆژی ڕۆنامەگەری کوردی و چەند سەرەنجێک

هیوا گوڵ محەمەدی

ڕۆژی ٢٢ / ٤ / ٢٠١٣ شاڵرۆژی دەست پێکردنی ڕۆژنامەگەری کوردیە و ١١٥ ساڵی تێپەڕاند. بێگومان ١١٥ ساڵ لەمەوپاش ئامرازی گەیاندنی زانیاری و دەنگ و باسەکان بە کۆمەڵگا تەنیا ڕۆژنامە بو و ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەوانان کار و ئەرکیکی گرانیان لە ئەستو دا بو.



ئەمرۆ ڕۆژنامەگەری بەشێکە لە میدیا و مێدیاش چەندین بەشی جیاوازی هەیە، وەک، ڕادیو(دەنگ) تەلەفزیون(دەنگ و ڕەنگ) ئینترنێت(فەیسبوک، بلۆگ، تویتر و ...).

جاران تەنیا ئەوانە کە پسپۆڕی تایبەت بون یان خاوەن جەسارەت و ئیمکانات بون دەیان توانی بۆ ڕۆژنامەکان بنوسن و نوسینەکانیش بە زەحمەت بڵاو دەکرانەوە، لاپەڕەی ڕوژنامەکان بە بابەتی بە ناوەرۆک و تایبەت و نوچەی گرینگ دەڕازاندرانەوە.

ئەمرۆ نوچەکان ئەوەندە زوو دەگەنە هەموو قوژبنەکانی جیهان کە ڕۆژنامەکان دوادەکەون لە بڵاو کردنەویان دا. لە نێوان مێدیا دەنگ و ڕەنگیەکانیش دا نوچەکان بە ئان و سات بڵاو دەبنەوە و پێشبرکێ هەیە کامە تەلەفزیون یان ڕادیو نوچەکە زووتر بگەیەنێتە بیسەران و بینەرانی.

ئیستا ئیتر گرینگ نیە کە کێ چی دەنوسێ، گرینگ ئەوەیە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان ڕەش بکرێنەوە. ئەگەر جاران ڕۆژنامە شتێکی لوکس بو و هەموو کەس ئیمکانی خوێندنەوەی نەبو ئەمرۆ بۆ نموونە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕوژنامەکان بە خۆڕای ئەدرێنە خەڵک و خوێنەریان نیە.

ئەمە لە لایەک ئەو پێوەندیە خێرایەیە کە ڕۆژنامەکانی وا لێ کردوە و لە لایەکیترەوە ئەو هەموو سەرچاوە مێدیایی و سەرچاوە جۆراجۆرانە وایان کردوە خوێنەر نەگاتە خوێندنەوەی هەموو بابەتەکان و بابەتی چاک و خراپ تێکەڵ و بێ کەڵک بن.

بەداخەوە ئیستا لە کاری ڕۆژنامەگەریدا ناوەروک لە بەرچاو ناگیردرێ و سەردێڕ گرینگە. جاری وایە لە لاپەڕی ئەلکترونی یان کاخەزی ڕۆژنامەیەکدا سەردێڕیک ئەبینین کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکە دا زور جیاوازە.

یەکێک لە ئەرکە گرینگەکانی میدیا بە گشتی و ڕۆژنامە بە تایبەتی گەیاندنی راستیەکانە بە کۆمەڵگا، یان بە خوێنەران و بینەران و بیسەران.

لە گەیاندنی نوچەیەکدا گرینگە کە ڕۆژنامەوان ئەو خاڵانە لە بەر چاو بگرێ کە بریتین لە، کەی، چۆن، لە کوێ، کێ. هەروەها گرینگە کە نوچەکان یان نوسینەکان نەبنە هۆکاری ڕوخاندن یان ڕوشاندنی کەسایەتی تاکە کەسەکان، بەڵکو دەبێ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری کۆمەڵگا مەبەست بێت.

بەداخەوە ڕۆژنامەگەری کوردی بە هەموو بەشەکانیەوە لە قەیران دایە. بەرنامە رادیوی و تەلەفزیونیەکان پسپۆڕییان پێوە دیار نیە، بە زوری تەنیا هەوڵ ئەدرێ لاپەڕەی روژنامەکان ڕەش بکرێتەوە، بەرنامە ڕادیوی و تەلەفزیونیەکان پڕ بکرینەوە، گرینگی بە ناوەروک نادرێ، گرینگی بە ئەرکی ڕۆژنامەگەری و مێدیایی نادرێ، گرینگی بە ئامانجی بەرنامەکە و گەیاندنی پەیامەکە نادرێ.

زوری ژمارەی مێدیای کوردی بەشێک لە کێشەکەیە. باشترە ئێمە ٢ کاناڵی تەلەفزیونیمان هەبێ و ١٠٠ ڕۆژنامەوانی پسپۆڕ کاریان تێدا بکەن نەک ١٠٠ کاناڵمان هەبێ و ٢ ڕۆژنامەوانی پسپۆڕ و کارزانیان تێدا نەبێ.

من بڕوام بە بێلایەنی نیە، دەبی ڕوژنامەوان و مێدیا لایەنگر بن بەڵام لایەنگری و خۆ گێل کردن جیاوازن. کەسێک هەیە بە ناوی ڕۆژنامەوانی بێلایەنەوە لایەنگری لە فکر و لایەنێک دەکات . ئەمە هیچ کێشە نیە کە ڕۆژنامەوان سەر بە لایەنێک بێت بەڵام چەواشەکاری نەکەن، نەڵین ئێمە بێلایەنین، بەڵام بەردەوام یەک لایەن بپارێزن.

مەرجە ڕۆژنامەگەری لەسەر بنەمای ڕاستی و سەداقەت بێت نەک لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی دا. حیزبێک مافی خۆیەتی کاناڵێکی تەلەفزیونی هەبێ بەڵام نابی ئەو مێدیایە بۆ مەبەستی تایبەت بە کار بێنێ لە ژێر ناوی ڕۆژنامەگەریدا.

لە وەڵاتانی پێشکەوتو دا ئەو حیزبانەی کە زور لە حیزبەکانی ئێمە ئیمکاناتی مادی ومەعنەویان زیاترە خاوەن کاناڵی تەلەفزیونی و ڕادیوی تایبەت بە خۆیان نین کە چی لە لای ئێمە حیزبەکان هەموو باجێک ئەدەن بۆ ئەوەی هێندێک پارەیان دەست بکەوێ و خێرا بەو پارەیەش کاناڵێکی تەلەفزیونی بکەنەوە. بێگومان کاتێک هەر کەسەو دەبێتە خاوەن مێدیای تایبەتی خۆ، ئەوا مەترسی لەسەر دیموکراسییش زیاد دەکا.

لە یادی ١١٥ ساڵەی دەست پێکردنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا جێگەی داخە کە ئێمە وەک نەتەوە هێشتا بندەست و بەش بەش کراوین و خاوەن مێدیای ئازاد، یەکیەتی ڕۆژنامەوانانی ئازاد و سەربەخۆ و ناوەندێکی یەکگرتوی کۆ کردنەوەی هەواڵ و زانیاری سەبارەت بە ڕوداوەکانی کوردستان و جیهان نین.

کەمتەرخەمی میدیای کوردی بۆ پشتگوێ خستنی نوچە و ڕوداوەکانی کوردستان تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی پارێزی حیزبی دا جێگەی

قەبوڵ کردن نیە و میدیای کوردی بەرپرسیارن سەبارەت بە گواستنەوە و گەیاندنی هەموو ڕوداوەکانی کوردستان وەک یەک.

ئەوەی کە هەر حیزبە و میدیایەکی تایبەت بە خۆی هەیە و چەند میدیای سێبەریان دامەزراندوە تەنیا تێکدانی ئەرک و کار و بەرپرسیارەتی میدیاگەری کوردیە.

جاران مێدیا دەسەلاتی چوارەم بو، بەو واتایە کاتێک ڕۆژنامەیەکی بە ئێعتبار یان رادیو و کاناڵیکی تەلەزیونی، گەندەڵی دەسەلاتێک یان دەسەلاتدارێکیان ئاشکرا دەکرد، دەبونە هۆکاری هەرەس هێنانی ئەو دەسەلات یان دەسەلاتدارە. ئەمڕۆ میدیا بوەتە بەشێک لە دەسەلات، لانی کەم لە وەلاتی ئێمە دا. مێدیاکانی ئێمە لە جیاتی دەرخستنی ڕاستیەکان هەوڵی پینە و پەڕو کردنی گەندەڵی و گەندەڵکاران ئەدەن.

مێدیا و مێدیاگەری گرینگی و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. میدیا ئەتوانێ کولتوری دیموکراتی پتەو بکات، پێکەوە ژیانی گەلان پێش بخات، کولتورکان لێک نیزک بکاتەوە و لە وەشیاری کۆمەڵگا دا بۆ داواکاریەکانیان، بۆ گەیشتن بە مافەکانیان بۆ وەگەڕ خستنی جولانەوە دیموکراتیکەکان خاوەن ڕوڵ و کاریگەری بێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست / ڕێکەوتی: ۲۲ی ئەپریلی ۲۰۱۳**

# کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردی هەڵکشان بەرەو لووتکە

قادر وریا

۲۲ی ئاوریلی هەر ساڵێک دەکەوینەوە یادی دەسپێکی وەڕێکەوتنی کاروانێک. کاروانێک کە نوێنگەی روانین و بیرکردنەوەی پێشەنگانی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەیەکە. نەتەوەیەک کە ئەگەر چی تا ئێستاش لە بندەستی و وڵات دابەشکراوی رزگاری نەبووە، بەڵام خەباتەکەی نەک هەرنەوەستاوە، بەڵکوو رۆژ بە رۆژ هەنگاوی گەورەتری ناوە. خەباتێک کە بە وەڕێکەوتنی کاروانی 22ی ئاوریل، رەهەندێکی دیکەی خستە سەر رەهەندەکانی خۆی، رەهەندی فکری و رۆشنبیری و زانستخوازی.



۱۱۵ساڵ لەمەوبەر رۆژنامەنووسیی کوردی لە سەر دەستی میقداد میدحەت بەدرخان لە ئاوارەیی و دوورەوڵاتی دا لە دایک بوو. دواتر عەبدولرەحمانی برای، رێچکەی ئەوی گرت و نەیهێشت ئاورگی "کردستان"ی دایک لە گڕ و کڵپە بکەوێ.

خانەدانی بەدرخانیان، لە زۆر بواردا جێپەنجەیان بە مێژووی نەتەوەکەیانەوە دیارە. لە میرایەتی ومیرنشینی و ئەندێشەی بنیاتنانی دەوڵەتی کوردی و پێکەوەنانی"ئەسبابی شەڕ"ی پارێزگاری لەکوردستان ڕا بگرە تا دەگاتە مشوورخواردن لە ئەلفوبێی کوردی و وەڕێخستنی قوتابخانە و خوێندن و رۆژنامەنووسی بە زمانی نەتەوەکەیان. بەڵام درۆ نیە ئەگەر بگوترێ چڵەپۆپەی خزمەتەکانی ئەوان، هەر ئەو کاروانەیە کە کە لە ۲۲ی ئاوریلی ۱۸۹۸ دا وەڕێیان خست. چونکە هاوار لە دەست بندەستی و بانگەوازی یەکگرتن و بانگی رابوون و خەبات بۆ رزگارییان بە زمانی کوردی و لەسەر ڕووپەڕی رۆژنامە، وڵات بە وڵات و شاربەشار بڵاو کردەوە. ئەوان دەبوو بە دەوڵەتان و نەتەوەکانی دیکە بە تایبەتی ئەوانەی خاک و نەتەوەی کوردیان لە بندەستی خۆیان دا راگرتبوو، بسەلمێنن کە کوردیش خاوەن زمان و مێژوو و شارستانیەتە و ئەگەر لە پێش ئەوان نەبێ، لە دوای ئەوان نییە، بەڵام چ بکەن کە بندەستن و بێدەرەتان؟! لەمەش زیاتر، رێگایەکیان خستە بەر دەم رووناکبیر و سیاسی و ئازادیخوازی کورد کە پێی دا بڕۆن و هەرگیز لێی لانەدەن.

۱۱۵ ساڵ بە سەر دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی دا رادەبرێ. لە ماوەی ئەو ۱۱۵ ساڵەدا، رۆژنامەنووسیی کوردی و خەباتی نەتەوەی کورد قۆناغی جۆراوجۆریان بڕیوە. ئێستا میدیاکارانی کوردیش،لانیکەمێک لەو ئیمکانات و کەرەستانەیان هەیە کە

میدیاکارانی جیهانی پێشکەوتوو هەیانە. ئێستا لە کوردستانیش وەک زۆر شوێنی جیهان، ڕۆژنامەی کاغەزی، جێی پێ لەق بووەو کانالی تەلەڤیزیۆنی و میدیای ئەلێکترۆنی و تۆڕەکۆمەلایەتییەکان، مەیدانداری ڕیزی پێشەوەن. ئێستا قەڵەمبەدەستان و ڕۆژنامەڤانانی کوردیش، بە هۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پێوەندی و گرێدرانەوەی کوردستانەکەیان بە جیهان و دروستبوونی هەل و دەرفەتی دەنگ بە دنیاگەیاندن، دریان بە شەوەزەنگی دیکتاتۆری و ملهوڕی داوە. هەر چەند چوونە بەندیخانە و ئازار و ئەشکەنجەدران لە سەر بەکوردی نووسین و داواکردنی ڕزگاریی نەتەوەیی و ژیانێکی مرۆڤی ئەم سەردەمە لە زۆربەی کوردستان هەر وا درێژەی هەیە، بەلام کاروانی ڕۆژنامەنووسییەکەمان، هەر بەردەوامە و سەربەرزانە دەچێتە پێش. هەر وا هەڵگری ئەو پەیامانەیە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، خستوونیە ڕوو. بەڵێ ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەر لە سەرەتاوە داواکاری نەمانی جەهل و نەخوێندەواری بووە، خوازیاری زانست و پێشکەوتن بووە، برایەتیی نێوان میللەتانی ویستوە، لە گەڵ ئاشتی و تەبایی دابووە، یەکبوونەوەی کوردستان و دەستوێکدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی داوا کردوە.

پەیام و گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، پەیام و گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بووە و تا هاتوە دەوڵەمەندتر بووە، بە جۆرێک کە داوای چین و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵ و و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ئاوێتەی خۆی کردوە. هەر لەو کاتەش دا لە مودێرنیزم و پێشکەوتنی جیهانی، لە بزووتنەوە جیهانییەکانی دیمۆکراسیخوازی، مرۆڤدۆستی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، تەبایی و پێکەوەژیانی بە ئاشتیی گەلان، یەکسانیی ژن و پیاو و هتد، کاریگەری وەرگرتوە. کاروانی ڕۆژنامەنووسیی ئێستامان، لە گەڵ ئەوەش دا کە نەتەوەی کورد هەروا لە قۆناغی خەبات بۆ ڕزگاری لە بندەستی داماوەتەوە، لە هەوڵی ولامدانەوە بە فرە چەشنی و فرەرەنگیی کۆمەڵگەو بەردەنگی خۆی دایە. ئەم کاروانە لە ناتەواوی، لاوازی و کەموکووڕی بەدوور و بێبەری نییە، بە تایبەتی کە لە هەلومەرج و بارودۆخی ژیان و خەباتی نەتەوەیەکی بندەست و زۆرلێکراو و بەشکراو و وڵاتداگیرکراو دا، لە دایک بووە ، پێی هەڵگرتوە و هەناسەی داوە. بەلام بە هەموو لاوازییەکانیەوە، میدیا و ڕۆژنامەنووسیی ئەمڕۆی کورد لە هەڵکشان بەرەو لووتکە دایە.

ئەم کاروانە، توانیویەتی و دەتوانێ زمان و ڕوخسار و نوێنەری نەتەوە و خەڵکێک بێ کە بەرەوپێش دەچن، نەتەوە و خەڵکێک کە بە ئاگایی و لێبڕاوییەوە بڕیاری خەبات بۆ ڕزگاری و گەیشتنەوە بە نەتەوەکانی دیکەیان داوە. با شانازی بەم کاروانە، دامەزرێنەرەکەی، پێشەنگان و سوارچاکانییەوە بکەین و لە هەموو ئاستێک دا پشتیوانی بین، داکۆکی لە ئازادبوونی میدیا و میدیاکارانمان بکەین،لە بەرامبەر شالاوی نێوخۆیی و دەرەکیی زنجیرکردن و تیرۆر و گەڕاندنەوە بۆ دواوەدا، بیانپارێزین. با ئەزموون و خەرمانی دەوڵەمەندی ڕۆژنامەنووسیمان، با سەرمایەکانی بواری میدیامان، وەک گلێنەی چاوی خۆمان بپارێزین، چونکە تەنیا لەم حالەتە دایە کە دەتوانین زیندوویی کۆمەڵ و نەتەوەی خۆمان دەستەبەر بکەین و لە بەرەوپێشچوونیان دڵنیا بین.

(*)"هەڵکشان بەرەو لوتکە" ناوی ڕۆمانێکی کوردییە و دەستەواژەیەکە پێشتر بە کار هاتوە، من وەرم گرتوە و لێرە دا بە کار هێناوە. (نووسەر)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٣

# نامۆ عەبدوڵڵا، ڕۆژنامەنووس: ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپ دایە

## دیمانە: مادح ئەحمەدی

ئاماژە: «نامۆ عەبدوڵڵا»، ڕۆژنامەنووسی کورد یەکێک لەو کەسانە بوو کە ئەمساڵ خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپییان پێ بەخشرا. ناوبراو لە ئێوارەخوانێکی کۆشکی سپیدا بە ئامادەبوونی «باراک ئۆباما»، سەرکۆماری ئەمریکا و ژمارەیەکی زۆر لە وەزیر و سیناتۆر و کاربەدەستانی کۆشکی سپی ئەم خەڵاتەی وەرگرت. نامۆ عەبدوڵڵا ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆیە و بۆ چەند میدیای جیهانی وەک: ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز و ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز و... کاری کردوە. ناوبراو هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە بواری ڕۆژنامەنووسی و لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرک دەخوێنێت. لەم ژمارەی «کوردستان»دا وتووێژێکمان لەگەڵ ناوابراو، سەبارەت بە وەرگرتنی خەڵاتی ساڵانەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی و هەروەها ڕەوشی ئێستا ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا سازداوە.



**کوردستان: خەڵاتی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی چییە و بە چ کەسانێک دەدرێ؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ئەو خەڵاتەی کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کۆشکی سپی کە من وەرمگرت بریتی بوو لە پێنج هەزار دۆلاری ئەمریکی کە لە شێوەی زەماڵە (سکۆڵەرشیپ) دایە بۆ خوێندکاری ڕۆژنامەگەری لە زانکۆکانی ئەمریکا. ئەو خەڵاتە دەدرێت بە چەند زانکۆیەکی بەناوبانگی ئەمریکا. یەکێک لەو زانکۆیانە زانکۆی کۆلۆمبیایە، کە تیایدا من خوێندکاری ماستەرم لە بواری ڕۆژنامەگەریدا. ساڵانە یەک خوێندکار لە زانکۆی کۆلۆمبیا ئەو خەڵاتە وەردەگرێت. ئەمساڵ، ئەو خەڵاتە بە من درا.

**کوردستان: پێشتر لە نێو کورددا کەسمان هەبوو ئەو خەڵاتە وەربگرێ، یان نا، و ئێوە یەکەم ڕۆژنامەنووسی کوردن کە ئەو خەڵاتە وەردەگرن؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ئەم خەڵاتە تازەیە و هەموو نزیکەی بیست ساڵە دەدرێت.
بەپێی سایتەکەیان، کە تازە چوومە سەری تا سەیری ناوی براوەکانی ساڵی ڕابردوو بکەم، هیچ کوردێکی دیکەم نەبینی تا ئێستا ئەم خەڵاتەی پێدرابێت.

**کوردستان: ئەم خەڵاتە ساڵانە بە چەند کەس دەدرێ و ئەو کەسانەی کە خەڵاتیان وەرگرت ئەگەر بزانی خەڵکی چ وڵاتگەلێک بوون یا سەر بە چ نەوەیەک بوون؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ئەم ساڵ خەڵاتەکە بە شانزە کەس درا. زۆربەی براوەکانی دیکە خەڵکی ئەمریکا بوون. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا بە من درا.

**کوردستان: هۆکاری ئەوەی کە تۆ خەڵات کرای دەگەڕێتەوە بۆ کورد بوونت، یان دەگەڕێتەوە بۆ پیشەکەت کە ڕۆژنامەنووسییە؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** نا هیچ پێوەندی بە کورد بوونەوە نییە. مەرجەکانی بردنەوەی ئەم خەڵاتە دوو شتن. یەکەم، دەبێت خوێندکاری ڕۆژنامەگەریی بیت لە ئەمریکا. دووەم، دەبێت وتارێکی کورت بە ئینگلیزی بنووسیت باسی ئەو کارانە بکەیت کە کردوتن تا تۆ شایستەی ئەو خەڵاتە بکات. پاشان لە ڕێگەی زانکۆوە سیڤی کارەکانت وەردەگرن و هەڵسەنگاندن دەکەن لە نێوان کاندیدەکاندا.

**کوردستان: لە باسی خەڵاتەکە بێینە دەرێ. ئێوە بە شێوەی پسپۆڕی لە ئەمریکا ڕاگەیاندن دەخوێنن. بۆیە دەمەوێ لە ڕوانگەیەکی پسپۆڕییانەوە بچین نێو باسەکە. لەم ڕوانگەوە چۆن چاو لە ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن لە کوردستان دەکەی؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە. بێگومان ناتوانین بە هیچ شێوەیەک بەراورد لە نێوان ئاستی پرۆفێشناڵی میدیای کوردی بکەین لەگەڵ میدیای خۆرئاوا و میدیای ئەمریکا بە شێوەیەکی گشتی. میدیای کوردی تەمەنی کورتە. ئێمە مێژوویەکمان هەیە کە دیکتاتۆریەت و خێڵەکییەت بەسەریدا زاڵە. کاریگەری هەموو ئەمانە لە میدیای کوردیدا بە ئاشکرا بەدی دەکرێت. گەورەترین گرفتی میدیای کوردی بریتییە لە نەبوونی توانا بۆ جیاکردنەوەی فاکت (ڕاستی) لە بۆچوون. زۆربەی هەواڵەکانی کوردستان قسەی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرسن. زۆربەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان پڕ دەکردێنەوە بە دیداری درێژی پرسیار و وەڵام کە لە میدیای پرۆفیشناڵی ئەمریکیدا بە دەگمەن بەدی دەکرێت. هەموو لاپەڕەکانی نیویۆرک تایمز، بۆ نموونە، هەڵ بدەرەوە دیدارێکی پرسیار و وەڵام نادۆزیتەوە. لە کوردستان خەڵکی لە جیاتی بەدەست هێنانی فاکت ڕۆژانە پروپاگەندەو قسەی ئەم و ئەو دەکڕن. میدیای کوردی گرفتی زۆرەو چاککردنی ئاسان نییە و پێویستی بە کات هەیە. لەهەمووی گرنگتر، پێویستە پرۆفێشناڵەکانی میدیای کوردی ئامادەییان تێدابێت بۆ گۆڕان و قبوڵکردنی ڕەخنە.

**کوردستان: پێت وایە ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆتە فاکتۆرێکی بەهێز بۆ کاریگاری دانان لە سەر ڕای گشی و لە درێژەدا توانیویەتی بە مانای ڕاستەقینە کۆڵەکەی چوارەمی دەسەڵات بێ؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** بێگومان میدیا بەردەوام گەورەترین کاریگەریی لە سەر ڕای گشتی دروست دەکات. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چ کاریگەرییەک؟ میدیایەک کە پرۆپاگەندە و بۆچوون بڵاو بکاتەوە لە جیاتی ڕاستی، کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت لە ڕۆشنبیرکردنی خەڵک و دروستکردنی عەقڵی ئازادەوە کە خۆی بڕیار دەدات چی باشە و چی خراپە بۆ کاریگەرییەکی ئایدۆلۆژی و شۆرینەوەی مێشکی

خەڵکی. بەڕای من میدیای کوردی زیاتر دووەمیان دەکات.

**کوردستان: پاش تێپەڕینی ١١٤ ساڵ بە سەر ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی دا لە کوردستان، گرفتەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستان لە چیدا دەبینی؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** گرفتەکانی ڕاگەیاندنی کوردی زۆرن و ناتوانین لێرەدا یەک بەیەک باسیان بکەین. ئەوە پێویستی بە تویژینەوە هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی میدیای کوردی خۆی ماندوو ناکات بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لێرە پێی دەوترێت ستۆری (چیرۆک). تەنیا بۆچوونی ئەم و ئەو بڵاودەکاتەوە. میدیای کوردی، بەشێوەیەکی گشتی، هێشتا نازانێت ڕستە چییە و پەرەگراف چییە. بابەتی درێژی باشترین نووسەرەکانی کوردستان دەخوێنیتەوە دەبینیت هەمووی چەند ڕستەیەکە. سەرەت گێژ دەخوات. نازانیت بکەر لە کوێیەوە و فرمان لە کوێیە، بەدەگمەن نوقتە دانراوە هەموو بابەتەکە بە فاریزە و (واو) و بەستراوە بەیەکەوە. وەکو وتم گرفتەکان زۆرن، ئێستا بۆ من ئاسان نییە بتوانم جیاوازی بکەم لەنێوان ئەو هەواڵەی سایتەکانی کوردستان بڵاوی دەکەنەوە لەگەڵ ئەوەی کەسێک بۆخۆی لە فەیسبوک بڵاوی دەکاتەوە.

**کوردستان: ئایا ناپڕۆفیشناڵی و نەبوونی ناوەندی کارامە بۆ ڕاهێنان و پەروەردی ڕۆژنامەنووسی گرفتێکی گەورەی بەردەم ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیاندن لە کوردستاندا نییە؟**

**نامۆ عەبدوڵڵا:** نەبوونی ناوەندی ڕاهێنانی باش گرفتێکی گەورەوویە. بەپێی زانیاریی من، بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆکانی کوردستان لە ئاستی پراکتیڤدا زۆر لاوازن و ناتوانن کادیری باشتر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان پێ بگەیەنن

لە ژمارە ٥٨٣ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢١ی مەی ٢٠١٢

# گرفتەكانی بەردەم راگەیاندنی كوردی بە بۆنەی یادی ١١٢ ساڵەی رۆژنامەنووسیی كوردی

## مادێح ئەحمەدی



راگەیاندن لە خەباتی سیاسی، كۆمەڵاتی، كەلتووریی هەر نەتەوەو وڵاتێک دا دەورێكی بەرچاوی هەبووەو وەک رەهەندێک لە خەبات چاوی لێكراوەو لەلایەن زۆربەی وڵاتانەوە بایەخی تایبەتی پێدراوەو بەردەوام گەشەی ستاندوە. وڵاتانی پێشكەوتوو بۆ ئەم مەبەستە لە دوو رووەوە توانیویانە كەڵک لە میدیا وەربگرن:

١- رەهەندی ناوخۆیی: ئەو دەسەڵات و لایەنانەی كە لە رووی ناوخۆییەوە توانیویانە كەڵک لە میدیا وەربگرن، بەو مەبەستە بووە كە رای گشتی لەگەڵ سیاسەت و پلانەكانی خۆیان رێک بخەن و بەرانبەر بە كۆمەڵگای جیهانی بەكاری بێنن. ئەمە بەو مانایە نییە كە بە شێوەیەكی ئامرازی كەڵكیان لە ماسمیدیا وەرگرتبێ، بەڵكوو بەو مانایەیە كە توانیوانە بە پێی ستراتیژی و ئامانجە نەتەوەییەكانی وڵاتەكەیان لە كەناڵی میدیاوە ئاستی وشیاری خەڵک لە هەموو روویەكەوە بەرز بكەنەوەو تواناییەكان كەناڵیزە بكەن و كۆمەڵێكی زیندوویان پێک هێناوە.

٢- رەهەندی دەرەكی: لەرووی دەرەكییەوە ئەو وڵات و لایەنانەی كە لە رێگەی میدیاوە دیپلۆماسییان كردوە بەردەوام هەوڵیانداوە كە لە ئاستی جیهانیدا برەو بە تایبەتمەندییە سیاسی، ئابووری، كولتووری و كۆمەڵایەتییەكانی خۆیان بدەن و لەو كاناڵەوە شوێن پێی خۆیان لە نێو خەڵكی وڵاتانی جیهان دا بكەنەوەو هێژمۆنی خۆیان زاڵ بكەن و لە دیپلۆماسیدا بەكاری بێنن. واتە لەم سۆنگەیەوە ئامانجە ستراتیژی و نەتەوەییەكانی خۆیان بردۆتە پێش و بە ئاماژە بە رۆڵی میدیا، ئەرک و بەرپرسایەتیی نێردراوە فەرمییەكان و دیپلۆماتەكانیان كەم كردۆتەوە.

ئەگەر لە سەر ئەم بنەمایە تیشک بخەینە سەر راگەیاندن و میدیای كوردی بەو ئاكامە دەگەین كە كورد هێشتا پاش تێپەڕینی ١١٢ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەكەم رۆژنامەی كوردی دا، تەنانەت لە بواری بڵاوكراوەی چاپییەوە لە ئاستی جیهاندا نەیتوانیوە خۆی دەربخا و قسەی بۆ وتن هەبێ و لە ئاستی نێوخۆی كوردستانیشدا زیاتر لە چوارچێوەی بۆچوونی حیزبی و رێكخراوەییدا ماوەتەوەو نەیتوانیوە لەسەر بنەمایەكی دیموكراتیک كار بكاتە سەر رای گشتیی كۆمەڵگای كوردی تا چ بگات بە میدیای وێنەیی و ئێلێكترۆنی.

لێرەدا رەنگە پرسیار ئەوە بێ كە هۆكاری ئەم مەسەلەیە دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ لەم بارەوە بێگومان چەند هۆكارێكی سەرەكی كاریگەرن. ئەم هۆكارانە هەركام لەگەڵ یەكدی پێوەندییان هەیەو كاریگەر بوون لە سەر خۆڵقاندنی یەكدی. هۆكارەكان بەم شێوەی خوارەوەیە:

**یەكەم: خوێندەواری میدیایی**

خوێندەواری میدیایی (Media Literacy) بە شێوەیەکی گشتی واتە: تێگەیشتنێکی پشت بەستوو بە لێهاتوویی کە بەو پێیە دەتوانرێ جۆرەکانی میدیاو جۆرەکانی بەرهەمی ئەم میدیایانە لێک جیا بکەیتەوەو بیانناسی.(١)

خوێندەواری میدیایی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە سۆنگەی تێگەیشتنێکی راستەقینەوە کەڵک لە ئامرازە میدیاییەکان وەربگری و بەکاریان بهێنی.

ئەگەر لە ژێر تیشکی ئەم خوێندنەوەیەدا چاو لە میدیای کوردی بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بە هۆی تێنەگەیشتن لە میدیا و ئەرک و قازانجەکانی، ئێستا ئێمە لەم بوارەدا بینەری بێ سەروبەرەییەکی سەیرین. ئەم بێ سەروبەرەییە لە راگەیاندن و رۆژنامەگەریی کوردی دا ئێستا بۆتە دیاردەیەک کە پێویستە پێشی پێ بگیرێ و هۆکارەکانی لێک بدرێنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم بێ سەروبەرییە لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی روانینی ئێمە بۆ کار و ئەرکی راگەیاندن. واتە ئەو کولتوورەی کە پێویستە لە نێوان کۆڕوکۆمەڵ و لایەنە کوردییەکان و تەنانەت تاکی کورد دا بەرامبەر بە کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی هەبێ، بوونی نییە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ئامرازی چاو لە کاری راگەیاندن دەکرێ. بە گوێرەی بەرژەوەندی رێکخراوەیی و گرووپی لەگەڵی دەجووڵێنەوە. لەم رووەوە راگەیاندن لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە ئامرازێک لە خزمەت دەسەڵاتی تاک و حیزبەکان دا. لەم حاڵەتەدا دەبینین کە هەر کەس پارەی هەبێ بە بێ ئەوەی لە میدیا و پیشەی راگەیاندن تێ بگا، بارەگایەک دەکاتەوەو چەند کەس لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو بڵاوکراوەیەک دەر دەکا. هیچ ناوەندێکی وەهاش نییە کە پێناسەیەک لەم بوارە بە پێی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی بخاتە روو بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکرێ. لەوەها حاڵەتێک دا کە بە پێی بەرژەوەندی چاو لە بابەتەکە دەکرێ، دەبینین بە سەدان ماڵپەڕی ئینتێرنێتی دەکرێنەوە، بە دەیان رۆژنامەو بڵاوکراوە دەر دەکرێن کە بە دەگمەن تێیاندا دەبینی هەندێ پرەنسیپی گشتی راگەیاندن لەبەرچاو بگرن. ئێمە چەند بڵاوکراوەی رێک و پێکمان هەبێ زۆر باشتر لەوەیە کە رۆژانە دەیان بڵاقۆک دەربچێ و کەسیش نەیخوێنێتەوە.

### دووهەم: هۆکاری سیاسی و مێژوویی

کورد لەبەر ئەوەی خاوەن دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، بێگومان لە تەواوی بوارەکاندا خەساری بەرکەوتوە، بۆیە نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ. بێگومان یەک لەو بوارانەش دەتوانێ بواری راگەیاندن بێ. بۆیە ئەمە دەتوانێ هۆکارێکی دیکەی پاشکەوتنی راگەیاندنی کوردی بێ.

لە بەر ئەوەی کورد خاوەن ناوەندی ئاکادمیک و فێرکاریی باڵا لە بواری راگەیاندندا نەبووە، دەتوانین بڵێین ئەو کەسانەی کە لە بواری راگەیاندن و رۆژنامەگەری دا لە کوردستان شارەزاییان هەیە، ژمارەیان لە قامکەکانی دەست تێناپەڕێ، بۆیە لەم بۆشاییەدا کەسانێک هاتوونەتە مەیدانەوەو کاری رۆژنامەگەرییان کردوە کە یا سیاسەتوان، یا شاعیر و رۆماننووس، یا بازرگان و... بوون. ئەگەرچی نابێ رۆڵی ئەم کەسانە لەبەر چاو نەگرین، بەڵام بە داخەوە ئەمە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ناپسپۆریەتی لە راگەیاندنی کوردی دا. هۆکاری ئەم ناپسپۆریەتییەش بەشێکی دەگەڕێتەوەو بۆ ئەو رابردوو و دۆخە سیاسییە کە کوردی تێدا ژیاوە.

## سێهەم: قەیرانی تیۆریک

بە لە بەر چاو گرتنی هۆکاری یەکەم و دووهەم ئێستا قەیرانێکی تیۆریک بەرۆکی راگەیاندنی کوردی گرتوە.

ئەگەر بمانهەوێ هۆکارەکانی ئەم قەیرانە تیۆریکە دەستنیشان بکەین، یا ئەوەی کە لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆچی و لێکبدرێتەوە، سەرەتا پێویستە چاوێک بە مێژوودا بخشێنین. چونکە ئەو دۆخە هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێ داروە، بەشێکی بەرهەمی ئەو رابردوویەیە کە بە سەر کورددا زاڵ بووە. ئەو بارودۆخە مێژووییەی کە بە سەر کورددا سەپاوە، قەت ئەو هەلەی بۆ کورد نەڕەخساندوە کە وەک نەتەوەیەک هاوشان لەگەڵ نەتەوەو وڵاتانی دیکە لە ئاستی جیهاندا بچێتە پێش. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە کورد لە زۆربەی بوارەکان دا لە دواوە بێ و لە ئێستاش دا لەو بوارانەدا لە ئاستی جیهان قسەیەکی بۆ وتن نەبێ. یەکێک لەو بوارانە، بواری راگەیاندن و میدیایە. واتە راگەیاندنی کورد لەژێر سێبەری ئەو رابردووەدا نەیتوانیوە پێشکەوتنێکی وەها بە خۆیەوە ببینێ کە خۆی بخزێنێتە نێو قۆناغێکی تازەوەو لەو دۆخە قەیراناوییەی ئێستا دەرباز بێ. ئەمەش لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئاکادێمیک هێزی مرۆیی پرۆفیشناڵ تایبەت بە کاری راگەیاندن، پەروەردە بکا. بۆیە لە کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی کوردیدا ئەو پرەنسیپانەی کە پێویستە رەچاو بکرێن، پشتگوێ خراون. قەت نەهاتووین لە رووی سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە خوێندنەوە بۆ کۆمەڵگا بکەین و بەو پێیە کاری راگەیاندن بکەین و ئاراستە بە رای گشتی خەڵک بدەین. لەم حاڵەتەدا هاوسەنگیی نێوان میدیا و دەسەڵات و میدیا و کۆمەڵگا تێک چووە. واتە جۆرێک بێ متمانەیی لە نێوان میدیاکان و دەسەڵات و لە نێوان میدیاکان و خەڵک دا دروست بووە. ئەمەش بێ کاریگەریی میدیای کوردی لە ئاراستە پێدان بە سیاسەت و رای گشتیی لە کوردستان دا لێکەوتووەتەوە.

## چوارەم: کاریگەریی رۆژنامەگەریی شاخ بەسەر رۆژنامەگەری شارەوە

راگەیاندنی کوردی قۆناغێکی درێژی لە شاخ تێپەڕ کردوە. لە قۆناغی شاخ دا هەر حیزب و لایەنێک بۆ خۆی خاوەن کۆمەڵێک میدیای وەک: رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ و.. بووە. ئەم میدیاگەلە هەر کام زمانحاڵی حیزبێک یان لایەنێکی تایبەت بوون. گوتار و ئاراستەی کار کردنی ئەم جۆرە میدیاگەلە، گوتارێکی شۆڕگێڕانە بووەو هەرکام کاریان بۆ بیر و رێبازێکی تایبەت کردوە. ئەقڵیەتێک ئەم میدیا و راگەیاندنانەی بەڕێوە بردووە کە رۆژانە لەگەڵ شار تێکەڵ نەبووەو لە بازنەیەکی دیاریکراودا بووە. هەروەها پێوەری کارکردن پرۆفیشناڵ بوون و مێتۆدیک نەبووە، بەڵکوو تەنیا پێوەر کار کردن لەو چوارچێوەیەدا بووە کە حیزب ویستوویەتی و لە سەرەوە بڕیاری لەسەر دراوە. هاوکات لەگەڵ ئەم قۆناغە بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستان دا زاڵ بووە، رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کورد لە شارەکانی کوردستان ئەو دەرەتانەیان نەبووە کە بە سیمایەکی مەدەنییانەوەو بە پێڕەوی کردن لە کۆمەڵێک پێوەری زانستی کاری راگەیاندن بە کوردی بکەن. لە ئاکامی ئەم بارودۆخەدا گوتاری راگەیاندنی شاخ زاڵ بووەو خۆی سەپاندووەو لە بەرانبەردا گوتارێکی دیکە نەبووە کە گەشە بکا و دواتر ببێ بە بنەما. بۆ نموونە لە باشووری کوردستان، پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شاخ و رزگاری ئەم پارچەیە لە وڵات، گوتار و مێتۆدی راگەیاندنی حیزبی دبێتە بنەماو لە سەر ئەو بنەمایە راگەیاندنی کوردی پەرە دەستێنێ. واتە لەم قۆناغەدا بە جۆرێک راگەیاندنی شاخ دەگوازرێتەوە بۆ شار. ئاڵوگۆڕێکی کە لێرەدا دێتە گۆڕێ،

ئەوەیە کە تاڕادەیەک ئەو حاڵەتە دروشماوییەی شاخ کەمڕەنگ دەبێتەوەو لە ڕووی چەندایەتییەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن گەشەیەکی بەربڵاو دەکەن. کێشەکە لێرەدایە کە دەبا ڕاگەیاندنی کوردی لەم قۆناغەدا لە ڕووی چۆنایەتییەوە گەشەی کردبا. بەم بۆنەوە ئێستاش سێبەری ڕۆژنامەگەریی شاخ زاڵە. ئەگەر کۆمەڵێک بلاڤۆکی دیکە دەبینین کە تاڕادەیەک جیاوازتر کار دەکەن، ئەوانەش بەرهەمی پرۆفیشناڵی پیشەیی و تێگەیشتنێکی قووڵی میدیایی نین، بەڵکوو زیاتر لە ئاکامی دژکردەوەیەکدا لە بەرانبەر ئەو بارودۆخەدا سەریان هەڵداوە.

### پێنجەم: چەمکی ڕاگەیاندنی ئازاد و ڕاگەیاندنی حیزبی

لە ئاکامی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی کە بەرانبەر بە ڕۆڵ و کارکردی میدیا لە کوردستان دا زاڵە، کێشە و ململانێیەکی زۆر لە نێوان ڕاگەیاندنەکان لە ئاستی دوو بەرەدا کە پێیان دەڵێن «ڕاگەیاندنی ئازاد» و «ڕاگەیاندنی حیزبی» لە ئارادایە. ئەم ململانێیە وای کردوە کە هەڤڕکێیەکی نالەبار سەر هەڵبداو ڕۆژانە وزە و توانایییەکی زۆر بە فیڕۆ دەدا. ئەمەش بەرهەمی ئەو ئاراستەیە کە میدیاکان لە کوردستاندا گرتوویانەتە بەر. لێرەدا بە تەواوەتی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرژەوەندی کۆمەڵگاو... بە هۆی ئەم ململانێیەوە خراوەتە پەراوێزەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر تێگەیشتنێکی واقیعبینانە لە ناو میدیاکاران و بەڕێوەبەرانی دەزگا جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان هەبایە، ئەم دۆخە وای لێ نەدەهات.

«ئانۆن» وتەیەکی بە نرخی هەیە کە دەڵێ: «ڕاگەیاندنەکان ڕەنگە سەر بە ڕێکخراو یان تاکێکی تایبەت بن، بەڵام ئازادی بڵاوکردنەوە هی خەڵکە».(٢) ئەم وتەی ئانۆن ئەوە دەگەیەنێ کە ڕاگەیاندنەکان لە هەر حاڵەتێکدا دەبێ ڕاستییەکان بگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵگاو ئاوێنەی دەرد و خەمەکانی خەڵک بن. واتە دەبێ بەرژەوەندی گشتیی خەڵک و کۆمەڵگا تەوەری سەرەکیی کاری هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێ. بە پێچەوانەی ئەم وتەیە لە کوردستان دا، ئەو ڕاگەیاندنانەی کە سەر بە حیزبەکانن، بوونەتە بڵیندگۆی تایبەتی حیزبەکان و هەر کام لە لایەنەکان بە گوێرەی بەرژەوەندی حیزبی خۆی وەک ئامرازێک کەڵک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەر دەگرێ، لە بەرانبەریشدا ئەو میدیاگەلەی کە بە میدیای ئازاد ناسراون تەوەری سەرەکی و ئاراستەی سەرەکیی کار کردنیان دژکردەوە نیشاندانە بەرانبەر بە میدیای حیزبەکان و خودی حیزبەکان. لەم نێوانەدا مافی گشتیی خەڵک و کۆمەڵگا کەوتووەتە پەراوێزە.

### شەشەم: کاریگەری میدیای فارسی، تورکی و عەرەبی

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی کوردی کاریگەری میدیای فارسی، تورکی و عەرەبییە. لەم نێوەدا لەبەر ئەوەی کە داگیرکەرانی کوردستان تورک، عەرەب و فارس بوون، ئەوانیش وەک نەتەوەی باڵادەست هەمیشە هەوڵیانداوە کە شتی خۆیان بەسەر کورددا بسەپێنن و بەرەو بە زمان، کولتوورو...ی خۆیان بدەن. کۆمەڵگای کوردیش لەگەڵ فارس و تورک و عەرەب جیاوازەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئێمەش کە بۆ خۆمان خاوەن هێزی تایبەت بە کاری ڕاگەیاندن نەبووین و ئەو کەسانەش کە هەبوون پەروەردەی زانکۆکانی تورک و فارس و عەرەب بوون و کاریگەریی ئەوان هاتووەتە نێو ڕاگەیاندنی کوردییەوە. ئێمە دەبێ لە ڕوانگەیەکی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییە بڕوانینە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی و تاکی کورد و بەو پێیە ئاراستەی کاری

ڕاگەیاندنەکانمان دیاری بکەین و گرنگی بدەین بە بابەتەکان و ئەوجار شێوازی بڵاوکردنەوەیان. چونکە ئەو شتەی کە بە لای ڕۆژنامەیەکی تورکی یان فارسی و یان عەرەبییەوە گرنگەو خوێنەرو بەردەنگەکەی گرنگی پێدەدا، لە کۆمەڵگای کوردی دا بەو جۆرە نییە. ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە زۆرێک لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی ئێمەدا ئەو شتە لەبەرچاو ناگیرێ و بە هۆی زاڵبوونی ئەدەبیات و کولتووری ئەوان بەسەر ئێمەدا، بە جۆرێک کەوتووینەتە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندن و شێوازی کاری ئەوانەوە. ئێستاش ئەو سەرچاوانەی کە ئێمە لە بواری کاری ڕاگەیاندندا کەڵکییان لێ وەردەگرین و لە زانکۆکاندا دەوترێنەوە بەشێکیان لە زمانەکانی عەرەبی، فارسی و تورکییەوە بە شێوەیەکی ناتەواو وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی. یان بۆ وێنە بۆمبێک تەقیوەتەوە، یان ژنێک خۆی سووتاندوە، زۆربەی ڕاگەیاندنەکانی ئێمە دەنووسن «لە.. بۆمبێک دەتەقێتەوە»، «لە.. ژنێک خۆی دەسووتێنێ». ئەم شێوە مانشێت لێدانە لە ڕاگەیاندنی عەرەبی دا بە پێی تایبەتمەندییەکانی زمانی عەرەبی باوە، بەڵام لە کوردیدا بەو شێوەیە نییە. واتە ئەم شێوە دەربڕینە لە زمانی عەرەبیدا باوە. ئەگەر بڕیارە بۆمبێک بتەقێتەوە یا ژنێک خۆی بسووتێنێ، دەبێ پێشی پێ بگری و نەهێڵی ڕوو بدا!!

بە گشتیی ئەم چەند هۆکارەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا، لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی کوردیین. ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنی کوردی نەتوانی ئەم قۆناغە دەرباز بکا، بچێتە خانەی ڕێکخستنی ڕای گشتیی و ڕۆڵ گێڕان لە سیاسەتدانان دا. هەر ئێستا ئەم گرفتانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی ڕۆژنامەگەریی زەرد(yellow journal) لە کوردستان دا و ئەوەی کە ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆر لە بڵاوکراوە چاپییەکان لە بەردەم ڕۆژنامە فرۆشییەکان دا دەمێننەوەو کەس لێیان ناپرسێ سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە.

شێوەی ڕوانینی ئێمە بۆ پیشەی ڕاگەیاندن هەڵەیەو ئەم کولتوورە پێویستە بگۆڕدرێ. واتە لە ڕوانگەیەکی نەریتییەوە چاو لە کارو ئەرکەکانی ئەم بوارە دەکەین. بۆیە وەک ئامرازێک بۆ خزمەت کردن بە دەسەڵاتی تاک و حیزبەکان کەڵک لە ڕاگەیاندن وەرگیراوەو چاوی لێکراوە. زاڵبوونی ئەم شێوە ڕوانینە لە باشووری کوردستان یەکێک لەو کۆسپانەیە کە بەردەوام ڕاگەیاندنی کوردی لە قۆناغێکی قەیراناویدا ڕاگرتوەو تەنانەت بێ سەروبەرەیی لێکەوتووەتەوە. حیزبەکان دەتوانن هەرکام تەلەڤزیۆنێک یان ڕۆژنامە یان ڕادیۆیەکیان هەبێ، نە ئەوەی هەر حیزبێک چەند تەلەفزیۆن و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەو ڕادیۆ پاوان بکەن. ئەمە مەترسییەکی هەرە گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بزووتنەوەی کورد لە داهاتوودا.

سەرچاوە:

١- شکرخواه، دکتر یونس، سواد رسانەای چیست؟ وب سایت مدیا نیوز
٢- رندال، دیوید، روزنامەنگاری حرفەای، ترجمە: علی اکبر قازچی زادە، اول، موسسە انتشاراتی روزنامە ایران، سال ١٣٨٢، ص ٣٣

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٢

# ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

## کوێستان فتووحی

ئه م وتاره که لێرهدا دهخرێته به ر سه رنجی خوێنه ران، له دوو ڕێوڕه سم دا که به بۆنه ی ۱۱۲ ساڵه ی ڕۆژنامه نووسیی کوردییه وه، له شاری کۆیه و له بنکه ی ده فته ری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، به ڕێوه چوون پێشکه ش کراوه:



### مەبەست لە ڕۆژنامەنووسیی شاخ

چەمکی «ڕۆژنامەنووسیی شاخ» لەمێژ نیە پەیدا بووە. ئەگەرچی نازانم ئەم چەمکە یەکەم جار، کەی و لەلایەن چ کەسێکەوە و لە کوێ دا بەکار هێنراوە، بەڵام وا تێدەگەم کە لە دوای ڕاپەڕینی ۱۹۹۱ەوە، وەکوو چەمکێک بەکار هێنراوە. دیارە پێشتر، بە تایبەتی لە دەیەی ۸۰ی زایینی دا، زاراوە و دەستەواژەی وەک «چاپەمەنیی شاخ» یا بڵاوکراوەکانی شاخ بەکار دەهێنران. ئەم جۆرە ناوانەش لە بەرامبەر «ڕۆژنامەکانی شار» دا سەریان هەڵدا. بەر لەم جۆرە ناو و زاراوانەش، کۆمەڵێک ناو و زاراوەی دیکە، هاتبوونە نێو ئەدەبیاتی کوردی کە پاشگری شۆرشیان لەگەڵدا بوو. بۆ نموونە «نەخۆشخانەی شۆرش»، «قوتابخانەی شۆرش» یان «مامۆستای شۆرش». دیارە ئەم ناوانە لە بەرامبەر دەزگا و دامەزراوەی دەوڵەتی و حکوومەتی دا، پەیدا بوون. شاخ، سەمبولی خەبات بوو، هەرێمی دەسەڵاتدارەتیی شۆرشی کورد بوو. شار، شاری داگیرکراو، ئەو شوێنە بوو کە بە پێی ڕێوشوێن و فەرمانی حکوومەتی دژە کوردەوە بەڕێوە دەچوو. لە شاخ، یاخیبوون لە ستەم و دیکتاتۆری هەبوو، شۆرش و پێشمەرگە هەبوو، ئازادی و سەربەستی هەبوو. لە شار زەبر و زەنگی دیکتاتۆری، سەرکوت و سانسۆر هەبوو. ئەم کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوانەی لە شاخ دەردەچوون، مینبەری شۆرشگێران و ئازادیخوازان بوون. هەڵوێست و بیروڕای سیاسیی پارتە کوردەکان و خوزگە و ئاواتەکانی خەباتگێران و تێکۆشەرانی کوردستانیان بڵاو دەکردەوە. بەڵام چاپەمەنیی شار، مەگەر لە تویێ ڕەمز و ئیشارەدا، ئەگینا نەیاندەتوانی قسەی دڵی خەڵک بکەن و لە ئازادی بێبەش بوون. دیارە کەرەستە و ئامراز و ئیمکاناتێکیش کە ڕۆژنامەی شار و شاخیان پێ چاپ دەکرا، جیاواز بوون. هی شار، پێشکەوتوو و گەورە بوون. هی شاخ سادە و ساکارو بچووک بوون.

### ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زۆرجار کاری ڕۆژنامەنووسی لە دوورەوڵاتی ( تاراوگە) و لە شاخ، وەکوو یەک سەیریان دەکرێ. کە جێی خۆیەتی جیاوازی لە نێوان

ئەم دوو جۆرە ڕۆژنامەیە دابنرێ. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە بۆ مەسەلەکە بچین، ڕۆژنامەنووسیی شاخ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە سێ قۆناغ دا تێپەڕ دەبێ.

## قۆناغی یەکەم: پێش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی ئێران

لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٧٩ی گەلانی ئێران سێ جۆر ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە:

ئەلف: ڕۆژنامەنووسیی کوردیی ڕێگە پێدراو لە لایەن ڕێژیمی شایەتییەوە، کە دوو هەوڵ دەگرێتەوە:

یەکەم، حەوتوونامەی «خۆرنشین»، کە لە ساڵانی ١٩٥١ و ١٩٥٢دا لە تاران ١٥ ژمارەی لاپلاو بۆتەوە و، بە زمانی کوردی و فارسی دەرچووە.
دووهەم: ڕۆژنامەی «کوردستان» کە عەبدولحەمید بەدیع زەمانی بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی بووە، لە ساڵی ١٩٥٩ەوە هەتا ١٩٦٤ لە تاران دەردەچوو و لە دەرەوەی ئێران بڵاودەکرایەوە.

ب: ڕۆژنامەنووسیی کوردی بە نهێنی، کە بریتییە لە چەند هەوڵێکی ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ئێران (وەک نموونە چاپی ڕۆژنامەی کوردستان بە نهێنی لە شاری تەورێز لە دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ).
ج: ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە تاراوگە . کە دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باکۆ، لە ئورووپا و لە بەغدا لە سێ دەورەوی جیاوازدا، دەگرێتەوە.

هەر لەم خانەیەدا، هێندێک هەوڵ دەبینرێن کە دەکرێ بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە شاخ ناودێریان بکەین: بۆ نموونە بڵاوکراوەی «ڕێگا» کە ساڵی ١٩٤٨ بە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان دا لە لایەن مامۆستا حەسەنی قزڵجی و غەنی بلووریان، یەک ژمارەی لا بڵاو بۆتەوە.

یان بڵاوکراوەی «تیشک» کە کومیتەی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٦٦ و ١٩٦٧ دا چەند ژمارەیەکی لابڵاو کردۆتەوە.

ئەمانە بۆیە دەکرێ لە خانەی ڕۆژنامەنووسیی شاخ دا دایان بنێین چونکە لە کوردستان، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و بەبێ ئیزن و ئاگاداریی هیچ حکوومەتێک، دەردەچوون.

قۆناغی دووهەم: لە دوای کشانەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چیاکان هەتا نیشتەجێ بوونیان لە قووڵایی خاکی باشووری

کوردستان دا (لە ١٩٨٠ هەتا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٩٠):

ئەم قۆناغە لە راستیدا دیارترین و گرنگترین قۆناغ لە مێژووی رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە.

### هێندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە:

١- رادیۆ، وەک راگەیەنێکی خێرا کە دەتوانێ سەر بە هەر ماڵێک دا بکا، دێتە نێو رۆژنامەنووسیی شاخەوە. بە تایبەتی دوو رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران(سەر بە حیزبی دیموکرات) و رادیۆی دەنگی شۆرشی ئێران(سەر بە کۆمەڵە)، دەورێکی گرنگیان دەگێڕا.-

٢- بڵاوکراوە کوردییەکان لە چیا و لە ناوچەی شاخاوی و بە کەرەستە و ئیمکاناتی سەرەتایی چاپ و بڵاو دەبوونەوە.

٣- زۆربەی هەرە زۆری بڵاوکراوەکان، سەر بە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان بوون. تەنیا نموونەیەکی ناحیزبی کە هەبووە و دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین بڵاوبوونەوەی ٣ ژمارەی گۆڤاری «نووسەری چیا» لە لایەن موحسین شاسوارییەوە لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ دا بووە.

٤- ئەو چاپەمەنییانەی بڵاو بوونەتەوە، لە رووی فۆرم و نێوەرۆکەوە، زۆربەیان گۆڤار بوون. تەنانەت «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە ناوی رۆژنامەی لەسەر بووە. بە شێوەی مانگانە دەرچووە و بە هۆی هەلومەرجی نالەباری شاخ، لە قەوارەیەکی بچووک دا دەرچووە.

٥- بڵاوکراوەکان بەم هۆیەوە کە سەر بە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوون، بە نهێنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بوونەتەوە و تەنیا ژمارەیەکی کەم لە لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکان دیتوویانن.

٦- لە باری نێوەرۆکەوە، زۆرتر بایەخیان داوە بە وتاری سیاسی و بەیاننامەی حیزبی و چالاکیی پێشمەرگە و تێکۆشانی حیزبەکان لە دەرەوەی وڵات.

٧- جۆراوجۆری لە نێو بڵاوکراوەکان دا بەدی دەکرێ:

ئەلف: لە باری سیاسییەوە، سەر بە حیزب و رێکخراوی جۆراوجۆرن: حیزبی دیموکرات، حیزبی کومونیست (کۆمەڵە)، رێکخراوی خەبات، بۆ ماوەیەکی کورتیش کۆمەڵەی یەکسانی، هەرکامیان چاپەمەنیی جۆراوجۆری تایبەت بە خۆیان هەبووە.

ب: هەر کام لەو حیزبانە هەوڵیان داوە جگە لە بڵاوکراوەی ئۆرگان کە سیاسی بووە گۆڤاری جۆراوجۆری دیکەیان هەبێ. وەک گۆڤاری فەرهەنگی و هونەری، ئیدئۆلۆژیک، نێوخۆیی.

لەم نێوەدا حیزبی دیموکرات زۆرترین پشکی بەردەکەوێ. چونکە جگە لەوەی زۆر لە ڕێکخراوەکانی شارستانی ئەم حیزبە بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئورگان و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەبووە و لە شاخ بڵاویان کردۆتەوە، هەواڵنامە، گۆڤاری تایبەت بە لاوان، تایبەت بە پێشمەرگە، تایبەت بە ڕۆشنبیری گشتییان هەبووە.

٨- بڵاوکردنەوەی نووسین بە ناوی نووسەرانەوە لە چاپەمەنیی حیزبیدا، بە تایبەتی لە بڵاوکراوەی ئورگان دا لە سەرەتاوە بە کەمی دەبینرێ. دواتر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی گۆڤارە ئەدەبی و گشتییەکان دا، ناوی نووسەران (جا ناوی راستەقینە یا ناوی خوازراو) بەدی دەکرێ. لە ساڵانی کۆتایی ئەم قۆناغەدا، لە ئورگانی حیزبی کومونیست و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ دا، ناوی نووسەران بەرچاو دەکەوێ.

٩- ژنان، لە نووسین و بەڕێوەبردنی ڕۆژنامەنووسیی شاخ لەم قۆناغەدا کەمترین ڕۆڵیان هەیە. ئەگەر دەورێکیشیان بووبێ، کاری تایپ لە چاپەمەنیی حیزبەکان و بێژەری لە رادیۆکانی شاخ بووە. بەڵام وەک نووسەر و بەڕێوەبەر کەسێکی دیار بەدی ناکرێەم.

قۆناغی سێهەم: لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٩٠ەوە تا ئێستا:

لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ١٩٩٠ەوە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچە شاخاوییە سنوورییەکانی نێوان ئێران و عێراق، دێنە نێو قووڵایی خاکی باشووری کوردستان. چەند گۆڕانێک بەسەر ڕۆژنامەنووسیی ئەو حیزبانەدا دێ:

١- لە چیاکانی سەرسنوور دادەگەڕێن و لە نزیک شارەکان دەگیرسێنەوە،

٢- واز لە دەرکردنی ڕۆژنامە بە تایپ و تەکسیر دێنن، دەبنە خاوەنی کامپیوتێر و زیاتر لە چاپخانەکانی کوردستانی عێراق، ڕۆژنامەکانیان چاپ دەکەن،

٣- فۆرمی ڕۆژنامەکانیان دەگۆڕن، گەورەیان دەکەنەوە و کەڵک لە وێنە و هێندێک جار ڕەنگی جۆراوجۆر وەردەگرن،

٤- لە دوای ساڵی ٢٠٠٠، بەرە بەرە دەستیان بە ئینترنێت رادەگا و ئەمەش لە دوو بوارەوە کاریگەریی دەبێ لەسەریان، هەم ئاسانتر لە پێشوو زانیاری بەدەست دێنن، هەم لە ڕێگای ئیمەیلەوە و بە هۆی ماڵپەڕەکانیانەوە، خێراتر بڵاوکراوەکانیان دەگەیەننە دەست خوێنەرانیان،

٥- لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک فاکتەردا، هێندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داخراویی سیاسی و ئیدئۆلۆژیک تا رادەیەک دوور دەکەنەوە و لە جاران کراوەتر دەبن.

٦- لە دەیەی دووهەمی ئەم قۆناغەدا، گۆڤاری تایبەت بە ژنان و منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک دەبن. دیارە پێشتریش (هەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەم لە یەک دوو ساڵی یەکەمی دوای رووخانی ڕێژیمی شایەتی دا نموونەی بڵاوکراوەی تایبەت بە توێژێکی کۆمەڵ هەبوو، کە لە ٢ - ١ ژمارە تێپەڕی نەکردبوو. بەڵام ئەمجارە ئەم جۆرە گۆڤارانە بەبەردەوامی بڵاو دەبنەوە.

٧- نەسڵێکی تازە بە روانینێکی نوێوە دێنە نێو گۆڕەپانی رۆژنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە. نەسڵێک کە لە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی رۆژنامەنووسیی ئێران دان.

٨- گۆڤار و بڵاوکراوە و کاری رۆژنامەنووسی لە بازنەی حیزبەکان دێتەدەر و کەسان و گرووپی سەربەخۆ بۆخۆیان گۆڤار و سایتی سەربەخۆ بۆ باس لە پرسەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێ دەخەن.

٩- کاناڵی ئاسمانیی تەلەڤیزیۆنی و میدیای ئەلکترۆنی دێتە نێو کاروانی رۆژنامەنووسیی کوردیی رۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگە.

١٠- بەشێکی بەرچاو لەو رۆژنامەنووسانەی ئەزموونی رۆژنامەنووسیی شاخیان هەبوو، تێکەڵ بە کاری رۆژنامەنووسیی لە هەرێمی کوردستان دەبن.

١١- بەرە بەرە ژنان، وەک نووسەر، وەرگێڕ، ئەندامی دەستەی نووسەران، دیزاینێر، لە گۆڤار و رۆژنامەکان و وەک بەرێوەبەری بەرنامەی رادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی، دیار دەکەون.

١٢- زۆر چەمک و دیاردە و رەهەند کە لە قۆناغەکانی پێشتر دا پشتگوێ خرابوون، لەم قۆناغەدا، ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە، بە تایبەتی لە بواری فکری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا.

ئاکام:

١- رۆژنامەنووسیی شاخ(هەم لە باری ماوەوە، هەم لە باری بارستاییەوە) بەبەشێکی سەرەکی لە رۆژنامەنووسیی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ،

٢- رۆژنامەنووسیی شاخ، رۆژنامەنووسییەکی سیاسی و حیزبی بووە، نەک رۆژنامەنووسییەکی ئازاد و، خسڵەتی خەباتخوازی بەسەریدا زاڵ بووە.

٣- بە هۆی کەسانی سیاسی و ئەدیبی بەشدار لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆرشگێڕی کوردستان بەرێوە چوون نەک بە هۆی رۆژنامەنووسانی حیرفەیی و پسپۆر،

٤- بە هۆی بەربەستی جۆراوجۆر کە لە سەر رێگای بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کاغەزی هەبووە، رادیۆ دەورێکی گرنگی لە گەیاندنی پەیامی راگەیاندنی شاخ دا گێڕاوە.

٥- رۆژنامەنووسیی شاخ، لە باری فۆرم، بەکاربردنی وێنە و رەنگ، دیزاین، تیتر و مانشێت و رێوشوێنەکانی دیکەی رۆژنامەنووسییەوە کەم و کووڕیی زۆری هەبووە، گرنگ گەیاندنی پەیام و نێوەرۆک بووە نەک جوانیی فۆرم.

٦- حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە هۆی رابردووی درێژی تێکۆشان، گەورەیی حیزبەکە و بەرینیی ناوچەی نفووز و تێکۆشان و پێویستی خەباتەکەی و بایەخدانی بە کاری رۆژنامەنووسی، زۆرترین رۆڵی لە رۆژنامەنووسیی شاخ لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە.

٧- داهاتنی راگەیەنی ئەمرۆیی و پێشکەوتوو، رۆڵی راگەیەنەکانی پێشوو وەک رۆژنامەی کاغەزی و رادیۆ، کە لە رۆژنامەنووسیی شاخ دا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، کەم کردۆتەوە و ئێستا میدیای ئەلکترۆنی (ماڵپەڕی ئینترنێتی) و کاناڵی ئاسمانی قسەی یەکەم دەکەن.

٨- بەجیهانیبوون (پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی پێوەندییەکان، کەمرەنگ بوونەوەی سنوورە جوغرافیایی و سیاسییەکان، لێک نزیکبوونەوەی بیرکردنەوە و روانینی مرۆڤەکان) و هەروەها بارودۆخ و هەلومەرجی ئەمرۆی ژیان و تێکۆشانی تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە

باشووری کوردستان، چەمکی رۆژنامەنووسیی شاخی هێناوەتە ژێر پرسیار. سنووری نێوان ڕۆژنامەنووسیی شاخ ء تاراوگەء نێوخۆء دەرەوەی وڵاتی شێواندووە. ئەم راستییە شتێکی زۆر گرنگ و شیاوی سەرنجە، لە ئێمە رۆژنامەنووسانی دوێنێی شاخ و ئەمڕۆی تاراوگەنشین دەخوازێ خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ راگەیاندن و ئەرکی خۆمان لە هەلومەرجی نوێدا هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٧ی مەی ٢٠١٠

# ژنانو کچانی رۆژنامەنووس (ئونوسەتیان) لەدەستداوە!؟

## شۆخان مەحمود

(١١٤) ساڵ لەمەوبەروو لەرۆژێکی مێژوویدابوو لەسەر دەستی کۆمەڵێک لەکەسانی دڵسۆزو نیشتیمانپەروەرو شارەزای بوارەکە، یەکەمین



رۆژنامەی کوردی کەوتە بەردەستی خەڵک، ئەگەرچی دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە لەوسەردەمانەدا کارێکی گەلێک ئەستەمو پرمەترسی بوو بۆ کوردانو بەجۆرێک لەجۆرەکان تەواوکەری رێچکە شۆرشگێرییە کوردانەکەی سالآنی ( ١٨٩٨) بوو، ئەمە لەکاتی خۆیداو بەئێستاشەوە جێگای شانازییەکی گەورەیە بۆ کوردو بەهەموو باشو خراپییەکانییەوە شایستەی رەخنەگرتن نابێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسورمانو هەڵوەستەو قسەو رەخنەگرتنە مێژووی سەردەمی ئێستای بواری کاری رۆژنامەوانیو راگەیاندنە کە هێندە وێرانەیە، بەجۆرێک گەلێک جاران مرۆڤ شەرمەندەی مێژووی پێشوتر دەکات، ئەگەرچی من یەکسەر لەکرۆکی باسو نوسینەکەمداو راستەوخۆ دەستم خستەسەر برینەکان، بەڵام پێموایە ئەمە پێی ناگوترێ زمانێکی زبر لەنووسیندا لەکاتێکدا خۆم کەسێکبمو لەواقیعەکەدا بژیم، یان بەجۆرێک لەجۆرەکان من وەک رۆژنامەنووسێکی (مێیینە) کەیسێکی باشبم بۆ ئەوەی راستی نووسینەکە بسەلمێنم.

لەم هەرێمەدا چەند ساڵێکە هێندە دەزگای رۆژنامەوانیو رۆژنامەنووسمان زۆربوون کە لەئێستادا وەک هەر پیشەو کارێکی تر بۆتە پیشەو ژیان بەرێکردن یان نەبوونی ئیشوکارو کات بەسەربردن، ئەمە لەکاتێکدا کە لەزۆرێک لەوڵاتان رۆژنامەو رۆژنامەنووسان بوونەتە دەسەڵاتی چوارەمو چاودێر بەسەر حکومەتو خەڵکی ئەو وڵاتەوەو لەهەندێک لەوڵاتدا شۆرشیان بەرپاکردووەو حکومەتیان گۆریووە، کەچی لەم هەرێمەی مندا ئەم بوارە نەک هەرنەیتوانیوە رۆڵی دەسەڵاتی چوارەم ببینێت بگرە کارەکەشیان واتێکداوە بەجۆرێک خەڵکو حکومەتو دەسەڵاتیش تووشی سەر ئێشەبوون، لەراستیدا من بەڵگەم وەک گەڵای داران زۆرە بۆ ئەم قسانەم، بەڵام من وەک خۆم هێشتا باوەڕم بەبنەماکانی ئیتیکی رۆژنامەوانی هەیە کە ناوهێنانو لەکەدارکردنی کەسایەتی مرۆڤەکان دورە لەبەهاو بنەماکانی پرسی رۆژناگەریو مرۆڤایەتی کە دوو چەمکن تەواو تەواو پەیوەندییان پێکەوە هەیە، بەڵێ بوونی ئەو هەموو پرسە مەترسیدارەی کە رۆژانە خەڵکی لەسەر دەکوژری، دەگیرێ، دەسوتێنرێ، ئیختیساب دەکرێت هەموو لەئەنجامی گەیاندنەکانەوەیە بەهەڵە، هەروەک لەکاتێکدا ژنێک دەکوژرێت سەرەتا لەرۆژنامەی ژمارە (١) هەواڵەکە هیچ نییەو تەنها نەخۆشی دەروونی لەگەڵدابووە ئەم هەواڵە دەروات دەروات تا دەگاتە رۆژنامەی ژمارە (١٠) وەزعەکە وایلێهاتووە ئەو ژنە کراوەتە لەشفرۆشو تاوانبارو دوو بنەماڵە پێکدا دراون، چونکە هەواڵەکە سەرتاپا رەگەزەکانی هەواڵبوونی تێدانییە بەهۆی نەبوونی بەدواداچوونێکی تەواو مەیدانییەوە، خۆئەگەر ئەمە نموونەیەکی بچووک بێت ئەوا بۆ پرسە سیاسیەکان ئەوە ئەنجامەکەیەتی هەمووان دەیبینین لەوەی کە لە

زۆرێـک لەرۆژنامەکانـدا نەراسـتگۆیی لەهـەواڵو راپۆرتەکانـدا وەک خۆیـانن نەچیرۆکـەکانیش پـرسو داوای زۆرینـەی خـەڵکنو نەرۆژنامەنووسەکەش بروای بەوە هەیە کە بڵاویدەکاتەوە جگە لەمۆدیلە باوەکەی (سەبقی صەحافی) نەبێت.

تائیرە ئەو خەمە بێت کە بۆتە خەمی زۆرێک لەوکەسانەی لەوەتێگەیشتوو کە بواری کـاری رۆژنامەگەری نابێت بەوشێوەیەبێت کە لای خۆمان کاری لەسەر دەکرێ، ئەوا خەمی من دوو ئەوەندە زیاترە، کە ئەدی لەم نێوەندو کاروان سەرایەدا کوا دەنگو رەنگی ژنـان، کـوا رۆژنامەنووسە مێینەکان، ئەدی رۆڵی ئەوان لەبوارەکەدا لە چ بەشێکیدا بەرجەستەبووە، من لێرەدا لەتواناو لێهاتوویی ژنانو کچانێک کەم ناکەمەوە کە زۆر جێگای شانازین بۆ مێژووی پرسەکانی ژنان، بەڵام بڵێین چی کـە نموونـەکان هێنـدە کـەمن لەپەنجەکانی دەست تێناپەڕنو لەباسێکی وادا نابنە بەربەست لەبەردەم رەخنەکانـدا، من بـۆ چوونـە نـاو مەبەسـتی تـەواوی ئـەو قسـانەمەوە بەنوکتەیـەک دەستپێدەکەم کە بەسەر رۆژنامەنووسێکی هاورێم هاتووە "رۆژێکیان لەبەدوادادچوونی هەواڵێک بـووەو زۆر تونـدوتۆڵ خـۆی ئامـادەکردووە بەکوردیو بەکورتی پانتۆڵ بلوزو جووتێک کالەی لەپێدابووە، کەچی یەکێک لەهاوڕێ کوڕەکـانی بەزەردەخەنەیەکەوە پێیوتـووە: "ئـەوە چییە ئەڵێی پیاویت، ئونوسەتت تێدانابینم"، ئـەم قسـەیەی هـاوڕێ پیاوەکـەم ئەگـەر تـەنها چەنـد دێرێکـی سـادەبن بـۆ ئـەوی پیـاو، بەڵام بۆ منی ژن گەلێک بەئازار بوو کەوا دەمەوێت وەک ئەوان کاربکەم، وەک ئەوان رۆڵم هەبێت، وەک ئـەوان دەنگـو رەنگم هـەبێت، بگرە وەک ئەوان بجەنگم، کـەچی وەک هەمیشـە ئـەوان ژنو رۆڵـی ژنیـان وەک بووکەڵـە سەرنجراکێشـەکان دەوێتـو کـەی ویسـتیان کـەی حەزیانکرد سەیری بکەنو بەو چاوەی خۆیان دەیانەوێت لێـی بـروانن، ئەگـەرچی ئەمانـە قسـەو باسـی زۆرهەڵـدەگرنو هـەر لایـەنێکیان بگریت دونیایەک باکگراوندی کۆمەڵایەتـیو دەروونـیو مێژووی لەپشتیانەوەیە، بەڵام ئـەوەی جێگـای داخـە گەورەیەکەیـە، ئەوەیـە کـەوا ژنانو کچانێک ئەگەر بیانەوێت لەبواری کاری رۆژنامەگەریدا کاربـەکن ئـەوا دەبێت بەرلەهەرشتێکی کە پێویستە بیـزانن دەبێت بـاش ئەوە بزانن کە "ئەگەر جوان بوو واتە روو بازاری بوو ئەوا دەبێت وەک رۆژی رووناک لەبـەرچاوی بێت هاتـە نـاو ئـەو بـوارەوە بێبـەری نابێت لەتانەو توانجو قسەو باسەکان لەسەر کەسێتیو جوانییەکەیو زۆر جاران مەسەلەی ناموسیش، کە هـەروەک ئێسـتا لـەزۆرێک لـەدەزگاکانی راگەیانـدنی دەبیسـتینو دەبینین، لێتـان ناشـارمەوە کە رەنگـە خـۆم یـەکێک بـم لـەو رۆژنامەنووسـانەی بـەو قۆناغانـەدا رۆیشتووم، بۆیـە دەپرسم لەکاتێکـدا رۆڵو پێگـەی پیـاوان هێنـدە گـەورەو دیـار نـەبێت لـەناو میـدیای کوردیـدا، هێشـتا ئـەوانێک کـە زۆرینەن لەونێوەدا نەیانتوانی بێت ببنە روویـەکی گـەش بـۆ مێـژووی کـاری رۆژنامـەگەی لـەم قۆناغەیـدا، ئیـدی دەبێـت ئـەو حەقـەمان پێببدرێت کە گەلەیی لەسەر نەبوونی رۆڵی بەرچاوی ژنانو کچانو نەبوونی تواناکانیان لەهەمان بواردا بکەین کە لەکاتی بـوونی هـەر گرفتێکـدا لەسـەر پرسـەکان ئـەوە دەکرێتـە کۆسپی سـەر رێگایـان کـە کـوا کەسـی شیاوو باشـتان کـوا رۆڵو پێگـەتان، لەکاتێکـدا لـەم کۆمەڵگەیەدا کەزۆربەی بوارەکان لەلایەن نێرینەکانەوە بەرێوەدەبرێن، هێندەی خەرمانێک لەپرسیارو رەخنەو ئیستیفهام لەسـەر رۆڵـی ئـەوان هەیـە، بۆیـە بـەدەر لەهـەموو ئەوانـەی لەسـەرەوە باسـم کـرد، من بۆخـۆم کـاری رۆژنامـەوانی لـە راگەیانـدنی یـەکێتی ژنـانی کوردستانو رۆژنامەی ژیانەوەدا درێژە پێدەدەم، چونکە بێ موجامەلەو بەراستگۆییەوە دەتوانم بڵێم ماڵی دووەمە، بـەجۆرێک ئەوەنـدەی لەماڵەوە ئارامم لەو شوێنەشدا دوو ئەوەندەی تر ئارامترمو جیا لەهەندێک لـەدەزگاکانی تـر لەگـەڵ هاوکـارە کوڕەکانمـدا زۆر هاوکـار ترم.

سەرچاوە: ماڵپەری ژیانەوە / رێکەوتی: ۲۹ی ئەپریلی ۲۰۱۲

# مێژووی ڕۆژنامەوانی

مستەفا رابەر

ئەم وتارە لەوانەیە پێویستی بە خاوێنکردن هەبێت تا بگات بە شێوازی ستانداردی نووسین. هیچ هۆکارێک بۆ خاوێنکردن دیاری نەکراوە. تکایە یارمەتی بدەن بۆ باشترکردنی ئەم وتارە.



سەرەتایەکی کورت دەربارەی سەرهەڵدانی رۆژنامەگەری: داهێنانی ئامێری چاپ لە سەدەی پانزەهەمی زایینی دا لە سەردەستی مسگەرێکی ئەڵمانی یوحەنان گۆتەنبەرگ داهێنراوە گۆتەنبرگ (١٣٩٨- ١٤٦٨) لەو داهێنانەیدا هیچ سود و دەسکەوتێکی پێنەبڕاوە لەبەر سەرقاڵی و دەستکورتی کاتی کتێبی ئینجیلی پیرۆزی ئاینی لە چاپ داوە تەنانەت بیری چوە ناوی خۆشی لەسەر تۆمار بکات بەر لە گۆتەنبرگ هەوڵێکی تریش لە لایەن بازرگانێکی چاینی بەناوی بی شینگ (٩٩٠ - ١٠٥١) هەبووە. بەو داهێنانەی گۆتەنبرگ شۆڕشیکی مەزن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دروست بوو چاپ رۆڵێکی ئێجگار گرینگی بینی لە بەرەو پێشوەچونی شارستانیەت لە سەرانسەری دونیادا. ماوەیەک پاش ئەو داهینانە گۆڤار و رۆژنامە بەشێوەیەکی رێک و پێک چاپ و بڵاو کرانەوە. لەساڵی ١٩٣٨ لێکۆلەرەوەی ئەڵمانی ئۆتۆگروت ئەم پێنج مەرجەی داناوە بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژنامە لە هۆیەکانی تری پێوەندیەکان:

١- بەشێوەیەکی دەوری لای کەمی هەفتەی جارێک دەربچیت.
٢- چارەسەری کێشە هەنوکەیەکانی سەردەمی خۆی بکات
٣- بە ئامێری چاپ بنوسرێت
٤- هەمو کەسێک بتوانی بە پارەی خۆی دەستی بکەویت
٥- پێویستە ناوەرۆکی هەمە جۆڕ پێوەندی بە چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە بیت.

یەکەم هەفتەنامە لەمێژودا لە شاری ستراسبۆرگ بە ناوی پێوەندی (رێلەیشن) لەساڵی ١٦٠٩ لەلایەن جۆن کارلۆس چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها یەکەم رۆژنامەی رۆژانە لە لەندەن بەناوی (دێلی کرانت) لە رۆژی ١١/ئازاری /١٧٠٢ دا لەسەر دەستی ئێدوارد کرانت چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

لەرۆژی ٢٢ی نیسانی/ ١٨٩٨ میقداد مدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرەی میسر دەرگایەکی پڕ مەینەت و زەحمەت بەڵام دەرگایەکی شارستانی بۆ گەڵە ستەم دیدەکەی خۆی خستە سەرپشت و یەکەم رۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) دامەزراند لەو رۆژەوە کاروانی خەبات و تێکۆشان بەریوەیە بۆ بەدیهینانی ئاوات و ئامانجەکانی بەدرخان بۆ ئازادی و رزگاری کوردو کوردستان. بەپێ ی سەرچاوەکان رۆژنامەکە سێ هەزار دانەی لێ چاپ دەکرا ٢٠٠٠ دانەی بەخۆڕایی لە کوردستان لی دابەش دەکرا ئەگەرچی دەرچواندنی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دوور لە خاک و خەڵکی ستەم لێکراوی کورد بە هۆی زۆڵم و فشاری ناحەزانی گەلی کورد بووە چەندین

جاریش جێگۆڕکێی پێکراوه ئەو پیشەیە ئەگەر لە مێژودا بە ناوی (پیشەی گەڕان بە دوای سەرئێشەدا) ناوی دەرکردبێت ڕۆژنامەگەری کوردی تا ئەمڕۆش گەڕان بووە بە دوای مەرگدا!! هەندێک لە شۆرە سوارەکانی مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردی ، ئەوانەی کۆچی دوایی یان کردوە میقداد مەدحەت بەدرخان خاوەنی (ڕۆژنامەی کوردستان ١٨٩٨ ) عەبدول کەریم ئەفەندی خاوەنی گۆڤاری (ڕۆژی کورد ١٩١٣) مستەفا پاشا یامولکی خاوەنی (گۆڤاری بانگ کوردستان ١٩٢٢) مێژونوس حسین حوزنی موکریانی خاوەنی (گۆڤاری زاری کرمانجی ١٩٢٦) ماموستا ئیبراهیم ئەحمەد خاوەنی (گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩ ) ماموستا عەلائەدین سەجادی (خاوەنی گۆڤاری نزار) ماموستا ئەنوەر مائی خاوەنی (گۆڤاری ڕوناهی) پیرەمێردی شاعیر (خاوەنی ڕۆژانەی ژین) مەلا شەریف ڕەنگەرێژی خاوەنی (ڕۆژنامەی ئازادی ١٩٤٥ ) ماموستا گیو موکریانی خاوەنی (گۆڤاری هەتاو ١٩٥٤ )

جگە لە سەدان نووسەر و ڕۆشنبیرو هونەرمەند دڵسۆزانە لە ڕۆژگاری خۆیدا بەشداری کردووە لە گەشە پێدانی ڕۆژنامەگەری کوردی دا وەکو ماموستا عەبدولا گۆران / مەعروف بەرزنجی /غەفور میرزا کەریم / جەلالی میرازا کەریم / ئەمینی میرزا کەریم / ئەحمەد غەفور/ مەلا ئەنوەر مائی / شاعیری بەناوبانگ قانیع / ماموستا شاکر فەتاح / محەمەد تۆفیق وردی / محەمەد مەولود مەم / سالح حەیدەری / دەیانی تر.

ڕۆژنامەگەری، دەستەلاتی چوارەم وەکو لە سایدی جوریس پیدیا باسکراوە بنەماکانی دەولەت لەسەر سێ کۆڵەگەی بنەڕەتی دامەزراوە گەڵ یان نەتەوە * هەریم یان نیشتمان * دەستەڵاتی سیاسی دەستەڵاتی سیاسی بریتیە ١ لە دەستەڵاتی یاسا دانان ٢ دەستەڵاتی جێبەجی کردن دەستەلاتی دادوەری لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەگەری بە گشتی ڕۆلی کاریگەری هەیە لە هۆشیار کردنەوە و ڕینمایی کردنی تاکەکانی کۆمەڵ و دروستکدنی ڕای گشتی و گۆڕانکاری لە یاساکان چونکە ڕۆژنامە گەری وەکو ئاوێنەیەک وایە بارو ڕەوتی کۆمەڵگا بەردەوام ڕەنگی تیا ئەداتەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەموارکردن و گواستنەوەی ڕای خەلک لە سەر شێوازی دەستەلات و پەردە لادان لەسەر کەم و کوریەکان و بەدوادا چونەوەیان بۆیەش ناوی نراوە دەستەڵاتی چوارەم جۆرەکانی ڕۆژنامەگەری ئاشکرا / نهێنی / حکومی / حیزبی / ئەهلی / شار / شاخ / ڕۆژنامەگەری سەرکاغەز / ڕۆژنامەگەری ئەلەکترنی.

بەگشتی هەمو جۆرەکانی ڕۆژنامەگەری کورد لە قەیران دایە میدیای حیزبی زاڵە بە سەر میدیای ئازاد جاران خوینەر بە چرای گەنەگەڕچک لە دوای ڕۆژنامەی حیزبەکان دەگەرا کەچی ئێستا چەمۆلەی لێدەگرن لە وولاتە پێش کەوتوەکانی دونیا حیزب ڕۆژنامەی تایبەتی نیە بەلکو ڕۆژنامەی نزیک لە حیزب هەیە ، سەربەخۆیە پانتایەکی بچوکی حیزبایەتی تیایە بەلام لای خۆمان ڕۆژنامەی حیزبەکان زۆرە خوێنەری کەمە لەگەل ڕێزمدا بۆ ئەوکەسانەی لە ڕۆژنامەی حیزبەکان کار دەکەن کرێکارن دەبی بە پێی مەزاجی خاوەنکار ووشەسازیان بۆ بکەن وێنە و چاو پێکەو تنیان بلاو بکەنەوە. ئەمرۆ هاوکێشەی نێوان ڕۆژنامە نوسی بەدبەخت و سەرکەدەی دەست ڕۆیشتوی ناو حیزب بەم شێوەیە ڕۆژنامە نوس ئەگەر ڕەخنەی لێ بگری و فەرامۆشی بکات سەرکردە حەز لەچارەی ناکات و لێی خۆش نابیت ڕەنگە نانیشی ببریت ، بەسەرەکەیتر ئەگەر ڕۆژنامەنوس مەرای بۆبکات دەست خۆشی لە کارە ناڕەوکانی بکات سەرکردە لە بیری ناکات پاداشی ئەداتی و پشتگیری دەکات. بەلام ڕۆژنامەگەر ڕاستگۆیی و متمانەی خوێندەواری خۆی لەدەست ئەدات. لەیادی ١١١ سالەی ڕۆژنامەگەری کوردی سەری ڕێزو نەوازەش بۆ شەهیدانی قەڵەم و مەرەکەب ، گشت سەربازە گۆمناوەکانی مەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردی دا دەنوێنم.

**لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە**

# بەدرخان و ١١٥ ساڵ لە ڕۆژنامەگەریی

## ١١٥ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا

٢٢ی نیسانی ئەمساڵ، ١١٥ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی نۆبەرە (کوردستان) کە لە ٢٢ / ٤ / ١٨٩٨ دا لەئاوارەییدا جوتە برا میقداد بەدرخانو عەبدولڕەحمان بەدرخان لەچاپخانەی دار ئەلهلال لەقاهیرە بەیارمەتی نوسەری ناوداری عەرەب جۆرجی زێدان چاپکراو، بووە سەرقافڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لەکوردستاندا.




### دەستپێشخەرییەکی تاکەکەسییانە بووە

ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ئەهلی تاکە کەسی بووەو ناوەخنێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری ناوازەی هەبووە ئەم خاسیەتەشی وامان لێدەکات کە بۆچی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ئەم خاسیەتەی هەبووە، میقداد بەردخان ڕووناکبیرێکی پایەداربووەو زانیویەتی کورد حکومەتی نییە، هیچ دەزگایەکی تری حکومەتیش نەبووە ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بەزمانی کوردی لەئەستۆ بگرێت، بۆیە خۆیی دەستپێشخەری یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی کردووە.

### بیری نەتەوایەتی

شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی زۆر کاریگەری بەسەر میقداد مەدحەت بەدرخان-ەنەوە هەبووە بەتایبەتی کە حاجی لەئەستەنبوڵ ژیاوەو زاراوەی جەریدەو ڕۆژنامەی لەساڵی ١٨٩٠ دا بەکارهێناوەو دەڵێت: « قائیمەو کەس نایکڕێت بەبولی ڕۆژنامەی جەریدە کەوتونەتە قیمەت و شان). د.شێرکۆ مەنگوری مامۆستای زانکۆ دەڵێت: شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بڵاببوونەوەو دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، بەتایبەت ئەو دەقانەی بیری نەتەوەیی تێدا زاڵ بووە، چونکە ئەو سەردەمە سەرەتای چەکەرەکردنی بیری نەتەوەیی بووەو وڵاتان دەیانویست بیری نەتەوەیی لەشیعرو بابەتەکاندا بوونی هەبێت.

بەبۆچوونی د.هێرش ڕەسوڵ مامۆستای زانکۆش، کاریگەری شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی بەسەر میقداد مەدحەت بەدرخان-ی یەکەم سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستانەوە بەڕوونی دەبینرێت، بەوپێیە حاجی قادر لەپێشەنگی ڕووناکبیرانی کورد بووەو پێشیوابووە ڕۆژنامە ئامرازێکی کاریگەرە بۆ پەرەسەندنی بیری نەتەوەییو پێشکەوتنی شارستانی.

### بۆچی ڕۆژنامەکە لەمیسر دەرچوو؟

بۆ دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان، میقداد مەدحەت بەدرخان چووە میسر، چونکە لەو سەردەمەدا هیچ هێزو دەسەڵاتێک نەبوو پشتگیری لەکورد بکات. سدیق ساڵح وتی: لەو سەردەمەدا میسر لەدەسەڵاتی عوسمانییەکانی یاخیبوو، ئازادی لەو وڵاتەدا بوونی هەبوو، هەربۆیە بنەماڵەی بەدرخانییەکان قاهیرەیان بەشوێنێکی گونجاو زانی بۆ دەرکردنی رۆژنامەکەیان. بەڵام کاتێک دەوڵەتی عوسمانی پێی زانین، رۆژنامەکە چووە ئەوروپا.

## یەکەمین رۆژنامەی ئەهلی بووە

دەربارەی ئاراستەو هێڵی کارکردنی رۆژنامەی (کوردستان)ی دایک بۆچونی جیاواز هەیە، هەندێک پێیوایە رۆژنامەکە ئۆرگانی (حزبی ئیتیحادو تەرەقی) بوە. هەندێکیتریش پێیانوایە (بەیارمەتی لایەنی ماسۆنیو ئەرمەنی دەرچوە). بۆچوونی دیکەش هەیە کە دەڵێت: رۆژنامەکە پشتیگیری ئینگلیزی هەبووە، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەوە د.هێرش رەسوڵ دەڵێت: رۆژنامەی کوردستانی دایک، رۆژنامەیەکی ئەهلی بووە، بەوپێیەی یارمەتیدانی رۆژنامەیەک لەلایەن حزبێکەوە لەو سەردەمەدا، مانای ئەوە ناگەیەنێت رۆژنامەکە ئۆرگانی حزبەکە بووە. وتیشی: رۆژنامەکە بەرهەمی هەوڵی تاکەکەسیی رۆشنبیرییانەی دەستەبژێرێکی خوێندەوارو هۆشیاری ئەوسەردەمەی کوردە، پەیوەندیی راستەوخۆی بەهیچ حزبو رێکخراو و گروپێکی دیاریکراوی سیاسییەوە نییە، بەڵکو بەتوانای کەسیو ماددیو مەعنەویی رووناکبیرو ئەدیبەکانی دەستپێیکردووە. بەمجۆرە رۆژنامەی کوردستان وەکچۆن یەکەمین رۆژنامەیە بەزمانی کوردی، هاوکات دەبێتە یەکەمین رۆژنامەی ئەهلییش لەمێژوی رۆژنامەنوسیی کوردییدا.

## پاراستنی شوناسو زمانو کەلتوری کوردی

ئەگەرچی لەرووی مێژووی دەرچواندنی یەکەمین رۆژنامەوە کەمێک دوای ئەو وڵاتانەی دەوروبەرمانین، بەڵام لەرووی شوناسو تایبەتمەندیی سەربەخۆیی رۆژنامەکە، چەند هەنگاوێک پێش ئەوان کەوتوین. ئەوەتا دەبینین، یەکەمین رۆژنامە بەزمانی تورکی (تەقویمی وەقایع) لە ١٨٣٢، یەکەمین رۆژنامە بەزمانی فارسی لەئێراندا (کاغز اخبار) لە ١٨٥١و یەکەمین رۆژنامەش لەعیراقدا (زەورا) لە ١٨٦٩ دەرچوە، کە هەرسێکیشیان بە پێچەوانەی (کوردستان)ەوە، رۆژنامەی رەسمی بونو زمانحاڵی دەسەڵات بوون.

لەم روانگەیەوە، د.هێرش پێیوایە لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەکە هەوڵو دەستپێشخەرییەکی سەربەخۆو تاکەکەسییانە بووە، هاوکات بۆتە مینبەری دەنگو رەنگە جیاوازەکانی فیکریو سیاسیی رەوتی خەباتی ئەویَ رۆژێی کورد. هەروەک ئامانجی گەورەی نەتەوەیی، سیاسی، رۆشنبیری، پاراستنی شوناسو زمانو کەلتوری کوردیشی هەبووە.

## کەی خاوەنداریتی لەدەستدا؟

د.شێرکۆ مەنگوری دەڵێت: ئەو رۆژنامەیە چەند پێوەرێکی هەبووە، سەربەخۆبووە، چونکە یەکێک لە پێوەرەکانی بابەتی خاوەنداریتی بووەو میقداد بەدرخان لەیەکێک لەسەروتارەکانیدا دەڵێت: «ئەو رۆژنامەیە لەسەر گیرفانی خۆم دەردەکەم». هەروا رەخنەو سانسۆرو

رۆڵی تاکو ئازادیو رادەبڕین شوناسی ئەو رۆژنامەیە بووە، بەتایبەتیش لەسەرەتای دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە تا ژمارە پێنج کە میقداد مەدحەت بەدرخان سەرنوسەری بووە. بەلاّم کاتێک لەسەرنووسەری نامێنێت، ئەو رۆژنامەیە لەخاوەنداریتی دەردەچێت، لەرۆژنامەیەکی سەربەخۆی ئەهلییەوە دەگوازرێتەوە بۆ رۆژنامەیەک کە بیروبۆچوونی حزبێک دیاری دەکات.

## دروشمی رۆژنامەکە

لەژمارە شەشی رۆژنامەی کوردستان-ەوە عەبدولرەحمان بەدرخان بۆتە سەرنووسەرو لەساڵی ١٨٩٩ لەجنێف بلاّوکرایەوە، لێرەوە نوسینو شێوازی رۆژنامەکە گۆرا. دروشمی رۆژنامەکەش لەژمارە یەکەوە تا دواین ژمارە بریتیبوو لە (کردلی ایقاص وتحصیل صنایعە تشویق هانی، ایچون شدمیلک) واتە (کوردان راپەرین بەرپابکەنو هونەرو زانست فێر بن).

## ئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردی

لە هەوڵێکدا بەمەبەستی دامەزراندنی ئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردی، ماوەیەک لەمەوبەر لە شاری هەولێر، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەک نوسەر و ئەدیب و رۆژنامەنووس کۆبۆوە و تاوتوێی ئەو پرسەیان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان رێکیخستبوو، سەفین دزەیی، ئامادەیی حکومەتی هەرێمی دەربڕی بۆ پێشکەشکردنی هەموو هاوکارییەک لە پێناو دامەزراندنی ئەرشیفخانەکە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا، وتەبێژی حکومەتی هەرێم رایگەیاند: زۆرێک لە رۆشنبیر و نوسەر و ئەدیبانی کوردستان بەهۆی بارودۆخی تایبەتی کوردستان لە رابردوودا، دەستیان بە ئەرشیفی خۆیان گرتووە و بەپێی توانا لەبارودۆخێکی ناهەمواردا پاراستوویانە.

وتیشی: ئەو ئەرشیفانە ئەرشیفی نەتەوەکەمانن و پێویستە لە شوێنێکی شایستەدا کۆبکرێنەوە و پارێزگارییان لێبکرێت.

سەفین دزەیی وێرای دوپاتکردنەوەی پاڵپشتی حکومەتی هەرێم لەو پرۆژەیە کە خزمەت بە زمان و کلتوری کوردی دەکات، داواشی لە ئامادەبووان کرد پێشنیازەکانیان لە راپۆرتێکدا کۆبکەنەوە و ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی بکەن بەمەبەستی هاوکاریکردنیان.
هەر لەو بارەیەوە، سمکۆ عەبدولکەریم سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنوسان، بە **PUKmedia** ی راگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی فراوان لەبارەی دامەزراندنی ئەرشیفی رۆژنامەگەری کوردی کرا و چەندین پێشنیازی بەپێزیش خرانەڕوو.
وتیشی: سەرجەم پێشنیازەکان کۆدەکەینەوە و لە دوتوێی راپۆرتێکدا ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی دەکەین بەمەبەستی سەرخستنی پرۆژەکە.

## ڕۆژنامەگەری کوردی

دەمێکە کورد یادی ڕۆژنامەگەری خۆی ساڵانە لە ۲۲ی نیسان دەکاتەوەو وەک پێیەوە دیارە، ساڵ دوای ساڵ ئەم یادە گەرمتر دەکرێتەوەو لەمیدیاکاندا بایەخی زۆرتری پێدەدرێ. ئەم بایەخپێدانە، پەیوەندی بەکارمەندو ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هەیە، کە ئەوانیش دەیانەوێ هیچ نەبێ ڕۆژێک و جەژنێکی تایبەت بەخۆیان هەبێ.

یادی ئەمساڵ ۲۰۱۳ دەکاتە ۱۱۵مین ساڵی ڕۆژنامەگەری کوردی، لەوانەیە ۱۱۵ ساڵ بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی زۆر بێ، بەڵام ئەگەر خۆمان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی بەراورد بکەین، زۆر نییەو گەلێک کەمە. یەکەم ڕۆژنامەی ئەوان بەناوی Relation: Aller Furnemmen لەکانونی دووەمی ١٦٠٩ لەشاری ستراسبورگ دەرچوو. هەر لەژمارەی یەکەوە، کۆمەڵێک هەواڵی: کێلن، ئەنتڤێرپێن، ڕۆما، ڤیەننا، پراگی تێدا بوو. یەکەم سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەی سەرەوە(یۆگان کارلۆس)ی چاپچی بوو، کە پێشتر ڕۆژنامەی دەستنووسی بڵاودەکردەوە.

دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەگەری کوردی لەناوەڕۆک و هەواڵ دانان، لەگەڵ دامەزرێنەرانی ڕۆژنامەگەری ئەوروپا، جگە لەساڵەکان، جیاوازیمان زۆر نییە، چونکە لەکوردستانیش چاپچییەکان هەنگاوی زۆر گەورەیان ناو هەر ئەوانیش ڕۆژنامەو گۆڤاریان بەزمانی کوردی دەردەکرد وەک: حوسێن حوزنی موکریانی و پیرەمێردو گیو موکریانی و هەندێکی دیکەش.

یەکەم ڕۆژنامەی ئێمە ۲۸۹ ساڵ دوای یەکەم ڕۆژنامەی ئەوان، بەناوی کوردستان لەساڵی ۱۸۹۸ چاپکرا، کە لەماوەی پێنج ساڵ تەنیا ۳۱ ژمارەی لە پێنج وڵات و شوێنی جیا بەچوار لاپەڕەی فولسکاپ لێدەرچوو. ئێمە جیاوازیمان بەتەنیا ئەو ۲۸۹ ساڵە لەدەرکردنی ڕۆژنامە نییە، بەڵکو بەبڕوای من، جیاوازی هەرە گەورە لەوەیە، کە ئەوان لەگەڵ دەرکردنی یەکەم ڕۆژنامە، زۆر بەڕێکوپێکی لەسەر دەرکردنی یەک لەدوای یەکی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان تائێستاش بەردەوامن، کەچی «کوردستان»ی ئێمە زۆر پچڕپچڕو ناوەناوە دەردەچوو، بەڵام ئەگەر وردە بەراوردییەکی دیکە لەجۆری هەواڵەکان بکەین، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئێمەش، هەواڵی میسرو سودان و کوردستانی تێدایە.

جیاوازی دیکە، لەوکاتەی یەکەم ڕۆژنامە لەئەوروپا دەرچوو، زمانی ئەوان دەمێک بوو داستان، کتێبی فەلسەفەو ئاینی، شیعرو کتێبی زانستی و سەفەرنامەی پێدەنووسرا، زمانی ئەوان بۆ ئەوکات، دەوڵەمەند بوو، بەیەک ڕێنووس دەنووسرا، چاپخانە بووبووە یارمەتییەکی زۆرباش بۆ پتەوکردنی زمانی ئەوان و بڵاوکردنەوەو فێربوونی خوێندنەوە و نووسین.

جیاوازییەکان هەر ئەوانەی سەرەوە نییە، بەڵکو لەدەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی چاپکراوی جیهان، لەتەواوی وڵاتەکانی ئەوروپا ڕۆژنامەو گۆڤار هەمیشەو بەردەوام دەرچوون و خوێنەری ئەوان بەردەوام دەیزانی لەکوێ چاوەڕێی چ ڕۆژنامە یان هەفتەنامەیەک بکا. یەک لەمەرجە گرنگەکانی ڕۆژنامە، جگە لەوەی، کە پێویستە بابەتی هەمەڕەنگ هەبێ، ژانری هەمەڕەنگ وەک: هەواڵ، ڕیپۆرتاژ، گوتار، ئینتەرڤیو، گۆشە...هتد هەبێ، پێویستە کاتی دەرچوونی بزانرێ و کڕین یان وەگیرکەوتنیشی بۆ خوێنەر ئاسان بێ.

لەم یادانەی ڕۆژنامەگەری کوردی و پاش ۱۱۵ ساڵ، وابزانم کات گەیوە بۆ ئەوەی چاومان زیاتر بکەینەوەو تێبگەین، کە ئێمەی کورد، مێژوویییەکی هەژارو پچڕپچڕی ڕۆژنامەگەری کوردی شارمان هەیە، بەڵام مێژوویییەکی دەوڵەمەندی ڕاگەیاندنی شۆڕش و خەبات و شاخمان هەیە.

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، زیاتر لەمێژووی کوردو خەباتی سیاسی کوردی دەکات، کە پڕیەتی لەبەرزی و نزمی، کەوتن و هەڵسانەوە.

## یونامی نیگەرانە

ماوەیەک لەمەوبەر سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، بە مەبەستی دانانی میکانیزمێکی گونجاو بەرامبەر پێشێلکارییەکانی دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێن، گفتوگۆیەکی لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ سازکرد. نوێنەری یونامی لە هەرێمیش دەڵێ نیگەرانین بەرامبەر بە "پێشێلکاری دژ بە ڕۆژنامەنووسان.

بەناونیشانی "ڕێزگرتن لەئازادی ڕۆژنامەنوسی زامنی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنوسی" گفتوگۆیەک لە نێوان ڕۆژنامەنووسان و وەزارەتی ناوخۆ لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو، هاوکات لەو دیالۆگەی نێوان ڕۆژنامەنووسان و نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و دەزگاکانی ئاسایش بۆچوونی خۆیان لە بارەی پێشێلکارییەکان و سەروەری یاسا و پرسی ئازادی ڕۆژنامەنوسی خرایە بەر باس.

بەشێک لە ڕۆژنامەنووسان پێیانوابوو ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی زۆرجار گرێدراوە بە بارودۆخی سیاسیەوە واتە هەرکات بارودۆخەکە بەرەو گرژی ڕۆیشت پێشێلکاریش بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانیش زیاد دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ بە بەرپرسیارێتی خۆی هەڵبسێت.

لە بەرامبەردا، حاکم تاریق نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند "ئێمە ناڵێین ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی سەد لەسەد باشەو پێشێلکاری نیە بەڵێ پێشێلکاری هەبوە، بەڵام بەو مانایە نیە کەس لە وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا نەکراوە، بەدڵنیایەوە لێکۆڵینەوە هەبووە".

حاکم تاریق وتیشی "ئەگەر بەرپرسیارێتیەکە ۸۰% بکەوێتە ئەستۆی ئێمە ئەوا پێویستە بەهەمولایەکەوە، بە دانیشتن و گفتوگۆ و ڕاسپاردەکان، هەوڵ بدەین بەلانی کەمە بتوانین پێشێلکاری کەم بکرێتەوە".

لەو گفتوگۆیەدا نوێنەری هەریەکە لە حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و نوێنەری ڕێکخراوی یونامی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە هەرێمی کوردستانیش بەشداریانکرد.. کۆرنیلۆیس نەکدی نوێنەری یونامی لە کوردستان، ڕایگەیاند "هەرێمی کوردستان لەچاو هەندێ ناوچە باشە بەڵام هەندێ جار پێشلێکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێت، مایەی نیگەرانیە هیواداریین، هەموولایەک

پابەندی یاساکان بن".

سەندیکا و میترۆ

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لەمافی رۆژنامەنوسان راپۆرتی ساڵانەی خۆی بڵاوکردەوە تیایدا ئاماژەی بەوەداوە لەماوەی ساڵی ۲۰۱۲دا ۱۹۰پێشێلکاری بەرامبەر ۱۳۲ رۆژنامەنوس کراوە، سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسانیش دەڵێت ئەو راپۆرتەی میترۆ نەڕەشەو نە سپییە.

سەرەتای ۲۰۱۳ لەشاری سلێمانی، سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لەمافی رۆژنامەنوسان راپۆرتی ساڵانەی خۆی لەسەر ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر رۆژنامەنوسان کراوە راگەیاند.

بەپێی راپۆرتی ساڵی ۲۰۱۲ ئەو سەنتەرە ژمارەی ئەو رۆژنامەنوسانەی پێشێلکارییان بەرامبەر کراوە ۱۳۲ رۆژنامەنوس بووە و پێشێلکارییەکانیش لەحاڵەتی جۆراو جۆر پێکهاتون.

لای خۆشییەوە کاروان ئەنوەر سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان راپۆرتەکەی سەنتەری میترۆ بەخۆڵەمێشی ناودەبات کە تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو لەساڵی ۲۰۱۲ دا ۱۹۰ حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر ۱۳۲ رۆژنامەنوس کراوە.

کاروان ئەنوەر بە **PUKmedia**ی وت: ئەو راپۆرتەی سەنتەری میترۆ راپۆرتێکی خۆڵەمێشییە، نەڕەشەو نە سپییە.

وتیشی: تێناگەم ئەو هەموو پێشێلکارییە لەسەر چ بنەمایەک تۆمارکراون، ئێمە لە لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان لەشەش مانگی کۆتایی ۲۰۱۲ هیچ پێشێلکارییەکمان تۆمار نەکردوە، چونکە هیچ رۆژنامەنوسێک نەهاتووە بڵێ پێشێلکاریم بەرامبەر کراوە، لەکاتێکدا سەنتەری میترۆ لەراپۆرتەکەیدا باس لەهەڕەشەی تەلەفون و پەلاماردانی رۆژنامەنوسان دەکات، ئەمانە کەی پێشێلکارییە، پێشێلکاری ئەوەیە مافی رۆژنامەنوس لەحاڵەتێک لەحاڵەتەکان پێشێلبکرێت.

سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان ئەوەشی وت: ئەم راپۆرتەی سەنتەری میترۆ بەهیچ شێوەیەک هاوڕاو هاوجۆر نیە لەگەڵ ئەو راپۆرتەی کە ئێمە وەک سەندیکای رۆژنامەنووسان بڵاوی دەکەینەوە.

## کێشەی ۱۶۹ چیە؟

جێگری نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هۆشداری دەداتە شارەوانی سلێمانیو دەڵێت: ئەگەر تا ۲۲ ی نیسان زەوی نەدرێتە ئەو رۆژنامەنووسانەی فەرمانی وەرگرتنی زەوییان هەیە، ئەوا هەڵوێستی توندمان دەبێت.

شوان داودی جێگری نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە ی راگەیاند: پێش کۆتایی هاتنی وادەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی د.بەرهەم ساڵح، رەزامەندیمان وەرگرت بۆدابەشکردنی ١٦٩ پارچە زەوی بۆ رۆژنامەنووسانی پارێزگای سلێمانی، شارەوانی سلێمانی لەو کاتەوە تائێستا دەستی دەستیمان پێ دەکات، بۆیە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە قبوڵ ناکرێت.

وتیشی: مەسەلەکە گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە رۆژنامەنووسان گومانیان لادروست بووە کە حکومەت رێز لە ئیمزاکانی خۆی ناگرێت، بۆیە ئێمە هۆشداری دەدەین ئەگەر تا ٢٢ / ٤ / ٢٠١٣ شارەوانی سلێمانی ئەو کەیسە یەکلایی نەکاتەوە، ئەوا لەدوای ئەو رێکەوتە هەڵوێستی تر وەردەگرین.

راشیگەیاند: هەر کاردانەوەیەک رووبدات، بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی شارەوانی سلێمانیو دەبێت خۆی بەرپرسیارێتیەکەی هەڵبگرێت.

لەلایەکی ترەوە لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە داواکاریەکدا کە بۆ بەرێوەبەراتی کاروباری ناوخۆی پارێزگای سلێمانی ناردووە، داوا لەو بەرێوبەرایەتیە دەکات کە رۆژی ٢ / ٥ / ٢٠١٣، مۆڵەتیان بدەن بە مانگرتنێکی مەدەنیانە لەبەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی، ئەویش بەهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی زەوی تەرخانکراو بۆ ١٦٩ رۆژنامەنووسی لقی سلێمانی کە فەرمانی وەرگرتنی زەوییان هەیە لەلایەن سەرۆکایەتی حکومەتو وەزارەتی شارەوانی.

لای خۆیشیەوە، کاروان ئەنوەر سکرتێری لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان بە PUKmedia ی راگەیاند: ئەگەر ناچاربین و وەڵامێکی یجابی لە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی وەرنەگرین ئەوا رۆژی ٢ی مایس لە بەردەم بینای شارەوانی سلێمانی مانگرتنێکی سەرتاسەری رۆژنامەنوسان رادەگەیەنین بۆ ئەوەی بەدەم داواکارییە رەواکەی رۆژنامەنوسانەوە بێن.

## میقداد مەدحەت بەدرخان

میقداد مەدحەت بەدرخان کوڕی میر بەدرخان پاشایە، ساڵی لەدایکبوونو کۆچی دوایی نەزانراوە، میقداد مەدحەت بەدرخان ناوێکی ئاوێتەیە، ئەم شێوە ناوانە عوسمانییەکانو کوردەکانی ئەو سەردەمە لەفەرەنسییەکانیان وەرگرتووە بۆ ناونانی رۆڵەکانیان.

ساڵی ١٨٩١ چووەتە میسر، ساڵی ١٨٩٨ لەقاهیرە پێنج ژمارەی رۆژنامەی کوردستانی بڵاوکردووەتەوە، پاش ئەوە لەترسی هەڕەشەکانی (سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانی) گەڕاوەتەوە ئیستانبوڵ بۆ ئەوەی لەسەر ئەم، براکانی تووشی ئەشکەنجەو زیندانیکردن نەبنەوە.

ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ (عەلی بەگی) برایدا هەوڵدەدەن زەمینە بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی خۆشبکەن، بەڵام سەرناکەون، هەندێک

لەمێژوونووسەکان دەڵێن: "میقداد مەدحەت بەدرخان یەکێکبووە لەئەندامە چالاکەکانی پارتی (ئیتحادو تەرەقی)"، ساڵی ١٩٠٦ لەسەر ئەو هەڵوێستەی لەتورکیا نەفی کرا.

ساڵی ١٩١٠ و ماوەیەک پاش راگەیاندنی حکومەتی دەستووری لەئیستانبوڵ بەشداریکردووە لەدامەزراندنی (جەمعیەتی نەشری مەعاریفی کوردی) بەپێی هەندێ سەرچاوەش، ماوەیەک کراوە بەموتەسەریفی شاری دەرسیم، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە هیچ شتێک دەربارەی ژیانی نازانرێت.

میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لەوەی کە یەکەمین ڕۆژنامەنووسو دامەزرێنەری بزاڤی کوردییە، چاپخانەیەکیشی بەناوی (چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان) لەقاهیرە دامەزراندووە، کە بەیەکەمین چاپخانەی کوردی دەژمێردرێت.

میقداد مەدحەت جگە لەزمانی خۆیو زمانی تورکیو عەرەبی، زمانی فەرەنسیشی بەباشی زانیوە، بۆیە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا، کارتێکی بەزمانی فەرەنسی بڵاوکردووەتەوە کە شارستانیبوونی عەقڵی میقداد مەدحەت بەدرخان نیشاندەدات.

## بنەماڵەی بەدرخانییەکان

بەپێی هەندێک سەرچاوە، ئەو بنەماڵەیە دەچنەوە سەر خالدی کوڕی وەلید یەکێک لەسەرکردە هەرە بەناوبانگەکانی ئیسلام، بۆیە جارو بار بە بنەماڵەی خالید ناو دەبرێن.

باپیرە گەورەی بەدرخانیەکان هەر زوو دوای هیجرەت لە عەرەبستانەوە کۆچیان کرد بۆ کوردستان، شاری جەزیرەی ئیبن عومەریان دروستکرد، دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە بە عەزیزی ناسرا، تاساڵی ١٨٤٧ حکومڕانییان کرد حکومەتی عەزیزی تا ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سوڵتان سەلیم تەواو سەربەخۆ بوون، ساڵی ١٨٣٩ میر بەدرخان لەلایەن سوڵتانەوە کرایە سەرکردەی فەخری لەشکری عوسمانی و لە جەنگی (Nisib) دا بەشداربوو لەو شەڕەدا تورکەکان لەلایەن ئیبراهیم پاشای (کوڕی مەحەمەد عەلیی گەورەوە) زۆر خراپ شکێنران، میر بەدرخان هێزەکەی خۆی کشاندەوە دیار بەکرو لەوێشەوە بۆ جەزیرەو کەڵکی لە شکانی تورک وەرگرت بۆ ئەوەی سنوری دەسەڵاتی بگەیەنێتە هەکاری و لێرەیش خەلکی ناوچەکە بەگەرمی پێشوازیان لێ کرد.

عومەر پاشا کرایە مارشاڵی ئەنادۆل و فەرمانی پێدرا لەشکرێک پێکەوە بنێت و دژی میری کوردان بکەوێتە ڕێ، تورکەکان لە دیار بەکر کۆبونەوەو لەوێوە دژی میری کورد کەوتنەڕێ، شەڕی بێ ئەنجام دەستپێکرد، بەڵام بەدرخان ناچار بوو بکشێتەوە قەڵای ئێڤراک، دوای چەند مانگێک بەرگری قەڵاکە کەوت و لەوێ دەوروبەری شەش مانگ مایەوە و ئینجا دور خرایەوە دورگەی کریت، ڕێگە درا بە میر بەدرخان دووسەد کەس لە پیاوەکانی لەتەک خۆیدا بەرێتە کریت ئەوانەی ڕۆڵێکی گەورەیان لەدامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٨٥٦ ی گرێکەکاندا بینێ.

لە پاداشتی ئەوەدا میر بەدرخان هێنرایەوە ئەستەنبوڵ و ڕێگەی پێدرا لەوێ جێنشین بێت، ساڵی ١٨٦٦ واتا دوای دە ساڵ بەدرخان تا کۆچی دوایی لە ساڵی ١٨٧٠ دا لە دیمەشق نیشتەجێبوو.

بەدرخان پاشا لە گوندی ساڵحیە کە سەعاتێک لە دیمەشق دوورە بەخاک سپێردرا، گۆڕەکەی نزیک گۆڕی سەلاحەددینی ئەیوبی- ە.
بەدرخان ٩٠ کوڕی دوای خۆی بەجێهێشت، ئەم بنەماڵە گەورەیە هەمیشە بە دروستکردنی بزوتنەوەی دژ بە حکومەتی عوسمانی- ەوە خەریکبوون، شفرەیەکی تایبەت بە بەدرخان هەیە کە دەقەکەی دەڵێت: گشت بەدرخانییەکان پایەو مەقام و توانایان هەرچیەک بێت گیرۆدەی دوورخستنەوەو بەندی و ئەسارەت بوون.

لە دواساڵی ژیانیدا لەپێناو یەکگرتنی وڵاتەکەی ڕوویکردە روسیا ئەو دوو بەدرخانیە بە گەرمی دوای ئەم شەپۆلە کەوتن "کامیل بەگ و عەبدولرەزاق بەگ" بوون ساڵی ١٩١٧ ئەم دووانە لەلایەن روسیاوە کرانە والی بەدلیس و ئەرز رۆم، ساڵی ١٩١٨ عەبدولڕەزاق بەگ لە لایەن تورکەکانەوە دەستگیر کراو لە موسڵ بەند کرا، دەڵێن کامیل بەگیش لە تەفلیسی جۆرجیابوە.

ساڵی ١٩٠٨ حسێن پاشاو حەسەن بەگ بوونە نوێنەری کوردستان لە پەرلەماندا، یەکسەر دوای هەڵبژاردنیان فەرمانی گرتنیان دەرچوو ئەوانیش پەنایان بردە بەر ناوچە شاخاویەکان و لەوێ شەش مانگیان بە ئاوارەیی بردەسەر، تورکەکان حسێن پاشایان دەستگیر کرد و بە دزیەوە کوشتیان.

یەکێک لەوانەی لە شاخ لەگەڵیانبوو ناوی "سلێمان بەگ"ە، ئەویش بەدرخانیە، سێ ساڵ دوای ئەو دەربەدەریەی مایەوەو لەئەنجام لە دەرگوڵ لەلایەن سیخورەکانی ئەوڕەحمان ئاغای شەرناخەوە کە دوژمنی باوەکوشتەی بەدرخانیەکان بوو، دەستگیر کرا.

عەبدولڕەحمان بەگی بەدرخان کەوا دیارە یەکێک بوو لەهەرە مۆدێرنەکانی ئەو بنەماڵەیەو ماوەیەک سەرنوسەری کوردستانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو یەکێک لە ئەندامانی وەفدی کوردی بوە بۆ یەکەم کۆنفراسی تورکە لاوەکان کە ڕۆژی چواری شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لە پاریس بەسترا، دەربارەی دەڵێت عەبدولڕەحمان بەدرخان پانزە ساڵان لەسویسرا ژیاو هەر لەوێش ژنێکی سویسری هێنا، دەڵێن پیاوێکی زۆر دووربین و دونیا دیدەو خاوەن دیدەو بۆچونی پێشکەوتن خوازبووە، لە کاتی شەڕی نێوان تورک و یۆنانیەکاندا کرایە موتەسەرفی ئایدن، لەوێش زۆر باش رەفتاری کردووە، حکومەتی تورکیا بەرامبەر ئەو زەرەرو زیانە زۆرەی بەرماڵ و موڵکی بەدرخان کەوتوە، بڕیاریداوە مانگانە ٢٠٠ لیرەی تورکی خانەنشینی بۆ بنەماڵەکەی ببڕێتەوە.

## دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، کە دەزگایەکی هونەری ڕۆژنامەوانی گشتی ئازادە لەساڵی ٢٠٠٠ لەشاری سلێمانی دامەزراوە.
وەک لە ماڵپەڕی دەزگاکەدا هاتووە: وەک ڕێزگرتنێک لەو بنەماڵەیە دەزگاکەمان ناونا دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی "بەدرخان".
چالاکییەکانی دەزگای بەدرخان بە کورتی:

١- فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان- سلێمانی ٢١ - ٢٢ / ٤ / ٢٠٠٤.
٢- فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان- دهۆک ٢١ - ٢٢ - ٢٣ / ٤ / ٢٠٠٥
٣- فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان - هەولێر ٢١ - ٢٢ - ٢٣ / ٤ / ٢٠.٠٦.
٤- فێستیڤاڵی چوارەمی بەدرخان - بەرلین ٢٢ - ٢٣ / ٤ / ٢٠٠٧.
٥- فێستیڤاڵی پێنجەمی بەدرخان - قاهیرە ٢١ - ٢٢ / ٤ / ٢٠٠٨.
٦- فێستیڤاڵی شەشەمی بەدرخان- یۆنان ١٩ - ٢٠ / ١٠ / ٢٠٠٩ .
٧- فێستیڤاڵی حەوتەمی بەدرخان – ئەمریکا ٢٩ - ٣٠ / ٦ / ٢٠١٠.
٨- فێستیڤاڵی هەشتەمی بەدرخان – پاریس / فەرەنسا
٩- ١٠ / ٧ / ٢٠١١ - فێستیڤاڵی نۆیەمی بەدرخان - جۆرجیا - تبلیسی ٢١ - ٢٣ / ٣ / ٢٠١٢.

چەندین گەشتی رۆژنامەنووسی بۆ ئەم وڵاتانە کردووە: "ئێران، ئەڵمانیا، سوید، فەرەنسا، بەریتانیا، کۆنفرانسی "کورد لەسەدەی بیست و یەک" یۆنان، "کریت" کازانتزاکی. - چاپکردنی کتێب ١٦٥ کتێبی هەمەجۆری" مێژوویی، منداڵان، رۆمان، فۆلکلۆر، ئەفسانە، یادەوەری، ناوی کوردی، شیعر...". - ساڵانە بەشداری لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە فڕانکفۆرت دەکات.

چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێر "موسوعە اربیل" لە ١٠ بەرگ پێکهاتووە.

زیاتر لە ١٠ فیلمی دیکۆمێنتاری بەرهەمهێناوە.
تائێستا ١٦٥ ژمارە لە هەفتەنامەی بەدرخان کە یەکەمین بڵاوکراوەی ئازادە لە کوردستان و لە ٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٠ لە سلێمانی دەرچووە.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەلایەن نووسەر و رۆژنامەنووس حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد بەدرخان لە ٢٢ / ١٠ / ٢٠٠٠ دامەزراوەو تاکو ئێستا بەڕێوەبەری بەرپرسی ئەو دەزگایەیە.

لە ١٠ رۆژدا یادی رۆژنامەگەریی دەکرێتەوە

لەیادی ١١٥ ساڵەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی کوردی "کوردستان"، لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنوسان بە 10 رۆژ ئەو یادە بەرز دەنرخێنێت کە چالاکییەکان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچن:

**چالاکی یەکەم:**

رۆژی (١٣ / ٤ / ٢٠١٣) شەممە- سلێمانی- هۆڵی هۆتێل ئەرین/بەرامبەر یانەی کۆمەڵایەتی
سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی تا سەعات ٤ی پاشنیوەرۆ

**سازکردنی کۆنفرانسێکی تایبەت بە بابەتی (میدیای کوردی و بەها مرۆییەکان) و شیکردنەوەی بە (3) سێ باس لە روانگەی:**

**١- یاسایی د.سامان فەوزی**
**٢- کۆمەڵایەتی دکتۆرە نەجات محمد فەرەج**
**٣- دەروونی سامان سیوەیلی**

**چالاکی دووەم:**

**ڕۆژی (١٤ / ٤ / ٢٠١٣) یەکشەممە- سلێمانی- هۆڵی هۆتێل ئەرین/بەرامبەر یانەی کۆمەڵایەتی**
**سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆ تا ٦ی ئێوارە**
**کۆڕبەندی میدیاکارانی ڕۆژئاوای کوردستان**
**دیدارو گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسانەی ئەو میدیاکارانەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانن و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.**

**چالاکی سێهەم:**

**ڕۆژی (١٥ / ٤ / ٢٠١٣) دووشەممە- سلێمانی- هۆڵی هۆتێل ئەرین/بەرامبەر یانەی کۆمەڵایەتی**
**سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆ تا ٦ی ئێوارە**

**سمیناری (مافی ڕۆژنامەنووس لە چوارچێوەی گرێبەستی کارکردندا) و شیکردنەوەی بە (٣) سێ باس لە روانگەی:**

**١- ئیداری مامۆستا ڕەفیق ساڵح**
**٢- یاسایی خاتوو ئەمیرە حەسەن**
**٣- ڕاگەیاندن زانا تۆفیق بەگ**

**چالاکی چوارەم:**

**ڕۆژی (١٦ / ٤ / ٢٠١٣)سێشەممە- سلێمانی- هۆڵی هۆتێل ئەرین/بەرامبەر یانەی کۆمەڵایەتی**
**سەعات ٣ی پاشنیوەڕۆ تا ٦ی ئێوارە**
**کۆڕبەندی میدیاکارانی ڕۆژهەڵات.**

**دیدارو گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسانەی ئەو میدیاکارانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.**

**چالاکی پێنجەم:**

**ڕۆژی (۱۷ / ٤ / ۲۰۱۳) چوار شەممە (رانیە) دەروازەی ڕاپەڕین**

**سەعات ۱۰ی سەرلەبەیانی تا ۱۲ی نیوەڕۆ**

**سیمناری (چۆنیەتی مامەڵەکردنی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان و پێدانی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان)**

**لەلایەن ڕۆژنامەنووس (عەدالەت عبداللە) پێشکەش دەکرێت**

**چالاکی شەشەم:**

**ڕۆژی (۱۸ / 4٤ / ۲۰۱۳) پێنج شەممە- قەزای سید صادق**

**سەعات ۱۰ی سەرلەبەیانی**

**کردنەوەی پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بۆ ڕۆژنامەنووس (ئەنوەر حمەغریب)**

**چالاکی حەوتەم:**

**ڕۆژی (۲۰ / ٤ / ۲۰۱۳)شەممە-هەڵەبجەی شەهید**

**بەهاوکاری ڕێکخراوی هاندانی مێیینە، داوەتکردنی گروپێک لە خانمانی میدیاکار لە تورکیاوە بۆ سلێمانی و سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدو مۆنۆمێنتی شەهیدان وگۆڕە بەکۆمەڵەکان و قسەکردن لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچەیەو ناساندنی تراژیدیای شارەکە لەکەناڵەکانی خۆیانەوە.**

**چالاکی هەشتەم:**

**ڕۆژی (۲۰ / ٤ / ۲۰۱۳) شەممە-هەڵەبجەی شەهید**

**کردنەوەی پێشانگای کاریکاتێری بۆ هونەرمەند (شەماڵ ڕەشید)**

**چالاکی نۆیەم:**

**ڕۆژی (۲۱ / ٤ / ۲۰۱۳)یەکشەممە- سلێمانی-**

**هۆڵی هۆتێل ئەرین/بەرامبەر یانەی کۆمەڵایەتی**

**سەعات ۱۰ی سەرلەبەیانی تا سەعات ٤ی پاشنیوەڕۆ**

**کۆنفرانسی خانمانی میدیاکارانی تورکیاو هەرێمی کوردستان**

**چوار باسی تێدا پێشکەش دەکرێت لەلایەن خانمانی دیدیاکارانی تورکیاو کوردستانەوە**

**چالاکی دەیەم:**

**ڕۆژی (٢٢ / ٤ / ٢٠١٣)دووشەممە-سلێمانی**

**ڕێزلێنانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە دوو ڕۆژنامەنووسی شەهید کە ئەندامی لقی سلێمانی بوون.**

**چالاکی یازدەیەم:**

**ڕۆژی (٢٣ / ٤ / ٢٠١٣) سێشەممە-سلێمانی**

**مەراسیمی ڕێزلێنانی دیزاینەری لۆگۆی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هونەرمەند (محمد فتاح).**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٣**

# بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## هەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

## ئامادەکردنی: جوتیار حاجی تۆفیق

(*) گۆڤاری کوردستان میشنێری: لە ساڵی ١٩١٠ دا میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری بە زمانی ئینگلیزیی دەریکردوە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بوون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەلێک ژمارەیدا وێنەی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. هەتاکو ساڵی ١٩٢٨ بەردەوام بووە. {دوکتۆر ئەمیری حەسەنپور بە هەوڵ و کۆششی خۆی گەلێک ژمارەی ئەم گۆڤارەی دەستخستوە و لێکۆڵینەوەیەکیشی دەربارە نوسیوە}.

بڕوانە:

Amir Hassanpour, Kurdistan Missionary, svensk-Kurdisk Journal, nr. 8, 1987, 16-17 .

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: لە ساڵی ١٩١٣ دا عەبدولڕەزاق بەدرخان لە شاری خوی دەریکردوە. {لە هەندێک سەرچاوەدا ساڵی 1908 و لەهەندێکی دیکەدا ١٩١٢نوسراوە}.

(*) گۆڤاری کوردستان: چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاپریلی ١٩١٤دا لە ورمێ دەریانکردوە.

{پرۆفیسۆر ڤ. ف. مینۆرسکی لە کتێبی کوردەکان دا نوسیویەتی: ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەم هەیە و لە ئاپریلی ١٩١٤ دا دەرکراوە. بڕوانە: البروفیسور، ڤ. ف. مینورسکی، الاکراد ملاحظات و انطباعات، ترجمە و علق علیە وقدم لە: الدکتور معروف خزندار، بغداد، ١٩٦٨، ص ٤٤ }.

(*) ڕۆژنامەی کورد: لەلایەن مەلا محەممەدی تورجانی (مەهاباد، ٨ / ٧ / ١٨٩٥ ـ بەغداد، ١٤ / ٩ / ١٩٥٩) لە شاری ورمێ، لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل خانی شوکاکدا دەرکراوە. بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١ / ٦ / ١٩٢٢ (٥ی شەوالی ١٣٤٠ بەرامبەر بە ١٠ی خرداد ١٣٠١) و دووەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٨ / ٦ / ١٩٢٢ (١٢ی شەوالی ١٣٤٠ بەرامبەر بە ١٧ی خرداد ١٣٠١) دا دەرکراوە. مەلا محەممەدی تورجانی (پاشتر بە قزڵجی ناسراوە)، مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە (برا بچوکی مەلا محەممەدی قزڵجی) و محەممەد جەمالەدین هەکاریی و چەند کەسی دیکە بەشدارییان لە دەرکردنیدا کردوە. تەنها چوار ژمارەی لێدەرکراوە.

* تائێستا کلێشەی (دوو) ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام کۆپیی هەردووکیان ناشارەزایانە وەرگیراون و نازانرێت کام ژمارەن و کەی دەرکراون! یەکەمیان لە کتێبی (محمد تمدن، اوضاع ایران در جنگ اول جهان یا تاریخ رضائیه، تهران، ١٣٥٠) و دووەمیان لە (گۆڤاری گرشەی کوردستان، ژمارە ٩، ١٣٦٠ (١٩٨٠)، ل ١١).

{ساڵی ١٩٨٧ لە زانکۆی بەغداد دەمخوێند و دووەم ساڵی خوێندنم بوو، ئەودەم بە شێنەیی کەوتمە کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە و سەرەنجام لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی نوسی، بەو بۆنەیەوە بە پێویستم زانی کە کورتەیەک دەربارەی بیۆگرافیی مەلا محەمەدی قزڵجی بنوسم و لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدا بڵاویبکەمەوە. ئیدی بە ڕێنوێنیی کاکە حەمەی مەلا کەریم و مەلا شوکور مستەفا توانیم ماڵە کۆنەکەی مەلا محەمەدی قزڵجی لە گەڕەکی (اعظمیە)ی شاری بەغداد بدۆزمەوە کە حەسەن (کوڕی مەلا محەمەدی قزڵجی) تێدا دەژیا. پاش چەندین جار هاتوچۆ و دەستی دەستی، هیچ جۆرە هاوکارییەکی نەکردم و بچوکترین سودم لەو کوڕەی نەبینی. پاشتر لێکۆڵینەوەکەم بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری نارد، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئاماژەم بۆ چەند سەرچاوەیەکی فارسیی کردبوو بەرپرسانی ڕۆژنامەکە بەبیانوی ئەوەکە عیراق و ئێران لە جەنگدا بوون و بابەتی فارسیی لە ڕۆژنامەی کوردیدا جێی گومان بوو، بڵاویان نەکردبووەوە! دواتر وتارێکم دەربارەی بیۆگرافیی (مەلا محەمەدی قزڵجی) نوسی و لە پەراوێزی وتارەکەدا کورتەیەکم دەربارەی ڕۆژنامەی (کورد) نوسی و بە پۆستدا ناردم بۆ گۆڤاری کاروان. ماوەی چەند مانگ تێپەڕی و من بەتەمای ئەویش نەمام، کەچی لە ژمارە (٦٦) دا بڵاویان کردبووەوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، مەلا محەمەد قزڵجی، گۆڤاری کاروان، ژمارە ٦٦، تەموزی ١٩٨٨، ل ٨ - ١٠}.

(*) ڕۆژنامەی ئارارات: هفتەنامە اجتماعی و سیاسی، لە ساڵی ١٣٠٨ (١٩٢٩)؟ لە شاری سنە لە لایەن میرزا غلام علی هۆشمەند کرمانشاهی و بە هاوکاریی ناصر توانا دەرکراوە، ٤ ؟ ژمارەی لێدەرکراوە. {دەربارەی بڕوانە: تاریخچە مطبوعات در کردستان، ادارە کل فرهنگ و ارشاد اسلامی کردستان، سنە، ١٣٧٤}

(*) گۆڤاری نیشتمان: ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک. بووە، بە زمانی کوردی دەرچووە. یەکەم ژمارەی لە سەرەتای مانگی جولای ١٩٤٣ دەرکراوە. ئەم گۆڤارە بە نهێنی لە تەوریز لە چاپخانەی خەلیفەگەری ئەرامینە، بە سەرپەرشتیی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هاریکاریی محەمەدی شاپەسەندی و مەحمودی وەلیزادە و چەند ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ک. دەرکراوە. سەرجەم (نۆ) ژمارەی لێدەرکراوە. ژمارە ٧ و ٨ و ٩ی لە یەک بەرگدا لە بەهاری ١٩٤٤ دا دەرکراوە. هەموو ژمارەکانی دەستخراون و گەلێک لێکۆڵینەوەی دەربارە نوسراوە.

(*) گۆڤاری ئاوات: لە ئۆگوستی ١٩٤٤ دا لەلایەن محەمەدی شاپەسەندییەوە، پاش وەستانی گۆڤاری نیشتمان، تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. دەکرێت ئەم گۆڤارە بە یەکێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. دابنرێت.

(*) دەنگی ڕاستی: لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤ دا لە سلێمانی، لە لایەن لقی (کۆمەڵەی ژ. ک. لە باشوری کوردستان)ەوە تەنها (دوو) ژمارەی لێدەرکراوە. (ئیبراهیم ئەحمەد کە لێپرسراوی لقی کۆمەڵەی ژ. ک. لە باشوری کوردستان بووە، بەهاوکاریی چەند

ڕوناکبیرێکی دیکە دەریکردوە) {هەرچەند ئەم بڵاوکراوەیە لە سلێمانی و لەلایەن ڕوناکبیرانی ئەو شارەوە دەرکراوە، بەڵام چونکە پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. وە هەیە لێرەدا ئاماژەم بۆ کردوە}.

(*) ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان): یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دوو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ (٢٦ / ٢ / ١٩٤٥) دا دەرکراوە. ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن (دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵانی)یەوە لە تاران، بە فارسی دەرکراوە. هەتاکو مانگی ئاپریلی ١٩٤٧ بەردەوام بووە و نزیکەی ٨٥ ژمارەی لێدەرچووە.

(*) گۆڤاری هاواری کورد: لە ڕەزبەری ١٣٢٤ (کۆتایی سێپتێمبەر . سەرەتای ئۆکتۆبەری ١٩٤٥)دا دەرکراوە.

(*) گۆڤاری ماد: لە مانگی دیسێمبەری ١٩٤٥دا لەلایەن ئاغا ئازاد پورەوە لە تاران بە فارسی دەرکراوە. {دەربارەی بڕوانە: ڕۆژنامەی ROJA NU (ڕۆژا نو)، ژمارە ٦٦، ١٤ / ١ / ١٩٤٦، ل ٤ }.

(*) گۆڤاری کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٦ / ١٢ / ١٩٤٥ دا لە مەهاباد دەرکراوە. سەرنوسەرەکەی سەید محەمەدی حەمیدی بووە. هەندێک کەس پێیان وایە کە ١٦ ژمارەی لێدەرکراوە. {محەمەد تۆفیق وردی نوسیویەتی: (١٨) ژمارەی بلاوکراوەتەوە و لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ دوای تیکچوونی کۆماری کوردستان پەکی کەوتوە. بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ٣ / ١٠ / ١٩٦٩، ل ٤٣ }.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ / ١ / ١٩٤٦دا لە مەهاباد دەرکراوە. سەید محەمەدی حەمیدی سەرنوسەری بووە. ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئاگایان لێیە گوتویانە (١١٤) ژمارەی لێدەرچووە. گومانی نییە کە دوا ژمارەی لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری ١٩٤٦دا دەرکراوە. {محەمەد تۆفیق وردی نوسیویەتی: (١١٣) ژمارەی لی بلاوکراوەتەوە. بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ٣ / ١٠ / ١٩٦٩، ل ٤٣ }.

(*) گۆڤاری هەڵاڵە: یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ۱۳۲۴ (کۆتایی فێبرووەری . سەرەتای مارتی ۱۹۴۶) دا لە بۆکان، لە لایەن حەسەنی قزلجییەوە دەرکراوە. ژمارە ۳ی لە بانەمەڕی ۱۳۲۵ (کۆتایی ئاپریل . سەرەتای مای ۱۹۴۶)دا دەرچووە.

(*) گۆڤاری هاواری نیشتمان: یەکەم ژمارەی ڕۆژی پێنج شەممە ۲۱ / ۳ / ۱۹۴۶ لەلایەن سدیق ئەنجیری ئازەرەوە دەرکراوە. لەسەر بەرگی گۆڤارەکە نوسراوە: (بلاوکەرەوەی بیری یەکەتی جەوانانی دیموکرات).

* عەلادین سجادی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە (هاواری نیشتمان) یەک ژمارەی بە شێوەی گۆڤار دەرچووە و پاشان وەکو ڕۆژنامە چەند ژمارەی دیکەی لێدەرکراوە. {بڕوانە: عەلادین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغداد، ۱۹۷۱، ل ۶۱۶}.

* محەمەد تۆفیق وردی سەبارەت بە (هاواری نیشتمان) نوسیویەتی: "ڕوژنامەیەکی هەفتەیی و بلاوکەرەوەی بیری لاوانی کوردستان بوو. لە لایەن (شەهید صدیق ئەنجیری) لە (سابلاخ ـ مەهاباد) بلاوئەکرایەوە، دوای چەند ژمارەیەک ئەنجا بە وینەی گوڤار چاپ ئەکرا. (محمد توفیق وردی) سەرەک نووسەری بوو، هەر لە سالی (١٩۴۶) دا پەکی کەوتوە". {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ٣ / ١٠ / ١٩٦٩، ل ۴٣}.

* {سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٨ / ١٠ / ٢٠٠۴ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ لەندەن کرد و لەگەڵ عەبدولقادر دەباغی (مامە قالەی دەباغی) سەبارەت بە هەندێک باسی پەیوەند بە کۆمەڵەی ژ. ک. و گۆڤاری هاواری نیشتمان و سدیق ئەنجیری ئازەر وتوێژمان کرد، مامە قالە سەبارەت بە گۆڤاری هاواری نیشتمان گوتی: سدیقی ئەنجیری ئازەر ئەم گۆڤارەی بە پارەی خۆی و بە تیراژی 200 دانە چاپکرد. لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا سدیق ئەنجیری ئازەر وەک دۆست و لایەنگری حیزبی تودەی ئێران ناسرابو، لەو گۆڤارەشیدا هەندێک بابەتی لەو جۆرەی بلاوکردبووەوە، ئیدی خەڵک پێشوازیی لە گۆڤارەکە نەکرد و هەرچەند کەمیشی لێچاپکردبوو، بەڵام زۆربەی لای خۆی مایەوە و بۆی نەفرۆشرا. سدیقی ئەنجیری ئازەر بەر لەوەی گۆڤارەکە چاپبکات بە قازی محەمەدی گوتبو نیازم هەیە گۆڤارێکی لەو جۆرە و بەو ناوەرۆکە دەربکەم. قازیش گوتبوی: باشە، هیچ مانیعێک نییە، بەڵام دەبێت تۆ بڕوات بە دیموکراتیی هەبێت و ئەگەر ڕەخنە لە ناوەڕۆکی گۆڤارەکەت گیرا نیگەران نەبیت و ڕەخنەی خەڵک قبوڵ بکەیت ...).

(*) گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد: یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ٢١ / ۴ / ١٩۴٦دا دەرکراوە. ژمارە ٣ی لە پوشپەڕی ١٣٢٥ (کۆتایی جون ـ سەرەتای جولای)دا دەرچووە.

(*) بلاوکراوەی (ئاگر ـ **Agir**): مەهاباد، ١٩۴٦؟ {وای بۆ دەچم ئەم بلاوکراوەیە ناوی (ئاگری) بوو بێت و لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماردا دەرکرابێت. شایانی باسە سالی ١٩٩٨ لە وتارێکی کورتدا سەرنجی ڕوناکبیران و لێکۆلەرانی کوردم بۆ ناوی ئەو بلاوکراوەیە ڕاکێشاوە. بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەرو شوێن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ٢٣ / ۴ / ١٩٩٨، ل ١٠}.

(*) گۆڤاری زانست: لە ژمارە ٦١ی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە لە ڕۆژی شەممە ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (٢٢ / ٦ / ١٩۴٦)دا دەرکراوە، لە لاپەڕە (٢)دا ئاگادارییەک لە لایەن دڵشادی ڕەسوڵییەوە بلاوکراوەتەوە و تیایدا ڕایگەیاندوە کە نیازی ئەوەی هەیە گۆڤارێکی مانگانە بەناوی زانست **Zansist**ەوە دەربکات، جا بەو بۆنەیەوە داوای هاوکاریی لە نوسەران کردوە کە بە بابەتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ گۆڤارەکە بنێرن. دەقی ئەو ئاگادارییە بەم جۆرەیە:

بۆ زانین

زانست

**Zansist**

گوواری زانست گوواریکی زانستی، کومەلایەتی، تربیتی ئەدەبیە لە مانگی پووشپەری سالی ۱۳۲۵ وە مانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی. لە نوسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ادبی زانستی کومەلایەتی تربیتی بە نشانی (وزارەت فەرهەنگ دەفتەری گوواری زانست) بومان بنیرن تا لە گوواری زانست دا دەرج بکری.

مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز

دلشاد رسولی

ئەگەر بێت و پاش ئەم ئاگادارییە، ئەم گۆڤارە دەرکرابێت، ئەوا پێویستە ناوەکەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا بنوسرێت.

(*) بڵاوکراوەی دەنگی کورد: ١٩٤٦؟ {دوکتۆر عوبەیدوڵڵای ئەیوبیان لە چەند جێیەکدا ناوی ئەم بڵاوکراوەیەی بردوە. لەو بڕوایەدام کە زانیاریی زیاتری دەربارەی هەیە}.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ٦ / ١٢ / ١٩٤٧دا لە باکۆ دەرکراوە. دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر عەزیز شەمزینی و دوکتۆر ڕەحیمی قازی دەریانکردوە. هەر ژمارەیەکی ئەم ڕۆژنامەیە بریتی بووە لە (یەک لاپەڕە) لە چوار لاپەڕەی ڕۆژنامەی (ئازەربایجان) ی ئۆرگانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان. نوسەرەکانی بریتی بوون لە: دوکتۆر عەلی گەلاوێژ و دوکتۆر عەزیز شەمزینی و دوکتۆر ڕەحیمی قازی کەریمی ئەیوبی، مستەفا شەڵماشی و چەند کەسی دیکە. ژمارە ٢٢٩ ی لە ١١ / ٢ / ١٩٥٠ و ژمارە ٨٧٧ ی لە ١٢ / ٩ / ١٩٥٦ دا دەرچوون . هەتاکو هاوینی ساڵی ١٩٦٠ بەردەوام بووە و (١٣٣٧) ژمارەی لێدەرکراوە. {بڕوانە: دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنوسی کوردیدا، بەغداد، ١٩٧٨، ل٢٢٣} {هەروەها بڕوانە: کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ١٠١ ـ ١٠٣}.

(*) بڵاوکراوەی ڕاوێژ: ١٩٤٨؟، سنە.

(*) گۆڤاری نیشتمان (ژمارە ١٠): لە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندییەوە، لە گوندی سیتەک (نزیک شاری سلێمانی) بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا نوسیویانە: (ئۆرگانی نەهزەتی مقاوەمەتی کۆمەڵەی ژ. ک.). وەکو من لێکمداوەتەوە ئەم ژمارەیەی نیشتمان هیچ پەیوەندییەکی بابەتییانەی بە گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) ەوە نییە. بەم ژمارەیەی نیشتمان نە کۆمەڵەی ژ. ک. زیندوبوەتەوە و نە توانراویشە درێژە بە دەرکردنەوەی گۆڤاری نیشتمان بدرێتەوە. جێی سەرنجە کە لەم گۆڤارەدا هێرش کراوەتە سەر پارتی دیموکراتی کورد ـ عیراق. هەمزە عەبدوڵڵا ـ سکرتێری (پارتی دیموکراتی کورد ـ عیراق) لە گۆڤاری (مرۆڤ)، ژمارە ٢، ساڵی یەکەم، دیسێمبەری ١٩٤٨ دا وتارێکی توندی لە دژی ئەم (ژمارەیەی گۆڤاری نیشتمان) نوسیوە و تیایدا گوتویەتی: "گۆڤاری نیشتمان لە دەورەی دووهەمیدا بووەتە زمانحاڵی دەستەیەک ئاژاوەچی".

* محەمەدی شاپەسەندی لە چەند وتاردا زانیاریی کورت و گرنگی دەربارەی ئەم ژمارەیەی نیشتمان و ئەو هەلومەرجەی کە تیای دەرکراوە خستوەتە ڕو. بۆ نمونە بڕوانە: محەمەدی شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی ـ نهێنییەکانی چاپی ژمارە (١٠) ی نیشتمان، گۆڤاری ڕۆژنامەنووسان، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٠٢، ل ١٢١ ــ ١٢٥. هەروەها بڕوانە: محەمەدی شاپەسەندی، لە پەراوێزی ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٢، بانەمەڕی ٢٠٠٢، ل ٣٦ ـ ٣٩.

* محەمەد تۆفیق وردی ساڵی ١٩٦٩ لە گۆڤاری (ڕووناکی) دا دەربارەی ئەم ژمارەیەی نیشتمان نوسیویەتی: "ژمارە (١٠)ی دوای تیکچونی کوماری مەهاباد لەلایەن نهضتی مقاومەتی کومەلەی ــ ژ. ک سالی (١٩٤٨) دەرچووە". {بڕوانە: محەمەد تۆفیق وردی، ڕۆژنامەگەری لە کوردستانا، گۆڤاری ڕووناکی ـ النور، ژمارە ٢٩٠، هەینی ٣ / ١٠ / ١٩٦٩، ل ٤٣}.

* جێی سەرنجە غەفوری میرزا کەریم لە چەند بەشی بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەم ژمارەیەی نیشتمان کردوە و هەندێک وردە زانیاریی دەربارەی تۆمارکردوە. هەروەها نوسیویەتی گوایا وتارێکی دەربارەی لەسێدارەدانی (فەهد) تێدا بووە! ئەمە زۆر دورە لە ڕاستییەوە، چونکە ئەم گۆڤارە لە مانگی جولای ١٩٤٨دا دەرکراوە، فەهدیش لە ١٤ی فێبروەریی ١٩٤٩دا لەسێدارە دراوە!! {بڕوانە: غەفوری میرزا کەریم، سەرەتاڵی لە کلافەی مێژووی پڕ هەڵبەز و دابەزی ژیانم، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٩٥}.

(*) بڵاوکراوەی ڕێگا: لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٢٧ (کۆتایی ئۆکتۆبەر ـ سەرەتای نۆڤێمبەری ١٩٤٨) لە گوندی سیتەک (نزیک شاری سلێمانی) لەلایەن حەسەنی قزڵجی و غەنی بلوریان و بە هاوکاریی شێخ لەتیفی حەفید دەرکراوە. تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. لە ژێر ناوی ئەم بڵاوکراوەیەدا نوسراوە: (اورگانی کومەلەی ژیانی کورد)، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی بابەتیانەی لەگەڵ کۆمەڵەی ژ. ک. دا نییە! جێی سەرنجە کە هەندێک کەس ویستویانە بەپێی ناوی ئەم بڵاوکراوەیە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. ساغبکەنەوە! لێکدانەوە و ساغکردنەوەی ناوی کۆمەڵەی ژ. ک. بەپێی ئەم بڵاوکراوەیە، لە بێئاگایی بەولاوە هیچی دیکە نییە!! کەسێک کە کەمترین شارەزایی دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک. هەبێت، ئەوەی لەلا ڕۆشنە کە بە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ١٦ / ٨ / ١٩٤٥دا کۆمەڵەی ژ. ک. کۆتایی هات. جیا لەوە غەنی بلوریان زۆر بە ڕۆشنی ئەوەی باسکردوە کە کاتی دەرکردنی (ڕێگا) بۆ ئەوەی کە حکومەتی ئێران نەکەوێتەوە گرتنی کەسانی تێکۆشەری نێو حیزبی دیموکراتی کوردستان، هاتون ناوێکی وەهمیی وەک (کومەلەی ژیانی کورد) یان لەسەر داناوە. ئەگینا ئەوان مەبەستیان زیندوکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

* دەربارەی ئەم بڵاوکراوەیە وتارێکم نوسیوە و بیروڕای خۆمم دەربارە دەربڕیوە، بڕوانە: جوتیار تۆفیق، چەند سەرنجێک دەربارەی بڵاوکراوەی ڕێگا، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٨٢، پێنج شەممە ٢٦ / ٣ / ١٩٩٨، ل ١٠ ـ ١١ .
* کۆپیی یەکەم لاپەڕەی بڵاوکراوەی (ڕێگا) لەگەڵ هەندێک زانیارییدا لەم دوو کتێبەدا بڵاوکراوەتەوە:

١- کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، بەرگی دووەم، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٣٣٨.
٢- غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ٣٧٥.

{جێی سەرنجە کەریمی حسامی لە کتێبی (گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا) لە ل ١١٥ ـ ١١٦ دا نوسیویەتی: "ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ڕێگا کە لە لایەن کاک حەسەنی قزڵجی و کاک غەنی بلوریانەوە دەرچوە و تاقە ژمارەی لە لای منە و کاک حامیدی گەوهەری بە ئەمانەت لێی وەرگرتبووم و بەبێ پرس و ئیجازەی من لە ئاڵکۆک دا کلێشەی کردوە و بڵاوی کردۆتەوە" هەروەها لە ل 185 یشدا نوسیویەتی: کاک حامیدی گەوهەری (لە ئامادەکردنی کتێبی ئاڵەکۆک دا ـ جوتیار) داب و نەریتی چاپەمەنیشی لەبەر چاو نەگرتوە. گۆڤاری ڕێگا ی بە ئەمانەت لە من وەرگرتوە، بێ ئەوەی پرس بە من بکا لە ئاڵکۆک دا چاپی کردوە. کاک حامید ئەگەر تۆزقاڵێک لەگەڵ داب و شێوازی چاپەمەنی شارەزا بایە و ئوسوڵی هاوکاریی نێوان نووسەر و ناسیارانی ڕەچاو کردبایە، دەبوایە پرس بە من بکا و ئەوەدەم چاپی کردبایە. بڕوانە: کەریمی حسامی، گەشتێک بە نێو بیرەوەرییەکاندا، سوید ـ ستۆکهۆڵم، ١٩٩٧، ل ١١٦ و ١٨٥}.

(*) صدی کردستان: محەمەد کەریم معتمد وەزیری لە سنە؟ دەریکردوە.

(*) ڕۆژنامەی زاگروس: لە سەر ڕۆژنامەکە نوسراوە (صاحب امتیاز و مدیر مسئول: ناصر آزد پور). ژمارە ٨ی ساڵی یەکەمی لە ڕۆژی دوو شەممە ٨ / ١٠ / ١٩٥١ (١٥ مهر ١٣٣٠) دا دەرکراوە. ئەم ڕۆژنامەیە بە فارسی بووە و لە تاران دەرکراوە.

(*) ڕۆژنامەی خۆرنشین: لە سەر ڕۆژنامەکە نوسراوە (مدیر و صاحب امتیاز: عبدالحمید معرفت)، (مدیر داخلی: دکتر وکیل کردستانی). ە زمانی (فارسی و کوردی) لە تاران دەریانکردوە. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممە ١١ / ٨ / ١٩٥١دا دەرکراوە. عەبدولحەمید مەعریفەت و دوکتۆر وەکیلی کوردستانی و دوکتۆر محەمەدی موکری و گەلێک شاعیر و نوسەری دیکە بەرهەمیان تیادا بڵاوکردوەتەوە. ژمارە ١٨ی لە ڕۆژی چوار شەممە ١٢ / ١١ / ١٩٥٢ دا دەرکراوە. وادیارە ژمارەی دیکەشی لێدەرکرابێت.

(*) گۆڤاری (بغستان): ساڵی ١٩٥٢ لەلایەن ئیدارەی ڕادیۆی ئێرانەوە بە سەرپەرشتیی دوکتۆر محەمەدی موکری بە کوردی و فارسی دەرکراوە.

(*) ڕۆژنامەی سنندج: ئەحمەد خانی کەمانگەر (ناسراو بە سالار ئەرشەد) لە شاری سنە دەریکردوە. (ئەحمەد خانی کەمانگەر ساڵی ١٩٨٣ کۆچیدواییکردوە).

(*) ڕۆژنامەی آریز: ڕۆژنامەی ئاریز لە لایەن ناسر ئازاد پور و میر موسا موشیری لە ساڵی ١٩٥٣؟ لە شاری سنە بە فارسیی دەرکراوە.{دەربارەی بڕوانە: برهان ایازی، ائینه سنندج، ١٣٧١، چاپ و صحافی پیام، ص ٧٩٨}.

(*) ڕۆژنامەی ندی غرب: عەبدولحوسێن مونیعی ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سنە، بە زمانی فارسی دەریکردوە. پاش کودەتای وەستاوە. پاش چەند ساڵ سەرلەنوێ و وەک ڕۆژنامەیەکی هەفتانە دەست بە دەرکردنی کراوەتەوە. ئەم جارەیان هەتاکو ساڵی ١٩٧٧ بەردەوام بووە. وێڕای وتار و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، لاپەڕەکانی زیاتر بە ئاگادری و (اعلان)ی دامودەزگاکانی حکومەت و هەواڵ پڕکراوەتەوە. {دەربارەی بڕوانە: برهان ایازی، ائینه سنندج، ١٣٧١، چاپ و صحافی پیام، ص ٧٩٨}.

(*) ڕۆژنامەی کردان (کوردان ـ کوردەکان): ساڵی ١٩٥٣؛ تەیموری ئەفشاری لە تاران بە فارسی دەریکردوە.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەورەی دووەم، یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ٥ی بانەمەڕی ١٣٣٣ (٢٥ / ٤ / ١٩٥٤) لە تەوریز لە چاپخانەیەکی نهێنیی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان دەرکراوە. غەنی بلوریان، سدیقی ئەنجیری ئازەر، عەبدولڕەحمانی قاسملو، عەزیزی یوسفی و قادری یوسفی دەریان کردوە. ژمارە ٤ی لە ٦ / ٦ / ١٩٥٤ (١٦ / ٣ / ١٣٣٣)دا دەرکراوە. تەنها پێنج ژمارەی لێدەرکراوە، ژمارە پێنجی بەر لەوەی بڵاوبکرێتەوە، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە چاپخانەکەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجاندا دەستیبەسەردا گیراوە.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: خاوەنی ئیمتیاز و مدیری لێپرسراو: عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی (ناسراو بە مهی فرهی) و سەرنوسەری: دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە بووە، لە تاران بە کوردی و فارسیی دەریانکردوە. یەکەم ژمارەی لە ٢٩ / ٤ / ١٩٥٩دا دەرکراوە. هەتاکو مانگی ٥ / ٧ / ١٩٦٢ بەردەوام بووە. عەبدولحەمید بەدیعولزەمانی، دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە، عەبدولڕەحمان مفتی زادە، شوکروڵڵای بابان، عابد سیراجەدینی، خەسرەو شێخ کانلویی میلانی، ئیحسان نوری پاشا و هێمن و چەند شاعیر و نوسەری دیکە بەرهەمیان تیادا بڵاوکردوەتەوە. ژمارە ١٩٧ی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ / ٢ / ١٩٦٣ (٨ی اسفند ١٣٤١) دا دەرکراوە، تایبەت بووە بۆ یادی یەکەم ساڵەی کۆچیدوایی (گۆران). لەو ژمارەیەدا گەلێک وتار و بابەتی جۆراوجۆر بڵاوکراونەتەوە کە بەشی زۆریان تایبەت بوون بۆ یادی گۆران.

* دوکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە کوڕی مەلا عەبدوڵڵای مفتییە، ساڵی ١٩١٢ لە گوندی دشە لە ناوچەی جوانڕۆ لەدایبووە. لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنوس، شارەزای زمان و مێژو و ئەدەبی کوردی بووە. سەردەمێک لە زانکۆی تاران مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیی بووە. ڕۆژی دوو شەممە ٢٧ / ١١ / ١٩٨٤ لە تاران کۆچیدوایی کردوە و ڕۆژی دواتر لە گۆڕستانی وەیسولقەرەنی شاری کرماشان نێژراوە.
{ساڵی ١٩٨٥ لە بەغداد، لە کتێبخانەی کۆڕی زانیاریی زۆربەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەم دیوە و سەرنج و تێبینیم لەسەر وتار و بابەتەکان و ناوی نوسەرەکانی نوسیوە}.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕەشەمەی ١٣٣٩، نهێنی، ڕۆنیۆ، یەک ژ. {ڕ کوردستان، ژ ٤٠، بەفرانباری ١٣٥٤، ل ٣}.

(*) بڵاوکراوەی دیسان بارزانی: عەبدوڵڵای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) وەک بڵاوکراوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەریکردوە. یەکەم ژمارەی لە فێبروەریی ١٩٦٢ و ژمارە ٦ی لە ٢٩ / ٣ / ١٩٦٢ دا دەرچووە. بە پێی هەندێک زانیاریی هەشت ژمارەی لێدەرکراوە.

(*) ڕۆژنامەی کوردستان: لە پراگ لە لایەن دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، دەرکراوە. یەکەمین ژمارەی لە مانگی فێبروەریی ١٩٦٥ و

ژمارە ۲۶ی لە سێپتێمبەری ۱۹۷۰ دا دەرکراوە.

(*) بڵاوکراوەی ڕۆژ: کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانی دەریکردوە، سلێمانی موعینی سەرپەرشتییکردوە و خۆیشی زۆری بابەتەکانی نوسیوە. لە ژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا نوسراوە: (ئۆرگانی لکی ۳ی حزبی دیموکراتی کوردستان). یەکەم ژمارەی لە ئۆکتۆبەری ۱۹۶۶ و دووەم ژمارەی لە نۆڤێمبەری ۱۹۶۶ و سێهەم ژمارەی لە جێنیوەری ۱۹۶۷ دا دەرکراوە. {کۆپیی یەکەم لاپەڕەی بڵاوکراوەی (ڕۆژ) لە کتێبی (پێداچوونەوە، نوسینی: کەریمی حسامی، بەرگی دووەم، ل ۳۲۸) دا بڵاوکراوەتەوە.

(*) بڵاوکراوەی تیشک: کۆمیتەی ئینقیلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ۱۹۶۷ دا دەریانکردوە. سێ ژمارەی لێدەرکراوە. {عبدللە حسن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم. ل ۴۴ و ۴۵}.

(*) ڕۆژنامەی ڕێگای یەکێتی: ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری بەغداد لە لایەن عەبدولڕەحمانی زەبیحی و محەمەدی شاپەسەندی و چەند روناکبیری دیکەی کورد و فارس و ئازەرەوە دەردەکرا. مانگی یەک ژمارەی لێدەرچووە. یەکەم ژمارەی لە ئاپریلی ۱۹۷۱ و ژمارە (۳۱) کە وا دیارە دوا ژمارەی بوویێت لە نۆڤێمبەری ۱۹۷۳ دەرچووە. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا دەنوسرا: (یەکیەتی ـ تێکۆشان ـ سەرکەوتن). {دەربارەی بڕوانە: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ۱۹۷۸، ل ۲۲۸}.

(*) گۆڤاری ئەستێرە: لە شاری سنە بە کوردی دەرکراوە. ژمارە ۶ی لە ۲۲ / ۵ / ۱۹۷۹ دا دەرکراوە. {خۆم سێ ژمارەی ئەم گۆڤارەم هەبوو}.

(*) گۆڤاری تێکۆشەر: یەکەم ژمارەی لە جۆزەردانی ۱۳۵۱ دا دەرکراوە. لەم دەورەیەدا (۲۰) ژمارەی لێدەرکراوە. دەورەی دووەم یەکەم ژمارەی لە خاکەلیوەی ۱۳۶۱ دا دەرکراوە. تا ئێستا بەردەوامە و گۆڤارێکی وەرزییە.

(*) ڕۆژنامەی هیوا: ئەم ڕۆژنامەیە لە شاری سنە بە زمانی کوردی و فارسی دەرکراوە. دووەم ژمارەی ڕۆژی شەممە ۱۹ / ۵ / ۱۹۷۹ (۲۹ی اردیبهشت ۱۳۵۸) دەرچووە. لە ژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نوسراوە: "هیوا دەنگی گەلی کوردە".

(*) گۆڤاری گروگاڵ: کرماشان، موحسین شاسواری دەریکردوە. ۱۹۷۹؟، محسن شاسواری، دوو ژمارەی لێدەرچووە، یەکەم ژمارەی بە کوردی و دووەم ژمارەی بە کوردی و فارسی بووە. {سەرچاوە: دەستنوسێکی ئەحمەدی شەریفی}.

(*) بڵاوکراوەی ڕاستی: ۱۹۷۸ ـ ۱۹۷۹ لە تاران لەلایەن دەستەیەک لە ڕوناکبیرانی کوردەوە دەرچووە. حەسەنی قزڵجی سەرپەرشتییکردوە. {سەرچاوە: دەستنوسێکی ئەحمەدی شەریفی}.

(*) گۆڤاری پێشەوا: کۆمیتەی شارستانی مەهابادی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ۳ی لە خەزەڵوەری ۱۳۵۸ (ئۆکتۆبەر ـ

نۆڤێمبەر ١٩٧٩) و ژ٢٤ی لە بانەمەڕ ـ جۆزەردانی ١٣٦٢ (بەهاری ١٩٨٣) دا دەرکراوە. ٢٦ ژمارەی لێدەرچووە.

(*) گۆڤاری شۆڕش: لە ژێر ناوی گۆڤارەکەدا دەنوسرا: (ارگان سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران ـ کومەلە). یەکەم ژمارەی لە مانگی نۆڤێمبەری ١٩٧٩ (آبان ماە ١٣٥٨) و دووەم ژمارەی لە فێبرووەری ١٩٨٠ دا دەرچووە. سێ ژمارەی لێدەرکراوە. ئەم گۆڤارە بە فارسی دەرچووە. {لەم ساڵانەی دواییدا پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوونە چەند باڵێکەوە، لە مانگی (ئۆکتۆبەری ٢٠٠٠)ەوە کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەستی بە دەرکردنەوەی ئەم گۆڤارە کردوەتەوە. لەسەر گۆڤارەکە دەنوسرێت (دەورەی دووەم) و زنجیرەی ژمارەکانی لە ژمارە یەکەوە دەستپێکردوەتەوە. هەتاکو مانگی جولای ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەکانی گەیشتووەتە (٤٨) ژمارە}.

(*) گۆڤاری پێشڕەو: ئۆرگانی تیۆری و سیاسیی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران)، بە فارسی و کوردی دەردەکرا. یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دوو شەممە ٢٢ / ٦ / ١٩٨١ (١ی تیر ١٣٦٠) و دووەم ژمارەی لە ڕۆژی شەممە ١ / ٨ / ١٩٨١ (١٠ی مرداد ١٣٦٠) دا دەرچووە. {پاش ئەوەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوونە چەند باڵێکەوە، ئێستا باڵێکیان بەناوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) بەردەوامە لە دەرکردنی گۆڤاری پێشڕەو چ بە فارسی و چ بە کوردی. هەتاکو مانگی سێپتێمبەری ٢٠٠٥ (پێشڕەو)ی کوردی ژمارەکانی گەیشتووەتە ٢١١، هەروەها لەم دورەیەدا دوو ژمارەشی بە فارسی لێدەرچووە}.

(*) گۆڤاری پێشەنگ:

(*) گۆڤاری جیهان: یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران (سەربەداران) بە فارسی دەریدەکرد. لە هەندێک ژمارەیدا وتار و شیعری کوردیش بڵاودەکرانەوە.

(*) گۆڤاری دەنگی ژنانی کوردستان: تەشکیلاتی ژنانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لقی مەهاباد دوو ژمارەی لێدەرکردوە، ژمارە ٢ی لە ڕێبەندانی ١٣٥٨ (جێنیوەری ـ فێبرووەری ١٩٨٠) دا دەرچووە.

(*) گۆڤاری هاواری نیشتمان: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە، ژمارە ٣ی لە ڕەشەمەی ١٣٥٨ (فێبرووەری ـ مارس ١٩٨٠) دا دەرچووە.

(*) گۆڤاری دەنگی کورد: کۆمیتەی تارانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە نهێنی لە تاران چاپدەکرا. ژمارە ١ بەهاری ١٩٧٩ و ژمارە ٤ ئۆگوستی ١٩٧٩ دەرچووە.

(*) گۆڤاری شەهید: کۆمیتەی شارستانی بانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵانی ١٩٧٩ ـ ١٩٨١ دەرچووە.

(*) گۆڤاری زانیاریی پێشمەرگە: کۆمیتەی شارستانی سنەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣٥٨ . ٤ ژمارەی لێدەرکراوە.

(*) گۆڤاری گەلاوێژ: مەهاباد، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەریکردوە.

(*) گۆڤاری دەنگی لاوان: مەهاباد، یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٩٨٠ دەرکراوە.

(*) گۆڤاری نەکەرۆز: کۆمیتەی شارستانی سەقزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نزیکی ١٠ ژمارەی لێدەرکراوە. ١٩٨١ ـ ١٩٨٢.

(*) گۆڤاری کێلە شین: کۆمیتەی شارستانی شنۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ژ زستانی ١٣٦٠، ١٠ ژمارەی لێدەرکراوە. یەکەم ژمارەی بە ناوی (ڕەندۆڵ) دەرکرا و دواتر ناوەکەی بووە کێلە شین.

(*) گۆڤاری یەکێتی: کۆمیتەی شارستانی نەغەدەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەتای ١٩٨١، ١٠ ژمارەی لێدەرکراوە.

(*) گۆڤاری ڕوانگەی لاوان: بانە، لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ١٩٨١.

(*) گۆڤاری هەواڵنامەی پلینگ: کۆمیتەی شارستانی پیرانشاری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ٦ ژ، ١٩٨٢ ـ ١٩٨٣.

(*) گۆڤاری ئارارات: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ٤ ژمارەی لێدەرکراوە.

(*) گۆڤاری تەرەغە: کۆمیتەی شارستانی بۆکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

(*) ڕێگای گەل: ئۆرگانی شاخەی کوردستانی سازمانی فیدائی، ساڵانی ١٩٨١ ـ ١٩٨٣ سەرەتا لە شاری سنە و پاشان لە شاخ دەرکراوە.

(*) ڕۆژنامەی مەردم: ئۆرگانی ناوەندیی حیزبی تودەی ئێران بوو، بە کوردی لە تاران دەدەکرا. ئەو وتار و بابەتە سیاسییانەی کە لە ڕۆژنامەی «نامەی مەردم»ی ئۆرگانی حیزبی تودەی ئێران (بە فارسی) دەنوسران، دەکرانە کوردی و لەوێدا بلاودەکرانەوە. هەروەها وردە هەواڵ و هەندێک بابەتی ئەدەبییشی تیادا بلاودەکرایەوە. یەکەم ژمارەی ڕۆژی سێ شەممە ٢٣ / ١٠ / ١٩٧٩ دەر کراوە. ژمارە ٢١ی لە ڕۆژی یەک شەممە ٨ / ٦ / ١٩٨٠ دا دەرکراوە. لە سەر ژمارەکانی سەرەتای تەنها (مەردم) نوسراوە، بەڵام لە ژمارەکانی دواییدا ناوەکەی بووەتە (نامەی مەردم). سەرجەم (٦١) ژمارەی لێدەرچووە. حەسەنی قزڵجی و حەسەنی ماوەرانی و چەند شەعیر و نووسەرێکی دیکە تیایاندا نووسیوە. حەسەنی قزڵجی بەشی زۆری کارەکانی ئەنجام داوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گاگەش

# ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان

## ١٩٤٦ - ١٩٤٧

**خوێندنەوەی کتێبی**
**(ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧)**
**. پێداچونەوە و ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکانی .**

**نوسینی: جوتیار حاجی تۆفیق**

"ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧" کتێبێکی (٣٤٨) لاپەڕەییە، "د. هیمدادی حوسێن" نوسیویەتی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٢ لە سلێمانی چاپیکردوە. لەسەر بەرگی ناوەوەی ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە "ئەم کتێبە نامەیەکی دکتۆرایە لەلایەن نوسەرەوە بۆ ئەنجومەنی کۆلیجی زمان لە زانکۆی سلێمانی بە سەرپەرشتی پ. د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ ئامادەکراوە".

ئەم کتێبە بەسەر چوار فەسڵدا دابەشکراوە:

فەسڵی یەکەم . "مێژووی ئابووری و سەربازی و پەروەردەو فەرهەنگی و دیمۆکراسی کوردستانی ڕۆژهەڵات ١٩٤٢ - ١٩٤٧".
فەسڵی دووەم . "چاپخانە و ڕۆژنامەنووسیی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان".
فەسڵی سێیەم ـ "ڕۆژنامەنووسیی کوردیی بە زمانی فارسی لە دەرەوەی کۆمارو هاوکاری نووسەرانی کوردستانی باشوور لەگەڵ ڕۆژنامەنوسیی کۆماردا".
فەسڵی چوارەم . "ڕۆژنامەنووسیی سەردەمی کۆمارو ئەدەبیاتی کوردی".

هەرچەند کتێبەکە لە ٢٠٠٢ دا چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەڵام من لە ڕۆژی ١٥ / ١٢ / ٢٠٠٤ دا دەستمکەوت. پاش ئەوەی کە بە وردیی خوێندمەوە، بڕیارمدا کە بەشێک لە هەڵەکانی ڕاست بکەمەوە و هەندێک لە باسەکانی زیاتر ڕون بکەمەوە. دەبێت ئەوەش بڵێم کە من نامەی دوکتۆراکەم نەدیوە و نازانم جیاوازیی لەگەڵ ئەم کتێبەدا هەیە یان نا؟! خودی نوسەرەکەشی ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردوە کە ئاخۆ نامەی دوکتۆراکەی وەک خۆی چاپکردوە یان گۆڕانکاریی تیادا کردوە! لەبەر ئەوە سەرنجەکانم بەپێی دەقی ئەم کتێبە دەنوسم، نەک بەپێی نامەی دوکتۆراکە!

سەرەتا بەپێویستی دەزانم کە چەند سەرنجێکی گشتیی دەربارەی کتێبەکە بخەمە ڕو:

### یەکەم :

ناوی کتێبەکە بەم جۆرەیە "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧". لای هەمومان ڕۆشنە کە ماوەی حوکمڕانیی کۆماری کوردستان، کەمتر لە ساڵێک بوە. ئەگەر ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ بە ڕۆژی دامەزراندنی و ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٧ / ١٢ / ١٩٤٦ بە ڕۆژی کۆتایی هاتنی دابنێین، ئەوا دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان تەمەنی نزیکەی (١١) مانگ بوە. بەڵام هەروەک لە ناوی کتێبەکەدا دەردەکەوێت، سنوری مێژویی ئەم لێکۆڵینەوەیە (ساڵی ١٩٤٢ هەتاکو ساڵی ١٩٤٧)ە. لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین هەر لە خودی ناوی کتێبەکەدا، ناکۆکییەک هەیە! چونکە سنورە مێژوییەکەی "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان" دەکاتە ماوەی نێوان (٢٢ / ١ / ١٩٤٦ هەتاکو ١٧ / ١٢ / ١٩٤٦) نەک (١٩٤٢ - ١٩٤٧). هەرچەند نوسەر لەسەرەتای کتێبەکە، لە لاپەڕە (١٢)دا بە کورتی باسی ئەوەی کردوە کە لێکۆڵینەوەکەی لە دامەزراندنی "کۆمەڵەی ژ. ک."وە دەستپێدەکات هەتاکو ڕۆژی لەسێدارەدرانی قازییەکان لە ٣١ / ٣ / ١٩٤٧، بەڵام ئەم ڕونکردنەوەیە ناتوانێت ئەو ڕاستییە وەلابنێت کە ناوی کتێبەکە ناکۆکی تێدایە! بۆ نمونە ئەگەر ناوەکەی بەم جۆرە بوایە: "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ٢٢ / ١ / ١٩٤٦ - ١٧ / ١٢ / ١٩٤٦ و لە پێشەکییەکەیدا ئەوەی ڕونبکردایەتەوە لەبەر ئەوەی "کۆمەڵەی ژ. ک." و کۆماری کوردستان پەیوەندییەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە و تەواوکەری یەکترین، واپێویست بوە کە لەسەرەتادا باس لە گۆڤاری نیشتمان و بڵاوکراوەکانی دیکەی کۆمەڵەی ژ. ک. بکرێت. ئەوسا کەس سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی لەو جۆرەی نەدەبو. تەنانەت ئەگەر ناوەکەی بەم جۆرەش بوایە: "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان ١٩٤٣- ١٩٤٦" تاڕادەیەک دروستتر بو لەوەی کە لەسەر ئەو کتێبە نوسراوە! چونکە هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆمەڵەی ژ. ک. پێش ساڵی ١٩٤٣ دەرنەکراوە و هیچ بڵاوکراوەیەکی کۆماری کوردستانیش پێی نەناوەتە ساڵی ١٩٤٧! کتێبەکەش (یان لێکۆڵینەوەکە) تایبەتە بە "ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان" نەک "ڕوداوە مێژوییەکانی" ئەو سەردەمە.

### دوەم:

باشتر بو نوسەری ئەم کتێبە "وەکو سەرچاوە" ڕاستەوخۆ سودی لە کتێبی "The Kurdish Republic of 1946"ی ویلیام ئیگلتۆن،(١) هەروەها " The Kurdish Republic of Mahabad "ی ئارشی ڕۆزڤێلت،(٢) وەربگرتایە کە لە دەیان لاپەڕەدا زانیاریی لێیانەوە وەرگرتوە، بەڵام نەک لە تێکستە ئینگلیزییەکانیانەوە! بەڵکو لەو وەرگێڕانە پڕ لە هەڵە و کەموکورییانەوە کە لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت پشتیان پێببەستێت. باوەڕیش ناکەم پەیداکردنیان لە ناوەوەی وڵات کارێکی هێندە سەخت بوبێت! وەکو من بزانم کتێبەکەی ویلیام ئیگلتۆن لە کتێبخانەی هەندێک کەس و لە کتێبخانەکانی زانکۆکانی کوردستان پەیدا دەبێت. بۆ نمونە ساڵانی١٩٨٧- ١٩٩٠ چەندین جار لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی وەرمگرتوە، تا جارێکیان سەرجەم کتێبەکەم کۆپیکرد، کە تا ئێستاش ئەو کۆپییەم ماوە. یاخود دەیتوانیی سود لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی مامۆستا جەرجیس فەتحوڵلا وەربگرێت، کە زۆر لە وەرگێڕانە کوردیی و فارسییەکەی سەید محەمەدی سەمەدی باشترە.(٣) وتارە درێژەکەی

"ئارشێ ڕۆژڤێڵت"یش ئەگەرچی یەکەمجار ساڵی ۱۹٤۷ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام دواتر وەک نامیلکە و لە چەند گۆڤاری ئینگلیزییدا سەرلەنوێ چاپکراوەتەوە.(٤)

**سێیەم:**

لەم کتێبەدا ئەگەر وێنەی کەسەکان و کلێشەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و دەقی ئەو پەرەگرافانە کە لە وتار و لێکۆڵینەوەی کەسانی دیکەوە وەرگیراون، لابدەین، دەبینین لێکدانەوە و ڕونکردنەوە و سەرنجەکانی نوسەرەکەی ئەوەندە نین کە بۆ نامەی دوکتۆرایەک بەشبکەن! دەبوا لێکدانەوە و ڕونکردنەوەی نوسەری ئەم کتێبە، پانتاییەکی زیاتری لە لێکۆڵینەوەکەدا بگرتایە. کاتێک مرۆڤ بەوردیی کتێبەکە دەخوێنێتەوە گەلێک باس و بابەتی ئەوتۆ دێنە بەرچاوی کە دەبوا زیاتر ڕونبکرانایەتەوە، کەچی بە چەند دێڕێک و بە زانیارییەکی کەمەوە بەڕێکراون! {پاشان ئاماژە بۆ هەندێک لەو باسانە دەکەم کە پێویستبو زیاتر ڕونبکرانایەتەوە}.

**چوارەم:**

لەم کتێبەدا بەم جۆرە ڕیزبەندییە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان کۆڵراوەتەوە: (گۆڤاری نیشتمان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری هەڵاڵە، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد، گۆڤاری کوردستان)، ئنجا ڕۆژنامەی (کوردستان) و بەدوای ئەویشدا دەربارەی ڕۆژنامەی (کوهستان)ی نوسیوە.(٥)

**سەبارەت بەو بەشە ئەم تێبینیانەم هەیە:**

١- لە لێکۆڵینەوەی زانستییدا زۆربەی جار واباشترە کە لێکۆڵەر بەپێی (زنجیرەی مێژویی) لە ڕوداو و باسەکان بکۆڵێتەوە. نوسەری ئەم کتێبەش هەروەک لە لاپەڕە (١٤)دا ئاماژەی بۆکردوە، ویستویەتی هەمان میتۆد پەیڕەو بکات. بەڵام کاتێک سەرنج دەدەین، نەیتوانیوە بە دروستیی پەیڕەوی ئەو میتۆدە بکات. ئەگەر ئەوەی ڕەچاوبکردایە ئەوسا گۆڤارەکان بەجیا و ڕۆژنامەکانی بەجیا دانەدەنا! بەڵکو هەمویانی بەپێی زنجیرەی مێژوییان دادەنا و بەرودوا لێیانیدەکۆڵییەوە. تەنانەت بۆ گۆڤارەکانیش زنجیرەی مێژویی لەبەرچاو نەگرتوە، ئەگینا گۆڤاری هەڵاڵەی نەدەخستە دوای گۆڤاری هاواری نیشتمان و گۆڤاری (کوردستان)ی نەدەخستە کۆتایی! باشتر وابو کە سەرجەم گۆڤار و ڕۆژنامەکانی بەپێی مێژوی دەرچونی (یەکەمین ژمارە)یان بەرودوا ڕیزبکردایە، پاشان دەربارەی هەریەکەیانی بنوسیایە. بەو پێیە دەبوا گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەم جۆرە ڕیز بکرانایە:

(١) گۆڤاری نیشتمان، یەکەم ژمارەی لە سەرەتای مانگی جولای ۱۹٤۳دا دەرکراوە.
(٢) ڕۆژنامەی (نامەی هەفتەگی کوهستان) یان (نامەی کوهستان)، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ۱۳۲۳ (۱۹٤٥/٢/٢٦)دا دەرکراوە.
(٣) گۆڤاری هاواری کورد، یەکەم ژمارەی لە ڕەزبەری ۱۳۲٤ (کۆتایی سێپتێمبەر ـ سەرەتای ئۆکتۆبەری ۱۹٤٥)دا دەرکراوە.

(٤) گۆڤاری کوردستان، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٦ / ١٢ / ١٩٤٥دا دەرکراوە.
(٥) ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ / ١ / ١٩٤٦دا دەرکراوە.
(٦) گۆڤاری هەڵاڵە، یەکەم ژمارەی لە ڕەشەمەی ١٣٢٤ (کۆتایی فێبرووەری ـ سەرەتای مارتی ١٩٤٦) دا دەرکراوە.
(٧) گۆڤاری هاواری نیشتمان، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ / ٣ / ١٩٤٦دا دەرکراوە.
(٨) گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد، یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی یەک شەممە ٢١ / ٤ / ١٩٤٦ دا دەرکراوە.

٢- پێویست بو ڕاستەوخۆ دوای گۆڤاری نیشتمان، دەربارەی گۆڤاری (ئاوات)ی بنوسیایە، چونکە ئەم گۆڤارەش بەیەکێک لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ژ. ک. دادەنرێت و پاش وەستانی گۆڤاری نیشتمان، لە ئۆگوستی ١٩٤٤دا لەلایەن محەمەدی شاپەسەندییەوە تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە. {دواتر دەچمەوە سەر باسی ئەم گۆڤارە}.

٣- لەهەندێک کتێب و وتار و لێکۆڵینەوەدا، لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا ناوی (ئاگر ـ Agir)یش هاتوە، بەبێ ئەوەی لە هیچکامیاندا زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی نوسرابێت. گرنگترینی ئەو سەرچاوانە، کتێبی " The Kurdish Republic of 1946"ە.(٦) دەبوا لەم کتێبەدا کە تایبەتە بە ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنج و ڕونکردنەوەیەک دەربارەی (ئاگر) بنوسرایە. لەو باوەڕەدام کە ویلیام ئێگڵتۆن لەخۆیەوە ئەو ناوەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان دا نەنوسیوە! بەڵکو ناوەکانی لە کەسانی شارەزای ئەو سەردەمە وەرگرتوە. وای بۆ دەچم ئەم بڵاوکراوەیە ناوی (ئاگری) بو بێت و لە ماوەی حوکمڕانیی کۆماردا دەرکرابێت. {شایانی باسە ساڵی ١٩٩٨ لە وتارێکی کورتدا سەرنجی ڕوناکبیران و لێکۆڵەرانی کوردم بۆ ئەوە ڕاکێشاوە}.(٧)

٤- لە ژمارە ٦١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا کە لە ڕۆژی شەممە ١ی پوشپەڕی ١٣٢٥ (٢٢ / ٦ / ١٩٤٦)دا دەرکراوە، لە لاپەڕە (٢)دا ئاگادارییەک لە لایەن "دڵشادی ڕەسوڵی"یەوە بڵاوکراوەتەوە و تیایدا ڕایگەیاندوە کە نیازی ئەوەی هەیە گۆڤارێکی مانگانە بەناوی "زانست Zansist"ەوە دەربکات، جا بەو بۆنەیەوە داوای هاوکاریی لە نوسەران کردوە کە بە بابەتی ئەدەبی، زانستی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بۆ گۆڤارەکە بنێرن. دەقی ئەو ئاگادارییە بەم جۆرەیە:

**بۆ زانین**
**زانست**
**Zansist**

گوواری زانست گوواریکی زانستی، کومەلایەتی، تربیتی ئەدەبیە لە مانگی پووشپەری سالی ١٣٢٥ وە مانگی ژمارەییک وەدەردەکەوی. لە نوسەرانی بەرزی کوردستان تکا دەکەین مقالاتی ادبی زانستی کومەلایەتی تربیتی بە نشانی (وزارەت فەرهەنگ دەفتەری گوواری زانست) بومان بنیرن تا لە گوواری زانست دا دەرج بکری.

مدیری مسئول و خاوەنی امتیاز دلشاد رسولی

ئەگەر بێت و پاش ئەم ئاگادارییە، ئەم گۆڤارە دەرکرابێت، ئەوا پێویستە ناوەکەی لە دوای "گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد" بنوسرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی کە تا ئێستا هیچ ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە نەدۆزراوەتەوە و دەستنەخراوە، ناتوانین لە خۆمانەوە ناوەکەی لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا تۆماربکەین!

٥- لەم کتێبەدا کە دەربارەی "گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان"ە، (٢٦) لاپەڕە دەربارەی (نامەی کوهستان) نوسراوە (ل ١٦٩ هەتاکو ل ١٩٥)، لە حاڵێکدا ئەو ڕۆژنامەیە لە "تاران" و بە زمانی "فارسی" دەرکراوە! بەڵام کەمتر لە (١٤) لاپەڕە دەربارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی کۆماری کوردستان نوسراوە! ئایا دەبێت لەکتێبێکی ئاوادا کە دەربارەی"گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستان"ە، (٢٦) لاپەڕە دەربارەی (نامەی کوهستان) بێت، بەڵام (١٤) لاپەڕە دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان بێت! جێی سەرنجە کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێک لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی کۆڵیوەتەوە، لە یەکەم پەرەگرافدا نوسیویەتی: "یەکێک لەکارە هەرە گرنگ و پڕ بایەخەکانی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان لە ڕوی ڕۆشنبیری و کلتورییەوە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، هەوڵدانێکی سەرکەوتو بو، بناغەدانانێک بو بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی، کە ئەرکێکی قورس و توانایەکی ماددی و مەعنەوی زۆری گەرەکە ...". باشە کە ئەو ڕۆژنامەیە هێندە گرنگ بوە، چۆن تەنها بەوەندە بەڕێکراوە! بەراوردێکی دیکە بۆ سەلماندنی ئەو لاسەنگییە ئەوەیە کە ڕۆژنامەی کوردستان (١١٤) ژمارەی لێدەرکراوە، بەڵام (نامەی کوهستان) کەمتر لە (٩٠) ژمارەی لێدەرکراوە. جێی سەرنجە کە لەم کتێبەدا (٢٦) لاپەڕە دەربارەی (نامەی کوهستان) نوسراوە، بەڵام لەهەمو ئەو جێیانەدا کە ناوی ڕۆژنامەکە یان هەفتەنامەکە هاتوە، تەنها (کوهستان) نوسراوە! ڕاستییەکەی ناوەکەی (نامەی هەفتەگی کوهستان) بوە، نەک (کوهستان)! بەڵام لە سەروتاری یەکەم ژمارەیدا و لە هەندێک وتاری دیکەدا تەنها (نامەی کوهستان) نوسراوە و ئێمەش دەتوانین هەر بەو جۆرە بینوسین. {پاشان دەچمەوە سەر ئەم باسە، لێرەدا هەر ئەمەندە بە پێویست دەزانم}.

٦- وەکو سەرنجم داوە لەسەر هەندێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان مێژوە(زایینییەکان) بە هەڵە نوسراون. دەرک نەکردن بەم حاڵەتە زۆر کەس لەوانەی بە هەڵەدا بردوە کە دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیەیان نوسیوە! تا ئێستا من کۆپیی (٦٤) ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیەم دەستکەوتوە و سەرنج و تێبینیم دەربارە نوسیوە. لەسەر هەندێک ژمارە (بەتایبەت ژمارەکانی دوایی) تەنها مێژوی هەتاوی نوسراوە. لەسەر گەلێک ژمارەشی مێژوی هەتاوی و کۆچی و زایینیش نوسراوە. بەڵام لەسەر هەندێک ژمارەی مێژوە زایینییەکە بە هەڵە نوسراوە. لێرەدا (وەک نمونە) ئاماژە بۆ چەند دانەیەک لەوانە دەکەم:

یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ / ١ / ١٩٤٦دا دەرکراوە، بەڵام لەسەر خودی ئەو ژمارەیە ١١ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە.

ژمارە ٢ی لە ڕۆژی شەممە ١٢ / ١ / ١٩٤٦ دا دەرکراوە، لەسەر ئەو ژمارەیە ١٣ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە.

ژمارە ٥ی لە ڕۆژی شەممە ١٩ / ١ / ١٩٤٦ دا دەرکراوە، لەسەر ئەو ژمارەیە ٢٠ی ژانویە ١٩٤٦ نوسراوە.

**پێنجەم:**

لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوە بەگشت زانیارییەکانیەوە، خاڵێکی گرنگە و دەبێت بەوردی ڕەچاوبکرێت. ئەگەر دیقەتی پەراوێز و سەرچاوەکانی ئەم کتێبە بدەین، دەبینین هەندێک لە سەرچاوەکان بەتەواوی و دروستیی نەنوسراون. من لای خۆم چەند دانەم لەوانە دەسنیشانکردوە، بەڵام لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ دوان لەوانە دەکەم:

١- لە ل (٢٥٩)دا بۆ ژیاننامەی دڵشادی ڕەسوڵی سودی لە یەکێک لە ژمارەکانی گۆڤاری بەیان وەرگرتوە و لە ل (٢٨٢)دا لە پەراوێزی ژمارە (٤٨)دا بەم جۆرە ئاماژەی بۆ کردوە: "گ بەیان، ژ ١٤٨، ١٩٨٨، ل ٨٠". دەبینین نە ناوی نوسەر و نە ناوی وتارەکەی نەنوسیوە!

٢- لە ل (٥٥)، لە پەراوێزی (٩)دا ئاماژەی بۆ چەند سەرچاوەیەک کردوە، یەکێکیان وتوێژێکی ڕۆژنامەییە کە محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ "محەمەدی شاپەسەندی"دا سازیانکردوە. لەوێدا سەرچاوەکە بەم جۆرە دەسنیشانکراوە: "محەمەدی شاپەسەندی، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٢٤، ٢٤ / ٥ / ١٩٩٢، ل ٧". ڕاستتر و دروستتر بو کە بەم جۆرە بینوسیایە: "گفتوگۆیەک لەگەڵ سەربازی نەناسراو محەمەدی شاپەسەندی، ئامادەکردنی: محەمەد فەریق حەسەن و کەژاڵ ئەحمەد، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، خولی دوەم، ژمارە ٢٤، ٢٤ / ٥ / ١٩٩٢، ل ٧". هەرچەند لەم کتێبەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە ڕاستیدا ئەو وتوێژە دو بەشە، بەشەکەی دیکەی لە هەمان ڕۆژنامە، لە ژمارە ٢٥، ٣١ / ٥ / ١٩٩٢دا بڵاوکراوەتەوە. شایانی باسە محەمەد فەریق حەسەن لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ"شدا دەربارەی ڕۆڵی محەمەدی شاپەسەندی لە بواری کاری چاپەمەنییدا نوسیوە.(٨)

**شەشەم:**

لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا دەسنیشانکردنی سەرچاوەی ئەو وێنە و دۆکۆمێنتانەی کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سودیان لێوەرگیراوە خاڵێکی گرنگە و دەبێت بەئەمانەتەوە ڕەچاوبکرێت. لەم کتێبەدا ئاماژە بۆ سەرچاوەی هیچکام لە وێنەکان نەکراوە. هەروەها لە ل (٥٢)دا کۆپیی بەیاننامەیەکی کۆمەڵەی ژ. ک. بەرچاو دەکەوێت، بەبێ ئەوەی ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی کردبێت! وەکو من بزانم کۆپیی ئەو بەیاننامەیەی لە کتێبی "نگاهی به تاریخ مهاباد"، نوسینی: سید محەمەدی سەمەدی، وەرگرتوە.(٩) لە ل (٢٣)شدا کۆپیی وێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک. بەرچاو دەکەوێت کە ئاماژەی بۆ سەرچاوەکەی ئەویش نەکردوە! دڵنیام کە ئەو وێنەیەی لە ل (٦٥٩)ی کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی"، نوسینی: عەلی کەریمی، وەرگرتوە.(١٠) لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕاستییەک بخەمە ڕو، ئەویش ئەوەیە کە ئەو وێنەیە و چەند وێنەی زۆر بەنرخی دیکە، کە زۆربەیان هی دەورانی چالاکیی(کۆمەڵەی ژ. ک.)ن، محەمەدی شاپەسەندی پاش ساڵەها ژیانی ئاوارەیی و دەربەدەری پاراستبونی و نەیهێشتبو بفەوتێن، ساڵی ١٩٩٨ بە ئەمانەتەوە داینی بە من کە بە سکانەر وێنەیان لێبگرمەوە و گەورەشیان بکەم. پاشان لە دەزگای "خاک" لە هەر وێنەیەکیان چەند دانەیەکمان لێ کۆپی کرد و وێنە ئۆریگناڵەکان و هەندێک لە کۆپییە گەورەکراوەکانم بۆ محەمەدی شاپەسەندیی گەڕاندەوە. دواتر بە ئاگاداریی

خۆی کۆپیی (چەند) دانەیەکیانم بۆ عەلی کەریمی نارد، کە ئەوودەم نیازی چاپکردنی کتێبەکەی هەبو. ئەوەبو پاشان وێنەکانی لە پاشکۆی کتێبەکەیدا دانابو، بەڵام بەهەر هۆیەک بو، ناوی محەممەدی شاپەسەندی وەک "خاوەنی وێنەکان" لەبیرکرابو! ئەو وێنانە لە کتێبی "ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی"دا لە ل ٦٥٧، ٦٥٨، ٦٥٩، ٦٦٠ و ٦٧٦ دا دانراون.

## حەوتەم:

نرخ و بەهای لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە بەوە زیاد دەکات کە بەرلەهەرچی بە شێوەیەکی ورد و زنجیرەیی ئاماژە بۆ (پێشینەی مێژویی) ئەو باسە بکرێت کە نوسەرەکە مەبەستێتی لێیبکۆڵێتەوە. لەم کتێبەشدا باشتر و زانستییانەتر بو کە لە سەرەتادا، ئەگەرچی بە کورتییش بوایە، لە دوتوێی چەند لاپەڕەیەکدا ئاماژە بۆ پێشینەی ڕۆژنامەنوسیی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بەرلە کۆماری کوردستان) بکرایە. هەرچەند لە هەندێک جێدا ئاماژەی لەو جۆرە بەرچاو دەکەون، بەڵام لە هیچ کامیاندا زانیاریی ورد و پێویست نەنوسراون و باسەکان بە شێوەی زنجیرەی مێژویی نین. بۆ نمونە لە ل (١٦٩)دا بەپشتبەستن بە چەند وتارێکی ئەحمەدی شەریفی کە لە هەفتەنامەی "ئاییدەر"دا بڵاویکردوەتەوە، ناوی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی نوسیوە کە هەندێکیان نە لەدور و نە لە نزیک پەیوەندییان بە کوردەوە نییە و ئەحمەدی شەریفی لە خۆڕایی لە نێو ڕۆژنامەنوسی کوردیدا جێی بۆکردونەتەوە! {لەم ڕووەوە نامەم بۆ چەند کەسی شارەزا ناردوە. لەوەڵامی نامەکانمدا زانیاریی بەسود و باسنەکراویان بۆ نوسیوم، بەڵام بۆ ئەوەی لێرەدا باسەکە لەوە زیاتر درێژە نەکێشێت، هەڵیان دەگرم بۆ کات و شوێنی خۆیان}. هەروەها لە ل (٦٧)دا نوسیویەتی: "زۆربەی سەرچاوەکان، ڕۆژنامەنووسیی و چاپخانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕووی مێژووییەوە، دەدەنە پاڵ ئەو هەوڵە جوامێرانەیەی نەوەی بەدرخانیەکان و بە تایبەتی (عەبدولڕەزاق بەدرخان) لە شاری (خوی)، کە لە ساڵی (١٩١٣)دا هەوڵیداوە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئێراندا بە ناوی (کوردستان) بڵاوبکاتەوە...". لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نوسەری ئەم کتێبە ئاگای لەوە نییە کە لە ساڵی ١٩١٠دا میسیۆنێکی مەسیحی لۆتەری گۆڤارێکی مانگانەی بەناوی "کوردستان میشنێری" بە زمانی ئینگلیزیی دەرکردوە و بەشی هەرە زۆری وتارەکانی تایبەت بون بە شاری مەهاباد و ناوچەی موکریان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە گەلێک ژمارەیدا وێنەی مەهاباد و خەڵکی مەهاباد بڵاوکراونەتەوە. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە بە ئینگلیزیی بوە و لە ئەمەریکا چاپکراوە، بەڵام چونکە هەمو بابەتەکانی پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شاری مەهابادەوە هەیە و بەشی زۆری وتار و وێنەکانی لە مەهابادەوە نێردراون، ناکرێت لە ڕیزی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ئاماژەی بۆ نەکرێت. لە هەندێک سەرچاوەشدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە چەند میسیۆنێرێکی ئەڵمانی لە مانگی ئاپریلی ١٩١٤دا لە ورمێ گۆڤارێکیان بە ناوی "کوردستان"وە دەرکردوە. جێی سەرنجە لە ل (٦٧) و (٦٨)دا چەند دێڕێکی دەربارەی ڕۆژنامەی "کورد" نوسیوە کە لە ورمێ لەلایەن (مەلا محەمەدی قزڵجی)یەوە، لە سەردەمی بزوتنەوەکەی سمایل خانی شوکاکدا دەرکراوە، لەوێدا نەینوسیوە ئەو ڕۆژنامەیە لە (چ ساڵ و مانگ و ڕۆژێک)دا دەرکراوە!

### ڕاستکردنەوەی هەندێک لە هەڵەکانی نێو کتێبەکە:

* لە ل (١٢)دا نوسیویەتی "کۆمەڵی ژێ. کاف لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٤٢دا دامەزراوە". بەڵام لە ل (٢٤)دا (٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٢)ی نوسیوە.

چەندساڵ لەمەوپێش لە لێکۆڵینەوەیەکم دا بەوردیی لە ناوی تەواوی (کۆمەڵەی ژ. ک.) و مێژوی دامەزراندنی و ناوی دامەزرێنەرەکانیم کۆڵیوەتەوە.(۱۱) لەوێدا بەبەڵگەوە سەلماندومە کە کۆمەڵەی ژ. ک. لە ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ۱۶ / ۸ / ۱۹۴۲ بەرامبەر بە ۲۵ی گەلاوێژی ۱۳۲۱ی هەتاوی دامەزراوە ، نەک ۱۶ی ئەیلولی ۱۹۴۲. هەروەها دەبوا بیزانیایە کە ۲۵ی گەلاوێژ دەکاتە (۱۶ی ئاب)، نەک (۱۶ی ئەیلول)!

* لە ل (۲۴) و (۸۷)دا وای بۆچوە کە پیتی (ژ) و (ک)ی ناوی "کۆمەڵەی ژ. ک." کورتکراوەی "ژیانەوەی کورد"ن. هەروەها لە دەیان لاپەڕەی دیکەشدا هەر "کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد"ی نوسیوە. لەو لێکۆڵینەوەیەمدا کە دەربارەی "کۆمەڵەی ژ. ک."ە لە ناوی تەواوی کۆمەڵەی ژ. ک.م کۆڵیوەتەوە. لەوێدا بەبەڵگەوە سەلماندومە کە کۆمەڵەی ژ. ک. کورتکراوەی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان)بوە. ئەمەش یەکێک لە بەڵگەکان:

عەبدولڕەحمانی زەبیحی کە یەکێک لە دامەزرێنەران و ئەندامە چالاک و دیارەکانی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی ژ. ک. بوە، لە وتارێکی کورت و بەنرخدا کە ساڵی ۱۹۶۰ بە عەرەبیی لە ڕۆژنامەی "خەبات"دا بڵاویکردوەتەوە، سەبارەت بە ناوی کۆمەڵەی ژ. ک.، هەڵەی "ئارشێ ڕۆزڤێلت"ی ڕاستکردوەتەوە.(۱۲) چونکە ئارشێ ڕۆزڤێلت لەو وتارەیدا کە ساڵی ۱۹۴۷ لە گۆڤاری " The Middle East Journal"دا بڵاوی کردوەتەوە، ناوەکەی بەم جۆرە نوسیوە: "کۆمەڵە ـ ی ـ ژیان ـ ی ـ کورد".(۱۳) عەبدولڕەحمانی زەبیحی لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە ئارشی ڕوزڤێلت بەهەڵە ناوەکەی نوسیوە، ئنجا نوسیویەتی: "ناوی دروستی کۆمەڵەی ژ. ک. بەم جۆرەیە: کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کە دەبێتە حزب احیاء کردستان، نەک ژیانی کورد".(۱۴) سەرنج دەدەین کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی ئەگەرچی وتارەکەی بە عەرەبیی نوسیوە، کەچی ناوەکەی بە کوردی و عەرەبیش نوسیوە، چونکە زانیویەتی گەلێک جار ناوەکەی بە هەڵە نوسراوە. دیارە تەنها مەبەستی ئەوە نەبوە کە هەڵەی ئارشێ ڕۆزڤێلت ڕاستبکاتەوە! بەڵکو ویستویەتی سەرنجی مێژونوس و ڕوناکبیرانی کوردیش بۆ ئەوە ڕابکێشێت و چیدیکە ئەو هەڵەیە چەندبارە نەبێتەوە!

* لە ل (۲۵)دا نوسیویەتی: "ئەوانەی لەدامەزراندنی (کۆمەڵە)دا دەوریان بو، ئەمانە بون: (۱- ڕەحمانی حەلەوی. ۲- موحەممەد ئەمین شەرەفی. ۳- موحەممەدی نانەوا زادە. ۴- ڕەحمانی زەبیحی. ۵- حوسێنی فروهەر (زەرگەری). ۶- عەبدولڕەحمانی ئیمامی. ۷- قاسمی قادری. ۸- مەلا عەبدڵڵای داودی. ۹- ئەحمەدی عیلمی. ۱۰- عەزیزی زەندی. ۱۱- موحەممەدی یاهو. ۱۲- میرحاج".

هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا، لە ل (۵۴)، لەپەراوێزی (۶) دا نوسیویەتی: "ویلیام ئیگلتۆن جونێر، کۆماری کورد لە ساڵی ۱۹۴۶، وەرگێڕانی سید محمد صمدی، ب ۱، ل ۱۴۴، و. ف، ل ۲۴۴. لەوەرگێڕانە فارسی یەکەدا، لەناوەکاندا ناوی قادری مودەریسی تێدایەو ناوی عەزیزی زەندی تێدا نی یە".

لێرەدا سەرنج دەدەین بۆ ناوی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ. ک. پەنای بردوەتە بەر وەرگێڕانە کوردی و فارسییەکەی کتێبەکەی ویلیام ئیگلتۆن، کە سەید محەممەدی سەمەدی وەریگێڕاوە. لە حاڵێکدا ئەو دو وەرگێڕانە هەڵە و کەموکڕییان یەکجار زۆرە. سەید محەممەدی سەمەدی لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا لەبریتی ئەوە کە بە ئەمانەتەوە و دەقاودەق کتێبەکەی ویلیام ئیگلتۆن وەربگێڕێت، پاشکۆیەکی بۆ

کتێبەکە زیادکردوە و چەند بەشی گرنگی کتێبە ئۆریگینالەکەشی فەرامۆشکردوە! ڕاستییەکەی ئەو ناوانەی کە لە وەرگێرانە فارسییەکەدا نوسراون، لە زمانی "عەبدولقادر مودەرسی"یەوە نوسراون و ئەو ناوانە نین کە ویلیام ئێگڵتۆن لە کتێبەکەیدا نوسیونی! {ئەم هەڵەیە بەسەر نوسەری ئەم کتێبەشدا تێپەڕیوە و دەرکی بەوە نەکردوە کە ئەو ناوانە لە زمانی عەبدولقادر مودەرسییەوە تۆمارکراون!}. جیا لەوەش ئەوەی کە لە چاپە کوردییەکەدا ناوی عەبدولقادر مودەرسی نەنوسراوە، ئەوە هەڵەی سەید محەمەدی سەمەدی بوە! لێرەدا دەگەینە ئەو باوەڕەی ئەگەر دەقە ئینگلیزییەکەی کتێبەکەی "ویلیام ئێگڵتۆن"ی لەبەر دەستدا بوایە، لایەنی کەم لەوە دڵنیا دەبو کە لەوێدا ناوەکان چۆن نوسراون!

ڕاستییەکەی ویلیام ئێگڵتۆن لە پاشکۆی کتێبەکەیدا، لە لاپەرە (١٣٣)دا، ناوی دامەزرێنەرەکانی "کۆمەڵەی ژ. ک"ی بەم جۆرە نوسیوە: "ڕەحمان حەلاوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، محەمەد نانەوا زادە، ڕەحمان زەبیحی، حوسێن فروهەر (زەرگەری)، عەبدولڕەحمان ئیمامی، قاسم قادری، مەلا عەبدوڵڵا داودی، قادر مودەریسی، ئەحمەد عیلمی، عەزیز زەندی، محەمەد یاهو، میرحاج (خەڵکی عیراق)".(١٥)

بەڵام وەک من بەم باسەوە خەریک بوم و لێمکۆڵیوەتەوە، چەند کەسێک لەوانەی کە ویلیام ئێگڵتۆن ناوی لەڕیزی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەدا نوسیوە، دواتر پەیوەندییان کردوە بەکۆمەڵەوە و لەدەستەی دامەزرێنەر نەبون، وەک: "ڕەحمان حەلاوی، محەمەد ئەمین شەرەفی، ئەحمەد عیلمی، محەمەد یاهو". هەروەها کە ناوی میرحاج و هەندێک جار ناوی مستەفا خۆشناو لە ڕیزی ناوی دامەزرێنەران نوسراوە، ئەوان ئەندام و نوێنەری حیزبی هیوا بون. تەنانەت "عیزەت عەبدولعەزیز"یشیان لەگەڵ بوە و بەمەبەستی ڕێنوێنی و هاوکاریی ڕوناکبیرانی کورد لە کوردستانی ئێران، ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ / ٨ / ١٩٤٢ دەچنە شاری مەهاباد و چەند ڕۆژێک لە ماڵی حوسێن فروهەر دەمێننەوە. لە ڕێگای حوسێن فروهەر و عەبدولڕەحمانی زەبیحیەوە چاویان بەدەستەیەک لە کەسە ڕوناکبیرو چالاکەکانی شاری مەهاباد دەکەوێت و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەگەڵدا دەکەن. ئەوان سەرەتا نیازیان دەبێت لقێکی "حیزبی هیوا" لە موکریان دابمەزرێنن. پاش وتوێژ و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجەکە، دەگەنە ئەو باوەڕەی کە ڕێکخراوێکی دیکە دابمەزرێنن کە لەگەڵ "حیزبی هیوا" دا هاوبەرنامە و هاوئامانج بن. سەرەنجام ڕۆژی یەک شەممە ١٦ / ٨ / ١٩٤٢کۆمەڵەی ژ. ک."کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دادەمەزرێنن. حوسێن فروهەر بە سەرۆک و عەبدولڕەحمانی زەبیحی بە سکرتێری کۆمەڵە هەڵدەبژێردرێن. (١٦) پاش سێ ساڵ تێکۆشانی بەردەوام، ڕۆژی پێنج شەممە ١٦ / ٨ / ١٩٤٥ لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک.، حیزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت.

"عەزیز زەندی"ش لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵە نەبوە، چونکە عەزیز زەندی بەر لەوەی کۆمەڵەی ژ. ک دابمەزرێنرێت، هەر ئەو دەم کە بەناوی "حیزبی ئازادیخوازی کوردستان"ەوە کاریان کردوە، لەگەڵ چەند کەسی هاوبیروباوەڕی خۆی لە حیزبەکە چونەتە دەرەوە و بەجیاکاریان کردوە.(١٧)

* لە ل (١٣)دا وای دەربڕیوە کە توانیویەتی (لەسەدا نەوەدی ٩٠%) گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان بەدەستبێنێت! نازانم ئەو ڕێژەیەی لە کوێ هێناوە و چۆنی لێکداوەتەوە! ئاخۆ لە (١١٤) ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان چەند ژمارەی

دەست ئەو کەوتوە؟ یان لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری کوردستان چەند ژمارەی دەست ئەو کەوتوە؟ هەروەها چەند ژمارەی (نامەی کوهستان، گۆڤاری هاواری کورد، گۆڤاری هاواری نیشتمان، گۆڤاری ئاوات، گۆڤاری هەڵاڵە و گۆڤاری گروگاڵی منداڵانی کورد)ی دەستکەوتوە؟.. لەوباوەڕەدام کە ئەو ڕێژەیە، واتە (٩٠%)، زیادەڕۆیی تیادایە و لە ڕاستییەوە دورە. باشتر بو نوسەری ئەم کتێبە وردتر و ڕیالیستیانە ئەو لایەنەی لێکبدایەتەوە!

* لە ل(٢٢)دا نوسیویەتی: "لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤١ دا سۆڤیەت و ئینگلستان بەناوی هێزی هاوپەیمانانەوە ئێرانیان داگیرکرد". ڕاستییەکەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیا لە ڕۆژی دو شەممە ڕێکەوتی ٢٥ / ٨ / ١٩٤١ دا شاڵاویان کردە سەر ئێران، نەک ٢٥ی ئەیلولی ١٩٤١.

* لە باسی "باری پەروەردەو فەرهەنگی"ی کۆماری کوردستاندا لە ل(٣٨) و (٣٩)دا نوسیویەتی:"لە بواری ڕۆشنبیریدا جووڵانەوەی شانۆیی گرو تینێکی تازەی بە خۆوە بینی و لەوماوە کورتەدا سێ شانۆگەری کوردیی نمایش کران... شانۆگەری صلاح الدین، لە نووسینی پێشەوا قازی محەممەد، کە لە شاری مەهاباد پێشکەش کراوەو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە... شانۆگەری دووەم بەناونیشانی(دایکی نیشتمان)ە، کە لە نووسینی پێشەوا قازی محەمەدەو لەمەهاباد پێشکەشکراوە...". لە ل (٤٠)دا نوسیویەتی: " شانۆگەری سێیەم، لە شاری سەقز، لە ١٩٤٦ لە دەبیرستانی شاپوور بە ناوی(تەبیبی ئیجباری) لە نوسینی مۆلێیر پێشکەشکراوەو داهاتی شانۆگەرییەکەش بۆ خوێندکارە هەژارەکان بووە... شانۆگەریی (دایکی نیشتمان) گومان هەیە لەوەی قازی محەمەد نوسیبێتی، من بۆ خۆم لە(کامەران موکری)م بیستوە لە شانۆگەری ناوبراودا ڕۆڵی بینیوە و لەمەهاباد و شارەکانی دیکەدا پێشکەشیان کردوە".

لێرەدا چەند باس و ڕوداوێک تێکەڵکراون. هەوڵدەدەم هەندێکیان ڕون بکەمەوە:

یەکەم . شانۆگەریی سەلاحەدین و دایکی نیشتمان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پێشکەش نەکراون و بە هەڵە لەم کتێبەدا لە ڕیزی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی کۆماردا دانراون! بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی مێژویی دەوڵەتی ئێران کە کۆپییان لای من هەیە، لە چەند دانەیەکیاندا ناوی شانۆگەریی"سەلاحەدین" هاتوە و ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە لە مانگی فێبروەریی ١٩٤٣ (واتە بەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ. ک.) لە مەهاباد شانۆگەرییەک بەناوی "سەلاحەدین"ەوە پێشکەش کراوە. نوسراویشە کە لەو نمایشەدا سوکایەتیی بە سوپای ئێران کراوە، هەروەها باسی ئەوەش کراوە کە ئەو نمایشە لە ڕوی هونەری و ناوەرۆکیشەوە لاواز بوە. شانۆگەریی "دایکی نیشتمان"یش لە مانگی ئاپریلی ساڵی ١٩٤٥ دا لە لایەن ئەندامانی (کۆمەڵەی ژ. ک.)ەوە سەرەتا لە شاری مەهاباد و پاشان لە نەغەدە و دواییش لە شنۆ پێشکەش کراوە.

دوەم . ئەگەر لەوە دڵنیانەبوە کە تێکستی "دایکی نیشتمان" قازی محەمەد نوسیبێتی، دەبوا لە (٣٩)دا وا بەدڵنیاییەوە نەینوسیایە: "شانۆگەری دوەم بەناونیشانی (دایکی نیشتمان)ە، کە لە نوسینی پێشەوا قازی محەمەدەو لەمەهاباد پێشکەش کراوە".

سێیەم . زۆر ڕونکردنەوە هەن کە دەیسەلمێنن تێکستی شانۆگەریی "دایکی نیشتمان" لەباشوری کوردستانەوە بۆ مەهاباد نێردراوە. غەنی بلوریان کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی ئەو شانۆگەرییەدا و یەکەم کەسە کە وا بەوردیی باسی کردبێت،

لەبیرەوەرییەکانیدا نوسیویەتی: "سەرکردایەتی ژ. ک. نومایشنامەیەکی دەستکەوتبوو بەناوی "دایکی نیشتمان" کە من نەمزانی ئەو نومایشنامەیە لەکوێوە هاتبوو. دەگوترا لەگەڕمێنەوە هاتووە، بەڵام من لام وابوو "میرحاج ئەحمەد" ئەوی لەسلێمانی هێناوە و داوییەتی بە کۆمەڵە".(١٨)

چوارەم . لەبەر ئەوەی کە شاری(سەقز) نەکەوتبوە نێو قەڵەمڕەوی کۆماری کوردستانەوە، ناکرێت چالاکییەکی ڕۆشنبیریی کە لەو دەمەدا لەو شارەدا ئەنجام درابێت، وەک چالاکییەکی ڕۆشنبیریی کۆماری کوردستان لێکبدرێتەوە!

پێنجەم . ئەوەش کە نوسیویەتی: "من بۆ خۆم لە (کامەران موکری)م بیستوە لە شانۆگەری ناوبراودا ڕۆڵی بینیوە و لە مەهابادو شارەکانی دیکەدا پێشکەشیان کردوە". زانیارییەکی تەواو هەڵەیە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە! کامەران موکری ئەو دەمە تەمەنی ١٣ ساڵان بوە، جا نازانم چۆن خۆی گەیاندوەتە مەهاباد و "شارەکانی دیکە" و بەشداریی لەو شانۆگەرییەدا کردوە؟! سەیرەکە لەوەدایە کە نوسیویەتی: "من بۆ خۆم لە (کامەران موکری)م بیستوە"! لە هیچ جێیەکدا نەم خوێندوەتەوە و نەمبیستوە کە کامەران موکری لەو ساڵانەدا چوبێتە مەهاباد! تەنانەت من خۆم لەنزیکەوە ناسیومە و گەلێک جار بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی بۆ گێراومەتەوە، بەڵام هەرگیز لێمنەبیستوە کە لەسەردەمی چالاکیی کۆمەڵەی ژ. ک. دا چوبێتە مەهاباد. بەڵام گەلێک جار باسی ئەوەی بۆ کردوم کە لە شانۆگەریی (لەڕێی نیشتماندا) وەک ئەکتەر بەشداریی کردوە. ئەو شانۆگەرییە مانگی جولای ساڵی ١٩٤٦ لەسلێمانی و هەولێر پێشکەشکراوە.(١٩)

شەشەم . لە ل (٥٥)، لە پەراوێزی (١١)دا نوسیویەتی: "نمایشی (دایکی نیشتمان)، ئیگلتۆن ئەو ڕۆژگارەی بە چاوی خۆی لە مهابادیٚ دیوویەتی و باسی کردووە ...". ڕاستییەکەی ویلیام ئیگڵتۆن ساڵی ١٩٦١ چوەتە مەهاباد، ئەویش ئەو کاتەی کە وەک کۆنسوڵی ئەمریکی لە شاری تەوریز کاریکردوە. سەردانەکەشی بۆ ئەوە بوە کە زانیاریی دەربارەی کۆماری کوردستان و کەسایەتییەکانی ئەو دەمە کۆبکاتەوە. چونکە ئەو چەند ساڵ لەوەپێش بیرۆکەی لێکۆڵینەوە لە کۆماری کوردستانی کەوتوەتە سەر. ویلیام ئیگڵتۆن لە پێشەکیی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە لەکاتی سەردانی مهاباددا زۆربەی کات "سیرۆسی حەبیبی" لەگەڵ بوە. سیرۆسی حەبیبی دایکی ئەمریکی و باوکی کورد و خەڵکی مەهاباد بوە. ئەو لە نمایشی دایکی نیشتماندا ڕۆڵێکی دیاری هەبوە. بێگومان ویلیام ئیگڵتۆن لە زمانی ئەوەوە دەربارەی ئەو نمایشەی نوسیوە، نەک بەچاوی خۆی دیبێتی!

* لە ل (٢٧٠)دا کورتەیەکی ژیاننامەی محەممەدی شاپەسەندی نوسیوە کە چەند هەڵەی زەقی تێدا بەدیدەکرێت. لەوێدا ناوی نهێنیی محەممەدی شاپەسەندی لەنێو کۆمەڵەی ژ. ک دا بەم جۆرە نوسیوە: (م. اذر). ڕاستییەکەی ناوەکەی بەم جۆرە بوە: "م. ش. آذر ٨٢١". ئینجا نوسیویەتی: "ئەم ڕوناکبیرە، لەساڵی (١٩٣٢ز)دا لەشاری مەهاباد لەدایک بوە". محەممەدی شاپەسەندی چەندین جار بەدەمی پێی گوتوم و لەو نامانەشیدا کە بۆی نوسیوم، ئەوەی دوپات کردوەتەوە کە لە "پایزی ساڵی ١٩٢٠" دا لەدایکبوە.(٢٠) ئەگەر وەک لەو کتێبەدا نوسراوە ساڵی ١٩٣٢ لەدایک بوبێت! کەواتە ئەو دەمەی چوەتە نێو کۆمەڵەی ژ. ک دوە تەمەنی (١١) ساڵ بوە!

پاشان هەر لە ل(٢٧٠)دا نوسیویەتی: "لەسەرەتادا لەگۆڤاری (نیشتمان) دەستی بەکاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەنوسیی کردوە، پاشان

لەسەردەمی کۆماردا لەپاڵ سەید موحەمەدی حەمیدی و قادری مودەڕیسی دا ئەرکی بەڕێوەبردنی چاپخانەی لەئەستۆ بوە لەپێش ئەوەشەوە هەر وەکو خۆی دەڵێ هەوڵیداوە گۆڤاری (ئاوات)ی دەرکردووە بەنازناوی (ڕەمزی) نوسیویە و سێ ژمارەی لێ چاپ کردوە".

لێرەدا وشەی (رەمزی) ڕۆشن نییە و نازانرێت وەک ناوی کەس یان لەجێی وشەی "هێما، نازناو، ناوی خواستراو..." بەکاری هێناوە! ئەگەر مەبەستی لەوشەی "ڕەمزی" ناوی خواستراوە، باشتر بو کە ڕونیبکردایەتەوە و بینوسیایە ئەو ناوەخواستراوە چیبوە کە محەمەدی شاپەسەندی لەبریتی ناوی خۆی بەکاریهێناوە؟! ئەگەریش وای بۆ چوە کە بەنازناوی "ڕەمزی" (وەکو ناو) نوسیویەتی، ئەوا هەڵەیە، چونکە محەمەدی شاپەسەندی بەنازناوی "ئازاد"ەوە وتاری لەو گۆڤارەدا نوسیوە. هەروەها گۆڤاری "ئاوات" سێ ژمارەی لێدەرنەکراوە، بەڵکو تاقە یەک ژمارەی لێدەرکراوە.

لەبەرئەوەی زۆر کەسی دیکەش زانیاریی هەڵەیان لەبابەت ئەم گۆڤارەوە نوسیوە، من بەپشتبەستن بەو زانیارییانەی کە (دە) ساڵێک لەمەوپێش لەخودی محەمەدی شاپەسەندیم وەرگرتوە، لێرەدا کورتەیەک دەربارەی گۆڤاری ئاوات دەنوسم:

پاش دەرچونی ژمارە (٧ و ٨ و ٩)ی گۆڤاری نیشتمان، کۆمەڵەی ژ. ک. ئامێرێکی چاپی بچکۆلانە دەکرێت و دەیباتەوە مەهاباد. لەو کاتانەدا عەبدولڕەحمانی زەبیحی و دڵشادی ڕەسوڵی و قاسمی قازی بۆ جێبەجێکردنی کارێکی گرنگی کۆمەڵە بەرەو ورمێ دەچن. لە ڕێگا لەلایەن دەستەیەک سەربازی حکومەتی ئێرانەوە دەسگیردەکرێن و دەیانبەنە تەورێز، دواتر بەرەو تارانیان دەبەن و دەیانخەنە زیندانەوە. بە گیرانی عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هاوڕێکانی گۆڤاری نیشتمان دەوەستێت.

محەمەدی شاپەسەندی بەمەبەستی ئەوەی کە جێی گۆڤاری نیشتمان (ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ. ک.) خاڵیی نەبێت، لەمانگی ئۆگوستی ١٩٤٤دا گۆڤاری "ئاوات" دەردەکات. لەو گۆڤارەدا شاپەسەندی پەخشانێکی بەناوی (برای دوورم!) بە نازناوی "ئازاد" و شیعرێکی هێمن و شیعرێکی هەژار و چەند شیعر و بابەتێکی دیکە کە نیاز بوە لەژمارەی نوێی گۆڤاری نیشتماندا چاپی بکەن، لەو گۆڤارەدا بڵاودەکاتەوە.(٢١) پاش بڵاوبونەوەی ئەو ژمارەیەی ئاوات، چەند کەس لەبەرپرسانی کۆمەڵە محەمەدی شاپەسەندییان بانگکردوە و ڕەخنەیان لێگرتوە کە چۆن بەبێ ڕەزامەندیی ڕابەرانی کۆمەڵە، گۆڤارێکی بەو ئامێر و کەرەستانەی کۆمەڵە دەرکردوە! ئەویش مەبەستەکەی خۆی بۆ باسکردون و ڕەخنەکەیانی قبوڵکردوە. ئیدی نەیتوانیوە لەسەری بەردەوام بێت و ژمارەی دیکەی لێ دەربکات! محەمەدی شاپەسەندی چەندین جار باسی چۆنێتی دەرکردنی ئەم گۆڤارەی بۆ کردوم و تەئکیدی کرد کە لە"یەک ژمارە" زیاتری لێدەرنەکردوە و بەهەڵە لەهەندێک کتێب و وتاردا نوسراوە (سێ) ژمارەی لێدەرکراوە.

* لە ل(٢٥٧)دا کورتەیەکی ژیاننامەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی نوسیوە و نوسیویەتی: "لە ١٩٢٠ز دا لەدایک بوە".

ساڵی ١٩٩٧ هونەرمەند زاهیر سدیق لەسلێمانی پەیکەری عەبدولڕەحمانی زەبیحی دروستکرد. لەودەمەدا پرسیاری لە من کرد، لەژێر پەیکەرەکەدا چی بنوسین؟ منیش بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتمە ئەو باوەڕەی کە عەبدولڕەحمانی زەبیحی ساڵی ١٩١٨ لەدایک بوبێت. ئیدی لەژێر پەیکەرەکەدا نوسیمان: "تێکۆشەر و ڕوناکبیری گەورەی کورد عەبدولڕەحمان زەبیحی (عولەما) ١٩١٨- ١٩٨٠" بۆ دڵنیابون لەوەی کە ١٩١٨ زیاتر جێی باوەڕە، چەند بەڵگەیەکم هەیە:

١- هەژار لە "چێشتی مجێور"، ل (۱۸)دا نوسیویەتی: "زەبیحی بەتەمەن لە من باوخۆشتر بو". بەو پێیەی کە هەژار لە ۱۵ / ۴ / ۱۹۲۱ دا لەدایکبوە. کەواتە زەبیحی چەند ساڵێک پێش ئەو ساڵە لەدایک بوە. هەروەها محەمەدی شاپەسەندی چەندین جار ئەوەی لای من دوپاتکردوەتەوە کە زەبیحی دو تا سێ ساڵ لەو گەورەتر بوە. هەروەکو پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد، محەمەدی شاپەسەندی لە (پایزی ساڵی ۱۹۲۰)دا لەدایکبوە.{بەڵگەی دیکەش لەو بارەیەوە زۆرن بەڵام لێرەدا هەر ئەوەندە بە پێویست دەزانم }.

* لە ل (۲۴۵)دا کورتەیەکی ژیاننامەی "هێمن"ی نوسیوە و باسی ڕۆڵی "مەلا ئەحمەدی فەوزی"ی لە پەروەردەکردنی (هێمن)دا کردوە. پاشان لەدرێژەی ئەو باسەدا، لە ل(۲۸۰)و لە پەراوێزی ژمارە (۲۴)دا نوسیویەتی:"لەبارەی مەلا ئەحمەدی حاجی عەلی هەڵەبجەییەوە علاالدین سجادی هەر ئەوەندەی نووسیووە، کە لە ساباڵغ دانیشتووە ل دەوروبەری ساڵی ۱۹۲۳دا مردوە". سەیر ئەوەیە هیچ لەوەی نەکۆڵیوەتەوە کە ئەو ساڵە تا چ ڕادەیەک دروستە! باشە ئەگەر وا دابنێین کەئەو ساڵە ڕاستە، کەواتە دەبێت هێمن بە "دو ساڵیی" لای ئەو خوێندبێتی!

سەبارەت بە ژیان و شیعرەکانی مەلا ئەحمەدی فەوزی هەندێک زانیارییم لای خۆم تۆمار کردوە و لەچەند وتار و لێکۆڵینەوەمدا کورتەیەکیم بڵاوکردوەتەوە. (۲۲) لێرەدا پوختەیەکی دەخەمە بەرچاو :

مەلا ئەحمەدی فەوزی ساڵی ۱۸۷۵ لەگوندی عەبابەیلێی نزیک هەڵەبجە لەدایکبوە. لەسەردەمی حکومەتی شێخ مەحمود دا یەکێک بوە لە منەوەرەکانی ئەودەمی سلێمانی. پاش لەناو چونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، وەک زۆر تێکۆشەری دیکەی ئەودەمە، سلێمانی بەجێبێڵێت و لەناوچەی موکریان، لەگوندی حاجی کەند دەگیرسێتەوە. لەوێ بە پەروەردە و فێرکردنی منداڵان و مێرمنداڵانی ئەو دەڤەرەوە خەریک دەبێت. قازی محەمەد، هێمن، حەسەنی قزڵجی و گەلێک ڕوناکبیرو تێکۆشەری دیکەی نەتەوەکەمان شاگردی ئەو بون.

هێمن لەبیرەوەرییەکانیدا، لە سەرەتای دیوانی "تاریک و ڕوون" دا نوسیویەتی: "فەوزی بەبڕوای من یەکێکە لەگەورە پیاوانی مێژووی کوردستان، کەداخەکەم شوێنەوارەکانی فەوتان و خۆشی لەبیرچۆتەوە. ئەو لاوە کوردانەی لەسەردەمی پاتشایەتی ڕەزاخانی پەهلەویدا... ئازایانە کوردایەتیان دەکرد،یا ڕاستەوخۆ شاگردی فەوزی بون یا شاگردی شاگردەکانی ئەو. بەتایبەتی پێشەوا قازی موحەمەدی شەهید شانازی بەوەوە دەکرد کە شاگردی فەوزی بووە. مەلا ئەحمەدی فەوزی یا مەلای سولیمانی کێ بوو؟ چکارە بوو؟ بۆ پەڕیوەی مەڵبەندی ئێمە ببوو؟ نازانم... دەیان گوت خەڵکی شاری سولیمانی یە و لەکوردستانی عیراقەوە لەگەڵ شێخەلیسلامی گەورەدا... هاتۆتە موکریان. پاش مردنی شێخەلیسلام ژنەکەی ئەوی مارەکردبوو و کچێکی لێ هەبو... بۆ خۆی لەساڵی ۱۹۴۳-۱۳۲۲ دا لەگوندی حاجیکەند مرد و لە خانەقای شێخی بورهان نێژراوە".(۲۳) {جێی سەرنجە کە لە "تاریک و ڕوون"دا ساڵە زاینییەکە بەدروستیی نوسراوە. بەڵام ئەوە هەڵەی چاپە کە ساڵە هەتاوییەکە بوەتە ۱۹۲۲، ڕاستییەکەی "۱۳۲۲"ە}.

* لە ل(۲۶۷ - ۳۶۹) و چەند لاپەڕەی دیکەشدا هەندێک زانیاریی کورتی دەربارەی سەید محەمەدی حەمیدی نوسیوە، بەڵام هیچی دەربارەی بیۆگرافیی ئەو نەنوسیوە، کە لەکاتێکدا سەید محەمەدی حەمیدی یەکێک لەناسراوترین نوسەران و ڕوناکبیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان و سەرنوسەری گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان بوە. دەبوا لەم کتێبەدا تا ڕادەی پێویست دەربارەی

ژیاننامەی بنوسرایە.

من لای خۆمەوە بەنامە و ئیمایل و فاکس، پەیوەندیم بەچەند کەسەوە کردوە و هەندێک زانیاریم سەبارەت بەبیۆگرافیی سەید محەمەدی حەمیدی لای خۆم یاداشت کردوە. هەروەها ئەحمەدی شەریفی لەوتارێکی بەنرخیدا کورتەیەکی ژیاننامەی ئەوەی نوسیوەتەوە.(۲۴) وا لێرەدا تیشکێک دەخەمە سەر ژیانی: سەید محەمەد کوڕی عوبەیدوڵلا، کوڕی سەید فەیزوڵلا، کوڕی سەید شوکوروڵلای پارسانیا، ساڵی ۱۹۰۳ لەگوندی داشالوجەی سەقز لەدایکبوە. لەبەر ئەوەی مرۆڤێکی ڕوناکبیر و پاک و دڵسۆز بوە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کراوەتە سەرنوسەری گۆڤاری کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان. پاش کۆمار توشی مەینەتی و دەربەدری بوە. ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ۲۷ / ۴ / ۱۹۷۹ لە شاری سنە کۆچی دوایی کردوە و لە گۆڕستانی شێخ محەمەدی باقری غیاس نێژراوە. سەید محەمەدی حەمیدی یەکێکە لە هەزاران ڕوناکبیر و تێکۆشەری گومناوی نەتەوەکەمان.

* لە ل(۴۲)دا ناوی "سدیق ئەنجیری ئازەر"ی هێناوە و لە ل(۶۱)، لەپەراوێزی ژمارە (۳۸)دا نوسیویەتی: "ئەم ڕووناکبیرە لە ساڵی ۱۹۶۸ دا تیرۆر کرا". پاشان لە ل(۶۲)دا بەپێی سەرچاوەیەکی دیکە نوسیویەتی:" هێدی پێی وایە لەساڵی ۱۹۶۶دا لە مامەڕووت لە کوردستانی باشوور لە ئەنجامی سەرەڕۆیی ئەحمەد تۆفیق دا تێدا چوە". لە ل(۹۹)شدا نوسیویەتی: "سەدیق ئەنجیری ئازەر یەکێک بوو لە تێکۆشەرەکانی سەردەمی کۆمارو پاشتریش وەکو مامۆستای قوتابخانە، دوور خراوەتەوە بۆ تاران و لەوێ پەرەی بە خوێندن داوەو بووەتە مامۆستای زانستگا... پاش ڕووخانی کۆمار ئاوارەی کوردستانی باشوور بوو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە گەڵ حیزبی(تودە)ی مارکسیدا کاری کرد". لێرەدا چەند هەڵەی زەق بەرچاودەکەون:

۱- بەپێی هەندێک زانیاریی گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە سدیق ئەنجیری ئازەر لەسەرەتای مانگی مای ۱۹۶۶دا بەبڕیاری ئەحمەد تۆفیق "عەبدوڵلای ئیسحاقی"و بەدەستی سەید حەسەن (برازای ئەحمەد تۆفیق) تیرۆرکراوە. چەند کەسی دیکەش دەستیان لەوکارە تیرۆریستییەدا هەبوە کە هەندێکیان مردون و ئەوانی دیکەش لە ژیاندان!

۲- سدیق ئەنجیری ئازەر "مامۆستای زانستگا" نەبوە، بەڵکو کارمەند "فەرمانبەر" بوە لە وەزارەتی فەرهەنگ!

۳- سدیق ئەنجیری ئازەر پاش ڕوخانی کۆماری کوردستان نەهاتوەتە باشوری کوردستان، بەڵکو دوای ڕوخانی کۆمار خۆی گەیاندوەتە تاران و لە گوندی (گلندوک) کە دەکەوێتە نزیک تارانەوە، بوەتە مامۆستا و بەوجۆرە خۆی گوم کردوە و لەگرتن و زیندان ڕزگاریبوە. ئیدی هەر لەتاران ژیاوە هەتاکو ساڵی ۱۹۶۴. لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۶۴دا لەسەر داوا و پێشنیاری "سلێمانی معینی" بۆ بەشداریی لە دوەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە تارانەوە هاتوەتە ناوچەی قەڵادزێ و دواتر نەیتوانیوە بگەڕێتەوە و ویستویەتی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات. سەرەنجام ئەحمەد تۆفیق سەرنوگمی کردوە.(۲۵)
۴- "حیزبی (تودە)ی مارکسی" هەڵەیە، "حیزبی تودەی ئێران" ڕاستە.

* لە ل(۲۳۱)دا کورتەیەکی ژیاننامەی"حەقیقی" شاعیری نوسیوە، لەوێدا ساڵی لەدایکبون و مردنی ئەوی بەم جۆرە نوسیوە: (۱۹۰۲

- ١٩٩٥ز). ڕاستییەکەی حەقیقی لە ٢٨ / ١٠ / ١٣٧٥ (١٨ / ١ / ١٩٩٧)دا کۆچی دوایی کردوە، نەک ١٩٩٥.

* لە ل(٢٣٤)دا کورتەیەکی ژیاننامەی "سەید کامیلی ئیمامی" شاعیری نوسیوە، بەڵام نەیزانیوە کەی کۆچیدواییکردوە و لە جێی مێژوەکە نیشانەی پرسیاری داناوە. سەید کامیلی ئیمامی لە ڕۆژی ٢٧ / ٨ / ١٩٨٩دا کۆچی دوایی کردوە.

* لە ل(٢٥٠)دا کورتەیەکی دەربارەی ژیاننامەی خالید ئاغای حسامی نوسیوە. لەوێدا نوسیویەتی: "هێدی ١٩٢٧ ـ ؟ ز". دەبینین لە جێی ساڵی(مردنی) نیشانەی پرسیاری داناوە! کە لە حاڵێکدا خالید ئاغای حسامی ئێستا لە شاری هەولێر دەژی، تەنانەت نوسەری ئەم کتێبەش ئەوەی زانیوە و لە ل(٢٥٢)دا نوسیویەتی: "تا ئەمڕۆیش لە ژیاندا ماوەو لە شیعر نووسینیش بەردەوامە". مادام خالید ئاغای حسامی هەتاکو ئێستا لەژیاندایە، دەبوا تەنها ئاماژەی بۆ مێژوی لەدایکبونی بکردایە و نەدەبوا نیشانەی پرسیار لەجێی مێژوی مردنی دابنێت!(٢٦)

* لە ل(١٧٠)دا نوسیویەتی: "ڕۆژنامەی کوهستان یەکەمین ژمارەی لە دوو شەممە ٧ی ئاداری ١٩٤٤دا دەرچووە". لێرەدا چەند ڕونکردنەوەیەک بە پێویست دەزانم: یەکەم ـ یەکەمین ژمارەی (نامەی کوهستان)، ڕۆژی دو شەممە ٧ی اسفند ١٣٢٣ بەرامبەر بە(٢٦ی فێبروەری ١٩٤٥) دەرکراوە، نەک ٧ی ئاداری ١٩٤٤!!

دوەم ـ جێی سەرنجە لە چەند لاپەڕەدا، لە پەراوێزەکاندا مێژوی هەندێک ژمارەی (نامەی کوهستان)ی بەهەڵە نوسیوە، بۆ نمونە لە ل (٢١٩)دا لە پەراوێزی ژمارە (٢١)دا نوسیویەتی: "کوهستان، ژ (٢)، ١٤ی شوباتی ١٩٤٤". باشە ئەگەر "یەکەمین" ژمارەی (نامەی کوهستان) لە ٧ی ئاداری ١٩٤٤دا دەرکرابێت، (وەک لەم کتێبەدا نوسراوە)، چۆن "دوەمین" ژمارەی لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٤ دا دەرکراوە! خۆ بەرەودواوە نەڕۆیشتوە! لە ل (٢٢٠)یشدا لە پەراوێزی ژمارە (٣٠) {هەروەها لە ل (٢٢١) پەراوێزی ژمارە (٤٧)}دا نوسیویەتی: "کوهستان، ژ ٤٥، ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٥"! هەر لە ل (٢٢١) لە پەراوێزی (٥٣)دا نوسیویەتی: "کوهستان، ژ ٤٨، ١٦ی شوباتی ١٩٤٥"! {هەروەها چەند هەڵەی دیکەی لەم جۆرەم لای خۆم دەسنیشان کردوە}.

* لە ل (٢٥٩) و (٢٦٠)دا چەند دێڕێکی دەربارەی دڵشادی ڕەسوڵی نوسیوە، بێ ئەوەی توانیبێتی گۆشەیەک لە بیۆگرافیی ئەو ڕونبکاتەوە. لەوێدا لە زمانی (د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ەوە نوسیویەتی: "... لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەستی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا تێکەڵ کردو بە دەستی شۆڕش لە ١٩٦٥دا کوژرا". سەیر ئەوەیە کە دوان لەو سەرچاوانەی نوسەری ئەم کتێبە سودی لێ وەرگرتون، هەندێک زانیارییان سەبارەت بە ژیانی دڵشادی ڕەسوڵی تێدایە، بەڵام چونکە بە وردیی نەیخوێندونەتەوە، ئاگای لەوە نەبوە! یەکێکیان کتێبی (چێشتی مجێور)ی هەژارە، کە نوسەری ئەم کتێبە لە ل (٢٩٦)دا "وەک یەکێک لە سەرچاوەکان" ئاماژەی بۆکردوە. هەژار لەو کتێبەیدا، لە ل (٤٤٨)دا کورتەیەکی دەربارەی دڵشادی ڕەسوڵی نوسیوە و باسی دواساڵەکانی ژیانی ئەوی کردوە. ئەوی دیکەیان کتێبی "نگاهی بە تاریخ مهاباد"، نوسینی: (سەید محەمەدی سەمەدی)یە، کە لە ل (٥٤) و چەندین لاپەڕەی دیکەدا وەک سەرچاوە سودی لێوەرگرتوە. سەید محەمەدی سەمەدی لەو کتێبەیدا لە ل (١٧٤ ـ ١٧٧)دا لە زمانی عەبدولڕەحمانی ڕەسوڵی(برای دڵشادی ڕەسوڵی)یەوە، کورتەیەکی ژیاننامەی دڵشادی ڕەسوڵی نوسیوەتەوە و تا ڕادەیەک ناساندویەتی. سەید محەمەدی سەمەدی لەو

کتێبەیدا، لە ل (۱۷۷)دا نوسیویەتی: "دلشاد در حدود سال ۱۳۴۷ شمسی به دست افراد بارزانی کشته شد". ساڵی ۱۳۴۷ی هەتاوی دەکاتە ۱۹۶۸.(۲۷)

٭ لە ل (۱۰۹) و (۲۶۳)دا نوسیویەتی: "حەسەنی قزڵجی لە ۱۹۸۵دا شەهید بوە". وەکو من لە ژیاننامەی "حەسەنی قزڵجی"م کۆڵیوەتەوە، گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ۱۹۸۴دا شەهیدکراوە.

٭ هەرچەند من نیازم نییە هیچ دەربارەی لایەنی زمانەوانیی و ڕێنوس و خاڵبەندیی ئەو کتێبە بنوسم، بەڵکو ئەوە جێدەهێڵم بۆ کەسانی پسپۆری ئەو بوارانە، بەڵام لە دوا سەرنجمدا چەند تێبینییەکی زۆر کورت دەخەمە بەرچاو:

۱- لە چەند لاپەڕەدا وشەی (سەرانی) بۆ ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان بەکارهێناوە. بۆ نمونە لە ل(۴۹)دا ناوی سەرباسەکەی بەم جۆرە نوسیوە:"دادگایی و لە سێدارەدانی سەرانی حکومەت". لای هەمومان ڕۆشنە کە لە زمانی سیاسیی و ڕۆشنبیریمان دا وشەی(سەران) وشەیەکی نێگەتیڤە و بۆ بەرەی دوژمنان و ناحەزان بەکاری دەهێنین. ئەگەر نوسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە ڕابەرەکانی کۆماری کوردستان لە بەرەی گەلدا بون و دژی داگیرکەرانی کورد و کوردستان بون، دەبوا وشەی وەک: (ڕابەرانی، سەرکردەکانی، بەرپرسەکانی ...) بەکاربهێنایە نەک (سەرانی)!

۲- چ "هێمن" و چ "هەژار"یش لە کتێب و شیعر و بەرهەمەکانیان دا کاتێک ناوی خۆیان نوسیوە، تەنها "هێمن" و "هەژار"یان نوسیوە. کەچی لەم کتێبەدا، لە دەیان لاپەڕەدا"هێمن موکریانی" و "هەژار موکریانی" نوسراوە. لە حاڵێکدا هەردوکیان، بەر لە هەرچی، خۆیان بە"کوردستانی" زانیوە نەک "موکریانی"!

۳- هەروەها لە دەیان لاپەڕەدا دەستەواژەی: "کوردستانی ڕۆژهەلات، کوردستانی باشوور، کوردستانی باکوور ..."ی بەکار هێنراوە. ئەگەر نوسەری ئەم کتێبە پێی وایە کە دەستەواژەی "کوردستانی ئێران، کوردستانی عیراق، کوردستانی تورکیا ..." دان نانە بە پارچەپارچەیی کوردستان و دەستەواژەیەکن کە بە قازانجی داگیرکەرانن بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا (کەمتر) بەکاری هێناون! ئەوا دەبوا بیزانیایە کە دەستەواژەی "کوردستانی ڕۆژهەلات، کوردستانی باشوور، کوردستانی باکوور ..."یش دان نانێکی تەواوە بە پارچەپارچەیی کوردستاندا! بۆ کەسێک کە کوردستان بە یەک وڵات بزانێت، باشترین و دروستترین دەستەواژە بۆ ئاماژەکردن بۆ بەشە جیاجیاکانی ئەوەیە کە بنوسێت: "باشوری کوردستان، باکوری کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژئاوای کوردستان"، واتە کوردستان یەک وڵاتە و بەشێکی کەوتوەتە باشورەوە، بەشێکی دیکەی کەوتوەتە باکورەوە...هتد.

جیا لەم هەڵانەی کە لێرەدا ئاماژەم بۆ کردون و ڕاستم کردونەتەوە، چەندین هەڵەی دیکەی نێو ئەو کتێبەم لای خۆم دەستنیشانکردوە. هەروەها زۆر باس و لێکدانەوەی نوسەرەکەی مایەی لێدوان و شیکردنەوەی زیاترن، بەڵام بەپێویستی نازانم لێرەدا لەوە زیاتر درێژە بەم باسە بدەم. مەبەستی سەرەکیشیم لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە ئەوەیە کە ئەو چەشنە هەڵە و کەموکوڕییانە بەسەرماندا تێنەپەڕێت و چیدیکە ئەو زانیارییە ناڕاست و نادروستانە لێرە و لەوی "چەند بارە" نەکرێنەوە و هەرچی زیاتر هەوڵ

بدەین مێژوی نەتەوەکەمان بەبێ هەڵە و بەڕاستی و دروستیی بنوسنیەوە.

پەراوێزەکان:


1- William Eagleton, Jr., The Kurdish Republic of 1946, Oxford University Press ،London, 1963

2- Archie Roosevelt, Jr., The Kurdish Republic of Mahabad, The Middle East Journal, Volume1, July 1947, nmuber3.

(٣) ولیم ایگلتن الابن، جمهوریه مهاباد ١٩٤٦، ت: جرجیس فتح الله، دار الطلیعه، بیروت، ١٩٧٠. {دەزگای ئاراس لە شاری هەولێر، لە ساڵی ٢٠٠٠ دا سەرلەنوێ چاپیکردوەتەوە}.

(٤) بۆ نمونە لە ژمارە ٣ و ٤ ی گۆڤاری (Kurdistan Times) دا بە دو بەش، دەقاودەق بڵاوکراوەتەوە. {تێبینی: ژمارە ٣ ی ئەم گۆڤارە لە دێسێمبەری ١٩٩٣ و ژمارە ٤ یش لە نۆڤێمبەری ١٩٩٥ دا دەرکراوە}.

(٥) لە ژمارەکانی سەرەتای"گۆڤاری کوردستان" و "ڕۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ناوەکانیان بە "کوردوستان" نوسراوە. کە نوسینی ئەو (و)ە لەباری ڕێزمانی و زمانەوانییەوە هەڵەیە، هەروەک چۆن نابێت بنوسین: (پاکوستان، عەرەبوستان، هیندوستان ...). جێی سەرنجە کە نوسەری ئەم کتێبە کاتێک لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیەی کۆڵیوەتەوە، دیقەتی ئەو (واو)ەی نەداوە و لە ڕوی (ڕێزمانی)یەوە ڕونکردنەوەیەکی لەبارەیەوە نەنوسیوە!

{وەکو خۆم دیقەتم داوە لە ژمارە یەکی ڕۆژنامەی کوردستان هەتاکو ژمارە ٩ی ناوەکەی بە (کوردوستان) نوسراوە، بەڵام لە ژمارە (١٠) بە دواوە بە (کوردستان) نوسراوە}.

(6)William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of 1946, P.10I.

(٧) جوتیار تۆفیق، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی بێسەرو شوێن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە ١٥٩٩، پێنجشەممە ٢٣ / ٤ / ١٩٩٨، ل ١٠.

(٨) محەممەد فەریق حەسەن، محەممەدی شاپەسەندی شۆڕِسواری بواری چاپخانە و ڕۆژنامەگەری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ٤٨٤، ١٠ / ٩ / ١٩٩٣.

(٩) سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، مهاباد، انتشارات رهرو، ١٣٧٣، ص٥٥١.

(١٠) عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی "مامۆستا عولەما"، سوید، ١٩٩٩.

(١١) سەبارەت بە کۆمەڵەی ژ. ک. لێکۆڵینەوەیەکم نوسیوە، کاتی خۆی کورتەیەکیم لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا بڵاوکردەوە { جوتیار تۆفیق، تیشکێک بۆسەر کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، کوردستانی نوێ، ژمارە ١٤٠١، دوشەممە ٧ / ٤ / ١٩٩٧ ، لاپەڕە ٦ و ١١}، پاشتر لە گۆڤاری (گزینگ)دا سەرلەنوێ بە هەندێک زانیاریی دیکەوە بڵاوم کردەوە. {بڕِوانە: جوتیار، چەند ڕونکردنەوەیەک دەربارەی کۆمەڵەی ژ. ک.، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣١، بەهاری ٢٠٠١، ٣٦- ٣٩}.

هەروها بڕوانە: ئەو لێکۆڵینەوەیەم کە دەربارەی (حیزبی ئازادیخوازی کوردستان)ە و کورتەیەکیم لە هەفتەنامەی ئاڵای ئازادی، ژمارە ١٩٨ (٣ / ١٢ / ١٩٩٥) و ژمارە ١٩٩ (١٠ / ١٢ / ١٩٩٥) دا بڵاو کردوەتەوە.

(١٢) رد علی کراس السید أرشی روزفلت، بقلم: زەبیحی، جریده خەبات، العدد ١٩٢، الجمعه ١٨ مارت ١٩٦٠، ص ٣ .

هەروەها بڕوانە: (جوتیار حاجی تۆفیق، وەڵامی زەبیحی بۆ نامیلەکەکەی ئارشێ ڕۆزڤێڵت و چەند ڕونکردنەوەیەک، گۆڤاری ئاینده،

ژمارە ۴۰، ساڵی ۲۰۰۳، ل ۱۴۵- ۱۴۹). {شایانی باسە کە ئەو وتارەی عەبدولڕەحمانی زەبیحی، نوسەرو لێکۆڵەر سدیق ساڵح لە عەرەبییەوە کردویەتی بە کوردی و لە گۆڤارەکەدا ناوی لەبیرکراوە، لەوێدا من تەنها ڕونکردنەوە و پەراوێزەکانم نوسیوە - جوتیار}.

(13)Archie Roosevelt, Jr., The kurdish Republic of Mahabad, P 250

(۱۴) جریدە خەبات، العدد ۱۹۲، الجمعە ۱۸ مارت ۱۹۶۰، ص۳.

(15)William Eagleton Jr, The Kurdish Republic of 1946, P.133.

(۱۶) دەربارەی حوسێن فروهەر، بڕوانە: (جوتیار تۆفیق، حسین فروهەر تێکۆشەرێکی گومناو، کوردستانی نوێ، ۱۹ / ۴ / ۱۹۹۸). هەروەها(جوتیار حاجی تۆفیق، حسێن فروهەر تێکۆشەرێکی گومناو، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ۱۲، ساڵی ۲۰۰۰ ، ل ۱۳۶- ۱۴۱ ). {ئەم گۆڤارە بەپیتی لاتینی لە ستۆكهۆڵم دەردەكرا}.

(۱۷) عەزیز زەندی کە بە عەزیز ئەڵمانیش ناسراوە، ڕوناکبیرێکی هەڵکەوتوی مەڵبەندی موکریان بوە. ساڵی ۱۸۹۸ لە گوندی قالوێی زەندان، کە دەکەوێتە نزیک شاری مەهابادەوە، لەدایک بوە. لە ساڵانی ۱۹۲۵ - ۱۹۲۸دا لەگەڵ چەند میسیۆنێرێکدا چوەتە ئەوروپا و ماوەیەک خوێندویەتی، پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و بەکاری سیاسییەوە خەریک بوە. لەبەر ئەوەی لە یاسادا شارەزا بوە، پێیان گوتوە دوکتۆرعەزیز زەندی. زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسی و تورکی زانیوە. ساڵی ۱۹۲۶ هەڵبژاردەیەکی لە ئایەتەکانی ئینجیل کردوە بە کوردی و ساڵی ۱۹۴۵ چاپ کراوە و بڵاو کراتەوە.

عەزیز زەندی خۆی بە نوێخواز و پێشکەوتنخواز زانیوە، بۆیە گەلێک جار لەگەڵ ڕوناکبیران و سیاسەتمەدارانی موکریاندا کەوتوەتە وتوێژی توندەوە. لە سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ۱۹۴۶ دا ماوەیەک لە تەورێز بوە، پاشان چوەتە تاران و بوەتە دادوەر. ڕۆژی ۱۶ / ۷ / ۱۹۷۲ دا لە تاران کۆچی دوایی کردوە.

(۱۸) غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک - بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم .، ستۆکهۆڵم، ۱۹۹۷، ل ۳۵.

هەروەها بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شانۆیی "دایکی نیشتمان" بڕوانە:

"برایمی فەرشی، کورتەیەک لەسەر شانۆی دایکی نیشتیمان، گۆڤاری گزینگ، ژمارە۷، بەهاری ۱۹۹۵، ل ۲۳ - ۲۸".

(۱۹) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی شانۆگەریی (لە ڕێی نیشتماندا) بڕوانە:

۱- مستەفا ساڵح کەریم، شانۆنامەی لە ڕێی نیشتمان دا، گۆڤاری ڕەنگین، ژمارە ۲۷، ئاپریلی ساڵی ۱۹۹۰، ل ۳۸ ـ ۳۹.

۲- یاسین قادر بەرزنجی، ڕۆژنامەی عیراق، ژمارە ۱۳۰۶، ۱۹۸۰/۶/۹.

(د. فەرهاد پیربال، مێژوی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەکۆنەوە تا ۱۹۵۷، هەولێر، ۲۰۰۱، ل ۸۷).

(۲۰) ڕۆژی شەممە ۲۹ / ۱ / ۲۰۰۵ کاتژمێر ۴ی پاشنیوەڕۆ ـ بەکاتی سوید ـ لە ستۆکهۆڵمەوە تەلەفۆنم بۆ سلێمانی کرد و لەگەڵ محەممەدی شاپەسەندیدا قسەمکرد و سەبارەت بە هەندێک لایەنی ژیانیی پرسیارم لێکرد. لە نێو قسەوباسدا جارێکی دیکە لەبارەی مێژوی لەدایکبونیەوە پرسیارمکرد و هەمان وەڵامی چەند ساڵ لەمەوپێشی دامەوە و دڵنیایکردم کە لە پاییزی ۱۹۲۰دا لەدایکبوە و ئەو مێژوە ڕاست و دروستە. {لەم ساڵانەی دواییدا محەممەدی شاپەسەندی بە هاوکاریی چەند دۆستێک، بەشی زۆری بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە. ئاواتەخوازم هەتاکو خۆی لە ژیاندایە ئەو بیرەوەرییانە بڵاوبکرێنەوە و کەلێنێک لە مێژوی هاوچەرخی

نەتەوەکەمان پڕبکاتەوە}.

(٢١) حەسەنی قزڵجی لە گۆڤاری "هەڵاڵە"دا ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە هەژار شیعری لەگۆڤاری "ئاوات"دا بڵاوکردوەتەوە، بڕوانە:
ح. قزڵجی، شاعری ملیی و بەناوبانگی کورد هەژار، گۆڤاری هەڵاڵە، ژمارە ٣، بانەمەڕی ١٣٢٥، ل ١٨.
هەروەها هێمن لە (تاریک و ڕوون)، ل ٢١ دا نوسیویەتی: "کۆمەڵە گۆواری ئاواتیشی چاپ کرد و من لەویشدا نووسیم".
(٢٢) دەربارەی مەلا ئەحمەدی فەوزی بڕوانە:
١- جوتیار حاجی تۆفیق، حەسەنی قزڵجی دڵێکە لەلێدان ناکەوێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە ٢٣٩، ١٩ / ٢ / ١٩٩٧، پەراوێزی ٣.
٢- جوتیار حاجی تۆفیق، کورتەیەک لەژیان و بەرهەمەکانی حەسەنی قزڵجی، گۆڤاری ئاڤاشین، ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٨٢ - ٩٢، پەراوێزی ٤. {ئەم گۆڤارە بەپیتی لاتینی لەستۆکهۆڵم دەردەچو}.
(٢٣) هێمن، تاریک و ڕوون، لەبڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل ١١.
(٢٤) بڕوانە: ئەحمەدی شەریفی، سەید مەحەمەدی حەمیدی سەرنوسەری ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان، گۆڤاری هاوار، ژمارە ١٥، ڕێبەندانی ٢٠٠٤، ل ١٧ - ٢١.
(٢٥) شایانی باسە محەممەدی خزری ساڵی ٢٠٠٣ لە وڵاتی سوید کتێبێکی بە ناوی "لاپەڕەیەک لە تێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ١٩٦٣ ـ ١٩٦٨ی حیزبی دیموکراتی کوردستان" بڵاو کردەوە کە بەشی زۆری دەربارەی ژیان و تێکۆشانی "سدیقی ئەنجیری ئازەر"ە و تیایدا ڕۆشنایی خستوەتە سەر دوا ساڵەکانی ژیانی و چۆنێتیی سەرنگومکردنی. {بەداخەوە ئەو کتێبە هەڵەی چاپی زۆرە، ئەگینا باسەکانی بەنرخ و گرنگن و ڕاستگۆیانە نوسراون}.
(٢٦) خالید ئاغای حسامی لەسەردەمی کۆماردا بە نازناوی "شێواو" و پاشتر بە نازناوی "هێدی"یەوە شیعرەکانی خۆی بڵاوکردوەتەوە.
(٢٧) کورتەیەکی ژیاننامەی "دڵشادی ڕەسوڵی"م لای خۆم نوسیوەتەوە و لە دەرفەتێکدا بڵاویدەکەمەوە. هەروەها محەممەدی شاپەسەندی وێنەیەکی زۆر بەنرخی ئەوی داومەتێ کە کاتی خۆی دڵشادی ڕەسوڵی وەک هاوڕێیەکی نزیکی بۆ یادگاریی پێشکەشی کردوە.

تێبینی!

لەم لێکۆڵینەوەیەمدا هەر ڕستە و پەرەگرافێکم لە کتێبی (ڕۆژنامەنوسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٢ - ١٩٤٧) وەرگرتبێت، وەکو خۆی نوسیمەتەوە و بە هیچ جۆرێک دەستکاریم نەکردوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گاگەش / ڕێکەوت: مارتی ٢٠٠٥

# لە ٢٢ی نیساندا.. هەڵوەستەیەکی جیددی لەسەر میدیای کوردی!

**ن: د. هێرش ڕەسوڵ.**

ڕۆژنامەوانی - سلێمانی: لە٢٢ی نیسانی ئەمساڵدا، تەمەنی ڕۆژنامەنوسیی کوردی دەگاتە ١١٥ ساڵ، بەم بۆنەشەوە وێڕای دانەواندنی سەری ڕێز بۆ شەهیدو پێشەنگانی بوارەکە، پیرۆزبایی لەڕۆژنامەنوسو میدیاکارانی کورد دەکەمو هیواخوازم ئەمساڵ ببێتە ساڵی هەنگاونانی ڕۆژنامەنوسیی کوردی بەرەو ڕۆژنامەنوسییەکی چاودێرو کاراو دروستبونی (دەسەڵاتی چوارەم) لەهەرێمی کوردستاندا.. لە پێناو هێنانەدیی ئەم ئامانجە گرنگەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بە پێویست دەزانم:




* کارکردن بۆ لێکجیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵاتەکە.

* هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئاستەنگە جیاوازەکانی بەردەم کاری ڕۆژنامەنوسی.

* هەموارکردنو پێداچونەوە بە بەندو برگەی ئەو یاسایانەی کاری ڕۆژنامەنوسی لەهەرێمدا ڕێکدەخەن، بەجۆرێ لەگەڵ گیانی سەردەمو ژیانی دیموکراسیدا بگونجێن.

* پەلەکردن لەدەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بەمافی بەدەستهێنانی زانیاری لەهەرێمی کوردستاندا.

* دادگاکانی هەرێم لەبواری تاوانی ڕۆژنامەنوسیدا کار بەیاساکانی پەیوەست بەو بوارە بکەن، نەک پەنا بۆ دەقی دیکە ببەن.

* دروستکردنی رایەڵی لێکتێگەیشتنو پەیوەندییەکی هاوبەرپرسیارێتی لەنێوان میدیاو دەسەڵاتدا لەکوردستاندا.

* ڕۆژنامەنوسانی هەرێم گرنگی بەلایەنی ئێتیکیو پیشەیی بدەنو پتر پەرە بەپیشەکەیان بدەن، هەروەک گەڵاڵەکردنی پەیماننامەیەکی شەرەف کاریگەریی تایبەتی هەیە.

* هەوڵ بدرێت چاکسازی لەبواری ڕێکخراوبونی ڕۆژنامەنوسان لەکوردستاندا بکرێتو سەندیکا بکرێتە چەتری هەمو ئاراستە جیاوازەکانی نێو دنیای ڕۆژنامەنوسیی کوردی لەهەرێمدا.

* هەوڵدان بۆ پێشخستنی بەشەکانی راگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمدا، لە هەمو روەکانەوە.

* لە پێناو کۆکردنەوەی داتای وردو لەماوەی زو زودا لەسەر کاریگەریی میدیای کوردی لەسەر رایگشتیو شەقام، سەنتەرێکی راپرسیی چالاکو زانستی دابمەزرێتو بەردەوام راپرسی لەو بارەیەوە بەئەنجام بگەیەنێت.

* گرنگە سەنتەرێکی توێژینەوەی میدیایی هەبێتو توێژەرانی بوارەکە بەردەوام توێژینەوەی هەستیارو گرنگ لەبارەی میدیای کوردییەوە پێشکەش بکەن.

* کردنەوەی سەنتەرێکی وەرگێرانی توێژینەوەو کتێبەدەگمەنەکانی بواری راگەیاندنیش یەکێکی ترە لە پێویستیەکان تاکو رۆژنامەنوسانی کورد، بەتایبەت ئەوانەی تەنها بەزمانی دایک دەخوێننەوە سودمەند بن لێی.

* کردنەوەی خولی پێویستی رۆژنامەنوسی لەدەرەوەو ناوەوەی هەرێم..

* کردنەوەی کۆرسی فێربونی زمانی بیانی بۆ میدیاکاران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەوانی / رێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٣








**خاتوو «دڵشا یوسف»** کاریگەرییەکانی رۆژنامەکە لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو کەلتوریدا وا لێکدەداتەوە کە رۆژنامەی کوردستان نەک هەر رابەرو پێشەنگی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردییە، بەڵکو رۆژنامەی دایکو زمانحاڵی گەلی کوردیشە، دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە نامەیەک بووە بۆ دەسەڵاتی ئەوکاتەی عوسمانی وشۆڤێنییە رەگەزپەرستەکان کەدەیانویست ناسنامەو شوێنەواری گەلی کورد لەناوببەن، کوردستان رۆڵی پڕبایەخی هەبووە لەبوژاندنەوەو زیندووکردنەوەی گیانی نیشتیمانپەروەرییو کوردایەتیدا، ئەوکات بە بڵاوکردنەوەی ٢٠٠٠ دانەی لەسەرتاسەری کوردستاندا ئەو کۆتو پێوەندانەی سەر کوردایەتی پچڕاندو ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەیەی دژ بەگەلی کوردی لەژێر دروشمی ئیسلامەتیدا شکست پێهێنا کە دەیانویست گەلی کورد لەسەر رووی زەمین بسڕنەوە، جگە لەڕۆڵی سیاسیو کۆمەڵایەتییەکەشی، ڕۆڵی یەکجار مەزنی گێڕاوە لەبواری کەلتورییو رۆشنبیری، بەبڵاوکردنەوەی شیعرو پەخشانو ئەدەبی کوردی، هەروەها لەڕێی رووناکبیرانەوە توانیی زمانی کوردی لەقسەکردنەوە بکاتە زمانی نووسین، بەمجۆرەش توانیی کەلەپووری کوردی لەونبوونو لەناوچوون بپارێزێت.

**یادی ١١٨هەمین ساڵوەگەڕیی ڕۆژنامەگەریی کوردی**

*کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی*

*بانەمەڕی ٢٧١٦ی کوردی - ئەپریلی ٢٠١٦ی زایینی*